Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

گۆڤارێکی ئەدەبی، هونەریی، رووناکبیرییە
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد کوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

سەرپەرشتیاری هونەریی
ڕێبین مەجید

مۆتیڤ
رۆژگار مەحمود

لۆگۆ
حەمیدی ئازمودە

ساڵی سێیەم

فیبرایەری ۲۰۰۸

ژمارە ۲۵

دەستەی نوسەران
سەلام فاتیح
مارف ناسراو
کارزان عەبدوڵا
نەورۆز جەمال

هەڵە چن
ئاریان کامیل

تایپیێست
پەیام ئەحمەد

نەخشەسازی ناوەوە
مەهدی ئەحمەد

تیراژ
٥٠٠
چاپخانە
یاد

ناونیشان: سلێمانی – گردی ئەندازیاران – بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ
بەرێوەبەرێتی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی
ژمارەی تەلەفۆن ٣١٨٠٩٩٤

# پێڕست


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| **وتارو لێکۆڵینەوە** | | |
| ئەو (با)یەی هەوڵدەدات بنوێت | محەمەد کوردۆ | ٦ |
| محەمەدی دڵشووشەو عەشقی... | مەجید عەزیز | ٤٠ |
| هەڵوێستەیەکی شیعری... | حەمەکەریم عارف | ٦٥ |
| بەنیشتمانبوون و بەنیشتمانگەرایی | نیگار نادر | ٦٨ |
| **دەق** | | |
| لەپەراوێزی دیوانەکەی بۆدلێردا | لەتیف هەڵمەت | ٧١ |
| هۆزان | هەندرێن | ٧٧ |
| رێگا | هەژان بابامیری | ٨١ |
| لەکۆتایی چاوەڕوانیدا | عومەر سەید | ٨٣ |

## دیدار و خوێندنەوە

| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ عومەر کاکەسوور | حەمە کاکەڕەش | ٩٢ |
| ئەرشیفکردنی شانۆی کوردی لە... | ئارام سدیق | ١٣٧ |

## وەرگێڕان

| | | |
|---|---|---|
| ئاڵۆزیی شیعر... | و.فەرزین | ١٤١ |
| عەشق و چاوڕوانی لەنێوان مارکیزو ماریۆ بارگاس بۆسا-دا | ئا: ئاری محەمەد | ١٤٧ |
| کتێبی عەرەبی لەبەردەم سێگۆشەی قەدەغەکراوەکانی.. | و.شۆڕش محەمەد حسێن | ١٥١ |
| دۆزینەوەی شێوازێك بۆ نووسەری.. | و.دڵشاد خۆشناو | ١٥٩ |

## هونەر

| | | |
|---|---|---|
| ئایا هونەر زمانە | کاروان کابان | ١٦٧ |
| دیدار لەگەڵ سەربەت ڕەسوڵ | دیداری کارزان عەبدوڵڵا | ١٧٠ |
| دیدار لەگەڵ ستار قادر | دیداری چنور محەمەد | ١٨٢ |

ئەو (با)یەی
هەوڵدەدات بنوێت و ناتوانێت
محەمەد کوردۆ

محەمەدی دڵشووشەو
عەشقی ئیفلاتوونیی
مەجید عەزیز

هەڵوەستەیەکی شیعریی
حەمەکەریم عارف

بەنیشتیمانبوون و
بەنیشتیمانگەرایی
نیگار نادر

# لێکۆڵینەوە

# ئەو (با)یەی
# هەوڵدەدات بنوێت و ناتوانێت*

## گەڕانێکە بەدوای جیاوازییدا لای حەمە عومەر عوسمان

محەمەد کوردۆ

هەندێ کتێب هەن بەناهەق فەرامۆش دەبن، بەڵام هیچ کتێبێك بەناهەق لەیادەوەرییەکاندا نامێنێتەوە.**

ئۆدن

**پێشەکیی**

لەشیعری حەمە عومەردا روحێکی خەمبارو نیگەرانو تراژیدیی ئامادەیی بەردەوامی هەیەو باڵی بەسەر تێکڕای ئەم ئەزموونە شیعرییەدا کێشاوە، ئەم روحە وایکردووە حەمە عومەر لە –با– یەکی ماندوو بچێت کە بە تەواوی هێزی خۆیەوە هەوڵدەدات بنوێتو ناتوانێت. نیگەرانیی ئەم روحە لە شیعرەکاندا دەرکەوتنی جیاجیای هەیەو هەر جارە بەجۆرێك دەردەکەوێت، وەلێ هەمیشە ئامادەیی هەیەو هیچ یەکێك لە شیعرەکانی (لەغوربەتا) لە بوونو شوێنەواری ئەم روحە بەدەرنییە. ئەم روحە جارێك لە ناو غوربەتەوەو جارێك لە ناو تەنیاییەوەو جارێك لە شکستێکی عاشقانەوەو جارێك لە مردنو هەوڵەکانی خۆکوشتنەوەو جارێك لە وەرینی گەڵاکانەوەو جارێك لە سەرماو سەهۆڵبەندانی زستانەوە، خۆیمان بۆ نمایشدەکاتو شوێنەواری خۆی لە نێو شیعرەکانەوە بۆ نێو روحی ئێمە دەگوێزێتەوە. من لەم هەوڵەدا بەنیازی ئەوەم خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەزموونی شیعریی حەمە عومەر پێشکەش بکەمو بەدوای جیاوازییەکانی ئەم ئەزموونەدا بگەڕێم.

هەوڵدەدەم چەند شتێك لەبارەی ئەو روحە تراژیدییـەی شـاعیرەوە بـوروژێنمو لـەڕێی ئـەو شـتانەوە لـە جیاوازییـەکان نزیکببمـەوە، چـونکە ئـەو روحـە مناڵدانی راسـتەقینەی جیهانبینی شاعیرو چێژی ستاتیکیانەی ئەوە.

ئایا ئەوەی ئەم روحەی کردووە بە روحێکی تراژیدیی‌و وایکردووە بەهار لە عومری ئەم روحە بێبەری بێت، چییە؟ بێگومان ئەمە چەندین هۆکاری گەورەو بچووکی هەیە ، وەلـێ من زیاتر قسە لەسەر هۆکارێك دەکـەم کـە لانیکـەم لای مـن‌و لـەم خوێندنەوەیـەی منـدا، لەهۆکارەکانی دی گرنگترو چارەنووس سازترە.

ئاخۆ ئـەم روحـە تراژیدییـەو ئـەو هۆکـارەی لەپـشتییەوەیە، توانیویانـە ئـەزموونێکی جیاواز دروستبکەن؟ ئەگـەر توانیویانـە، جیاوازییـەکانی ئـەو ئەزموونـە چـین‌و چـۆن لـە شـیعرەکاندا رەنگیـان داوەتـەوە؟ ئەمانـە ئـەو پرسـیارانەن کـە مـن هەوڵـدەدەم لـەم خوێندنەوەیەدا لە وەڵامەکانیان نزیکببمـەوە. نـاڵێم وەڵامـەکانیان بدەمـەوە، چـونکە مـن بەنیازم کار بەو میتۆدە رەخنەییە هاوچەرخانە بکەم کە تیایانـدا هـیچ وەڵامێك دوا وەڵام نییە. بۆ ئەمەش زیاتر کەڵك لە (رۆلان بارت) وەردەگرم. رەنگە زۆربەمان بزانین لای بارت ((دوای ئەوەی نوسەر کارەکەی بەرهەمدێنێت، کە لەراستییدا ئەو کـارە بـوونی خـۆی لـە کۆمـەڵێك دەقـی دیکـەوە وەردەگرێـت– مەبەسـت دەقئاوێزانـە– ئیـدی رۆڵـی خوێنـەر دەسـتپێدەکات، کـە گەڕانـە بـەدوای رەگـەزە ون‌و نائامادەکـانی دەقـدا، تـاکو لـەڕێگای ئەوانـەوە بـوونی دەقەکـە دابینبکرێـت. پێویـستە لەسـەر خوێنـەر لـە نێـوانی رەگـەزە ئامادەکانی دەق‌و رەگەزە نائامادەکانییدا، یان لەنێوانی دەقی ئامادەو دەقی نائامادەدا، هەوڵی دروستکردنی پرد بدات)).[1] هەروەها (بارت) فێرمان دەکات بەوە رازی نەبین ((بۆ هەر بوارێکی نوسـین یـەك پانتـایی زمـان‌و یـەك بەشـی و شەناسـی دەستنیـشان بکـرێن‌و تێپـەڕینیش لـەو پانتاییانـە قەدەغـەبێت)).[2] گرنگیـی ئـەمجۆرە خوێندنەوانـە لـەوەدا دەردەکەوێت کە ئاسۆیەکی کراوە بۆ ماناگەلێکی بگۆڕو جوڵاوو بێکۆتـایی، دابینـدەکـەن. ((بۆیـە هـەر خوێندنەوەیـەکی کـراوە بـۆ دەق، بەرهـەمهێنانی دەقێکـی کراوەیـشەو پرۆسـەیەکی دیموکراتییانـەی ئیـشکردنی مـەعریفی‌و ئیـستاتیکیی رەخنەییـە لـەبواری ئەدەب‌و رۆشنبیریدا))[3] لێرەوە خوێنـەر، لـە گـوێگرو تەماشـاکەرێکەوە کـە لـەدەرەوەی دەقەوە دەڕوانێت، دەگۆڕێت بۆ بەرهەمهێنێکی دی لەناو دەقداو گرنگییەکەی لـە گرنگـی

خـاوەن دەق كـەمتر نابێـت. (بـارت) ئێمـە لەجەبـەرووتی خـاوەن دەق رزگـار دەكـاتو ئازادیيو رووبـەرێكمان پێدەبەخـشێت كـە بتـوانين لـە رێگايانـەوە نـەك هـەر لـە دووبـارە بەرهەمهێنانەوەی دەقدا بەشداربين، بگرە بەشدارييەكەمان لە بەشداری خاوەن دەق كەم بەهاتر نەبێت. بەمشێوەيە ئێمە بـە ئاسـتێك دەگـەين كـە هـيچ پرسـيارێك بـە تـەنها يـەك وەڵامی نابێت. لەم رێگايەوە هەر يەكێك لە ئێمە كاتێ دەقێك دەخوێنێتـەوە، هەوڵـدەدات شێوەی خۆی بەو دەقە ببەخشێت، كەئەو شێوەيە لەڕاستييدا شێوەی ئێمـەو دەقەكەيـە پێكەوەو شێوەی كەسيشمان نييـە. رەنگـە بتـوانين ئـەم شـێوە بەدەقبەخـشينە، وەكـو پرۆسـەی موتوربـەكردنی دوو دار تەماشـا بكـەين. بـۆ نمونـە، كـاتێ باخـەوانێك دوو داری هەنجيرو قۆخ بەيەكەوە موتوربە دەكات، ئەو ميوەيەی لەو دوو دارەی دەچـنێتەوە، هـەم هەنجيرەو هەم قۆخەو هەم شتێكی ديكەشە كە هيچيان نييە.

***

نالی دەڵێت:

**«پێمدەڵێن مەحبووبە خێڵو قيچە، مەيلی شەڕدەكا**

**خێڵو قيچە، يا ترازووی نازی نەختێ سەردەكا**

**عەكسی چاوی تۆ لە چاوييدا بەخواری تێدەگەی**

**كەچنەزەر كەی فەرقی خوارو ژوورو خێرو شەڕدەكا»**٤

ئەگەر بشێ لێرەدا حەبيبە وەكو دەقێـك تەماشـابكەين، ئـەوا دەتـوانين بڵـێين (نـالی) پێماندەڵێت: نرخو بەهاو جوانييەكانی ئەم دەقە تەنها لای خۆی نييەو هەر خۆی بە تەنها دەستنيشانيان ناكات، بەڵكو بەشێكی گرنگی ئـەم مەسـەلەيە لای ئێمەيـە كـە پەيوەنـدی لەگەڵ ئەم دەقە دروستدەكەين. ئێمە دەتوانين نازی نێو چاوی ئەم دەقە بە خێڵو قيچی ببينينو دەشتوانين خێڵێتی چاوی ئەم دەقە بـە كـەمو زيـادی رێـژەی نـاز بـزانين. كـاری گەورەی دەق تەنها لەو چركەساتەوە دەستپێناكات كە تێيدا لـەدايك دەبێـت، بـەڵكو لـەو چركەساتەشـەوە كەبەريەككـەوتن لـە نێـوانی ئێمـەو دەقەكـەدا روودەدات، جـارێكی دی دەستپێدەكاتەوە. رۆڵی ئێمە لەگـەڵ رۆڵـی دەقەكـەدا جياوازييـەكی گـەورەو جەوهـەريی نييـە. ئـەم گەمەيـە دوو بەشـە، بەشـی يەكـەمی دەق دەيكـاتو بەشـی دووەمـی ئێمـە

دەیکەین، هەردوو ئەم بەشەش وەکو یەك گرنگن، چونکە دەق هەرچییەك بێت، کاتێ ئێمە کەچنەزەرانە بۆی دەڕوانین بە –خێل– ی تێدەگەین.

حەمە عومەریش دەڵێت:

**لەگەڵ ئەوابووم..بەفر پشکۆ بوو**
**کە گەڵاش نەبوو بەڕووی دارەوە**
**من گوڵزارێکم ئەهاتە بەرچاو**
**بەچڵی رووتی بەفرانبارەوە**

دەشێت لە بارێکی دەروونییدا بەفر بە پشکۆ بزانین‌و چڵە رووتەکانی نێو بەفرانبارمان وەکو گوڵزارێك بێتە پێشچاوو لە بارێکی دەروونی دیکەدا پشکۆکانمان لێببێت بە بەفرو گوڵزارەکانمان وەکو چڵە رووتەکانی نێو بەفرانبار لادەربکەوێت. گۆڕانی شوێنی ئێمەو گۆڕانی حاڵەتی روحییمان، گۆڕانی ئەو شتانە لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن کە ئێمە بۆیاندەڕوانین. راستگۆیی ئێمە لەگەڵ حاڵەتی روحیی خۆمان‌و ئەو کارلێکەی لەگەڵ دەقێکدا دەیکەین، نەك هەر وادەکات خوێندنەوەی ئێمە لە خوێندنەوەی خەڵکانی دیکە نەچێت، بگرە واشدەکات ئەگەر هەر خۆمان خۆیندنەوەی دووەم بۆ هەمان دەق بکەین، لە خوێندنەوەی یەکەمی خۆمان نەچێت. چونکە شوێنی روانین‌و حاڵەتی روحیی‌و ئاستی کارلێکی ئێمە لەگەڵ دەق‌و لەگەڵ شتەکانی دەورو بەرماندا، لە گۆڕانی بەردەوام دایە. هەر لەبەر ئەمەیە (هیراکلیتس) وتویەتی: ((مرۆڤ دووجار لەیەك ئاو ناپەڕێتەوە)).[٥] ئەگەر بۆ نمونە پەنجەرە وەربگرین، دەبینین: ((کاتێ دەچینە شەمەندەفەرەوە، یان فڕۆکە، یان پاپۆڕ، یاخود بینایەکی بیست قات، ئیقاع‌و مانای پەنجەرەمان لادەگۆڕێت...کاتێکیش لەژێر زەمینێکدا لەبەردەستی جەلادەکەماندداین، یان کاتێك دەستی خۆشەویستەکەمانمان گرتووە، نەك هەر مانای پەنجەرە بە تەنها، مانای خۆرئاوابوون‌و مانای ژیانیشمان ئاوەژوودەبێتەوە)).[٦] یان ئەگەر خۆر بە نمونە وەربگرین، دەبینین: ((ئەو کاتەی لە نیشتیمانداین لەگەڵ ئەو کاتەی لە تاراوگەداین، خۆر یەك مانامان پێنابەخشێت)).[٧] راستە هەردوو خۆرەکە یەك خۆرن، بەڵام ئەو کاتەی حاڵەتی رووحیی ئێمە گۆڕاوە، خۆرەکەش دەگۆڕێت. بەمشێوەیە ئێمە دەتوانین بەبەردەوامیی مانای تازەو جیاواز بە دەقەکان ببەخشین. دەمەوێت بڵێم: وەکچۆن هەر شاعیرێك

بچێتەوە سەر شاعیرانی دیو روانینی خۆی بۆ گەردوونو شتەکان نەبێتو نەتوانێت دنیای تایبەتی خۆی پێشکەشبکات، بێدەسمایە دەمێنێتەوە. بەهەمانشێوە هەر خوێندنەوەیەکیش بچێتەوە سەر خوێندنەوەکانی دیو روانینی تایبەتی ئەو کەسە پێشکەش نەکات کە خوێندنەوەکەی ئەنجامداوە، بێدەسمایە دەمێنێتەوە. من لەم خوێندنەوەیەدا، بەو هیوایەی روانینێکی تازە بخەمە بەردەستی ئێوە، هەوڵدەدەم روانینەکانی خۆم لەگەڵ روانینی حەمە عومەردا موتوربە بکەم. بەو هیوایەی رەنگێکی جیاواز پیشانی ئێوە بدەم، هەوڵدەدەم رەنگی خۆم تێکەڵاوی رەنگی ئەو بکەم.

هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی حاڵەتی رووحیی ئەو لە یەکدۆخی رزگاربێت، حاڵەتی رووحیی خۆمی تێکەڵبکەم. هیوادارم ئەوەی لێرەدا دەیبینن ئەوە نەبێت کە پێشتر بینیووتانە، چونکە کاری من وەك رەخنەگر، گێڕانەوەی کۆمەڵە دەقێك نییە، بەڵکو بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵە دەقێکی تازەیە لەو دەقانەی کە دەیانخوێنمەوە. من ئیدی، وەك پێشتر زۆرجار رەخنەی ئێمە وایدەکرد، کاتێ قسە لەسەر دەقێك دەکەم، وەکو جاك دریدا دەڵێت: ((لەدەرەوەی ئەو دەقە نیم))،[٨] لەدوورەوە قسەی لەسەر ناکەم، بەڵکو لەناو دەقەکەدامو بەشێکم لەدەقەکەو خەریکم رەنگی دیکەی پێدەبەخشم. ئەمەش کارێکی ئەستەم نییە، چونکە ((هەموو ئەو دەقانەی کە قابیلی خوێندنەوەو تەئویلو هەڵوەشاندنەوەن، بیروڕای رەخنەیی جیاوازیان لەبارەوە دروستدەبێت، مەرجیش نییە ئەم بیروڕایانە هەمیشە لەگەڵ ئەو دەقانەبن، یان هەمیشە دژیان بن، چونکە لەنێوانی ئەم دوو جەمسەرە لەیەکدوورەدا، رووبەرگەلێکی زۆری دیکە بوونیان هەیە، رووبەرگەلێك کە زیاتر لە ئەگەرێکمان پێدەبەخشنو دەمانخەنە بەردەمی چەندین خوێندنەوەوە.)).[٩]

***

**تراژیدیا**

**بۆ شادمانی زۆر کورتە تەمەن**

**بۆ کوێرەوەریی... نابڕێتەوە**

**چۆن گڕ ناگرێ بەفری بەر هەتاو**

**خۆ دوای چەن ساتێ سەر ئەنێتەوە**

***

**لە جیاتی بۆنی لالەی کۆساران**

**قوڵایی سینەم کەیلە لە بۆسۆ**

**بەهەر لایەکا چاو ئەگێڕم من**

**هاوارە..تەرمە.. مردنەو گڵکۆ**

حەمە عومەر عوسمان بە درێژایی ئەزموونی شیعرنووسینی خۆی هەمیشەو بەردەوام خەریکی بەرهەمهێنانی شیعرییەت بووە لە تراژیدیا. گوتاری شیعریی ئەو گوتاری تراژیدیایەو جیهانبینی ئەو جیهانبینییەکی تراژیدییە. لای ئەو کوێرەوەری نابڕێتەوەو بەدبەختی کۆتایی نایەتو هەتاوی خەم ئاوا نابێت. ئەو جارێك خۆی بەپرسەیەك دەزانێت کە بۆ مەرگی چەندین سەرچاوە دانراوەو کەس نایبنێت، جارێکی دی خۆی گۆڕهەڵکەنەو خۆی مردووەو خۆی پرسەیەو خۆی کۆستکەوتووە. ئەو فرمێسکێکی ئەبەدییەو لەقوڵاییدا گەڵاڕێزانو زریانێکی نەبڕاوە هەن. بەهار لە عومری بێبەرییەو قڕی دەفتەریی کوێرەوەریی. لە جیهانبینیی ئەم شاعیرەدا هەوا بۆنی مەرگی لێدێو مەرگ رەشەبا هەڵدەکاو باخ قرچە قرچی سوتانی دێو خونچەو گوڵەکان بەلادا دەکەون. ئەم شاعیرە لە کاتو سەردەمێکدا کە زۆربەی هەرەزۆری شاعیرانی ئێمە، سەرقاڵی ئەوە بوون بەجۆرێکی دی (ئەی رەقیب) بەرهەمبێننەوە، لە کاتێکدا کە بەشێکی زۆری ئەو شاعیرانە ((میتافۆرە سیاسییەکانیان کردبوو بە قاڵبو زەینی خوێنەریان پێ سواخ دەدا))،[١٠] ئەم جیابۆوەو ئەو ئاپۆرەیە نەیخەڵەتاندو نەیتوانی دوای خۆی بخات. ئەم دوای دەنگی دڵی خۆی کەوت. بۆ نمونە شاعیرێکی وەکو (شێرکۆ بێکەس) لەو سەردەمەدا هەندێ شیعری دەنووسی کەخۆی بەر لەخەڵکی دی دەیزانی چەند زوو دەمرن. ئەو پێیوابوو ((مادام لەو کاتانەدا پێشمەرگەو خەڵكو دارو بەردی ئەم وڵاتە شەهید دەبن، ئاساییە هەندێ شیعریش شەهیدبن))[١١]. لای شێرکۆ لەو رۆژگارانەدا ((پێداویستی بانگ لە فەنتازیای شیعر لە پێشتر بوو))[١٢] وەلێ حەمە عومەر خەریکی نووسینی شیعرێك بوو، کە تیایدا ((باسی دەردی مرۆڤ دەکرێت، بەبێئەوەی هوتاف بکێشرێت)).[١٣]

شێرکۆو زۆرێك لە شاعیرانی دیکەی ئەو کاتە، بە شۆڕشی چەکدارانەو شیعری بەرەنگاربوونەوەوە سەرقاڵ بوون، وەلێ حەمە عومەر بە تەنها خەریکی شۆڕشە پاییزییەکەی خۆی بوو. من لێرەدا بەقەد ئەوەی چاوم لەوەیە جیاوازیی حەمە عومەر

لەگەڵ شاعیرانی ئەو کاتەدا دەستنیشان بکەم، چاوم لەوە نییە لەگەڵ کام بۆچوونیانم‌و دژی کامیانم.

مـن پێموایـە، وەك پێـشتریش ئامـاژەم بـۆکرد، ناکرێـت چـیدی ئـەو رووبەرانـە فەرامۆشبکەین، کە لە دەقەکاندا هەن‌و دەکەونە نێوانی لەگـەڵبوون‌و دژبوونـەوە، چـونکە ئەو رووبەرانە زۆر گرنگن‌و بواری کاری گەورەیان تێدایە. لەو سەردەمەدا کە حەمە عومەر دەستی بەنووسین‌و بڵاوکردنەوەکرد، نەك هـەر ئاسـان نـەبوو، مـرۆ بتـوانێ بەپێـچەوانەی ئاراستەی شەپۆلەوە مەلە بکـات‌و لـەبری گـوێگرتن لـەو دەنگـەی زۆرتـرین گردبوونـەوەی لەدەور بوو، گوێ بۆ دەنگی دڵی تەنیای خۆی رادێرێت، بگـرە زۆریـش سـەختبوو، بـاجی گەورەشی هەبوو.

یەکێك لە باجەکانیشی ئەوەبوو کە تا رادەیەکی زۆر فەرامۆشکراو ئاوڕ لە شـیعرەکانی نەدرایەوە. تا سەروەختێك دوای راپەڕینیش جگـە لـە رەخنەیـەکی رۆژنامـەوانیی (غـەفور ساڵح عەبدوڵا) کە لە رۆژنامەی هاوکـاری‌و لێکۆڵینەوەیـەکی (ئـازاد عەبدولواحیـد) کـە لـە گۆڤـاری بـەیان‌و خوێندنەوەیـەکی (مـەریوان وریـا قـانیع) کـە لـە پاشـکۆی عێراقـدا بڵاوکرانـەوە، شـتێکمان لەسـەر ئـەو شیعرانە نـەبوو. ئێـستاش ئـەوەی لەسـەر ئـەزمونی شیعریی ئەم شـاعیرە هەمانـە، زۆر لـەوە کـەمترە کـە دەبـوو بمانبێـت. ئـەو کاتـەی ئـەم شاعیرە خەریکی نووسینەوەی (ئەشکی ئێوارە)و (غوربەت)و (ونبوون)و (هەواری چۆڵ)و (سەراب)و (کۆست)و (کارەسات)و (خۆکوشتن) بوو[١٤]، گەورەترین مەرج بۆ پێشوازیکردن لـە هـەر دەقێـك ئـەوەبوو لـەبری کـەوتن (هەسـتانەوە)و لـەبری رەشـبینیی (گەشـبینیی) پێشکەشبکات. ئەو کاتە ئەگەر پاڵەوانی نێو دەقێك بشمردایە دەبوو لە کۆتایی دەقەکەدا هەڵبستێتەوە ! ! ئەو کاتە ئەوانەی هەوڵیاندەدا لەدەرەوەی ئەم تێگەیشتنەوە بۆ ئـەدەب بڕوانن، کەمینە بوون‌و بەزەحمەت دەیانتوانی دەنگی خۆیان بـە گـوێی زۆرینـە بگەیـەنن. وەلێ حەمە عومەر هەرگیز گوێی بەدەنگی ئەو زۆرینەیە نەداو دوای دەنگـی تـەنیای دڵـی خۆی کەوت. ئـەو، بـە ئازایەتییـەکی زۆرو بـە راسـتگۆییەکی زۆرتـرەوە تـرس‌و دوودڵـی‌و خەم‌و خۆزگەو برینەکانی خـۆی نووسـییەوە. وەکـو زۆرێـك لـە شـاعیرانی دی برینـەکانی خـۆی نەشـاردەوەو لـەوە نەترسـا ئـەو برینانـە وەکـو خـاڵی گـەورەی لاوازێتیـی ئـەو لێکبدرێنەوە. بەدووی ئـەوەدا وێڵ نـەبوو کـام بابـەتی نووسـین‌و کـام جـۆر لـە نووسـین،

زۆرترین خەڵکی لەدەور کۆدەبێتەوە. بەڵکو زۆر وەفادارانە، گوێینا بەدڵی خۆیەوەو نووسینەوەی خەون و خۆزگەو ئاهو ناڵەو برین و گریانەکانی ئەو دڵە تەنیاو شکاوو تەزیوەی خۆی دەسپێکرد. هەر لێرەشەوەیە کە نوسەرانێکی وەکو بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانیع پێیانوایە ((حەمە عومەر خۆیشی شیعرێکەو دەبێت بخوێنرێتەوە)).[١٥] تراژیدیا یەکێك لەو خاڵە جەوهەرییانەیە کە حەمە عومەری لە شاعیرانی دیکەی ئێمە جیاکردۆتەوە. چونکە ((لەدوای مەحوییەوە ئەم رەهەندە کەم تا زۆر لەشیعری کوردیدا لاواز ئەبێت))،[١٦] وەك دەشزانین ئەم رەهەندە لای مەحوی لەناو جیهانبینییەکی ئاینییەوە دێتە دەرێ کە وەڵامی بۆ هەموو پرسیارەکان پێیە، بەتایبەتیش پرسیاری مردن. وەلێ لای حەمە عومەر ئەم رەهەندە لەناو جیهانبینییەکەوە سەرهەڵدەدات، کە لەبەردەمی هەموو پرسیارەکاندا، حەپەساوە، بەتایبەتیش پرسیاری مردن. هۆکارێکی گەورەی تراژیدیا لای مەحوی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤەکان خوایان لەبیرکردووە، (قوربانی ناوی ناوی لەناوا نەما خودا). کەچی لای حەمە عومەر هۆکارێکی گەورەی تراژیدیا لەوێوە سەرهەڵدەدات کە خوا مرۆڤەکانی لەبیرکردووە، (بۆ جارێ خوا نایەتە دەنگ..بۆ جارێ خوا نابێ بەڕەنگ). ئەمەش، بێگومان جیاوازییەکی گەورەیە لە نێوانی مەحوی و حەمە عومەردا. ئەدەبی حەمە عومەر ((ئەدەبی بەر لەدرووستبوونی یۆتۆپیاکان و ئەدەبی دوای درووستبوونی یۆتۆپیاکانە. ئەو دەنگێکی پاکە بەڵام خەمبار، روحێکە لەکاتی درووستبوونیدا چەند قەترەیەك خەمی تێپەڕیوەو لەگەڵ گەورەبوونیدا ئەم قەترە خەمانە هەموو ژیانیان داپۆشیوە، بۆیە نەهیچ یۆتۆپیایەك و بێگومان نەهیچ ئایدیۆلۆژیایەك ئەتوانێ ئاسوودەیکات. شیعری محەمەد عومەر عوسمان شیعری شاعیرو کۆمەڵگاو رۆژگارێکە کە ئینسانەکانی ناتوانن بەختەوەر بن)).[١٧] بەڵێ، ئامادەیی بەردەوامی ئەم روحە تراژیدییە یەکێك لەگەورەترین ئەو سیمایانەیە کە شیعری حەمە عومەری پێدەناسرێتەوە. وەلێ ئەم روحە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی فڕێنەدراوەتە نێو شیعرەکانەوە، بەڵکو لە دوو ئاستی گرنگدا کاری لەسەرکراوە. یەکەمیان بەرهەمهێنانی شیعرییەتە لەو روحە تراژیدییەو دووەمیان رەنگکردنی ئەو شیعرییەتەیە بە رەنگی حەمە عومەر عوسمان خۆی، رەنگێك کە لای هیچ شاعیرێکی دیکە بەو جۆرەو بەو

وردەكارییانەوە نابینرێت. لێرەوە ئێمە لە جیاوازییەكانی ئەزموونی شیعریی ئەم شـاعیرە نزیك دەبینەوە.

***

## ڕەهەندەكانی جیاوازیی

## یەكەم: لەڕووی جیهانبینییەوە

((ئۆڵسن پای لەسەر ئەوە داگرتبوو كە – دەنگی نووسەر لە نەفەسیەوە دێ–)).[18]

بێگومان نەفەسی هەر مرۆڤێك، لـە نەفەسـی مرۆڤـەكانی دیكـە جیـاوازە، لەبـەر ئـەوە كاتێ شاعیرێك هەوڵدەدات دەنگی لـە نەفەسـیەوە بێـت، یـانی هەوڵییـداوە لـە شـیعرێكی جیاواز نزیكبێتەوە. ئاشكراشە كە ڕادەو ئاستی هەر شاعیرێك لەگەڵ شـاعیرێكی دیكـەدا، لەوەی تاكوێ لەو هەوڵەیدا سەركەوتوو دەبێتو تاچـەند دەتوانێـت لـەو شـیعرە جیـاوازە نزیكبێتەوە، وەكو یەك نییە. هەڵبەت ئەمە هەرگیز بەو مانایە نییە كە شاعیرێك هەوڵییـدا ڕاستگۆیانە دەنگی خۆی لە نەفەسی خۆیەوە بەرهەمبێنێت، ئیدی لـە كاریگـەریی هـەموو نەفەسەكانی دی ڕزگاردەبێت. نەخێر ئەمە بەو مانایەیـە كـە وێـڕای هـەر نەفەسـێكی دی، نەفەسی باڵاو زاڵو خاوەن جەبەرووت نەفەسی شاعیر خـۆی بێـت. ئـەگینا خـەوبینین بـە دەقێكەوە، كە جگە لە نەفەسی شاعیر خۆی، شوێنەواری نەفەسی هیچ كەسێكی دیكـەی بەسەرەوە نەبێت، خەوبینینە بە دەقێكی دابڕاوەوە لەدنیا.

***

شەمسی لەنگەرەوودی دەڵێت: ((من منالیی خۆمم ونكردووە، یاریم كـەم كـردووە، لـەو ڕۆژانەدا، كە لە جێگادا كەوتبووم مۆڵەتی ئەوەم نەبوو بـڕۆم بـە ڕێگـادا، بـەڵام ئـەمتوانی بڕۆمو ڕێگـا بـبڕم، ڕۆژێـك لـەدوورەوە گـوێم لـەدەنگی منـاڵان بـوو، یـاخی بـوومو لەسـەر قەرەوێڵەكەم ڕاپەڕیمو ڕۆیشتم، لە نیوەی ڕێگـەدا كـەوتم، ئـیتر تێگەیـشتم ژیـان كـەوتنی زۆری تیایە))،[19] شیعری حەمە عومەر شیعری نوسینەوەی كەوتنەكانی مرۆڤە.

شیعرێكە لـەبری ئـەوەی لـە خۆیـدا وێنـەی ئـەو دۆزەخـەی مرۆڤـەكان دەسـووتێنێت، پێچەوانە بكاتەوەو بە وێنەی بەهەشـت بیفرۆشـێتەوە، هەوڵـدەدات لەسـەر ئـەو دۆزەخـە ڕامانبگرێـتو ڕوحمـان ڕابـچەڵەكێنێت. شـیعرێكە هـاتووە پێمانبڵێـت: شـیعر هـاواری مرۆڤەكانە، ناكرێت لەناو تراژیدیاوە بەرزبێتەوەو لەبری خوێن گوڵی لێبچۆڕێتەوە. هاتووە

پێمانبڵێت: شیعر وەکچۆن دەبێت لەگەڵ خۆشیو خەونەکانی مرۆڤدا راستگۆ بێت، بەهەمانشێوە دەبێت لەگەڵ نەهامەتییو تراژیدیاکانیشییدا راستگۆبێت. هەڵبەت لەراستگۆیی، هەرگیز مەبەستم کۆپیکردنی ئەوە نییە کە شاعیر لەناویدا دەژی، یان راستتر ئەوەی لەناو شاعیردا دەژی. بەڵکو مەبەستم گۆڕینی حاڵەتی ژیانییو ویژدانییو روحیی شاعیرە بە حاڵەتی شیعریی.

زۆرجار شاعیرانی ئێمە یان لەو حاڵەتانەی خۆیان هەڵدێن، یان کۆپییان دەکەنو ناتوانن بیانگۆڕن بە حاڵەتی شیعریی. لە راستییدا، شیعر گۆڕینی دنیایە لە بوونێکی واقیعییەوە بۆ بوونێکی شیعریی، گۆڕینێتی لە بوونێك لەناو مادەوە بۆ بوونێك لە ناو زماندا. شیعر تێکدانەوەی دنیایەکە، کە لەناو هەوادا دەژیو دروستکردنەوەیەتی لە ناو ستاتیکادا. راستە دنیای واقیعیی حەمە عومەر خۆیو دنیای نێو شیعرەکانیشی دوو دنیای تراژیدیین، راستە لەهەر دووکیاندا ململانێیەکی سەخت لەنێوانی جوانیو تراژیدیادا هەیە. وەلێ ئەم دوو دنیایە دوو دنیای جیاوازن لەیەکدی. لەدنیای واقیعدا جوانییەکان لە ناو کۆشی تراژیدیادانو لە دنیای ناو شیعرەکاندا تراژیدیا لەناو کۆشی جوانیەکاندایە. لە دنیای واقیعدا تراژیدیا فەرمانڕەوایەو ئەو بڕیار لەسەر چارەنووسی جوانییەکان دەدات. بەڵام لەدنیای نێو شیعرەکاندا جوانیی فەرمانڕەوایەو چارەنووسی تراژیدیا لەلایەنی ئەوەوە دیاریدەکرێت. بە واتایەکی دی ئەو تراژیدیایەی لە ژیانی واقیعدا هەیە، مرۆڤ دەگرێنێت، بەڵام تراژیدیای نێو شیعرەکان مرۆڤ رادەچڵەکێنێت. ئەویان مرۆڤ پەستو ئەمیان مرۆڤ مەست دەکات. ئەم دروستکردنەوەیەی دنیا بەجۆرێکی دی، کارێکی زۆر گرنگە، چونکە یەکێك لە خەونە کۆنو قوڵەکانی مرۆڤ بەدرێژایی سەردەمەکان، گەیشتن بووە بە دنیای دیکەو جیاواز لەوەی کە بینیویەتی. تەنانەت وەك نیچە پێماندەڵێت، یەکێك لە سەرەکیترین پەیامی ئایینەکانیش هەر ئەمەیە. ((بەدیدی نیچە ئایین یەکێکە لەو بیانوانەی کە مرۆڤ بۆ خۆدزینەوە لە ئازارەکانی پەنای بۆ بردووە. کەواتە ئایین خەونێکە تاوەکو مرۆڤ لەدوای مردنی ژیانێکی بەهەشتی بۆ خۆی مەیسەر بکاتو بەمەش خۆی لەو ژیانە راستەقینەیە بشارێتەوە)).[٢٠] ئەگەر شەیتانی یەکەم مرۆڤی فێری ئەوەکرد ئامادەبێت لە پێناوی چێژی دۆزینەوەو ئاوەدانکردنەوەی شوێنێکی نوێدا، دەست لە بەهەشتیش هەڵبگرێت. ئەوا شەیتانی دووەم، کە شیعرە، دێت تاکو کار لەسەر

زیندووکردنەوەی ئەو ئازایەتیەی مرۆڤ بکاتو روحی عەودالێکی پێببەخشێت کە هەمیشەو بەردەوام بەدووی دنیای تازەو نەدۆزراوەدا بگەڕێت. شەیتانی شیعر دێت بۆ ئەوەی هیدایەتی مرۆڤەکان بدات خۆیان لە چەپۆکو جەبەرووتی ئەو دنیای واقیعەی کە هەیە رزگاربکەنو هەوڵی دۆزینەوەو داهێنانی دنیای دیکە بدەن. دەشێت هۆکارێکی سەرەکیی لەوەدا کە پێغەمبەری ئیسلام پێی ناخۆش بووە بە شاعیر ناوببرێت، ئەم شەیتانێتییەی شیعر بووبێت. ئەم شەیتانە یارمەتی بەدیهێنانی ئەو خەونە قووڵو دێرینەی مرۆڤ دەدات کە تیایدا هەستدەکات، یەك دنیا بەشی ناکات.

لێرەوە، ئێمە دەستدەخەینە سەر خەونێکی قووڵو دێرینی مرۆڤ کە لەهەموو بۆنەیەکدا بەدوای بەدیهاتنییدا دەگەڕێت. وەکچۆن لە ئایینەکاندا عەودالی بەدیهاتنی ئەو خەونەی خۆیەتی، بەهەمانشێوە، یان رەنگە زۆرجار گەرمتریش، چاوەڕوانی بەدیهاتنی ئەو خەونە لە شاعیرەکان بکات. بەم مانایە هەر شاعیرێك نەتوانێت دنیایەکی جیاواز لە خودی دنیا خۆیو لە دنیای شاعیرانی دیکە پێشکەشبکات، بۆی نییە چاوەڕوانییەکی زۆری لە مرۆڤ هەبێت. ئێمە لەبارەی جیاوازیی دنیای واقیعو دنیای نێو شیعرەکانی حەمە عومەرەوە قسەمانکردو ئاماژەیەکی خێراشمان بۆ جیاوازی جیهانبینی ئەوو مەحوی کرد. ئێستا دەمانەوێ لەبارەی دنیای حەمە عومەرو دنیای دوو شاعیری دیکەوە قسە بکەین، کە خاڵی هاوبەش لە نێوانی دنیای ئەمو دنیای ئەو دوو شاعیرەدا ئاشکرایە. وەلێ خاڵی جیاوازیش هەیە. لەو دوو شاعیرە مەبەستم گۆرانو خەیامە. حەمە عومەر لەگەڵ شاعیرێکی وەکو گۆراندا لەوەی کە هەردووکیان لە ناو پایزدا شتی نەبینراویان بینییووەو بەجۆرێکی دی لە پایزیان روانیووە، دەچنەوەسەریەك. وەلێ لەوەدا جیاوازن کە گۆران زیاتر پایزی وەکو بوونەوەرێکی شانو مل رووت بینیووەو هەستی بەهاوخەمییەك کردووە لە نێوانی خۆیو ئەوداو داوای گەورەی لە پایز ئەوە بووە (هەرچەند گوڵەکان سیس بوون، پێکەوە بگرین)... کەچی حەمە عومەر پایزی بە نیشتیمانی خۆیو گەڵاکانیشی بە چاوی دڵدارەکەی زانیووە. لای گۆران پایزو شاعیر لەدەرەوەی یەکدینو لای حەمە عومەر پایزو شاعیر لەناو یەکدییدان. گۆران جگە لە جوانیو هاوخەمیی، رایەڵەیەکی ئەوتۆ بە پایزەوەی نابەستێتەوە، کەچی حەمە عومەر بەدەیان رایەڵەی جیاجیا بە پایزەوە گرێدراوە.

تەنانەت کار لای حەمە عومەر گەیشتۆتە ئەو رادەیەی بڵێت:

**توخوا گەر مردم گەڵا کفنم بێ**

**دەمیشم پڕکەن لە گەڵای وەریو**

**تابووتو گۆڕم چڵی پایز بێو**

**تەرمم مەنێنە ناو خاکی تەزیو**

لەگەڵ خەیامیشدا لەوەی کە هەردووکیان لەنێو هەموو شتەکاندا مردن دەبینن، دەچنەوەسەریەك. خەیام لە گۆزەی مەیو دەفری خواردنەوەدا کەللەسەری مرۆڤ دەبینێتو لەو قوڕەدا کە کوڕێك خەریکی شێلانییەتی هاواری باوکی کوڕەکە دەبیستێت کە داوای لێدەکات: بە قایمی نەیشێلێتو بەهێمنی پێی لێنێت. حەمە عومەریش لە داگیرساندنی مۆمدا مەرگی پەپولە دەبینێتو هەستدەکات (با) و بەفرو شەپۆلیش دەبن بە تابووتو هەریەکەیان مەرگێك لەخۆیاندا هەڵدەگرنو بە هەزاران تابووتیش لە ناو چاوانیا دەخولێنەوە. تا ئێرە خەیامو حەمە عومەر لەیەك دەچن، وەلێ لەوێوە کە خەیام ئامادەیی بەردەوامی مردن وایلێدەکات گەرمتر باوەش بە ژیاندا بکاتو کازانزاکی وتەنی کارێك بکات ((جگە لە کەمێك ئێسقان هیچ شتێکی جێنەهێشتبێت، مردن لەگەڵ خۆیدا بیبات)).[٢١] حەمە عومەریش ئامادەیی مردن وایلێدەکات بەردەوام بیر لەخۆکوشتن بکاتەوە، لێرەوە جیاوازی گەورەو ئاشکرای ئەم دوو شاعیرە دەردەکەوێت.

مردن، وا لەخەیام دەکات بڵێت:

**«بایی مەبە لە ژیانو کەمێ رامێنە**

**زۆری وەکو تۆ ئێستە سەتی لە شوێنە**

**دڵخۆشبە هەتا ماوی، مەرگ وا لەکەمین**

**تا تۆش نەرفێنراوی بەشت برفێنە».٢٢**

**کەچی حەمە عومەر وا لێدەکات، بڵێت:**

**خۆزگە ئەمتوانی گڕ لەخۆم بەردەم**

**دووکەڵم ببێ بەتارای سەر رووت**

**یان بمرمو سەگ لە لاشەم تێربێ**

**دنیای روانینم مردنەو تابووت**

***

**دووەم: لەڕووی فۆرمەوە**

راستە شیعری حەمە عومەر فۆرمێکی تەقلیدیی هەیەو بەشێکی زۆر لە شیعرەکانی لەسەر شێوەی چوارین داڕشتووە کە شێوازێکی زۆر کۆنی نووسینە لە ئەدەبی کوردیو دراوسێکانیشیدا، وەلێ هەوڵیداوە لەنێو ئەو چوارچێوە تەقلیدییەشدا جێگە بۆ تایبەتمەندی خۆی بکاتەوەو تاڕادەیەك جیاوازیی بەرهەمبێنێت. سەرجەم شیعرەکانی (لەغوربەتا) بە هەر دوو کێشی چوار بڕگەییو پێنج بڕگەیی نوسراون، کە دوو کێشی کۆنو تەقلیدیینو هەزاران شیعرمان بەم دوو کێشە هەیە. تەنانەت من تا ئەم چرکەساتە شیعرێکی هەورامانییم نەبینیووە، دەبڕگەیی نەبێت، (بێگومان دە بڕگەیی هەر پێنج بڕگەییەو دووبارە دەبێتەوەو دەکرێت ببێتە پازدەو بیست بڕگەییش)، زۆربەی زۆری شیعری حەفتاکانو شیعری دواتریشمان بە کێشی چوار بڕگەیی نووسراون، (چواربڕگەییش دووبارە دەبێتەوەو دەبێت بە هەشتو بە دوازدەو بە شازدەو بە بیست بڕگەییش). یەك دنیا شیعرو گۆرانیی فۆلکلۆرییشمان بەو دوو کێشە هەیە. جیاوازیی حەمە عومەرو شاعیرانی دیکە لە بەکارهێنانی ئەو دوو کێشەدا، لەوەدایە لای ئەم لە زۆرێك لە شیعرەکاندا ئەم دوو کێشە بەیەکەوە بەکار دێنو هەندێجار بەتەواوییش تێکەڵو پێکەڵ دەبن. بۆ نمونە:

شیعری (بروسکەیەك) دوو کۆپلەیە، کۆپلەی یەکەمی کە لەچوار دێڕ پێکهاتووە چوار بڕگەییەو کۆپلەی دووەمی کە دیسان لەچوار دێڕ پێکهاتووە پێنج بڕگەییە. شیعری (ئەشکی ئێوارە) سێ کۆپلەیە، کۆپلەی یەکەم چوار بڕگەییەو کۆپلەی دووەم بووە بە پێنج بڕگەییو کۆپلەی سێیەم دیسان بۆتەوە بە چوار بڕگەیی. شیعری (ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەك سەهۆڵ) چوار کۆپلەیە، کۆپلەی یەکەمو دووەم چوار بڕگەیین، کۆپلەی سێیەمیش بە چوار بڕگەیی دەستپێدەکاتو لە پڕا دەبێت بە پێنج بڕگەییو دوای سێ دێڕ دەبێتەوە بە چوار بڕگەییو دوای دوو دێڕ جارێکی دی دەبێتەوە بە پێنج بڕگەییو کۆپلەی چوارەمیش دیسان دەبێتەوە بە چوار بڕگەیی. شیعری (ڕووداوی هەردوو دیوی پەنجەرەکە) دێڕی یەکەمی چوار بڕگەییەو دێڕی دووەمو سێیەمو چوارەم دەبنە پێنج بڕگەییو دێڕی پێنجەم دەبێتەوە بە چوار بڕگەییو باقی شیعرەکە دەبێتەوە بە پێنج

بڕگەیی. شیعری (لە غوربەتا) کە هەشتاو دوو چوارینەیە، هەشتاو یەك چوارینەیان پێنج بڕگەیین‌و دوا چوارینەیان بووە بە چوار بڕگەیی. شیعری (کارەسات) بە دێڕێکی چوار بڕگەیی دەستپێدەکات‌و دێڕێکی پێنج بڕگەیی بەدوادا دێت‌و لە دێڕی سێیەمدا دەبێتەوە بە چوار بڕگەیی‌و لە دێڕی چوارەمەوە جارێکی دی دەبێتەوە بە پێنج بڕگەیی‌و ئیدی تاکۆتایی بە پێنج بڕگەیی دەڕوات.

شیعری (ماسیگرێك) شیعرێکی چوار بڕگەییە، کەچی دێڕی دووەم‌و سێیەم‌و چوارەمی بوون بە پێنج بڕگەیی. شیعری (سەراب) سێ کۆپلەیە، کۆپلەی یەکەم‌و دووەم پێنج بڕگەیین‌و کۆپلەی سێیەم چواربڕگەییە. شیعری (دووەم نوح) شەش کۆپلەیە، پێنج کۆپلەی پێنج بڕگەییەو سێ دێڕی کۆپلەی شەشەمیشی هەر پێنج بڕگەییە، کەچی لەکۆپلەی شەشەمدا پێنج دێڕ بووە بە چوار بڕگەیی‌و دوای ئەو پێنج دێڕە بۆتەوە بە پێنج بڕگەیی. شیعری (نوێژێك لەبەر بارانا) بە پێنج بڕگەیی دەستپێدەکات‌و لەپڕا دەبێت بەچوار بڕگەیی‌و دوای حەوت دێڕ دەبێتەوە بە پێنج بڕگەیی‌و دوای چەند دێڕێك جارێکی دی دەبێتەوە بەچوار بڕگەیی‌و بەرلەوەی تەواوبێت دیسان دەبێتەوە بە پێنج بڕگەیی.

من وەکو خۆم نایاتەوە یادم ئەمەم لای هیچ شاعیرێك بینیبێت، پێموایە ئەگەر هەشبێت نەبووە بە دیاردەیەك‌و بەم رادەیەی حەمە عومەر نەبووە. ئەم دوو کێشە لەبەرئەوەی دوو دەنگی تەواو جیاوازیان هەیەو هیچ هارمۆنییەتێکیان لە نێواندا نییە، کاتێ پێکەوە بەکاردەبرێن شپرزەیی لە شیعردا دروستدەکەن‌و تاڕادەیەك خوێنەر دووچاری حاڵەتێکی نائارام دەکەن. بۆ ئەمەش ئەگەرێکی لاواز هەیە حەمە عومەر وەکو (ابا العتاهیە) کە دەیوت: ((من لە عەروز گەورەترم))،[٢٣] خۆی لە کێش بەگەورەتر زانیبێت‌و ئەگەرێکی بەهێزیش هەیە کە ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە نائارامیی‌و تراژیدیبوونی روحی شاعیرەوە هەبێت. دەشێت شپرزەیی نێو ئەو کێشانە، شپرزەیی نێو روحی شاعیر بێت. ئەمەش، لەو رووەوە کە دەتوانێت باشتر حاڵەتی روحیی شاعیر بگوێزێتەوە، رەنگە کارێکی خراپ نەبێت، چونکە وەکو عەبدلکەبیر خەتیبی دەڵێت: ((نوسین بەجێهێشتنی شوێنەواری دەنگ‌و سۆزە بەسەر وێنەکێشانی وشەکانەوە))،[٢٤] وەلێ لەو رووەوە کە خوێنەر دووچاری شپرزەیی‌و نائارامیی دەکەن، رەنگەکارێکی باش نەبێت. بەهەرحاڵ، ئێمە قسەمان لەسەر جیاوازییەو کارمان بەوردەکارییەکانی دی نییە.

لەڕووی سەراوشەوە شیعری حەمە عومەر عوسمان دوو تایبەتمەندیی ئاشکرای هەیە:

تایبەتمەندی یەکەم ئەوەیە ئەم شاعیرە بۆئەوەی خۆی لەسەروای سواو رزگاربکاتو ناچار نەبێت ئەو سەروایانە دووبارەبکاتەوە کە بەکارهاتوون، هەوڵیداوە خۆی سەروا دروستبکات.

لەم رووەوە شیعرەکانی پڕن لەسەرواگەلێك کە لەڕاستییدا خۆیان سەروانینو شاعیر لەکاتی بەکارهێنانیاندا کردوونی بەسەروا. بێگومان حەمە عومەر نەیەکەمینو نەتاکە شاعیری ئێمە نییە کەخۆی سەروای درووستکردبێت، وەلێ رەنگە سەرکەوتووترین شاعیری ئێمە بێت لەم بوارەدا، یان لانیکەم یەکێك لە سەرکەوتووترین شاعیرانی ئەم بوارە بێت. بابزانین ئەم سەروا درووستکردنە لای حەمە عومەر چۆنە:

**تۆ خۆتم لێ مەشارەوە**
**ئەترسم دڵ ببێتە پارچەیەک سەهۆڵ**
**بەدەم کزەی ئێوارەوە**

(مەشارەوە) لەگەڵ (ئێوارەوە) دوو سەروای زۆر جوانن، کەچی لەڕاستیدا ئەم دوو خۆیان سەروا نینو شاعیر لەسیاقی شیعرەکەدا گۆڕیونیو کردوونی بەسەروا. ئەم دوو وشەیە خۆیان (خۆشاردنەوە)و (ئێوارە) ن، کە سەروانین. (خۆشاردنەوەو ئێوارە) وەکو (شادیو ئازادی) یان (خەوو شەو) یاخود (خەمو تەم) نین، کە خۆیان لە بنەڕەتدا سەروابنو دەنگەکانیان وەکو یەکبن. ئەوەی کە ئەم دوو وشەیەی کردووە بەسەروا جۆری بەکارهێنانەکەیانە.

**کە نیوە شەوان هانا بۆ مەرگ.. مەرگی خۆم ئەبەم**
**روخسارێکی کاڵ لەدوورەوە دێ.. کاڵ هەروەکو تەم**
**هەتا دێ تۆخو تۆختریش ئەبێ**
**لەپڕا ئەڵێم ئای خۆ هاتووە**
**سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم..**

ئەگەر تەماشای ئەم سێ سەروایە بکەین: (ئەبەم، تەم، پەنجەرەکەم) دەبینین سێ سەروای تەواونو هیچ کێشەیەکیان نییە. کەچی لەڕاستییدا ئەم وشانە هیچیان سەروا

نین‌و دەنگی هیچیان وەکو دەنگی ئەوانی دیکە نییە. خۆیان (بـردن‌و تـەم‌و پەنجـەرە)ن، کە وەکو سەروا هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییـە. ئـەوەی کردوونـی بەسـەروا جـۆری بەکارهێنانەکەیانە.

**نیوە شەوێکی ساردو غەمناکە**

**پایز میوانە لەژوورەکەما**

**هەناسەی ساردم ئەبێتە ئەشکـو**

**دێتە خوارەوە بەبالای رەشی پەنجەرەکەما**

(ژوورەکەما، لەگەڵ پەنجەرەکەما)، لە راستییدا (ژوورو پەنجەرە)ن، کە سـەروا نـین‌و لەڕووی دەنگ‌و ئاوازەوە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە.

**بۆ ترپەی دڵمان نارژێتە ناو یەک**

**وادەستی زستان لەدەرگام ئەدا**

**ئاخ لەسووچێکا سەر ئەنێمەوە**

**مەرگێکی خامۆش وەک مەرگی گەدا**

(ئەداو گەدا) دوو سەروای جوانن، کەچـی لـە بناغـەدا ئـەم دوو وشـەیە (لـەدەرگادان‌و گەدا)ن، کەبێگومان سەروا نین.

**لە نسێی مەرگا گینگڵ ئەدەم‌و**

**دڵم هەر لەلای چرپەکانێتی**

**حەزو ئارەزووم چۆلەکەیەکە**

**کزەبای پاییز نیشتمانێتی**

(چرپەکانێتی‌و نیشتمانێتی) دوو سەروای تەواون، کەچی لەڕاستیدا (چرپەو نیشتمان) سەروانین‌و هیچ لێکچوونێکی دەنگییان لەنێواندا نییە.

**ئێواران سەرم ئەبێتە سووتوو**

**لەساو سێبەری درەختی ئەشکا**

**درەختی گریەم لق‌و چڵی رووت**

**کێ چەن گوڵێکی خەندەی لێ بەشکا**

***

**خەڵکی بەشێتم ئەدەنە قەڵەم**

**نازانن کە من با ئەخوێنمەوە**

**دڵۆپی باران حەرفی شیعرمەو**

**ئاگری عەشق چۆتە خوێنمەوە**

***

**ئەرخەوانێکم دێنێتەوە یاد**

**بە گۆڕستانێ چۆڵو ساردەوە**

**چرپەی دوو دڵی نامۆو تەزیووی**

**لەگەردەلولی شار ئەشاردەوە**

***

**مردن گێژاوە بێ سەوڵە کەشتیم**

**رێشم گەرداوی چەقۆو خەنجەرە**

**چش لەمردنم لەم رێ تووشەدا**

**گەر گۆرانیەک بێ بە پەنجەرە**

***

**دەک پایزم رۆ وەرزی شاعیریی**

**دڵ گەڵایەکە وا لەبەر بادا**

**کە هاناش ئەبەم بۆ پایزی ناخ**

**تامی پایزی چاوانی نادا**

***

ئەم سەروایانە کۆمەڵێك سەروای جوانو تەواوو تێرنو هیچ کێشەیەکیان نییە: (لەدەگام ئەدا- گەدا)، (ئەشکا- بەشکا)، (ئەخوێنمەوە- خوێنمەوە)، (ساردەوە- ئەشاردەوە)، (خەنجەرە- پەنجەرە)، (بادا- نادا). کەچی لەڕاستیدا ئەمانە هیچیان سەروا نینو لە سیاقی شیعرەکەدا بوون بەسەروا، خۆیان لەبناغەدا بەمجۆرەن:

(لەدەرگادان- گەدا)، (ئەشك- بەشکردن)، (خوێندنەوە- خوێن)، (سارد- شاردنەوە)، (خەنجەر- پەنجەرە)، (با- نەدان). تایبەتمەندی دووەمی حەمە عومەر لە

بواری سەروادا ئەوەیە، کە سەرواکان خۆیان سەروان بەڵام ئەو پاشگریان دەخاتەسەرو تا دوا رادەی تێری تێریان دەکات. بەدەگمەن سەروا لە شیعری حەمە عومەردا دەبینی لە سەروای سێ پیتیی کەمتر بێت. بەزۆری سەرواکان پێنج پیتیین‌و هەندێجار دەگەن بە هەشت پیتیش. کەچی بۆ نمونە لای شاعیرێکی وەکو شێرکۆ بێکەس دەیان‌و سەدان سەروای یەك پیتیی هەن، کە من کاتی خۆی لە لێکۆڵینەوەیەکدا ناوی ئەو سەروایانەم نابوو سەروای شێرکۆیی، ((چونکە هیچ شاعیرێکی ئێمە بەو رادەیەو بەو شێوە بەردەوامە کاری لەسەر نەکردووە)).[٢٥] بۆئەوەی باشتر لەسەرواکانی حەمە عومەر تێبگەین، لەپێشدا سەرنجی یەك دوو نمونە لەسەرواکانی شێرکۆ بێکەس دەدەین:

**((من خۆم ئەمدی**

**لەکۆنسێرتی وەرزەکاندا،**

**دەستیان ئەکردە مل یەکـو**

**لە میهرەجانی ناو شیعرا**

**دارو درەختیان ئەژەنی))**[٢٦]

(ئەمدی‌و ئەژەنی) سەروان، بەڵام سەروایەکی یەك پیتیین، ئەم دوو سەروایە تەنها پیتی (ی) دروستیکردوون.

**((ئەو داری نێو خەونی باخێکی وڵاتی گوڵ عومەر**

**نامێنێ هەواڵی نەپرسێ**

**ئەمجارە ئەو باڵای قەسیدەی نیشانەی پرسیارەو**

**لەو پەڕی هەربستە سۆزێکی هەواڵدا**

**چاو لەڕێ دائەنێ)).**[٢٧]

(نەپرسێ‌و دائەنێ) سەروان‌و تەنها پیتی (ێ) دروستیکردوون.

ئینجا باسەرنجی هەندێ لەسەرواکانی حەمە عومەر بدەین:

**کەسیش نەیزانی شوێن پێیەتی یا**

**دڵمە بەژێر پێی رێبوارانەوە**

**ئەبێ بە ئاوو ئەکەوێتە ژێر**

**بەفر بارینی ئێوارانەوە**

ئەم دوو سەروایە (رێبوارانەوە– ئێوارانەوە)، هەشت پیتیان وەکو یەکن، یانی حەوت جار لە سەرواکانی شێرکۆ بێکەس تێرترن.

**بیرمە مناڵ بووم لەگەڵ باوکما**

**لەتەنیشت پردە رووخاوەکەوە**

**قولاپی ماسی گرتن لەدەسماو**

**قاچم ئەخستە ناو ئاوەکەوە**

ئەم دوو سەروایە (رووخاوەکەوە– ئاوەکەوە)، حەوت پیتیان وەکو یەکن، یانی شەش جار لە سەرواکانی شێرکۆ بێکەس تێرترن.

**ئاخ بۆ دەستێکی پڕ لەمیهرو سۆز**

**بوونم ئەشکێکە بەگلێنەمەوە**

**شیعرم وەک پایز هەتیو کەوتووە**

**پایزیش دیارە بەوێنەمەوە**

ئەم دوو سەروایەش (بەگلێنەمەوە– بەوێنەمەوە)، شەش پیتیان وەکو یەکن، یانی پێنج جار لەسەرواکانی شێرکۆ بێکەس تێرترن.

**لەگەڵ ئەوا بووم بەفر پشکۆ بوو**

**کەگوڵیش نەبوو بەڕووی دارەوە**

**من گوڵزارێکم ئەهاتە بەرچاو**

**بەچڵی رووتی بەفرانبارەوە**

ئەم دوو سەروایەش (دارەوە– بەفرانبارەوە)، پێنج پیتیان وەکو یەکن، یانی چوارجار لە سەرواکانی شێرکۆ بێکەس تێرترن.

ئیدی لەم نمونانە زۆرن‌و پێموایە ئەو چەند نمونەیەی هێنامانەوە توانیبێتیان مەبەستەکەمان بگەیەنن.

لەڕووی زمانیشەوە، دەتوانین بڵێین زمانی حەمە عومەر جگە لەوەی زمانێکی زۆر شیعرییە، زۆریش تایبەتە.

زمانی شیعریی بەر لەهەرشتێك بەو زمانە دەوترێت کە میتافۆر (خوازە– مجاز) تیایدا فەرمانڕەوای یەکەمەو لەڕێی ئەوەوە وێنە شیعرییەکان درووستدەبن، تەنانەت ئەدۆنیس

میتافۆرو زمانی شیعریی بەیەك شت دەزانێتو پێیوایە: ((ئەوەی ئەمڕۆ پێیدەوترێت زمانی شیعریی هەمان ئەو شتەیە كە دوێنێ پێیدەوترا میتافۆر)).[٢٨]

لە نێو میتافۆرەكانی شیعری حەمە عومەردا پەیوەندییەكی گشتیی هەیە، كە هەندێجار بەئاشكراو هەندێجاریش بە نائاشكرایی كار لەیەكدیو كار لەوێنە شیعرییەكان دەكەن.

زۆرترین میتافۆرەكانی حەمە عومەر لە هەر دوو وەرزی پایزو زستانەوە وەرگیراون، كە ئەم دوو وەرزەش، وەك دواتر روونیدەكەینەوە، هەر لەخۆیانەوە نەهاتوونەتە نێو جیهانبینی شاعیرەوە، بەڵكو هەڵگری دووان لە گرنگترین ڕووداوە كاریگەرو چارەنووسسازەكانی ژیانو شیعری ئەون.

ئەم زمانە تایبەتە، كە یەكێك لەگرنگترین هۆكاری تایبەتییەكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە راستگۆیانە لە ژیانو دنیای روحیی شاعیر خۆیەوە هەڵێنجراوە، وایكردووە شیعری حەمە عومەر یەكێك لە تایبەتترین شیعرەكانی ئێمە بێت.

لەناو ئەم زمانەدا كۆمەڵێك وێنەی شیعریی هەن كە لەڕێی میتافۆرەوە، شتە ((دوورەكانمان بۆ نزیكدەكەنەوە))[٢٩] و ((پەیوەندی لەنێوان شتە بینراوو نەبینراوەكاندا درووستدەكەن))[٣٠] و ((ئەو شتانەمان بۆ دەستنیشاندەكەن كە دەستنیشان ناكرێن)).[٣١]

لەناو ئەو زمانەدا درەختە رووتەكان ژیانو نازناو دەبەخشن، ئەوەتا شاعیر دەكەن بە ژەنەراڵی پایزو هەور دەكەن بە كاسكێتی سەریو گەڵا دەكەن بە ئەستێرەی زیوینی سەرشانیو كزەبا دەكەن بە بەرگیو لقە رزیوەكانی خۆشیانی بۆ دەكەن بەشمشێر. هەر لەنێو ئەو زمانەدا دڵۆپی باران جارێك دەبێت بەحەرفی شیعرەكانو جارێك دەبێت بە منداڵێك كە خەریكی گڕوگاڵەو جارێك دەبێت بە تەرمی مردوو. ئەم زمانە شیعرییە كزەبای پایز دەكات بەنیشتمانو داری پایز دەخاتە ناو ئاهەنگی مردنەوەو سەرچۆپییەكەشی بە گەڵا دەسپێرێت.

لەناو ئەو زمانەدا قژ دەفتەرێكی رەشەو ساڵەكان بە تاڵی سپی یادگارەكانی خۆیانی تێدا دەنووسنەوە. (با) دەخوێنرێتەوەو گەڵاكان خوێنیان لەبەر دەڕواو كزەبا دەبێت بە بەرگو زوقم دەبێت بە دەستكێش. هەر لەناو ئەو زمانەدا پەنجەرەی گوناه و ئاگری سپیو چرای هاوارو نسێی سەوزو میحرابی پایزو بەفری مزگێنیو مەرەكەبی گوناه و

چەندین بوونەوەرو شتی دیکە هەن، کە مومکین نییە لـەدەرەوەی زمـانێکی میتافۆرییـدا، بتوانین بیانبینین.

## پایزو زستان و کچێکی سەرابیی

زۆرجارو لە زۆر بۆنەی جیاجیادا قسە لەبارەی پایزو ئامادەیی پایز لە نێو شیعرەکانی حەمە عومەردا کراوە. لای زۆربەی زۆری خـەڵکیش بـە شـاعیرو ژەنـەراڵی پـایز ناسـراوە. بەڵام کەس نەیپرسیووە ئەم شاعیرە بۆچی شەیدای پایز بووە؟ بۆچـی پێیوتـووە وەرزی شاعیریی؟ بۆچی حەزیکردووە هەر چوار وەرزی ساڵ ببێتە پایز؟ ئاخۆ پـایز تاکـە وەرزە لە نێو شیعری حەمـە عومـەردا؟ بێگومـان زیـاتر لـە هۆیـەك هەیـە بـۆ ئـەوەی کـە شـاعیر بەمجۆرە شەیدای پایز بووە. بـەڵام مـن لـەم خوێندنەوەیـەدا لـە هۆکارێـك دەکۆڵمـە، کـە لانیکەم بەلای خۆمەوە سەرەکیترین هۆکاری شەیدابوونی حەمە عومەرە بۆ پایز. ئـەویش پەیوەندی ئەم وەرزەیە بە کچێکی سەرابییەوە، کە لـە نێـو شـیعرەکانی حەمـە عومـەردا ونێکی ئامادەو ئامادەیەکی ونە. ئەو کچەی لە زۆربەی شیعرەکاندا هەیەو لە هیچیـشیاندا نییە. ئەو کچەی کە دەتوانی ببینیت، بەڵام ناتوانی بیگریت.

پێمباشە بەرلەوەی بەدوورو درێژی لە بارەی ئەو کچەوە بدوێم، بەکورتی وەڵامی ئـەو پرسیارەی سەرەوە بدەمەوە کە پرسیبوومان: ئاخۆ پایز تاکـە وەرزە لـە شـیعری حەمـە عومـەردا؟ لـە راسـتیدا پـایز تاکـە وەرزی دنیـای حەمـە عومـەر نییـەو ئـەو دنیایـە چـوار وەرزیشی تێدا نییە. لای حەمە عومەر دوو وەرز بوونی راستەقینەیان هەیە، کـە ئـەوانیش پایزو زستانن. تەنانەت ئامادەیی زستان لەشیعری حەمە عومەردا زۆر لـە ئامـادەیی پـایز کەمتر نییە، وەلێ کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە. ئەو خـۆی وتوویـەتی (بـەهار لـەعومری مـن بێبەرییـە) و خوێنـەریش ئەگـەر بـە وردی لـە شـیعرەکان بکۆڵێتـەوە هەسـتدەکات کـە هاوینیش لە دنیای ئەودا تا رادەیەکی زۆر، بێشوێنەوارە. ئەدی هۆکاری ئامادەیی زسـتان چییە؟ ئەویش دیسان پەیوەندی بەو کـچەوە هەیـە کـە پێـشتر ئامـاژەیـەکی خێرامـان بـۆ کردو ئێستا بە دوورودرێژی لەبارەیەوە دەدوێین: لە شیعرەکانی حەمـە عومـەردا کـچێکی سرك‌و ئەفسوونگەر هەیە، کە بێئەوەی قسەیەك بکات، زۆرجار دەردەکـەوێت‌و ونـدەبێت. وندەبێت‌و دەردەکەوێتەوە. پەیوەندی قووڵی حەمە عومەر بە پـایزو زسـتانەوە، لانیکـەم

لەم خوێندنەوەیەی مندا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پایز ئەم کچەی پێبەخشیووەو زستان لێیسەندۆتەوە. لە پایزدا ناسیوێتیو لە زستاندا لێی ونبووە.

با سەرنجێك لەم کۆپلەشیعرانە بدەین:

**پایز بوو باران نم نم ئەباری**
**نیگای چاوانی پایزییو مەستی**
**وەک چەم رژایە دەشتی گیانمەوە**
**دەستی خۆزگەمی خستە ناو دەستی**

***

**پایز بوو کاتێک بڵێسەی نیگای**
**گڕی بەردایە هەوری ساردی دڵ**
**پایزی نیگای هەڵوەریو رۆیی**
**خۆشەویستیمی نایە کۆشی گڵ**

بەڵێ وەك دەبینین لە پایزدا نیگای چاوانی ئەو کچە وەکو چەم رژاوەتە دەشتی گیانی شاعیرەوەو دەستی خۆزگەی ئەمی خستۆتە نێو دەستی خۆیەوە. لە پایزدا بڵێسەی نیگای ئەو کچە گڕی لە هەوری ساردی دڵی شاعیر بەرداوەو پایزی بۆ لێوانلێو کردووە لە بیرەوەرییو یادگاری خۆشو شیرین. ئەم بیرەوەرییو یادگارییانە لە دوو ئاستدا عەشقی ئەو کچەو عەشقی پایزیان لە روحی شاعیردا تێکەڵاوی یەکدی کردووە:

لە ئاستی یەکەمدا: شاعیر چاوی کچەکەو گەڵای پایزی لێبووە بەیەكو کاتێ هاوڕێکەی گڕی لەگەڵاکان بەرداوە، ئەم وایزانیووە چاوی کچەکەی سووتاندووە. هەر لەم ئاستەدا خۆزگەی خواستووە هەر چوار وەرزی ساڵ ببن بە پایزو هەردەم نیگای ئەوی پیشانبدەن.

**لەیلاکەم چاوی دوو گەڵای زەردە**
**وتم تۆ چیتکرد ئەی هاوڕێی ئازیز؟**
**ئەو کۆچی کردو تۆش چاویت سووتان**
**بۆ گڕ بەرئەدەی لەگەڵای پایز؟**

***

**بۆ چوار وەرزی ساڵ نابێتە پایز**

تا نیگای ئەوم هەردەم نیشاندا
ئەو نیگایەی لە سینگما ئەسووتیۆ
چەخماخە ئەدا لە ناخی گیاندا

لە ئاستی دووەمدا: پایز کچەکە بیری شاعیر ناخەتەوە، بەڵکو دەبێت بەکچەکەو ئیدی شاعیر لەبری کچەکە دڵداری لەگەڵ پایزدا دەکات. ئیدی لەبری ئەو، خەون بە پایزەوە دەبینێتو گۆرانی بۆ پایز دەڵێتو هەندێجار بە دیاریشیەوە دەگریو هەر واشدەزانێت ئەم کارانە لەگەڵ کچەکەدا دەکات. لێرەوە ئیدی پایز دەبێت بەهەموو شتێکی شاعیر. جارێك خۆی بە چۆلەکەو پایز بە نیشتیمانی ئەو چۆلەکەیە دەزانێتو جارێك هەستدەکات پایز برینێکی قووڵی نێو دڵیەتیو جارێك پایز بۆی دەبێت بە پەناگەو بە کەنیسەو بە خەڵوەتگاو جارێکی دی خۆی دەبێت بەژەنەراڵی پایزو دەبێت بە کۆرپەی پایزو دەبێت بە باوکی پایزو هتد...

منم ژەنەراڵی پایز
منی هەرگیز ئۆقرە نەدیو
ژەنەراڵم ژەنەراڵی هەزارەها داری رووتو
ملیارەها گەڵای وەریو
منم ژەنەراڵی پایز
کاسکێتەکەی سەرم هەورەو
ئەستێرەکانی سەر شانم چەند گەڵایەک بەرەنگی زیو
پاڵتۆی بەرم کزەبایەو
شمشێرەکەم لقی درەختێکی رزیو
منم ژەنەراڵی پایز
درەختی رووت ئەم نازناوەی خەڵات کردم
منیش نازناوی شەهیدم دا بەگەڵای هەڵوەریوو
کردمە تاکە ئازیزم
لەیەک ساتا خۆم کۆرپەی گەڵارێزانو
هەر خۆشم باوکی پایزم

***

پێشتر وتمان ئامادەیی زستانیش لە شیعرەکانی حەمە عومەردا، هەر پەیوەندی بەو کچە سەرابییەوە هەیە. جا بابزانین چۆن:

**ئاگری سینەش بوو بە خۆڵەمێش**
**دڵی وێرانەم ئێستا ساردوسڕ**
**لە زستانێکا چۆن بوو بە هەڵم**
**رۆژی لێوانلێو لە بڵێسەو گڕ**
***
**بەفر بۆ من بوو بەبەرگی پرسە**
**منی خستە ژێر باری جەورەوە**
**بەیادی ئازیز سەرە ڕێ ئەگرم**
**خۆم ئەخەمە ژێر باڵی هەورەوە**
***
**لەلام بووبوونە پۆلێ قەلەڕەش**
**گشت کڵۆ بەفری ئێوارە کۆچی**
**لە دنیایەکا پڕ لەچەتری رەش**
**من بەفر نەکەم بەچەتر بۆچی؟**
***
**بەفر تابووت بوو تابووتێک سپی**
**ئازیزم سەری تێدا نایەوە**
**بە ئێوارەیەک سەرم سپی بوو**
**بە ئاهم بەفر نەتوایەوە.**
***

لە شیعری (کۆست) دا، کە ئەمانە چەند کۆپلەیەك بوون لەو شیعرە، شاعیر بەچەند وێنەیەکی پەرتەوازە حیکایەتی جەرگبڕی خۆیو کچە سەرابییەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە زستاندا کۆچی کردووەو ئەوی جێهێشتووە. ئەگەر جێگۆڕکێیەك بە وێنەکان بکەینو بەجۆرێکی دیکە لەیەکیان بدەینەوە، حیکایەتەکەمان روونتر بۆ دەردەکەوێت. بەر لە

کۆچکردنی ئازیز شاعیر خاوەنی دڵێکی پڕ لە ئاگرو ڕۆژێکی لێوانلێو بووە لە بڵێسەو گڕ، کە لە زستانێکدا ئاگرەکەی بووە بەخۆڵەمێشو ڕۆژەکەشی بووە بەهەڵم.

بەر لەو کۆچە ئەم کاتێ نوقمی ناو موچڕکەو بەفریش بووە، خەیاڵ بەرەو گەرمەسێری بردووەو بەفرەکەی بۆ کردووە بەساباتو کەپر. بەر لەو کۆچە بەفر پشکۆ بووەو چڵە رووتەکانی ناو بەفرانباریش وەکو گوڵزار دەرکەوتوون. وەلێ لەدوای ئەو بەفرەوە کە لەسەر رێی کۆچی ئازیزدا باریووە، ئیدی کڵۆ بەفرەکان وەکو قەلەڕەشو بەرگی پرسە رەش دەبن. ئیدی بەفر دەبێت بە تابووتو سەری ئازیز لە خۆیدا دەشارێتەوە.

ئیدی بەیەك ئێوارە، بەفر سەری شاعیر سپی دەکات. کاتێك سەری ئازیز دەکەوێتە ناو تابووتی بەفرەوە، سەری شاعیر سپی دەبێتو رەنگی بەفرەکە رەشدەبێت. بەفر رەنگی سەری شاعیر دەدزێتو رەنگی خۆی بە سەری شاعیر دەبەخشێت. ئەم رەنگدزینو رەنبەخشینە یەکجارییەو ئیدی بەفر دەبێت بەبەشێکی دانەبڕاو لەو کارەساتەی کە بەسەر شاعیردا هاتووەو خۆی لەڕەنگی سەریدا دەردەخات. ئیدی سەری شاعیر بەفرو بەفریش سەری ئازیزی لە نێو تابووتدا، بیردەخاتەوە. بەمشێوەیە بەفر، کە هێمایەکی ئاشکرای زستانە، دەبێت بەبەشێك لەو تراژیدیایەی لە جیهانبینی ئەم شاعیرەدا هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە کە لەنێو زمانو وێنە شیعرییەکانی حەمە عومەردا پشکۆو ئاگرو خۆرو گەرمایی ئامادەییەکی گەورەیان هەیە.

***

## دەرکەوتنەکانی ئەو کچە سەرابییە

ئاخۆ شاعیر لەناو ئەزموونە شیعرییەکەیدا، بەجۆرێکی تەقلیدی، یان بەجۆرێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ ئەم کچەدا کردووە؟

بۆچی وتمان ئەم کچە لە زۆربەی شیعرەکاندا هەیەو لە هیچیشیاندا نییە؟ بۆچی وتمان ئەم کچە لەسەراب دەچێت؟ لە راستییدا دەرکەوتنەکانی ئەم کچە، فرەڕەنگو فرە رەهەندو فرە ئاستن، وەکو تارماییو تەنکەتەمو وەکو دەنگێکی دوور لە زۆربەی شیعرەکاندا هەیە، کەچی لە سەرتاپای دیوانەکەدا جگە لە شیعری (کۆست) یەك شیعری دیکە نابینی، بەو شێوە باوەی لە شیعری ئێمەدا هەیە، بۆ ئەو کچە نوسرابێتو ئەو تێیدا

تاکـە پاڵـەوانو تاکـە ئامـادەی هەمیـشەیی بێـت. ئەمـەش دیـسان یـەکێکی دی لـە جیاوازییـەکانی حەمـە عومـەرە لەگـەڵ شـاعیرانی دیکـەدا. کـچێك دەچـێتە نێـو ژیـانی شاعیرێکەوەو دەبێت بە قەدەرێکی خەمناكو تراژیدیی بۆ ئەو شـاعیرەو تـەواوی وجـودی ئەو شاعیرە بەڕەنگی خۆی ڕەنگ دەکاتو لە زۆرینەی شیعرەکانیدا –بە شـێوازو ئاسـتی جیاجیا– بوونی دەبێتو کەچی لە دیوانێکدا لەیەك شیعر زیاتر نابینی بەتـەواوی بـۆ ئـەو نووسرابێت، هـەر بۆیـە تائێـستا حەمـە عومـەرمان وەکـو شـاعیرێکی عاشـق نەناسـیووە، ئەمەش دەلالەت لە خاڵێکی زۆر گرنگ دەکـات کـە ئـەویش مەسـەلەی ناراسـتەوخۆییە لـە زمانی شیعرو جیهانبینی ئەم شاعیرەدا.

***

ئێـستا بـا بۆنمونـە سـەرنج لـە دەرکەوتنـەکانی ئـەو کـچە سـەرابییە لـە هەنـدێك لـە شیعرەکاندا، بدەین:

ئـەم کـچە لـە زۆربـەی شـیعرەکاندا هەیـەو دەردەکـەوێتو دیارنامێنێـت. لـە شـیعری (کۆست) دا وەك ئاماژەمان بۆکرد، زۆرترین دەرکەوتنی هەیە.

لە شیعری (هانا)دا، پەیدا دەبێتو شـاعیر منـداڵ دەکاتـەوەو خـۆری بـۆ دەکـات بـە پرتەقاڵێكو لە خەمی شەوانی تارو ڕەش ڕزگاری دەکات. لـە شـیعری (خۆکوشـتن)دا، لـە شـێوەی ڕوخـسارێکی کـاڵی وەکـو تەمـدا دێـتو دەسـتی شـاعیر لـە خۆکوشـتن سـارد دەکاتەوەو مردنی خۆی بیر دەباتەوە.

لە شیعری (لەغوربەتا)دا، لەناو یـادەوەری شـاعیردایەو چـەندجارێك وەکـو دەنگێکـی دوور دەردەکەوێتو وندەبێت:

**لە پاسارێکا چۆڕاوگەی باران**

**موچڕکەو تەزوو دێنێ بە لەشما**

**ئەو ڕۆژانەم بیر ئەکەوێتەوە**

**نیگای پشکۆ بوو لە خوێنی گەشما**

***

**ساتێ ئەچمە ژێر چەتری باران**

**سیمای (دێرینی)م دێتەوە بەرچاو**

**ساتێ هەورەکان ئەڕەوێنەوە**

**ئەویش ون ئەبێ وەک تنۆکێ ئاو**

لە شیعری (با)دا، دیسان ئەم کچە لە نێو یادەوەریی شاعیر دایەو لەڕێگەی گفتوگۆیەکی شاعیر لەگەڵ —با—دا دەردەکەوێت:

**پێی ئەڵێم وەرە من تۆم خۆش ئەوێ**

**بیرتە هاوینی پار ئێوارەیەک بەچڵەداریّ**

**کە لەسەر خۆڵی ڕێگەکە نووسیم**

**گەر نازدار بمرێ کۆستم ئەکەوێ**

**کە تۆش هاتیتو زوو سڕیتەوە**

**ئای من منالێ بووم !**

**وامزانی ئەچی لەسەر پەنجەرەی**

**ژوورەکەی نازدار ئەینوسیتەوە.**

ئەم کچە، لەهەندێ لە شیعرەکاندا وەك ئەوەی دۆناودۆنی کردبێت، بەجۆری دیو لە شێوەو بەرگی خەڵکی دیکەدا دەردەکەوێت. بۆ نمونە، لە شیعری (هەواری چۆڵ)دا، لە شێوەو بەرگی کچێکی قەرەجدا دەردەکەوێتو شاعیر دەخاتە سەر هەوای ژیانێکی قەرەجییانە:

**باڵا بەرزێکی ئەسمەری قەرەج**

**تاکە فریشتەو شۆخی دەوار بوو**

**بۆ سەرخەوێکی ناو گڕی مەمکی**

**سەری پڕ زوقمم پڕ لە هاوار بوو**

***

**چەن سەوداسەر بووم..قەت جێمنەهێڵن**

**کچە قەرەجێ بێ بە هاوسەرم**

**گوێدرێژێکو سەگێکم بەنێ**

**بەرگی قەرەجێ بکەمە بەرم.**

تەنانەت دەتوانین حیکایەتی خانمی سوورپۆشیش بەجۆرێکی دیکەی حیکایەتی ئەو کچە بزانین.

خۆی لەراستیدا، خانمی سوورپۆش بەسەرهاتی راستەقینەی ژنێکە کە لەیەکێك لە شەقامەکانی تاراندا، کاتێ بەتەمای دیداری خۆشەویستەکەی دەبێت، بەرلەوەی بەیەکبگەن ماشێنێك خۆشەویستەکەی دەکات بەژێرەوەو دەیکوژێت. کەچی خانمی سوورپۆش ناتوانێت بڕوا بەدڵی خۆی بێنێتو ئەوە بسەلمێنێت خۆشەویستەکەی خرابێتە ناو دووتوێی گۆڕەوە.

هەر بۆیە هەموو ئێوارانێك بە جلی سوورو چەپکە گوڵەوە، لەهەمان جێگادا چاوەڕوانی خۆشەویستەکەی دەکات. ئەمە هەقیقەتی بەسەرهاتەکەیە، وەلێ دەتوانین وایبخوێنینەوە کە ئەو خانمە سوورپۆشە دەرکەوتنێکی دیکەی کچە سەرابییەکەیەو شاعیر ویستوویەتی لە رێگای ئەم حیکایەتەوەو بەشێوەیەکی زۆر ناراستەوخۆو زۆر ستاتیکیانە پێمانبڵێت: ئەوەی لە عەشقە ناکامەکەی منو ئەو کچە چاوپایزییەدا مرد، ئەو نەبوو، من بووم. دەیەوێت پێمانبڵێت: منو دڵدارەکەی خانمی سوورپۆش یەك چارەنووسمان هەبوو، دڵدارەکەی منو خانمی سوورپۆشیش یەك چارەنووسیان هەبوو، نەك هەر ئەوە خانمی سوورپۆش خودی دڵدارە چاوپایزییەکەی منو ئەو پیاوەش کە ئەو چاوەڕوانی دەکردو ماشێن کووشتی، من بووم !

دەتوانین لێرەدا وتەکەی فیکتۆر هۆگۆ کە دەڵێت: من کاتێ باسی خۆم دەکەم، ئەوە باسی ئێوە دەکەم، پێچەوانە بکەینەوەو ئاوایلێبکەین: من کاتێ باسی ئێوە دەکەم، ئەوە باسی خۆم دەکەم.

***

## ئەو کچە سەرابییە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا

دەشێت ئەم کچە سەرابییە کچێکی راستەقینەبێتو لە ژیانی حەمە عومەردا بوونی هەبووبێت.

ئەوەش دەشێت کە لە ژیانی واقیعدا نەبووبێت، بەڵام تینوێتییو خەونی یەکگرتنەوەی مرۆڤە دووکەرتکراوەکان، ئەم کچەی لەخەیاڵ داتاشیبێتو قەدەری حەمە عومەری بەو ئاراستەیەدا بردبێت کە لە شیعرەکانیدا دەیبینین. ((بەپێی ئەفلاتون

لەسەرەتای درووستبووندا، ژنو پیاو وەك ئێستا نەبوون، تەنها یەك وجودیان هەبووە، شتێکی کورت، لەشێکو ملی هەبووە، بەڵام سەری دوو دەموچاوی پێوە بووەو سەیری دوو ئاراستەی جیاوازی کردووە، وەك ئەوەی دوو بوونەوەر پشتیان بەیەکەوە لکابێت، بەدوو ئۆرگانی سێکسیو چوار قاچو چوار دەستەوە. بەو شێوەیە خواکانی یۆنان حەسوودیان دەبرد، چونکە بوونەوەرێك کە چوار دەستی هەبێت دەتوانێ کاری زیاتر بکات، بەدوو دەموچاویشەوە هەمیشە بەئاگادەبێتو غافلگیرناکرێت، چوار قاچەکەشی مانای ئەوەیە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ رێدەکات بەبێئەوەی ماندووبێت. لەهەمووشی ترسناکتر ئەوەبوو کە بوونەوەرەکە دوو ئۆرگانی سێکسیی تێدابوو، پێویستی بە کەسی دیکە نەبوو بۆ وەچەخستنەوە. زێوس خوای مەزنی ئۆلمپیش وتی: من پلانێکم هەیە کە ئەو بوونەوەرە هەندێك لە تواناکانی لەدەستبدات، پاشان بە شێوەیەکی ستوونی بوونەوەرەکەی کرد بەدوو لەتەوەو بەوشێوەیە ژنو پیاو درووستبوو)).[٣٢] ئیدی لەو کاتەوە ژنو پیاوەکان ((بەدوای نیووە ونبووەکەیاندا دەگەڕێن تاکو لەباوەشی بگرن، بەو لەباوەشگرتنەش وزەو تواناکەی پێشوویان بەدەستبێننەوە)).[٣٣] ئەم خەونی یەکگرتنەوەیە هەم لەناو واقیعو هەم لە ناو خەیاڵیشدایە. گرنگیی خەیاڵ لە ژیانی مرۆڤدا، زۆر لەگرنگی واقیع کەمترنییە. خەیاڵ لەراستیدا، واقیعێکی دیکەیە، کە ژیان تەکمیلە دەکات. ئێستاش ملیۆنان مرۆڤ رەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر ژنو پیاوێك، کە بەر لەوەی بەرهەمی واقیع بن، بەرهەمی خەیاڵن. تەنانەت بەرلەوەی بەرهەمی ئایینەکان بن بەرهەمی ئەفسانەکانن.

((ئەفسانەش یەکێك لە سیما جیهانییەکانی رەگەزی مرۆییە، کە مرۆڤە سەرەتاییەکان، وەکو هەموو مرۆڤەکانی دی لەدرێژایی مێژوودا، ئەفسانەیان وەکو پێویستییەك بۆ پاراستنی شێوە ژیانی گروپەکان تەماشاکردووە)).[٣٤] خەیاڵ بۆ ئەو کەسانەی خەریکی بەرهەمهێنانی دەقی داهێنانگەران، چەند بەرانبەری خەڵکانی دیکە گرنگیی هەیە. ئەوان دەتوانن کۆژیتۆکەی دیکارت کە دەڵێت: ((من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم))،[٣٥] بەمشێوەیە دابرێژنەوە: (من خەیاڵدەکەم، کەواتە من هەم). ئەوان بۆئەوەی دەسبەرداری خەیاڵ نەبن، نەك لە کۆمارەکەی ئەفلاتون (کە خودی کۆمارەکە خۆی، کۆمارێکی خەیاڵیی بوو)، دەبێت ئامادەبن لە هەموو کۆمارەکانی دنیا بکرێنەدەرەوە.

ئەوان بەوەی لەکۆمارەکەی ئەفلاتون دەرکرانەدەرەوە نەمردن، بەلام بەوەی خەیاڵیان لێوەربگیرێتەوە، دەمرن. لێرەوەیە کە بوونی ئەو کچە سەرابیەی نێو شیعرەکانی حەمە عومەر، ئەگەر تەنها کچی نێو خەیاڵدانی حەمە عومەریش بێتو بوونێکی راستەقینەی لە نێو ژیاندا نەبێت، هیچ لە رۆڵو کاریگەریەکانی ئەو لە نێو شیعرەکانو تەنانەت لە ژیانی حەمە عومەریشدا، کەمناکاتەوە. چونکە ئەوەی لە ژیانی مرۆڤدا فەرمانڕەوایەتی دەکات، چەند واقیعە، ئەوەندەش خەیاڵە.

***

**ئەنجام:**

ئێمە لە سەرەتای قسەکانماندا وتمان هەوڵی خوێندنەوەیەکی دیکەی ئەزمونی شیعریی حەمە عومەر دەدەینو خەونی گەورەمان لەم هەوڵەدا نزیکبوونەوەمانە لە جیاوازییەکانی ئەو ئەزمونە شیعرییە.

پێمانوایە ئێستا دەتوانین ئەنجامی هەوڵەکەمان بەمشێوەیە چڕبکەینەوە:

حەمە عومەر یەکێك لەو شاعیرە کەمو دەگمەنانەی ئێمەیە، کە توانیویەتی دنیایەکی جیاوازو تایبەت بەخۆی، دروستبکات.

دیارترین جیاوازیی ئەم شاعیرە لەوێوە دەستیپێکردووە، کە هیچ ئاپۆرەو گردبوونەوەیەك نەیتوانیووە بیخەڵەتێنێتو لەدنیا تایبەتەکەی ناخی خۆی دووری بخاتەوە.

لەکاتێکدا کەزۆربەی شاعیرانی ئێمە بەشۆڕشو شیعری بەرەنگارییەوە سەرقاڵبوون، ئەو بەتاقی تەنیا سەرقاڵی شۆڕشێکی پایزیی بوو.

راستە دنیای حەمە عومەر لەگەڵ دنیای واقیعو لەگەڵ دنیای هەندێك شاعیری دیکەشدا دەچنەوە سەریەك، بەلام جیاوازیشن.

لەگەڵ دنیای واقیعدا لەوەی کە هەردووکیان بە دوو دۆزی گەورەی وەکو مردنو جوانییەوە سەرقاڵن، دەچنەوە سەریەك. وەلێ لەوەی کە لەدنیادا جوانییەکان لەکۆشی مردندانو لای حەمە عومەر مردن لەکۆشی جوانییدایە، جیاوازن.

لەگەڵ شاعیرێکی وەکو مەحویدا، لەوەی هەردووکیان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی شیعرییەتن لە تراژیدیا، دەچنەوە سەریەك. بەلام لەوەدا کە هۆکارێکی گەورەی تراژیدیا

لای مەحوی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مرۆڤەکان خوایان لەبیر کردووەو ناویشیان لەناوا نەهێشتووەو لای حەمە عومەریش هۆکارێکی گەورەی تراژیدیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوا مرۆڤەکانی لەبیرکردووەو نابێت بەدەنگو نابێت بەڕەنگ، جیاوازن.

لەگەڵ شاعیرێکی وەکو گۆراندا لەوەی هەردووکیان رەهەندی نەبینراویان لە پایزدا ئاشکرا کردووە، دەچنەوە سەریەك. وەلێ لەوەدا کەلای گۆران پایز شتێکە لەدەرەوەی شاعیرو لای حەمە عومەر شتێکە لەناو خودی شاعیردا، جیاوازن.

لەگەڵ شاعیرێکی وەکو خەیامدا، لەوەی هەردووکیان لە هەمووشتەکاندا مردنیان بینیووە، دەچنەوە سەریەك. بەڵام لەوەدا کە مردن لای خەیام دەگۆڕێت بۆ هێزێك گەرمتر بەرەو باوەشی ژیانی دەباتەوەو لای حەمە عومەر مردن بەرەو مردنو خۆکوشتن دەڕوات، جیاوازن.

لەڕووی فۆرمیشەوە راستە شیعری حەمە عومەر فۆرمێکی تەقلیدی هەیەو بەشێکی زۆر لەو شیعرانە لەسەر شێوەی چوارین هۆنراونەتەوە، کە یەکێك لە شێوە زۆر کۆنەکانی شیعرنوسینە، بەڵام توانیویەتی لەناو ئەو چوارچێوە تەقلیدییەشدا، تا رادەیەك جیاوازیی درووستبکات.

بۆ نمونە، لەڕووی کێشەوە لەزۆربەی شیعرەکاندا، وەکو رەنگدانەوەی حاڵەتی روحیی خۆی، هەردوو کێشی چوار برگەییو پێنج برگەیی پێکەوە بەکارهێناوە، کە هیچ شاعیرێکی دیکەی ئێمە ئەم کارەی بەم شێوەیە نەکردووە.

لەڕووی سەرواشەوە دوو تایبەتمەندی ئاشکرا لە شیعری حەمە عومەردا هەن، کە یەکەمیان دروستکردنی سەروایەو دووەمیان تێرکردنی ئەو سەروایانەیە کە خۆیان بوونیان هەیە. لای حەمە عومەر دەیان سەروا دەبینین کە خۆیان لەڕاستیدا سەروا نین‌و ئەو خۆی لەکاتی بەکارهێنانیاندا، بەهۆی هەندێ پاشگرەوە کردوونی بەسەروا، بەمەش توانیویەتی رێگایەکی باش بۆ رزگاربوون لە سەروا سواوەکان، بدۆزێتەوە.

دەیان سەرواش لە شیعری حەمە عومەردا هەن، کەخۆیان سەروان، وەلێ ئەو دیسان بەهۆی هەندێ پاشگرەوە، گۆڕانی بەسەردا هێناون‌و دەنگە لێکچووەکانیانی زۆرتر کردووە.

لەڕووی زمانیشەوە، زمانی حەمە عومەر جگە لەوەی زمانێکی زۆر شیعرییە، زۆریش تایبەتە. شیعرێتییەکەی پەیوەندی بە باڵادەستی میتافۆرەوە هەیە، کە مومکین نییە بەبێ هەبوونی میتافۆر قسە لەزمانی شیعریی بکرێت.

تایبەتیەکەشی پەیوەندی بەجۆری میتافۆرەکانەوە هەیە، کە زۆرینەیان لە هەردوو وەرزی پایزو زستانەوە هەڵێنجراون. ئەم دوو وەرزەش لەژیانو لەشیعری حەمە عومەردا هەڵگری دوو ڕووداوی زۆر چارەنووسسازو گرنگن. کەڕووداوی یەکەمیان ناسینی کچێکی سەرابیو ئەفسونگەرەو لەپایزدا ڕوویداوە، دووەمیشیان کۆچکردنی ئەو کچە سەرابییەیەو لەزستاندا ڕوویداوە.

هەبوونی ئەم ڕەهەندە روحییە لەناو ئەو دوو وەرزەداو هەڵێنجانی میتافۆرەکان لەو دوو وەرزەوە، وایانکردووە زمانی حەمە عومەر زمانێکی تایبەتیو جیاواز بێتو لەدرووستکردنی دنیا تایبەتو جیاوازەکەی نێو شیعری ئەودا، ڕۆڵی گەورەی هەبێت.

یەکێکی دی لەجیاوازییەکانی شیعری حەمە عومەر ناڕاستەوخۆییە لە زمانو لەدەربڕیندا. ئەم پیاوە یەکێك لەشاعیرە عاشقەکانی ئێمەیەو کچێکی سەرابیی لەناو جیهانبینی ئەودا بەردەوام لەکاردایە.

کەچی بەهۆی ئەو ناڕاستەوخۆییەوە، کەهەر جارەی بەجۆرێك ئەو کچەمان پیشاندەدات، تا ئێستا ئەم شاعیرەمان وەکو شاعیرێکی عاشق نەناسیووە.

زۆربەی هەرە زۆرمان وەکو شاعیری پایز دەیناسینو ئاگامان لەوە نییە کە لەزۆر ئاستدا، پایز جگە لە خودی ئەو کچە سەرابییە، شتێکی دیکە نییە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

* لە وتەیەکی ئەدۆنیسەوە وەرگیراوە، کەدەربارەی نوێگەریی وتویەتی: (( -با- یەکە هەوڵدەدات بنوێتو ناتوانێت)). سایتی ایلاف ٢٠٠٦/٣/٢.

** ئەبو بەکر خۆشناو. لەبارەی کتێبی (سینۆهە پزیشکی تایبەتی فیرعەون) و وەرگێڕی دەقە فارسیەکەی. ڕۆژنامەی ئاسۆ. ژمارە (١٩٥) ٢٠٠٦/٢/٢٣

*** سەرجەم شیعرەکانی حەمە عومەر لە دیوانی (لەغوربەتا) وە، وەرگیراون..چاپی دووەم (سلێمانی: ٢٠٠٢).

١- د. خليل الموسى. النص الشعري ومستويات القراءة. مجلة (المعرفة) السورية. العدد (٤٢٨) سنة ١٩٩٩. ص٧٢.

٢- ڕۆلان بارت. ڕەخنەو حەقیقەت. وەرگێڕانی پێشڕەو حسێن. (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ٢٠٠٧). ل٤٦

٣- ڕێبوار سیوەیلی. کتێبی نالی. (هەولێر: دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی ٢٠٠١) ل١٥

٤- دیوانی نالی. لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریسو فاتیح عەبدولکەریم. چاپی دووەم. (ارومیە: انتشارات صلاح الدين الايوبى ١٣٦٤) ل ١٠٨-١٠٩

٥- ادونيس. الصوفية والسوريالية. (بيروت: دار الساقي ١٩٩٢) ص٢٤٧.

٦- عدنان الصائغ. اللغة والديمقراطية بين المجمع و الحياة. جريدة (الزمان) العدد ١٢٩٣.

٧- هەمان سەرچاوە.

٨- ادونيس. الصوفية والسوريالية. ل٧٢.

٩- محمد النبهان. دعوة للاختلاف دعوة للحب. جريدة القبس.العدد(١٢٢٧٧ ) ٢٠٠٧/٨/٥

١٠- بەڕۆژ ئاکرەیی. نامەیەکی کراوە بۆ دڵسۆز حەمەو چەند کەسێکی ترو خۆم. ڕۆژنامەی (پەیام) ژمارە ١٦ ساڵی ١٩٩٩.

١١- ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا. ئامادەکردنی بێستون (لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کوردستان: ١٩٨٥) ل ٨٨.

١٢- هەمان سەرچاوە. ل١٣٢.

١٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕۆژ ئاکرەیی. هەڤپەیڤینی میکائیل ئیبراهیم. گۆڤاری (رامان) ژمارە (٣٠) ١٩٩٨ ل١٠٣.

١٤-ناونیشانی هەندێك لە شیعرەکانی حەمە عومەرن، تەنها (لەغوربەتا)م کردووە بە (غوربەت).

١٥- بڕوانە: لەغوربەتا. محەمەد عومەر عوسمان. ل١٣٥-١٤٠.

١٦- هەمان سەرچاوە. ل١٤٠.

١٧- مەریوان وریا قانیع. نەوەیەك بێ یۆتۆپیا. سایتی (ئاوێنە) ٢٠٠٧/٨/٩.

١٨- ساڵەح سوزەنی. ئەدەبی پۆست مۆدێرن: سەرهەڵدانێکی تر. گۆڤاری گەلاوێژی نوێ. ژمارە (٤١) ئەیلولی ٢٠٠٦ ل٧.

١٩- شەمس لەنگەرودی. پەنجاوسێ ستراني عاشقانە. وەرگێڕانی: مەریوان هەڵەبجەیی. (لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە:سلێمانی ١٩٩٧) ل٨.

٢٠- هەندرێن. گرفتی سۆزە خەمبارەکانی سپینۆزاو روحە بوغزاویەکانی نیچە. گۆڤاری (هەنار) ژمارە (٢٠) ل١٢.

٢١- كازانزاكي. الطريق الى غريكو. ترجمة: ممدوح عدوان. الطبعة الاولى (دار ابن رشد: ١٩٨٠) ص٢٥.

٢٢- چوارینەکانی خەیام. وەرگێڕاوەی: مامۆستا هەژار. چاپ سوم (انتشارات صداو سيماى جمهورى اسلامى ايران: ١٣٨٣) ل١٠٦

٢٣- ادونيس. الثابت والمتحول: الكتاب الثانى- تاصيل الاصول. الطبعة الثانية (بيروت: دار العودة ١٩٧٩) ص١٠٨.

٢٤- عبدالكبير الخطيبي. صيف فى ستوكهولم. ترجمة: فريد الزاهى. مراجعة: محمد بنيس. (مغرب: دار توبقال، بدون سنة النشر) ص٤٨.

٢٥- محەمەد کوردۆ. گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازییدا. (چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی: ٢٠٠٦) ل٩٨.

٢٦-شێرکۆ بێکەس. رەنگدان. چاپی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی چاپەمەنیو راگەیاندنی خاك ٢٠٠١) ل١٤

٢٧- شێرکۆ بێکەس. دەربەندی پەپوولە. چاپی دووە. (سلێمانی: ١٩٩٨) ل٢٠٨

٢٨- ادونيس. الثابت والمتحول: بحث فى الاتباع والابداع عند العرب، ٣- صدمة الحداثة. الطبعة الثانية (بيروت: ١٩٧٩) ص ٢٩٣.

٢٩- ادونيس. الصوفيه والسورياليه.ص١٥١.

٣٠- هەمان سەرچاوە. ل١٣١.

٣١- هەمان سەرچاوە. ل١٤٦.

٣٢- پاولۆ کۆیلۆ. یانزە خولەك. وەرگێڕانی: ئەیوب نوری. (خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی قانیع: سلێمانی ٢٠٠٤) ل١٦٦.

٣٣- هەمان سەرچاوە. ل١٦٧.

٣٤- موسوعة تاريخ الاديان. تحرير: فراس السواح. الكتاب الاول. الطبعة الاولى (دمشق: دار علاء الدين ٢٠٠٣) ص١٩.

٣٥- ادونيس. الصوفية والسوريالية. ص ٢٣٩.

**بەشی سێیەم و کۆتایی**

# محەمەدی دڵشووشەو عەشقی ئیفلاتوونیی

مەجید عەزیز

٦

کەئـەم رۆمانـە دەخوێنمـەوە، لـەدەرەوەی ئاماژەکردنمدایـە بـۆ(نووسـەر)، بـەڵام لەهەمانکاتیـشدا، رەنگـە بڵـێم، خـوودی نووسـەر بـەناو هـەموو رۆمانەکـەدا دەڕوات و کاریگەرییەکانی خۆی بەجێدەهێڵێت، تەنانەت بەناو تەواوی هێڵەکاندا پەرشـوبڵاوبۆتەوە. یەکێك هەست بـەدەربڕینی لەمـشێوەیەی خـوارەوەدا دەکـات بۆنموونـە، خوێنـەر خـەیاڵ لەنووسـەر دەکاتـەوە، دەڵێـت"چ شـتێکی سـەیرە پیـاوێکی وەك مـن لەگۆڕەکـەی هەڵدەستێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە تەواوکەری ئەو نهێنیانەی کۆمەڵێك گەنج نایدۆزنەوە"(ل، ١٥٨/١٥٩) بەمانایـەکی تـریش، ئەگـەر خوێندنەوەیـەکی پلورالانـە بەرهـەمبێت لەدیدیگایەکـەوە، یـان جیهـانی کتێبێکـەوە، دیـارە نووسـەری ئـەو کتێبـە لەدیـدگا پلوراڵەکەیەوە دەڕوانێتە قـەیرانی شـوناس، نووسـین قـەتیس ناکـات، بـەڵکو جڵـەوی بـۆ بەردەدات، شوناس و کاریزماو ناسینەوەش هـەر ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت. بـەو شـێوەیەی خوێندنـەوە سـنووری شـتە تایبەتییـەکان تێبپـەڕێنێت. رۆمـانی بـاش و سـەرکەوتوو، رۆمانێکـە وا لەخوێنـەر بکـات نـەك هـەر کاریگـەری هـەبێت لەسـەری لـەدیدگا هونـەری و ئیـستاتیکییەکەوە، بـەڵکو وایلێکبـات وابزانێـت لـەناو خـودی رۆمانەکەدایـە بەمانایـەك لەماناکان، هاوکاتیش دیدێکی رەخنەگرانەی لەلای بەرهەمبهێنێت. ئەمە وەرگرتنی چێژە ئیستاتیکییەکەیە لەڕێگای خوێندنەوەکەوەو دوایی دەوڵەمەندکردنی بیرکردنەوە. خوێنـەر بکاتە شاهیدی حاڵی نـاو رووداوەکـان و چیرۆکەکانی، بیکاتـە بەشـێك لەسـیحری خـودی بەرهەمەکە، وەکو ئەوەی شاهیدی مێژوویی بێت، بەڵام لەهەستە هەنووکەکەیدا بۆ مانـای مێژوو.

ئـەم رۆمانـەش ئـەو هەسـتەی تیادایـە بەڕاسـتی، چـونکە کاریگـەری لـەدوای خـۆی بەجێدەهێڵێت و شوێنێك بۆ بیرکردنەوە تەرخاندەکات. یان وردتر ئاماژە لەمە بکەم، هـەر چرکەیەك تووشی دەهشەو سەرسووڕمان و تێڕامان دەبین، ئەوە خوودی نووسـەرە بـەڵام لـەناو زمانـدا رووبـەڕوومان دەبێتـەوە. کـە بەزمانـە زۆر سـیحراوییەکەی لـەدەرگای هەستەکانمان دەدات بەبێ سەنترالیزمێکی ئایدیۆلۆجیانەوە. خوێندنەوە وشیارکردنەوەی خوودە لەم هەستەدا، بەڵام لەدەرەوەی سەپاندن و رۆحە ئایدیۆلۆجیەکەیدا.

ئاگادارمان دەکاتەوە بۆ چوونە ناو ئەو جیهانەوە لەبەرهەمهێنانەوەو بیرکردنـەوەوە، بۆنموونە، دەڵێت"گەر بـەردەوام شـتێك لـەم گەردوونـە مەزنـە نـەبینیت، پارچـەیەك لـەم جیهانـە بێمـەوداو بەرینـە نـەبینیت، شـتێك ناتوروژێنێـت. دۆزەخ ئەوەیـە شـتێك خـەیاڵت بریندار نەکات"(ل، ١٧٩)

ئەگەر پەیوەندی نووسین بەخوێنەرەوە، پەیوەندییـەکی زۆر بـەهێزبێت، ئـەوا هـەموو کتێبێـك پەیوەنـدی خـۆی لەگـەڵ کتێبـەکانی تـردا هەیـە بـەجۆرێك لـەجۆرەکان، چـونکە خوێندنەوەیەکی بەردەوام هەیە. بەم لۆجیکە ئاسـاییە ئەدەبیـە بێـت، دواهـەمین هـەناری دونیا، پەیوەستی خۆی بەستوە لەگەڵ جیهانی خوێندنەوەیەکدا، راستە کە رۆمانە، بەڵام هەر بەهەمانشێوە کاریگەری و پرۆژەی خەیاڵدانی، فراوانی ئیشکردن و خۆدۆزینەوەیـەتی لەناو دەقەکانی تردا.

بۆ نموونە، وەکو (دیوانی لەغوربەتای) محەمەد عومەر عوسمـانیش، یـان هـیچ نـەبێت ئێمە وایدەخوێنینەوە، کە پەیوەندی و جۆرە کاریگەرییـەکی هەیـە لەسـەری، پەیوەنـدی تیادا دەدۆزرێتەوەو هەست پێدەکرێت. یان پلورالیزمی خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، بۆ خۆی دەیەوێت ئاسۆی بیرکردنەوەمان هێندە فراوانتر بکات، کە لەڕێگای ئەمەوە بـەدوای شـتی زیاتریشدا بگـەڕێین. هـەر لـەم سـاتەدا، دیوانەکـەی محەمـەد عومـەر عوسمـان لـەدەرگای بابەتەکەمان دەدات و داوامانلێدەکات بـانگی بکەینـە نـاو ئـەم گفتوگۆیـەوە. بـانگکردنی دیوانەکــەی محەمــەد عومــەر عوسمــان، بەتایبــەتی لەباســی کاراکتــەری محەمــەدی دڵشووشەدا، شتێکی ئایرۆنیشە، کە ناوی(محەمـەد) هاوبەشـییەکیان هەیـە لـەناودا(ئەمـە تـەنیا سـەرنجێکەو هیـچی تـر). محەمـەد عومـەر عوسمـان، وەکـو شـاعیرێکی گـەورەی مەحوییزمی کوردی، لەهەستە جیاوازەکەیدا بۆ مەحوی، بەدیوانە زۆر دیارەکەی، شیعری

خۆی تۆمارکردووە لەناو نووسیندا، تاقە دیوانێك، بەڵام تاوەکو ئێستاکە زۆر زۆر تایبەت و دانسقە.

بۆ نموونە، محەمەد عومەر لەشیعری لەغوربەتا دەڵێت:

**" بۆ دڵ شمشاڵەو ناڵین ئەییژەنی؟**

**بۆ ئەو ناپرسێ لەئاهو خورپەی؟**

**لەدارستانی سەوزی بیستنما..**

**بۆ خامۆش بووە چۆلەکەی خورپەی؟ "**(٨)

من پێموایە، کاراکتەرەکەی بەختیار عەلی، لەناو کۆی کایەی شیعری لەغوربەتا ئامادەیە. چیدی ئەگەر ئەمە لەهەستە زۆر شیعری و ئەدەبییەکەی تەماشابکەین و وەریبگرین، لەبەردەم چێژی دەوڵەمەندکردنی جیهانبینییەکانمان بێت لەبۆ کاراکتەرەکە بەڕاستی. ئەگەر محەمەدی دڵشووشە، کاراکتەرێکی ئیفلاتوونی بێت و دوایش دژە ئیفلاتوونی بێت، ئەوا قاچێکی ئەم کاراکتەرە لەسەر زەمینە مەحوییەکەوەیەو قاچەکەی تریشی لەسەر زەمینی جیهانی لەغوربەتاکەی محەمەد عومەر عوسماندایە بەمانایەك لەماناکان. ئەم دەربڕینە بەهەموو هەستە کوردییەکەی بۆ بەرهەمهێنانە ئەدەبییەکەیەتی لەناو فەزایەکی کوردیدا بۆ دەوڵەمەندکردنی جیهانی ئەدەبە لەدیدگا بەراوردکارییەکەیەوە، چونکە دیدگایەکی دووفاقی زۆر گرنگ هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم کاراکتەرە، ئەویش سەرەتاکانی ئیفلاتوونیزمەو دوایش تێکوپێکدانی ئەو فەلسەفەیە، ئەگەر وایبخوێنینەوە، بەڵام هەر غوربەتێك بەبێدەست لێدراوی وەکو خۆی نامێنێتەوە. غوربەت پێویستی بەتەئویل و هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیە، تەنانەت غوربەت—بوونیش لەناو گەردوونیدا، فۆڕمێکە لەتەئویلکردنەوەی هونەری، کە مرۆڤ هەیەتی لەبۆ شتەکان. غوربەتێك بەهەموو شێوەیەك تەڕبووە بەنمەبارانی فەزایەکی ئێکسێسنتێنشاڵ/بوونگەرایی لەناو جیهاندا. مەرگی دڵشووشە، کۆتاییهێنانە بەو عەشقکردنەی دەیکات بەشێوە زۆر تراژیدیاکەی، چونکە خەلەلەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ دونیایەك کەتیایدا دەژی و تیادا دەمرێت: شۆپنهاوەریزم، وەکو فەلسەفەیەك رازی نییە بەم جیهانە، ئەمجۆرە تێفکرینە لێرەدا، گەمەیەکی قووڵدەکات. هەروەها ئاماژەییش بەغەریزەی ئیرۆس و خاپوورکردنیش دەکات، لەڕێگای نەخواستنی نائیرادەیی خوودی

ژیان. دڵشووشە ڕۆحانیەتی شیعری" لەغوربەتای"محەمەد عومەری پێوە دیارە، بەڵام نەك بەو شێوەیەی بڵێین کە هەمان شتن و دووبارە بکرێنەوە. بێگوومان نا، بەڵکو چێژی ناسینەوەو لێکنزیکییان هەیە پێکەوە، بەڵام بەهەستێکی جیاواز. یان هەمان زمانی بەکارهێنان بەرجەستەیان دەکاتەوە، بەڵام دووبارە بەهەستێکی جیاواز، بەڵکو بەهەستە ڕۆمانتیکییە زۆر پەسیمیستی و ئیفلاتوونییەکەی، دەتوانم بڵێم زۆرلێکچوویشن لەلایەکەوە. ئەوەی لەلای دڵشووشە تەواوی بوون دەبێتە "دڵ"، ئەم دڵەش هەمان ئەو دڵەیە، کە لەلای محەمەد عومەر عوسمان"شمشاڵی ناڵێین ئەیژەنێت" بۆ نموونە. لەلای دڵشووشە پرسینەوەی فۆرمی خۆشەویستی و عەشق، دەبێتە تراژیدیای وەڵامنەدانەوەی جیهانی لاولاوی سپی : ئیهمالکردنی لەلایەن کچەکەوە. بەهەمانشێوە لەلای محەمەد عومەر عوسمان"ئەو" ناپرسێتەوە لە" ئاهو خورپەی"، دەبێتە جۆرێك لەخۆکوژیی و هەروەها خۆ پەراوێزکردنیش.

ئەوەی لێرەدا هاوبەشە، هەستە ئیفلاتوونییەکەیە لەناوەوەدا(ئیسێنسدا)، بەڵام ئەنجامگیری هەردووك بەرهەمی ئەدەبی یەك ئەنجامگیرییان نییە لەچێژو ئیستاتیکادا، بێجگە لەوەی کە دەزانین لەبەردەم شیعرو ڕۆماندا وەستاوین، بەڵام زمانێکی نزیك هەستە ئەدەبییەکەمان کۆنترۆڵدەکات، بەڵام بەجیاوازییەکانی خۆیانەوە، چونکە لەلای محەمەد عومەر عوسمان تاکو رادەیەك ئەم هەستە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام "دڵشووشە" کاراکتەرێکی ئاڵۆزە تاکو رادەیەکی زۆریش. ئەم کاراکتەرە بەچەند دیوێکدا هەڵدانەوەی دەوێت بۆ خوێندنەوەی ئەو تەمومژییەی نووسەر بۆی دروستکردووە.

لەچوارینەیەکی تریدا، محەمەد عومەر عوسمان دەڵێت:

**" کێ لەم زریانەم ئەشارێتەوە**

**کێ.. کێ خۆی ئەکا بەچەتری سەرم؟**

**کەسێ نابینم سیمای لەو بچێ**

**بەر لەمردنم هانای بۆ بەرم "[٩]**

هەروەها، بۆ نموونە، یەکێك فاوستەکەی گۆتەی بیردەکەوێتەوە، لەکاتی قسەکردنیدا لەگەڵ مارگرێتدا، تووشی بێزاری و رەنجەڕۆییەکی دەروونی زۆر بووە، دەڵێت" چۆن دەتوانم بەرگەی ئەم ئازارە زۆر گەورەیە بگرم"[١٠] کەس نییە لەزریانێکی بشارێتەوە

لەتاو بێ "ئەویدا"، چونکە تەنانەت کەسێکیش نییە لەپێش مردنیا هانای بۆ بەرێت کە لەسیمای ئەو بچێت، ئەمە جۆرە دڵشووشەییەکە، مەرگی خۆی لەخەونی خۆیدا بینیوەتەوە زووتر، ئەگەر لەو دەروازەیەوە تەماشایان بکەین، واتە وەکی جیهانە بوونگەراو تراژیدییەکە بۆ مرۆڤ. زریانی دڵشووشە، لەوکاتەوە دەستی پێکرد، کە لاولاوی سپی پێی رازی نەبوو وەك عاشق و دڵدارێك، بەهەمانشێوە دڵشووشە لەبەر ئەوەی ناتوانێت کەسێکی تر بدۆزێتەوەو خۆشی بوێت، چیدی دەبێت بەو شێوەیە بمرێت ! !

ئەمە خۆکوژییەکەی(وێرپەری گەنجی) گۆتەیە دووبارە، کە لەعەشقکردندا فەشەل دەهێنێت و دواییش بەدەمانچە خۆی دەکوژێت. ئەم دیاردەیە زۆر بەناوبانگبووە، لەناو ئەدەبیاتی رۆژئاوادا، ئەویش زیاتر لەدوای سەرنەکەوتنی عەشق و دڵداری کە بڕیاری(خۆکوشتن) دراوە. بێگوومان، کاریگەری ئەو رۆمانەی گۆتە(وێرپەری گەنج) زۆر زۆر ئاماژەی بۆکراوە لەمێژووی ئەدەبی رۆمانتیکی رۆژئاوادا، تەنانەت وەکو فینۆمینۆیەکی ئەدەبی زۆر گەورە لەسەر کاریگەری خۆکوشتنی گەنجەکان لەدوای خوێندنەوەی رۆمانەکەدا. بەمانایەکی تر، ئەوەی دڵشووشە دەیکات، بریتییە لەخۆکوشتن، بەڵام لەناو ستایڵ و فۆڕمی رۆمانەکە، ئەویش بەرزترین پلەی هونەری و ئیستاتیکی بەخۆیەوە وەرگرتووە.

هەروەها شایانی باسیشە، لەکاتێکدا(محەمەدم عومەرم)وەبیری خوێنەر خستۆتەوە لەئاست گفتووگۆماندا سەبارەت بەمحەمەدی دڵشووشە، بۆ نموونە، ، بەختیار عەلی لەستایشی محەمەد عومەر عوسماندا، دەڵێت " محەمەد عومەر عوسمان ئەو کەسەیە کە مانیفێستی غەریبانی نووسی، بەقەد هەرچی جوانی کە لەوشەدایە لەدیدی منا جوانە.. ئەو بۆخۆی رەمزو جوانییەکە کە بەدەر لەشیعرەکانی دەبێت بخوێندرێتەوە ئەو قەسیدەیەکەو پێویستی بەتەفسیر هەیە.. مومکین نییە لەگەڵ هیچ لەحزەیەکی شیعریا لەگەڵ دیتنی هەموو جوانییەکدا ئەوم نەیەتەوە یاد"(١١) ئەگەر، ژیانی محەمەد عومەر، قەسیدەیەك بێت(کە هیچ گومانێك لەم دەربڕینەدا نابینینەوە، چونکە ژیان و دەرکەوتووی شاعیر جۆرە ژیانێکی شاعیرانەیە) پێویستی بەتەفسیر هەبێت؟ ئەوا جۆرێك لەو تەفسیرو جیهانبینییە لەناو جیهانی بەرجەستەبوونەوەی کاراکتەری دڵشووشەدا، کەم تازۆر، هەست پێدەکەین، یان دەبینینەوە.

دڵـشووشە، کاراکتــەرێکی هەنــدە غــەریب و ســامناکە لەگــەڵ عەشــقەکەیدا، وەکــو شــێتبوون بەتراژیـدیترین شـێوە کۆتـایی بـەژیان دەهێنێـت. بەمانایـەکی تـر، دڵـشووشە لـەجۆرە زریـان و رەشـابەیەك دەچێت، کـە لەناوخۆیدایـەتی، تـاوەکو دواهـەمین پلـەی هەڵئاوسانی لەناو هەستەکانیدا بۆ لاولاوی سپی.

یان دڵشووشە، جۆرە زریـان و رەشـابەیەکی لەغوربەتایانانـەی محەمەدانـەی تیادایـە، گوومانی لەشاعیرێتی دڵشووشە نییە بەو شێوەیەی عەشق دەکات و بەوشێوەیەی دەژی.

ئەمە، ئەم چوارینەیەی ترمان بیردەخاتەوە لەدیوانی لەغوربەتادا:

**" خەڵکی بەشێتم ئەدەنە قەڵەم**

**نازانن کە من(با) ئەخوێنمەوە**

**تنۆکی باران حەرفی شیعرمەوە**

**ئاگری عەشق چۆتە خوێنمەوە"**[١٢]

ئەم چوارینەیە، تاکو هەرە پلە زۆر بەرزەکانی شیعر، بۆ خۆی شیعرەو شـیعر دەڵێـت بەبەردەوامی لـەناو ئـەدەبی کوردیـدا. ئـەم چـوارینەیە، بەهـەموو شـێوە زۆر قووڵەکـەی، هەڵگری هونەری شیعرگوتنە لەدیدگا زۆر شـۆك و روبەڕوبوونەوەکەیـەوە بـۆ ئامـادەبوونی کەس لەناو دونیادا وەکـو کەسبوون لەئاسـتە زۆر ئیـستاتیکییەکەیەوە. ئـەو چـوارینەیە، بەهەموو شێوەیەك بانگمان دەکات بۆ سکێچکردنی شاعیر لەناو فەزا زۆر خوودگەراکەیدا، ئەوەیش بەخوێندنەوە زۆر مۆدێرنەکەی بۆ شیعر، کە خوود دەکـات بەسـەنتەری جیهـانی دەربڕینـەکان و خوێندنـەوەکان، هـەروەها جـۆرە جیاکردنەوەیـەکی خەڵکیـشە لـەبوونی خـۆی، کـە لـەناو ئەتمۆسـفیرێکی تایبـەتی و شـاعیرانەدا، وەکـو"خوێندنـەوەی بـا"، بەهەمانـشێوەش، شـاعیرێتی محەمــەدی دڵـشووشە لەهەسـتە ئیفلاتوونییەکەیـدا ئـەو خۆشەویستیە زۆر سەیرەیە کـە وایلێـدەکات بمرێـت. ئـاگری عەشـق سـووتانێکە لـەناخی دڵـشووشەدا، تــاوەکو تووشــی نــەزیفی دەکــات. خوێندنــەوەی"باکــەی" لەغوربــەتا، دەبێتە"باکەی" دڵشووشە، کە ئەم بایە دەبێتە خوشکە سپییەکان، کە وەکو حەرفییەتی جیهـانی خـۆی نایخوێننـەوە ! ! نەخوێندنـەوەی سـووتانی (ئـاگری عەشـقی) دڵـشووشە، بەجۆرێك لەجۆرەکان نەخوێندنەوەی(بایەکە)لەلای محەمەد عومەر عوسمان، چـونکە (بـا) وەکـو نهـێنی و غـەریبی و ماتـەمینی نـاو جیهـان وەرگـیراوە، سـیمبولیزمێکە لـەجوانترین

شێوازیدا، کە شاعیر تەعبیری لێدەکات لەجیهانبینییە زۆر قـووڵ و میتافیزیکییەکەیـدا بـۆ شیعر نووسین.

ئەگەر "تنۆکی باران حەرفی شیعر بێت" لەلای محەمەد عومەر، ئەوا خوێنی دڵشوشە، تنـۆك تنـۆك لـەناو ئـەو عەشـقە زۆر سـەیرەیدا دەسـت دەکـات بەنـەزیفبوونی خـۆی لەناوجیهاندا. دڵشووشە، بەنـەزیف و بـوونی خـوێنی خـۆی شـیعری ژیـان دەنوسـێتەوە، محەمــەد عومــەریش لــەناو زمانــدا نــەزیفی بــەربووە بەبــەردەوامی. مــەرگی دڵــشووشە کۆتاییەکی تراژیدییە، چونکە لەڕاستیدا" کـەس نازانێـت چـۆن ئـاگری عەشـق چـۆتە نـاو خوێنیەوە" وەکو محەمەد عومـەر وایـە، بێگومـان کاراکتـەری دڵشوشەش کلیلـی هـەموو نهێنییـەکانی هەیـەو دەتوانێـت" بارانـەکان" و " لافاوەکـان" بخوێنێتـەوە ! ! بـەڵام چـی روودەدات، ئەوەی روودەدات، کە" خەڵکی بەشـێتی بدەنـە قەڵـەم"، چونکە لەڕاسـتیدا، ئـەوەی کـە لـەو عەشـقە تێبگـات، وەکـو خـوودی دڵشووشەی لێبەسـەر دێـت، چـونکە عەشقێکی هێندە سەیرو ئیدیالە، وەکو مـومکین نـەبێت وایـە. هـەروەها" یـەکێك تـاوەکو زیاتر خۆشەویستی بکات، زیاتر بێهودەتر دەبێت"[١٣] ئەمجۆرە خۆشەویستیکردنە، دیارە بەهەستە کامۆییەکەیەتی(ئالبێرکامۆ) لێرەدا بەرجەستەیە لەلای ئێمە، کە لەباسی مرۆڤـی (Absurd)دا بەرجەستەی دەکاتەوە. بۆ نموونە، باسی کەسایەتی(دۆن جـوان) دەکـات، وەکو کەسایەتی بێهودە، کە پابەند نییە بەشێتکی زۆر تایبەتییـەوە، بـەژیان و دونیـاوە، بەڵام بەو لێکدانەوەیەی کامۆ بێت، محەمەدی دڵشووشە نەك هەر لەکەسایەتییەکی وەکـو دۆن جوانەوە نزیك نییە، بەڵکو پێچەوانەشە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەیـشدا دڵـشووشە دڵـدارو عاشــقێکی تــاکو بڵێــی بێهوودەیــە، چــونکە دەگاتــە ئــەو رادەیــەی کــە هەرچــییەکی لێبەسەربێت بەخەیاڵیدا نەیەت لەبـەردەم جیهـانی خۆشەویـستی و عەشـقکردندا، بۆچـی، چونکە بوون بریتییە لەبوونێکی بێهـوودە بـەو شـێوەیە، چـونکە" ئـەمجۆرە عەشـقکردنە لـەناو نـاکۆکی مردنـدا کۆدەبێتـەوە. خـاپوورکردنی خـوودە. یـەکێك دەبێـت (وێرپـەرە گەنجەکـەی) گۆتـە بێـت یـان هیـچی تـر نـەبێت. لێـرە، ئـەوا چـەند رێگایـەك هەیـە بـۆ خۆکوشـتن، یـەکێکیان وەکـو دیارییەکـە بـۆ خۆمەحفکردنەوەیـەکی سـەرتاپایی و خـۆ لەیادکردنێك بەهەموو مانایەك"[١٤]، واتە دڵشووشە ئەگەر بەم لێکدانەوەیـەی کامۆییانەیـە بێت، بەهەموو شێوازێك وەکو(کاراکتەرە گەنجەکەی گۆتەیە)، کـە لـەناو عەشـقدا فیشەك

دەنێت بەخۆیەوە، چونکە دڵشووشەو وێرتەری گەنجیش، بەڵام بەدوو شێوازی جیاواز، ئەو دیارییە زۆر خۆکوژیەیان هەیە کە بەهەموو شێوەیەك سەراپاگیرەو خۆ لەیادکەریشە: غەریزەی خاپوورکردنی خوود، بەڵام محەمەدی دڵشووشە بەهیچ شێوازێك دۆن جوان نییە، چونکە دۆن جوان، تەنیا عاشقی جەستەیەو یەکێك دەتوانێت بڵێت کە عەشقی هەموو جەستەیەکی جوانیشە کە بەلای خۆیەوە جوانبێت و هەڵبـژێردراو بێت بۆ ئارەزووکردن. واتە دڵشووشە ئەگەر تەنیا لاولاوێکی سپی بوێت، ئەویش بە(ڕۆح) دەیەوێت، ئەوا دۆن جوان هەموو کچێکی جوانی دەوێت و ئارەزووی دەکات، ئەویش بەجەستەوە ئارەزوویان دەکات. ئەوەی دڵشووشە دەیکات، جۆرە خۆشەویستیەکە وەکو سروشتی خودایەك، بەڵام لەدەرەوەی هەموو ئۆرەدرو توڕەبوون و سەرسەختیەکی بەو شێوەیە. بەڵام ئەوەی دۆن جوان دەیکات، خۆشەویستیەکە لەئەرکی جەستەدا، ئیشی جەستەیە، زیاتر لەناو ناوکۆییە ئارەزووە سێکسوالیتەکەیدایەتی، بۆ چەمکی جەستە. خۆشەویستیکردن بەو جۆرەی دڵشووشە دەیکات، بۆ نموونە بەلای کامۆ وە(بێهودەیە)، بێهودە بەو مانایەی، کە ئینتیمایەکی هەیە بۆ ئەو شتەی کە کۆنترۆڵێکی هونەری و بوونگەراییانە گەمەی تیادا دەکات، نەوەك شتێکی دیکە. نەوەك ئاین، خودا، یان ڕێکخراوێکی سیاسی، چونکە دڵشووشە بەشێوەیەکی(چارەنووسازی گەردوونی: لافاوەکە) دەبێتە عاشق، ئەگەر ئەمەش بەعاشقکردنی دڵشوشە بێت، ئەوا" چارەنوس، سزادان نییە"[١٥] وەك کامۆ دەڵێت.

لەکۆتاییدا، خوێندنەوەی ژیانی شاعیری محەمەد عومەر عوسمان وەکو قەسیدەیەك پێویستی بەتەفسیرکردن هەیە، هەر وەکو چۆن کاراکتەری دڵشووشە بەو ئالۆزییەی خۆیەوە، دەتوانم بڵێم بەرگەی تەنیا یەك جۆر لەتەفسیرکردن ناگرێت، چونکە داوای چەندین تەفسیرمان لێدەکات لەڕاستیدا.

٧

ئەگەر بگەڕێمەوە لای سەردەمی محەمەدی دڵشووشە، کە بابەتێکە گرنگییەکی ئێجگار جەوهەری و گرنگی هەیە، لەو سەردەمەدا کە بەمنداڵی ماڵەو ماڵ دەکات لەترسی پیاوەکانی ڕژێم، سەردەمێك پڕاوپڕ لەئاشووب و گێژاوی ژیان. لەسەردەمێکدا کە هەموو شتێك بەنهێنی دەکرێت و ڕوودەدات لەوڵاتدا، ئەم تێزەیە(مانەوەی شتەکان

بەنهێنی)گرنگی زۆری هەیە. ئەمە دیارە وریاکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی (خوێنەرە)، لەبۆ چەندین بابەتی گرنگ، کە پێویستی بەئاماژەبۆکردن هەیە بەڕاستی، ئەویش لەدیدگا زۆر سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەکەشیەوە، سەردەمێك بوونی مرۆڤ لەناو خوودی بەنهێنیکردنی شتەکاندا راپێچکراوە. بۆنموونە نهێنی گەرایی(جیهان و سیستمی بەعس)، نهێنیگەرای ئەم بەعسە وەکو بەعس خۆی، کەلتوری(تۆتالیتاری) کە توندووتیژی و نهێنی گەرایی و زیندانکردن و دیوارکردنی ژیانی کردۆتە ئاساییترین شت. ئەم سایکۆلۆژیەتە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژیاندا/لەناو ژیاندا نۆرماڵکردووە، بوون لەناو جیهاندا لەناو ئەو نهێنی گەراییەدا خۆی مانیفیستدەکات. بەمانایەکی تر، بوون لەبری ئەوەی دەربکەوێت و خۆی پیشانبدات لەبەر ڕووناکی بووندا، بەجۆرێك لەجۆرەکان بەنهێنی دەکرێت، بوون دەگاتە ئاستی شاردنەوە. دواییش گەرادانانی ئەم هەلومەرج و کەلتورە لەناو(خۆماندا) وەك تاکەکەس کاریگەرییەکی زۆری هەیەو لەسەر بەجێهێشتووین. نهێنیگەرایی ناو عورف و عاداتی ناو کۆمەڵگاو کەلتورەکەمان، لەسەر ئەرزی واقیع، دواییش گەرادانانی لەناو سیاسەتی خۆماندا بۆ سەپاندن و کارپێکردنی ئەو نۆرم و عورفانە بۆ ژیان وەکو نۆرماڵکرابێت. وەکو پاشماوەیەك هەتاوەکو ئێستاکەش کاریگەری خۆی هەیەو تارماییەکانی بەسەرمانەوە هەڕەشە دەکەن.

سەردەمی دڵشووشە کە تیایدا گەورە دەبێت، زۆر شتمان پێدەڵێت، بۆ نموونە، نهێنگەرایی خوودی(شوێن)، کە مرۆڤەکانی تیادا دیارنین بەئاشکرا، نهێنی گەرایی جیهانێك کە دەوڵەت و نەیارەکانی (رژێم و ئۆپۆزیسیۆن) تیایدا دەژین و یەکتر دەکوژن. نهێنیگەرایی شێوازی بەڕێوەبردن و فۆرمی سیاسەتکردن لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، نهێنیگەرایی خوودی خۆشمان وەك(مرۆڤ) بەرامبەر زانین و وشیاربوونەوەو یاخیبوون و مردنمان.

ئەوەی بۆ من لێرەدا شایستەی گوتنە، دووبارە داواکردنی(ماڵە شووشەکەیە)ی دڵشووشەیە، لەباوکی وەکو دیارییەك. ئەم داخوازییەی دڵشووشە بۆماڵێکی شووشەیی بەوشێوەیە، بۆ خۆی بەرجەستەکردنەوەی فیکری رۆماننووسە لەبەردەم کاراکتەرەکەیدا، کە پاڵەوانێك لەئاست ئەو جیهانە نهێنیگەرایەی دەیەوێت هەرهەموو تاریکی و شاردراوەیی ترسمان لەبوون بۆ مانیفێستبکات. ئایدیایەکی زۆر گرنگیشە لەبۆ خوێنەر بۆ

تەماشاکردن و تێگەیشتن لەم کاراکتەرە لەناو ماڵێکی روون و ئاشکرادا بەوجۆرە کتوومت لەبەردەم جیهانی نهێنیگەرایی ئەو سەردەمەدا دەوەستێت. ئاشکرایە، دڵشووشە لەبەر ئەو هەموو نهێنیانەیە کە تەنیا داوایەکی هەبێت لەباوکی وەکو (دیارییەك) ماڵە شووشەکەیەتی، داواکردنی ماڵێکی وا، وەکو ئایدیا، لەڕاستیدا زۆر شتمان پێدەڵێت. هاوکات باوکی لەهەستکردن بەتاوانباری باوکانەی خۆی بەرامبەر کوڕەکەی کە هەمیشە لەگەڵیدا نەبووەو بەتەنیا بەجێیهێشتووە بەهۆی ژیانی سیاسییەوە، داواکەی بۆ دەهێنێتە دی. کەواتە دروستکردنی(ماڵێك لەشووشە) بۆ کوڕەکەی جۆرە قەرەبوونەوەیەکە لەلایەن باوکەوە بۆ کوڕ.... بەڵام بابپرسین، ئایا ماڵێك لەشووشە بۆچی؟

بۆ نموونە، ئەم ماڵە لەشووشەیە چییە؟ هۆیەکەی چییە؟ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و لەئاستێکی فیکرییەوە بتوانین وەکو پرۆژەیەك کاری تیادا بکەین؟ ئەم میتافۆرە لەبۆچی؟ ئایا رۆماننووس مەبەستی چییە لەم سیمبولیزمەدا بۆ کاراکتەرەکەی کە لەناو ماڵێکی نائاسییدا بژی؟ چی هەیە لەپشت ئەمەوە بۆخوێنەر بۆ بیرکردنەوەی زیاتر، چی هەیە کەوا لەنووسەر دەکات ئەمە بکات؟ وەکو وتوومانە لەسەرەوە، ئەمە بۆ خۆی کاردانەوەیەکی زۆر بەهێزە لەبەردەم کایەکانی جیهانێکدا، کە هەمیشە بەنهێنی و شاردراوەیی و تەمومژی ماوەتەوە یان خۆی بەو شێوەیەی بەعس سیاسەتێکی ئاوا تەواوی دەوڵەت دەبات بەڕێوە، چی هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگای بەهەمان رەنگدانەوە نۆرماڵکردوەو سەپاندووە. کەواتە باسکردنیشە لەقەیرانگەلێك کە دەستیان لێنەدراوە بەشێوەیەك لەشێوەکان. چیدی کاراکتەری ناو رۆمانی دواهەمین هەناری دونیا(دڵشووشە)، وەکو پاڵەوانێك دەیەوێت پەردە لەڕووی ئەو سەردەمە هەڵبداتەوە. دڵشووشە، دێت و داخوازی ئەو لەباوکی تەنیا ماڵێکە لەشووشە، بۆچی شووشە، چونکە"دوژمنی نهێنی و نادیارییە". بەم کارە، دڵشووشە دەیەوێت، ماناو رەمزیەتی جیاوازمان بداتە دەست لەئاست ئەو مێژووەی کە ژیانمان چۆن تیادا هەڵکردووە، دڵشووشە، وەکو پاڵەوانێك لەبری هەموومان ماڵێك لەشووشە دروستدەکات و بەڕادیکاڵترین شێوە، چەمکی جەوهەر وەکو شوناس پووچەڵدەکاتەوە. دڵشووشە بەم کارەی دەیەوێت پەی بەو هەموونهێنی و نائاشکراییانە بەرێت کە تەواوی پەیوەندییەکانی

ناو ژیانی ئێمەی داپۆشیوە بەتـەواوەتی. خـودی بـەنهێنیکردنی شـتەکان، بـەنهێنیکردنی دونیایە لەڕاستیدا، کە بـوون و مانـەوە لەناویدا بەوشـێوەیە لـەبێمانایی و بێنرخـی زیـاتر هیچی دیکە نییە لەبەردەم بووندا. واتە ئەم بەنهێنیکردنـە، بـەمیتافیزیککردنی دونیایـشە بۆ خۆی ئەگەر وایبخوێنینەوە. لەپێش هەمووشتێکدا، لەبەر ئەوەی دڵشووشە کـوڕی نـاو ئەو سەردەمەیە، چیدی مانیفێستکردنی بوونی خۆی لەناو ماڵێکی دیارو ڕووندا کە ماڵێکە لەشووشە، بۆ خۆی گەورەترین هێرشکردنە سەرجۆری بیرکردنەوەیە بەڕاستی، کە شـتێك لەبیرکردنــەوەی ترادیـسیۆن خـۆی نۆرماڵـدەکات و وەکـو بەرەنگاربوونـەوەی کـارێکی مووستەحیلات بێت. دڵشووشە، دێت و ئەو فەزای ئایدیۆلۆجییە لەهەموو هەستەکانیدا بـۆ بوون و ژیان هەڵدەگێڕێتەوە، کە بوون و ژیانی کردۆتە خوودی ئایدیۆلۆجی.

واتـە نهێنیکردنـی ژیـان و دونیـا لەبـەردەم نـانهێنیکردن و ڕوون و ئاشـکرایی مـاڵێکی شووشـەیی رادەوەسـتێتەوە، چـونکە دڵـشووشە، بـەم کـارەی دەیـەوێت بـازێکی گـەورە بەسەر ئەو بیرۆکەی نهێنیگەرایـیە بـۆ دونیابـدات، دەیـەوێت بێـدەنگی و مـاتبوونی دونیـا ببەزێنێت بەمشێوەیە. کۆدەکانی خۆشاردنەوەو نهێنیگـەرایی–بـوون بەهـەموو شـێوەیەك تێکبـشکێنێت و بـوون لـەناو ڕوونـاکی خۆدەرخـستندا ئاشـکرابکات. دڵـشووشە، بـەم بیرۆکەیەی، دەبێتە جۆرەمارکسێك، بـەڵام بـەبێ مانیفێـستە رادیکاڵەکـەی بـۆ کۆمـۆنیزم، مارکسێك دژی نهێنی و چەوسـاندنەوەیە، دەبێتـە عیـسایەك، بـەڵام بەبێئـەوەی کـوڕی خودایەك بێت، چونکە لەڕاستیدا محەمەدی دڵشووشە کوڕی(سلێمانی مەزنە) نـەك خـودا، چونکە هیچ ترس و نیگەرانییەکی لەوە نییـە، لـەناو ماڵـە شووشـەییەکەیدا بـژی، بۆچـی: چونکە هـیچ لـەوە نیگـەران نییـە کـە لـەدەرەوە ببینـدرێت و تەماشـابکرێت. دڵشووشە، لـــەماڵی شووشـــەییەکەیدا، لەدیـــدگا زۆر ڕەمزییەکەیـــەوە، تەنانـــەت سانـــسۆرکردنی تەماشاکردنی دەرەوە بۆ ناوەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە چیدی دڵشووشە هـیچ ترسی لەوە نییە کە یەکێك بیبینێت لەدەرەوە ! ! واتە لەهیچ شتێك ناترسـێت بـەم بەڵگـە ڕوونـی و ئاشـکراییەی بێـت بـۆ جیهـان؟ ئەمـە ئـەو مەوجـە ڕەخنەییـە سـارتەرییە زۆر رادیکاڵەیە لەبەردەم ئـەرکی ڕۆشـنبیرانەدا وەکـو ئـەرکێکی مـۆراڵی و بوونگـەرایی، وەکـو تەحەداکردنێکی رادیکاڵانە، بەڵام خوودی بیرۆکەکە بەهەموو شێوەو ئاستێکییەوە تـەڕە بەهایدیگەرییزم بەلامانەوە(دێمەوە سەرئەم خاڵە بۆئاماژەکردنی زیاتر لەم دیدگایەوە).

دڵشووشه لـەوەش سڵناکاتەوە، چۆن و چی دەربـارەی دەڵێن لـەدەرەوە، چـونکە لەڕاستیدا بەخەیاڵیدا نایەت چی دەڵێن و چۆن بڕیـاری بیرکردنـەوەی بەسـەردا دەدەن، چونکە بڕیاری ئەوەیداوە کە لەناو ماڵی شووشەییندا بژی، چوونکە بەمانایەك لـەماناکان، دڵشووشە چـیدی لـەناوەوە نـاژی، بـەڵکو لـەناوەوەی خـۆی دێتـە دەرەوە، وەکـو بلێـی خوودی خۆی نییە وەکو شوناسێکی سابت و داگیرکراو، بەڵکو ئەوەی هەیە تـەنیا یەکێکـە لـەوانی دیکـە، یەکێکـە لەئێمـە. دڵشووشە، لـەناو خۆیـدا دێتـە دەرەوە، چـیدی لـەناو رابوردوویدا(رابوردوی تاریك و نهێنیگراییدا) نـاژی، بـەڵکو خـۆی رووت و قـوت دەکاتـەوە لەجەوهەر، بەهەموو شێوازێك نایـەوێت و ناتوانێـت لـەنـاو هەنووکەییبونیـدا نـەژی. بـوون دەبێتـە هەنووکـەیی بـوون لـەناو ئێـستاکەدا، لەبەرئـەوە جەوهـەر هـەرگیز نەئاشـکرایە بەتەواوەتی و نەدەزانین چییە بەسـابتی، چـونکە هەمیـشە خـۆی تێدەپـەڕێنێت، چـونکە لەناو زەمەندایە، ئەمە بەهەستە زۆر هایدیگەرییەکەی بۆ زەمان. دڵشووشە لەبـەر ئـەوەی لـــەناو بـــوونێکی شووشـــەییندا دەژی و نـــاوەوەو دەرەوە دەســـڕێتەوە وەکـــو دوو بیرۆکـــە(ســـەبجێکت و ئابجێکـــت)چـــیدی بەهـــەموو مانایـــەك دەبێتـــە بوونـــەوەرێکی مەکانی(شوێن) نەوەك بوونەوەرێکی زەمانی(کات). بوونەوەرێك لەناو ئێستاکەدا دەژی و لەناو–جیهاندایە.

چیدی ئینتیتیەك(شتێك) نییە لەناوەوەدا وەکو "خۆی"، بەڵکو ئەوەی هەیە، ئەوەیـە کـە دێتـە دەرەوەو دەبێتـە بوونێـك لەوێـدا، بوونێـك دەبینـدرێت و نهـێنی–گـەرا نییـە. دڵشووشە، بەهەموو مانایەك لەدەرەوە دەژی، واتە دڵشووشە(ماڵییـشی) نییـە بەڕاسـتی، هەرچـەندە لـەناو ماڵیـشدا دەژی، بـەڵام فەلـسەفەی کاراکتەرەکـە ئەوەیـە کـە خـۆی لەو(خوودێتیە)قوورتار بکات کە وەکو مێژوویەك نـاخی تـەنیوەو بـاری گرانکـردووە لـەناو بووندا، بەڵکو خۆی سووکەڵە دەکات، خانەکانی کتێبخانەی بیرکردنەوە خاوێندەکاتـەوەو دەسـت دەکـات بەخۆنیـشاندانی خـۆی وەکـو مـرۆڤ(دازیـان). ئەمـە میتـافیزۆیزم و سیمبولیزمی جیهانی دڵشووشەیە بەلای منەوە. بەنانهێنیکردنی تەواوی نهێنیگـەرایی ئـەو دونیایە پڕ لەنهێنی و تاریکیە، بۆ خۆی بێماڵبوونی دڵشووشەیە لەناو ماڵێکی شوشـەییدا: ترانـسپێرێنس/روون و ئاشـکرایی بەهەموولایەکانیـدا لەدیـدە فەلـسەفییەکەیەوە. مـاڵی شوشەیی لێرەدا، هیچ نییە جگـە لـەبێماڵبوونی دڵشووشە لـەناو شـوێندا. شـوێن جێگـای

هەموو شتێك دەگرێتەوە لەناو فەهمكردنی ژیان و بووندا بۆ ئـەم كاراكتـەرە. بێمـاڵبوون، لێرەدا، گلۆباڵبوونە لەناو بووندا بەهەموو واتایەكی ئەوەی كەمانایەكەی وادەكات، بوون–لـەناو–جیهانـدابوون بێـت، ئەگـەر بـەو شـێوەیە تەماشـای بكـەین. ئەمـە شۆڕشـگێڕترین بیرۆكەی كتێبەكەیە بـەلای منـەوەو بـەرزترین پلـەی چێژو ئیستاتیكییەت دەخـەملێنێت لەخوێندنـەوەی ئـەم ڕۆمانـەدا كـە بەرجەسـتەی دەكەینـەوە لێـرەدا. وەكـو گوتوومانـە كاریگەرییەكی بەنجامینی بەسـەرەوەیە، چـونكە دیـاری و روونـی و ئاشـكرایی دڵشووشە لەناو ماڵەكەیدا دەیكات بەجۆرە بوونەوەرێكی(بێماڵترین بوون) كە كەسی ئەو شوێنە لێـی دەژی. لەدیـدە هایدیگەرییەكەیـەوە، كـە دوایـی دەگەڕێمـەوە سـەر ئـەم خاڵـە، ئـەوەمان پیـشاندەدات، كـە دڵـشووشە، لـەناو بووندایـە نـەوەك لـەناو جەوهــەردا بێـت. بێجگـە لەكاریگەرییـەكانی سـەرەوە كـە كاراكتـەرەكـەمان پـێ خوێندۆتـەوە، ئـەم بێمـاڵیبوونی و ئێجگار گلۆباڵیزمبوونی كاراكتەرەكە، بۆخۆی كاریگەرییەكی ئاینی و ڕۆحانییشی لەسەرە، بەڵام لەناو خوێندنەوەیەكی سیكیولارانەدا، یان بەگەڕانـەوە بـۆ خـوودی ئـەو دیاردەیـەی بەنهێنی و گەردوونـەوە بەسـتراوەتەوە، یـان بـەنهێنی و سـوپەرناتورالبوونی گەردوونـەوە دەمانبەستێتەوە. بەمكارەی دڵشووشە دەبێتە ئیمیجێك لـەناو شـوێندا لـەدەرەوە. واتـە باپرسین، ئایا ئەم كاراكتەرە بۆچی دەیەوێت (بێماڵ)بێت؟ ئایا ئەمە ئاماژەكردنە بۆ ماڵ، لەهەسـتە مەترپالیەكەیـدا، یـان لەهەسـتەكەیدا بـۆ بـوون و چـەمكی(شـوێن)؟ چـونكە بەنـەبوونی مــاڵ، بەنزیكبوونەوەیــە لــە(ڕۆح) زیــاتر، هــەروەها نزیكبوونەوەیــەكی زۆر قووڵتریشە لەناو پڕایەتی گەردووندا بۆ خۆی. بێماڵبوون: ماڵبوونە لەناو گلۆباڵدا، ماڵبوونە لەهەموو شوێنێكدا بەجۆرێك لەجۆرەكان، كەواتـە لەسـەروو كاتـەوە، چـونكە دڵـشووشە، چیدی ماڵی نییە، واتە لەدەرەوەی شوێنێكی زۆر تایبەتیدایە بۆ خۆی. ئەم تایبەتێتییەی كە زۆر ئاشكرا نییە دەتوانێت مانایەك یان خوێندنەوەیەكی ئاینیشمان بداتێ.

بەمانایەكی تریش، دڵشووشە لـەناو خـوودی گەردووندایـە، نـەك هـەر ئەمـەش، بـەڵكو بە(روتوقوتی) لەناو ئەم گەردوونەدایە بەڕاسـتی، ڕۆحانیـەتی دڵـشووشە لەجیهانبینیـەكی مەتریالیانـەدا دەبیندرێتـەوە. شـوێن، وەكـو گـەردوون، بـۆ بـوونی كاراكتەرەكـە دەبێتـە جیهــانی دەرەوەیــی و جــۆرە جیهــانیبوونێكی گــەردوونی لەهەمانكاتــدا. ئایــا كــە بەڕووتوقووتی لەناو گەردووندا بین، یان بژین چی دەگەیـەنێت؟ هاوكـاتیش، لـەدەرەوەی

سەنتەرو شوێن و ماڵیشدا بین؟ دیارە ئەمە بۆ خۆی هەڵگری بیرۆکە ئیفلاتوونییەکەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان، بەڵام بەهەستە نائیفلاتوونییەکەی لێرەدا، من دەیبینمەوەو دەیخوێنمەوە.

دووبارە، بۆنموونە ئەدۆرنۆ لەباسی والتەر بنجامیندا دەڵێت" بنجامین لەگەنجێتیدا گیرشۆم سچۆلم دەناسێت، کە قوتابیەکی زۆر دیاری (قەبالە/رۆحانیەتی ئاینی جولەکەیی)بووە. ئاسان نییە یەکێك بڵێت تاکو نیۆئیفلاتوونییەکان وە ترادیسیۆنی ئەنتینۆمەین–میسانییك چەند کاریگەری بەسەرەوە هەبووە" هەروەها، بۆ والتەر بنجامین بیرۆکەی قەداسەت" لەقەبالەوە هاتووە"، بەڵام "وتار نووسینەکەی/*Essayism*، لەچوار دەوری پرۆفەیندا(ناپیرۆزدا) دەخولێتەوە کە هەرچەندە تێکستەکان پیرۆزیش بوون"[١٦] کە دەڵێم، روتوقوتبوونەوەی دڵشووشە هەڵگری هەستێکی ئیفلاتوونی و تەنانەت سۆفیزمیانەشە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە وەك ئەوەی تێکستی پیرۆز بەهەمانشێوە مامەڵە نەکەیت کە تێکستەکە چۆنە وەکو خودی خۆی هەڵبسەنگێندرێت، بەڵکو بەدیوەکەی تریدا کە پرۆفەینەو ناپیرۆزە. واتە خوێندنەوەیەکی سیکیولارانەیە بەشێوەیەك لەشێوەکان، ئەگەر خوودی سکوولارییەکەش هەڵگری پڕاوپڕی ئەو قاڵب و مانایە نەبێت کەدەخوازدرێت لەبۆی. ئەمەیە ئەم لەدەرەوەیی و خۆ رووتوقووتکردنەوەیەی دڵشووشە، کە هەڵگری هەستە ئاینیەکە/سۆفیزمەکە/ نییە لەناو خۆیدا، بەڵکو رەنگدانەوەی ئەو بیرۆکەیەیە، بەڵام کۆپیکردنی ئایدیاکە نییە وەکو خودی خۆی، تەنیا رەنگدانەوەکەیەتی. کە لەهەمانکاتیشدا شتی ترمان/جیاوازمان پێدەڵێت، ئەمەیە بەناپیرۆزکردن و خوێندنەوەی پیرۆز لەئایدیاکاندا. ئەم جیاوازییەیە، کە دڵشووشە لەناو رێڵمە ئیفلاتوونییەکەوە دەردەهێنێتە ناو هەستە نائیفلاتوونییەکەوە، چونکە دەرەوەیی و بێماڵی دڵشووشە، بەهەموو شێوەیەك لەهەستە زۆر پۆستمۆدێرنەکەیەوەیە لەدایکدەبێت بۆ چەمکی شوناس و شوێن! ! بەکورتی ئەوەی لێرەدا گەمەدەکات، مرۆڤە لەناو گەردووندا بەڕوتوقووتی، نەك بیرۆکەی شتێك زیاتر لەم مرۆڤە، کە بۆ خۆی وەکو جۆرێك نهێنیش وایە. روتوقووتکردنەی مرۆڤ لێرەدا، لەم باسەماندا زۆر بەتایبەتی، شەڕکردنێکی ئەدەبی بێسنورە لەبەردەم جیهانێکی وەکو جیهانی بەعسیزمدا بۆ خۆی، لەناو فەزاو جیهانە کوردیەکەیدا، ئەگەر خوێندنەوە بۆ رۆمانەکە بەمشێوەیە بکەین. نهێنی و

نائاشکرایی و دیوارەکانی سەردەمی بەعس، هەموو شتێك لەناو ژیاندا دەنیژێت، بەڵام دڵشووشە دێت و یارمەتیمان دەدات لەبەر نافۆبیاکردنی جیهانێك لەنهێنی-گەرایی و نائاشکرایی و ترس و شەرمکردنیشمان تیایدا.

ئەم راماڵینەیە لەبەردەم فەزای ئایدیۆلۆجی جیهانی کوردیدا، یان سەردەمی (نهێنی و دیوارەکاندا)، دڵشووشە بەشێوەیەکی زۆر کاریگەرانە ئاماژەی بۆ دەکات وەکو مێژوو: بیرەوەری. مێژوویەك، گرنگی خۆی هەیەو هەبووە لەدرووستکردنی جیهانی بیرکردنەوەو چۆنێتی دیدگاو جیهانبینیەکانمان و هەڵسووکەوتەکانیشمان، تەنانەت کەسایەتیشمان، چونکە چیدی پێویستی بەئاماژە بۆکردن و لێتێگەیشتن هەروەها بیناکردنی خوودیشە وەکو کەسایەتی لەوێوە، بەڵام دوایش بەکۆتاییهێنانی، یان روتبوونەوەی مرۆڤایەتی لەناو گەردووندا، کە هیچ شتێك نەتوانێت لەبەردەم ئەم هێزە بێماڵی و روتبوونەوەیەدا رایبگرێت و بەندی بکات، بەڵام وەکو لەسەریشەوە وتومانە، بەشێوەیەکی تر هەمان کەسایەتی دڵشووشە دەبێتە جۆرە بەندییەك یان زیندانییەك لەدەرەوە؟ چونکە، چیدی مەحکوومە بەدەرەوەیی و دەرکەوتنی خۆی، نهێنی نامێنێتەوە لێرەدا. بەهەستە ئیفلاتوونییەکەی کە لەناو گەردووندا دەبێت بەهەستە نامەترپالییەکەی لەناو گەردووندا، چونکە نایەوێت هیچ پابەندبوونێکی هەبێت(رووتوقووتە بەدونیا)، هەروەها بۆ خۆیشی روتوقووتکردنەوەی تەواوی جیهانەکانی ئایدیۆلۆجیایشە، ئەگەر سیاسەتی بەعس و کۆمەڵکوژییەکانی بەشێکی سەرەکی بن لەم ئاماژەکردنە بۆ ئایدۆلۆژیا.

ئەوا تەنانەت، حیزب و سیاسەتی کوردییش بەشێکی تری ئەو فەزایەی داگیرکردووە لەبۆ ئەم مێژووەی ئایدیۆلۆجیای نهێنیکردنی دونیاو شاردنەوەی شتەکان و راستییەکان بەدیوارو نهێنی و ناڕوونی و نائاشکرایی: مەرگی شەفافییەت و دیموکراسی و ئاشکرایی. بەمانایەکی وردتر قسان بکەم، دڵشووشە هەڵماڵینی پەردەو تەنانەت تەواوی ماسکەکانە لەسەر نهێنی و نائاشکرایی و هەموو تەمومژییەکان بەشێوە زۆر رادیکاڵەکەی. کتێبەکەی میشیل فۆکۆ، لەسەر زیندان(تاوان و سزا) هەروەها کتێبەکەی واڵتەر بنجامین، لەباسکردنی قەیرانی(جەستە-رووخساری شوێن)، کتێبی(پرۆژەی ئارکەید) لێرەدا ئامادەن لەناو ئەم رۆمانەدا بەلای منەوە. کە دەڵێم ئامادەن، دیارە مەبەستم لەئاماژە بۆکردنە بۆ ئەو پاشخانە فیکریە لەفیکرو فەلسەفەی پۆستمۆدێرنە، بۆ رەنگدانەوەی ناو

ڕۆمانەکە، چونکە لەهەردووك کایەدا، بۆ دروستکردنی کاراکتەری دڵشووشە، کاریگەرییان هەیەو پاشماوەیان بەجێهێشتووە بەسەر نووسینەکەوە. تەنانەت خوودی زیندان بەو شێوەیەی فۆکۆ ئاماژەی بۆ دەکات لەدیزاین و ئارکیتێچەردا، کە هەموو لاکانی دیارەو سەنتەرێکی رووتە بۆخۆی، ئەوا دڵشووشەش دەبێتە زیندانییەکی ناو زیندانێکی بەو جۆرە بەمانایەك لەماناکان، بەڵام ئەم زیندانەیان هی ئازادیی و بڕیاردانی خوودی خۆیەتی، بەڵام هاوکات هەڵگری قەیرانەکانی خۆشێتی.

ئەمە جگە لەوەی، پێشبینی فۆکۆ بو بۆجیهانی مۆدێرن. کە بەجۆرێك لەجۆرەکان واقیعی مۆدێرنی ئێستاکەمان، بۆ خۆی بەو شێوەیە کەوتۆتەوە ئێستاکە کە لەناو واقیعێکی وادا دەژی، وەکو هەمیشە لەژێر چاودێریکردندایە، چونکە بوونی(شوێنە)مەرکەزی و گرنگەکان، هەمیشە لەژێر چاودێریکردندان بەڕێگای سیستمی چاودێریکردنی کامێرا کۆنترۆڵکراوەکانەوە لەهەلومەرجی هاوچەرخدا. رەنگە بڵێم لەتەواوی وڵاتە رۆژئاواییەکاندا کەم و زۆر، ئەمە مراقەبەکردنە راست بکەوێتەوە، تەکنۆلۆجیا بەهەموو شێوەیەك هاوکاری ئەم پرۆژەیە دەکات. کە سیستمی کامێرا لەڕێگای یاساوە ئەو جۆرە هەستکردنەی بەزیندانیبوونی بەرهەمهێناوە بەمانایەك لەماناکان. یان تەکنۆلۆجیا لەدیدە نەگەتیڤەکەیدا، بۆتە پۆلیسێکی بەردەوام و چاودێریکەر بەسەر کەسەکانەوە، کامێرا کەسەکانی کردۆتە رەعیەتی خۆی.

یان ئەم تەکنۆلۆجیایە، چاوێکی کامێرایی تری داهێناوە لەسەر زەمین، کە بەجۆرێك لەجۆرەکان، بۆ خۆی سەلماندنەوەی چاودێریکردنی (خودایە)کی ترە لەسەر زەوی، ئەمەش هەڵگری فۆرمە ئاینییەکەیەتی لەم دیدگایەوە. " ئەم ئارکیتێکتەی بەهێماکردن بۆ گۆڕینی«سزادانە» لەپانۆپتیکانی بێنپتام/*Benthams Panopticon*، سیمبول و کەرەسەی چاودێرییەکی بەردەوامە، گەرەنتی دەسەڵاتێکی ئۆتۆماتیکییە کە هەمیشە وا دەکات زیندانییەکە بەبەردەوامی دیاربێت، لەکاتێکدا چاودێریکەران نابیندرێن، زیندانییەکان دەبن بەپاسەوانی خۆیان_ئایدیای کۆمەڵگایەکی شێوە زیندانی« *Carceral Society*»، پانۆپتیکانیزم، فۆکۆ، دەڵێت" پرانسیپێکی گشتی ئەم(سیاسەتەی زانستی بوونیادی مرۆڤە/ *Political anatomy*، کە ئابجێکت و کۆتایی پەیوەندی بەدەسەڵاتداری و سەروەرییەوە نییە«وەك لەپێشاندا»، بەڵکو پەیوەندییەکانی

دیسپلینکردنه"[١٧] لەگەڵ کاریگەری بیرۆکەی پانۆپتیکانیزمـدا"فۆکۆ بەناوبانگترین باسکردنی لەبۆ جێرمی بێنپامی پانۆپتیکان دەسەڵات پابەند دەکات بەمەعریفەوە، نۆرم و چاودێریکردن، لەناو بەیەکداچونکێدا لەئارکیتێکت و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ نیشاندانی سروشتی چاودێریکردنی خوود لەناو کۆمەڵگای مۆدێرندا، کاتێك فۆکۆ دەڵێت" زیندانەکان رەنگدانەوەی، کارگەکانن، قوتابخانەکانن، سەربازگەکانن، نەخۆشخانەکانن، کەهەموویان لەزیندان دەچن، (تاوان و سزا)٢٢٨"[١٨]

لێرەدا"شوێن دەبێت بەخودی جینیۆلۆجی"[١٩]

ئەم ماڵەی محەمەدی دڵشووشە کە لەشووشەیە، بەهەمانشێوەیەك دەمانباتە بەردەم چەندین بیرکردنەوەو لایەنی جیاوازەوە، بەڵام فۆکۆ ئەو بیرۆکەیەی زیندان کە لەجێرم بێنپامەوە وەردەگرێت، ئەویش" وەرگرتنێکی میتافۆری نییە بۆ کۆمەڵگای مۆدێرن، بەڵکو وەکو مۆدێلێکی تیۆرییانەیە کە دەخوازێت بۆ کاریگەرییەکانی بۆ لێکدانەوە"[٢٠]، بەڵام لەناو ئەم رۆمانەدا، من وایدەبینم کە وەکو میتافۆرێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، هەروەها سیمبولیزمی مەودا ئایدیۆلۆجییەکانی پێشوەختی مرۆڤی کوردیش بێت لەمەڕ جیهانە تاریك و نهێنی–گەرایی و دیوارەکانی نائاشکراییەوە، ئەگەر ئەمە خوێندنەوەیەکی شیاوبێت. هێماکردنەکە لێرەوە لەدایکدەبێت کە هەموو ئەو تەمومژیە بارگاوی دەکرێت بەجیهانی ستەمکاریی.

ئەمە جگە لەوەی بۆ خۆی گەورەترین کاردانەوەی کاراکتەرەکەیە لەبەردەم ئەو جیهانەی بە(نهێنییەکان، سەردەمی نهێنییەکان) سواغدراوەو پێناسەی دەکات، بۆ خۆیشی بەرپاکردنی جەنگێکیشە لەبەردەم هۆکارەکانی دروستکردنی ئەو نهێنیانە لەدیدگا کەلتورییەکەیەوە، چونکە مانای ماڵی شووشەیی چیدی کۆتایی و نەمانی نهێنییەکان دەگرێتەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان، ئەمەش جەنگی ناو کەلتوریش دەگرێتەوەو خۆی دەئاڵێنێتە هەموو کایەکانی تری ژیان.

لەگەڵ ئەوەشدا، چاودێریکردنی خوودیشە لەلایەکەوە، کۆنترۆڵکردنی خوودە لەڕووی ئەوەی چیدی فۆبیای لەوە نییە کە چۆندەبیندرێت و تەنانەت چیشدەکات لەناو شوێندا! ! شوێنی دڵشووشە، کاریگەری بیرۆکەی زیندانەکەی فۆکۆیە بەلای منەوە(هیچ نەبێت دەتوانین بەو شێوەیەش بیخوێنینەوە)، بەڵام لەتایبەتمەندی خۆیدا.

هـەروەها شایـستەی گووتنـە، ئاماژە بـەهێڵی بیرکردنـەوەی فۆکـۆ بکـەین لەئاسـتە نیتشەییەکەیدا بۆ جینیۆلۆجی، چونکە جینیۆلۆجی بۆ خۆی دەبێتە ڕاشینالکردنی شوێن، فۆکۆ بۆ نموونە"وەکو بیرمەندێکی پۆستمۆدێرن ئەوەیە کە من پێی دەڵێم(بەشـوێنکردنی بیرکردنەوە) وەك لەخوێندنەوەکانیدا بۆ مێـژوو، خـۆی نمایـشدەکات لەنوسـینەکانیدا"[٢١] ئەم پرۆژەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی تەماشـای بکـەین، ئـەو فـشارە زۆرەیـە لەسـەر خوودی تەماشاکردنی جیهان لەئاستە ئیفلاتوونییەکەیدا، کە ئەویش تەماشـاکردنێکی زۆر جەوهەرگەرایانەیـە. پرۆتـاگۆراس، دەبێتـە فۆکۆیـەك لـەکات و سـەردەمی سـوکرات و ئیفلاتووندا بـەجۆرێك لـەجۆرەکان. زینـدانی دڵـشووشە، ڕاسـتە زینـدان نییـە بـەوجۆرەی زیندان دەبێتە مەحکوومیەتی داگیرکردنی جەستە لەلایەن ئەو دەزگایەوە وەکو شـوێنێك، بـەڵام وەکـو جـۆرە زینـدانێکی لێـدێت کـە بـەو شـێوەیەی هەیـەو کراوەیـە لەبـەردەم بینینەکاندا، مەحکوومە بـەکراوەیی و بیـنین بەڕەهاگـەری خـۆی. دەتـوانین بڵـێین وەکـو جۆرە مۆزەخانەیەکی لێدێت لەبۆتەماشـاکردن بەبـەردەوامی و سـنوور بـۆ سانـسۆرکردن مابێتەوە.

ئـەوەی لـەناو جیهـانی ئـەم کاراکتـەرەدا(واتـە دڵـشووشە – مـاڵی شووشـەیی) زۆر بەچالاکی کار دەکات، دەتوانین بەناوی (سیاسەتی دژی فاشیزم) نـاوی بـەرین بەگشتی، هەرچـەندە لێرەدا تۆزێك لـەکەشوهەوا ئیفلاتوونییەکـەی کاراکتـەرە دوور دەکەوینـەوە، بــەڵام بەمۆزەخانــەکردنی خــۆی، مۆزەخانــەکردنی تــەواوی نهــێنی و نائاشــکرایی و ستەمکارییەکانە وەکو مێژوویەك بەلای ئێمەوە.

باشترین بەڵگەی ئەم سیاسەتەش بوونی(ماڵە شوشەکەیەتی) بۆ خـۆی. سـیمبولیزمی ئــەم ماڵــە شووشــەییە لێــرەدا، پێکانــدنی گــرنگترین و ناســکترین ڕووبەڕووبوونــەوەی فەلـسەفیانەیە لەئاسـت ئیفلاتوونیزمیـشدا، ئـەویش بـۆ بڵندکردنـەوەی جیهـانی لیبرالیـزم بـەدیوە پلورالیـستەکەیدا، کـە جـۆرە جـەنگێکی سـیمبولیزممان پێـشکەشدەکات. دیـارە لیبرالیزم لەوەدا دەبیندرێتـەوە کـە ڕوونیـی و ئاشـکرایی سـیمبولیزمی مـاڵی شووشـەیی، نەمانی نهێنییەکانیشە لەگەڵ خۆیدا، یان لەڕەهاگەری–بوونی خۆیدا بەوشێوەیە.

پێکانی ئەو دوالیزمەیە کە لەنێوان (ڕۆح و جەستەدا) تەواوی بیرکردنـەوەی فەلـسەفی مرۆڤایـەتی مەشـغوڵکردوە بـەدیوە میتافیزیکیەکەیـدا، چـونکە دڵـشووشە نـەك هـەر بەدڵ(شوشەیە)، بـەڵکو بـەجەسـتەش هـەر(شووشـەیە)بـەجۆرێك لـەجۆرەکان! ! چونکە

ماڵەکەی (ڕەمزیەتی جەستەکەیەتی کە شووشەیە) وەکو چۆن جەستە دەمرێت و لەماوەو مۆڵەتــە زەمەنییەکەیــدا (کۆتــایی) پێــدێت، ئــەوا (ماڵەکەیــشی) بەهەمانــشێوە لەگــەڵ نهێنییەکانیــدا بــەجۆرێك لــەجۆرەکان کۆتــایی پێــدێت، چــونکە وردوخاشــدەبێت، بــەڵام لەدەرئــەنجامێکی گشتیدا، ئیستاتیکای جیهــانی ئــەم کاراکتــەرە ســۆزو خۆشەویــستی و عەشــقێك فێردەکــات، کــە لەئاســتە زەمینیەکەیــدا گــەورەترەو پیرۆزتریــشە، بــەڵام هاوکــاتییش، هــەمان جیهــان لەســۆزە زۆر قووڵەکــەی هــەڵگری جــۆرە فــۆڕمێکی ئایدۆلۆجیانەیە، بەڵام ئەگەر بەجۆرێکی دیکە تەماشای بکەین و لێی ووردبینەوە دەتوانی خۆمــان لــەو هەســتە ڕزگاربکــەین، ئــەویش بــوونی ڕاســتەقینەی ئــەم کاراکتــەرە (وەکــو بوونێکی وجودییانە) لەبۆ ڕاستەقینەیی خۆی دەژی، ئەویش ژیانە بۆ ئەو خۆشەویستیەی خۆی بۆ تەرخاندەکات و لەهەموو شتێکی تر گەورەترە.

٨

نووســەر پێمانــدەڵێت کــە کاراکتــەرەی یەکپارچــە لــە(ســۆز) پێکهــاتووە، هــەڵگری عەشقێکی ئیفلاتوونیە؟ بەڵام ئیفلاتوون کە دەڵێت ڕۆح، مەبەستی لەلۆگۆسە، واتە وەکــو ســەبەب و بیرکردنــەوە. نــەوەك ســۆزو عاتیفــە، واتــە مەبەســتی لــەعــەقڵ و ســەبەبکاریە، لۆجیــك و عــەقڵێکی حیــسابی و مــەزبووت بەشــێوە زۆر ئیدیالەکــەی. ئــەویش بــۆ ئــەوەی بتوانێــت بەباشــی و بــەجوانی بیربکاتــەوەو هــەڵگری گوومــان و خەلــەل و شــتی ناڕاســتی نەبێت، کتوومت وەکــو ماتماتیــك، بــەڵام دواجــار کــە بەشــێوەیەکی ســۆزەوە بــۆ لۆگــۆس دەڕوانین و سیمایەکی ئایدۆلۆجی و ئاینی پێدەبەخشین، چیدی هاوکێشەکە هــەر هــەمان شــت ناکاتــەوە. نــاوکۆیی ئیفلاتــوونی، دیــارە مەبەســت لەهــەمان قوڵبوونــەوەی کاراکتەرەکەیــە کــە(نووســەر/ ڕۆمــاننوس) بــۆی دروســتکردووە لەئاســت دۆزینــەوەی عەشقەکەیدا وەکو(موستەحیل)، یان فۆڕمێك لەگرژی و دواییش جۆرە خۆکوژییــەك لــەناو جیهاندا، کە ئەویش پابەنــدە بەغــەریزەی عەشــقەوە، چــونکە ئــەو موســتەحیلەی عەشــق دەیکوژێت، تەنیا مەرگ قەرەبووی دەکاتەوە، کەواتە هەمیشە عەشق و مەرگ دووکایــەن، یان دووگەمەن زۆر لێکەوە نــزیکن، چــونکە ناســکێتی دڵشووشە، بــۆ خــۆی ناســکێتیەتی لەناو دونیایەکدا کە جێگایەکی گرانە بۆ بوونێکی وەکــو(ئــەو) تیایــدا بمێنێتــەوەو تیاییــدا هەڵبکات و بژی. بەکورتی، دڵشووشە بەرگەی دڵڕەقی ئەم جیهانە ناگرێت، بەرگەی ئــەوە ناگرێت، کە لاولاوی سپی پێی دەڵێت، "ناتوانم دڵدارت بم و شووت پێبکەم". ئایا نووسەر

دەیەوێت وامانلێبکات، بپرسین: کە دڵشووشە چی لەکەسەکانی تر زیاترە؟ ئایا ئەوانی دی بۆچی تووشی ئەم کارەساتە تراژیدیە نابن؟ راستیەکەی دەبێتە دونیایەك، کە تاوانبارانی تیادایە. هەروەها، دڵشووشە پاڵەوانێکە لەجیهانە زۆر سۆزاویەکەیدا، پاڵەوانێکی تراژیدییاییە. بیرمان نەچێت"زامە" قووڵەکەی سەردڵی بەتاوانی لاولاوی سپی دەشوبهێنێت، لەسەرێکەوە راستە، چونکە ئەگەر لاولاوی سپی نەبێت، عەشقی دڵشووشە بەو شێوەیە ناتەقێتەوەو بەتراژیدیترین مەرگ کۆتایی پێنایەت!! بەڵام لەسەرێکی تریشەوە، راست نییەو تەنانەت شتێکی ئێجگار توندە، کە چیدی لەبەر ئەوەی لاولاوی سپی هەیە یان هەبێت لەناو ئەم دونیایەدا، کەواتە دەبێت بەو جۆرە تەماشای دڵشووشە بکات لەبۆ عەشق و هاوسەرێتی، کە دڵشووشە دەخوازێت؟ (ئەمە دەتوانین بەدرۆخستنەوەی هاوکێشەی دیدگای دیتێرمینیزم بۆ شتەکان و جیهان بکات، کەواتە لەگەڵ ئازادیی و بڕیاردانەکانی مرۆڤدایە وەکو ئیرادەی ئازادیی). بەڵام لەبەرئەوەی دڵشووشە خاوەنی لاولاوی سپی و خاوەنی هەستەکانی لاولاوی سپی نییە، چیدی ناتوانێت لاولاوی سپی بەتاوانبار تەماشا بکات– بیکاتەوە کیلی زامو مردنەکەی خۆی!! چونکە لێرەدا ئەمە دەبێتە(کۆدێکی) مۆرالی و ئاینی بەمشێوەیە. مەبەستمانە بڵێین، جوڵاندنەوەو هەڵسووکەوتی دڵشووشە بەو شێوەیەی خۆی لەناو جیهاندا، لە هەستە زۆر سادەکەیدا دەچێتە دەرەوەو بەناو نهێنیەکاندا رۆدەچێتە ناوەوەو مامەڵەش لەگەڵ شتەکاندا دەکات لەڕاستیدا(لەناوەوەدا)، نەوەك لەدەرەوەدا. پێشمانوایە ئێشکالیەتی بەتاوانبارکردنی(ئەوانیتر)، کە بەبیرکردنەوەو بڕیارەکانی ئەم رازینین، بەڵگەیەکە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام لەدواییشدا، جیهانی ناوەوەی خوودی دڵشووشە یەکسانیش دەبێتەوە بەدەرەوەی خۆی بەجۆرێك لەجۆرەکان. ئەمەیان دوو بابەتگەلی جیاوازن، کە نووسەر بۆی داناوین لەبەردەم تێڕامان و وروژاندەکانیدا بەلای منەوە.

لەکاتێکدا مامەڵەکردنی کاراکتەرەکەی، بابڵێین(پاڵەوانی تراژیدیای عەشق و مردن) کە دڵشووشەیە، تەنیا (یەك) کەسی خۆشدەوێت، هەروەها هەر بەتەنیا ئەو کەسەی وەکو(عەشق) خۆشویستوە لەناو ئەم جیهانەدا. ئەم عەشقەش لەهەستێکی نەزانراو و نادیارەوە لەدایکبوەو هاتووە: نهێنی لافاوەکە. ئەمە بەهەموو شێوەیەك پابەند دەکرێتەوە بەخودی دیدێکی میتافیزیکەوە یان دونیابینیەکی بەوجۆرەوەی، کە شتێك لەسەرەوە، بەنادیاری و نەزانراوی، یان بەخوداوە ئەگەر خودایش نەبێت لێرەدا پابەند

بێتەوە. یان بەفەیتو چارەنووسەوە، وەکو بەخت و چارەی کەسێك لەناو دونیادا، کە چیلێدێت و چۆن و کەی خۆشەویستەکەی دەدۆزێتەوە، یان چۆن دۆزینەوەی خۆشەویستی دەبێتە مۆتیڤی هەر هەموو شتێك؟

ئەم فەیتە، بۆنموونە لەلای بیرمەندێکی وەکو سپینوزا بۆ خۆی پابەندە بەتۆتالیەتی گەردوونەوە، کە چۆن شتەکان پابەندن بەیەکەوە، ئەم گەردوونە بۆ خۆی بریتییە لەبوونی خوداوەندیش بەجۆرێك لەجۆرەکان. وە لەبەرئەوەی هەموو پرۆسێسەی بەڕێوەچوونی گەردوون پیرۆزەو عەزەمەتە، چیدی تەواوی بەڕێوەبردنی ئەم پرۆسێسەیە وەکو خوودی "خودا" وایە. ئەمەیشە کە ئەم مەرگە(مەرگی دڵشووشە)، وا لەیەکێك دەکات بەمەرگێکی زۆر ڕۆمانیتیکیانە تەماشای بکات، کە پێموایە لەنووسین و ڕۆمان و شیعرەکانی نووسەرانی ئاڵمانی بەدیبکرێن بەزۆری. بۆ نموونە، نووسەرانی وەك فریدریك شیگلو شیلی و نۆڤالیس و تەنانەت گۆتە«بەتایبەتی لەڕۆمانی یەکەمیدا١٧٧٤، بەناوی "ئازارەکانی وێرپەری گەنجەوە"، کە لەکۆسپ و ئازاری ڕۆمانسدا لەگەڵ چارلۆتتدا خۆیدەکوژێت، هەرچەندە بۆ ئایڤرینگ سینگەر وێرپەری گەنج، "گەنجێکی نیوڕاتیکە یان شلەژاوێکی دەروونی لەلا هەیە، کە بۆ خۆی عادەتەن نایزانێت، یان نیشانەکانی دەروونی خۆی ناناسێتەوە، ئەو دەمرێت نەك لەبەر ئەوەی چارلۆت خۆشەویستی لەگەڵدا ناکات، بەڵکو دەمرێت لەبەر بێتواناییە دەرونییەکانی کە وایلێدەکات نەتوانێت بەشێوەیەکی حەقیقی کەسی خۆشبوێت یان هیچ شتێکی خۆشبوێت"[٢٢] هەرچەندە، ئەم کەسایەتییەی گۆتە زۆر لەدڵشووشەوە نزیکە بەلای منەوە، چونکە بۆ نموونە جۆن ئارمیسترۆنگ لەکتێبی، لە(حاڵەتەکانی عەشقدا) بەرامبەر ئەم کاراکتەرەی گۆتە دەڵێت" ئایا بۆچی وێرپەری گەنج، کە گەنجێکی زیرەکە، سەرنجڕاکێش و قۆزە، گەنجێکی دەوڵەمەندە، بڕوات بۆ خۆی کچیکی گەنجی تر بدۆزێتەوە؟ چارلۆت جوانبوو، بێگومان، بەڵام نەدەبوو بەو شێوەیە فیشەکی بەخۆیەوە بنایە، لەبەر ئەوەی چارلۆت پێیرازینەبوو"[٢٣] هەرچەندە لەناو ئەو ناوکۆییەی سەرەوەدا، ڕەنگە هەستی دڵڕەقی ببینین، چونکە ئەگەر خۆشەویستی پاکژی و ڕاستەقینە مامەڵەکردنێکی ڕۆحانی بێت بەوشێوەیە، ئەوا ڕەنگە مامەڵەکردنێکی زۆر لۆجیکی کارێکی هێندە ئاسان و سادە نەبێت بەو شێوەیە، بەتایبەتی لەناو چرکەساتی قەیرانی عەشقکردنەکەدا لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا!! بەهەرحاڵ، منیش وەکو ئەو پرسیارانەی سەرەوە دەپرسم: ئایا

دڵشووشە نەیدەتوانی کچێکی جوانترو گەنجی دیکەی خۆشبوویت؟ یان ئایا لاولاوێکی دیکە نییە، یان نابینێتەوە؟ بۆچی بەتەنیا دەبێت لاولاوی سپی بێت؟ بەڵام وەڵامەکە ئاسانە، چونکە نهێنی لافاوەکە وەکو فینۆمینۆیەك ئەمەدەکات، ئەو فۆرسو هێزەیە لەناونهێنی لافاوەکەدا کە رایدەکێشت و دەبیات بەرەو نهێنی ئەو خۆشەویستییە زۆر رۆحانی و قووڵ و شازە، کە بۆ خۆی نهێنییەکەیە، ئەم یارییەش لەدەرەوەی مردندا نییە، لەدەرەوەی هێزی کاراکتەریشدا نییە، بەڵام ئایا کە هەستێکی بەو شێوەیە بتوانێت لەدوای خۆی گەورەترین تراژدیدیا بەجێبهێڵێت، ئایا دڵشووشە کە بۆ خۆی بەوشێوەیەی دەمرێت، نابێتە قوربانییەکی دەستی خۆشەویستی و عەشقکردن؟ یان ئەم مەرگە، جۆرە قوربانییەکە بۆ سەلماندنی جیهانی خۆخاپوورکردن، هەروەها" لەکتێبی ئەمۆرس، لەبەشی یەکەمی کتێبەکەدا، "ئۆڤید" چەندینجار ئامازە بەخۆی دەکات وەکو قوربانییەکی دەستی (کیوپید، هەندێك جار هەر بەئیرۆس ناو دەبرێت لەماناکەیدا، وشەکە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە بۆ مانای"ئارەزوو" بۆ یۆنان و رۆمانەکان)، وەك"زیندانییە"هەروەها وەك" دەستبەسەر گیراوێك" ئەم بەدراماکردنە چیدی ئەوەمان پێدەڵێت، کە بەدەست خۆمان نییە، وێرپەری گەنج یان ئێمەش دەکەوینە ناو خۆشەویستییەوە، لەگەڵ هەریەکێکدا کە دەبێت، بمانەوێت و نەمانەوێت وەڵامدانەوەیەکە بۆ داخوازی و ئارەزووەکانمان"[٢٤]، دیارە بەهەمانشێوەش لێرەدا دەبێت مامەڵە لەگەڵ"دڵشووشەدا" بکەین، چونکە ئەوە تیری خۆشەویستی لاولاوی سپییە لەناو نهێنی لافاوەکەوە بەر دڵی دەکەوێت و چیدی دڵی ناسکیی ئەو بۆی لێدەدات بەو شێوە زۆر سەرسامە. بەهەستە ئۆڤیدیەکە، ئامازە بەمەبکەین، ئەوا ئەوە تیری تراژیدیای خۆشەویستیکردنە لەگەڵ لاولاوی سپیدا، بەر دڵی دڵشووشە دەکەوێت. سەرەڕای ئەمەش، لاولاوی سپی خۆشیناوێت و بۆ عەشقکردن و شووکردن دەڵێت(نا)، یان راستتر(نا، شووت پێناکەم، چونکە ئەم دوو دەستە خوشکە زووتر بڕیاری ئەوەیان داوە کە هەرگیز شوو نەکەن).

بیرمان نەچێت، خوشکە سپییەکان دڵشووشە یان زۆر زۆر خۆشدەوێت، بەڵام جۆرە خۆشەویستییەك نییە کە تینوێتییە زۆر قووڵەکەی دڵشووشە بشکێنێت. کەواتە دڵشووشە، لاولاوی سپی تەنیا لەو دیوە رۆحیەشدا تەماشا ناکات، بەڵکو وادیارە، وەکو

ئابجێکتی ئارەزووکردن و حەزلێکردنە لەدیوێکی تریشەوە، بەڵام رۆمانەکە هیچ شتێك، بۆنموونە لەڕووی ئارەزووە سێکسوالیتەکانی دڵشووشەوە ناڵێت و ئاماژە پێناکات.

هەروەها" شیلی عادەتەن تەعبیر لەبێزاری و بێهودەیی دەکات وەك ستایشکردن کە سنوور بۆ عەشقکردن لەگەڵ مردندا دەکێشێت"[٢٥]، شیلی" تەعبیر لەکۆنسێپتی عەشق–مردن دەکات کە رۆمانتیکە پەسەمیستەکان هەمیشە پاراستویانە"[٢٦] لەلای خۆیان وەکو کەلتوورو ئەدەبێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام پێموایە لەمدیدگایەوە بۆ کاراکتەری دڵشووشە، زۆر لەوێرپەری گەنجەکەی گۆتە بچێت، چونکە وێرپەر لەگەڵ چارلۆتدا نزیك و هاوڕێن" هاوڕێیەتی وێرپەر لەگەڵ چارلۆتدا پەیوەندییەکە لەکامەرانی بۆ هەردووکیان. تەنانەت وێرپەر وەکو کوڕی چارلۆتیش بێت وایە، وەك بەو شێوەیەی چارلۆت هەڵگری ئێنرژییەکی(وزەیەکی زۆر) سروشتی خودایی بێت، وێرپەر واهەست دەکات چارلۆت(پیرۆزە/ قەدیسە) لەبۆ ئەو، ئەوەیشمان پێدەڵێت" هەموو سۆزێك بەبێدەنگی دەمێنێتەوە لەحزوریدا"[٢٧]، هەروەها کەم یان زۆر، پەیوەندییەکی بەمجۆرە هەیەو بەدیدەکرێت لەنێوان خوشکەسپیەکان و دڵشووشەدا. ئەگەر بتوانین وابڵێین، چیدی ئەو خۆشەویستی و رێزو مەحەبەتە زۆر گەورەیەی هەیە لەنێوانیاندا، دەتوانین بەوی چارلۆتو وێرپەری گەنجی بەراوردبکەین، چونکە هاوڕێیەتییەکی زۆر بەهێزیان هەیە، هاوڕێیەتییەکی زۆر کامەرانیشە، هەندێکجاریش ئەو دوو خوشکە وەکو دوو(فریشتەش) وان، یان وا دەردەکەون. بەکورتی، سۆزو دڵی کاراکتەری دڵشووشە، سەلماندنی خوودی عەشقە بۆ لاولاوی سپی وەکو تراژیدیای عەشق، لەبەر ئەمە عەشق وەکو ئەوە وایە موومکین نەبێت بەجۆرێك لەجۆرەکان. لەکۆتاییدا، عەشق کاتێك موومکین دەبێت، ئەگەر خوێندنەوە بۆ عەشق هەبێت و بکرێت نەوەك تەنیا لەدیوە ئاینییەکەیدا یان رۆحیەکەیدا قەتیسبمێنێت، نەتەنیاش لەدیوە مەتریالییەکەیدا(جەستە) بەندبکرێت، بەڵکو عەشق وەکو ئەوەی هەیە لەناو بووندا، کایەی هارمۆنی رۆح و جەستە پێکەوە تەماشادەکات و مانایەك بۆ بوون و ژیان دەدزۆێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، عەشق هەمیشە هەڵگری جۆرە ئازارێکە، ئازارێکی قووڵ و ناهەموار، ئازارێك تەنیا عاشق دەزانێت و دەتوانێت ئاماژەی بۆ بکات، لەبەر ئەمە مەرگ وەکو هاوکێشەیەك لەخۆی نزیك دەکاتەوە. مەرگ وەکو دیاردەیەك، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەعەشقەوە هەیە لەم ئاستەوە.

سەرچاوەکان:

*Adorno, Theodor W. Prisms. Cambridge: MIT Press, ١٩٩٥.*

*Armstrong, John. Conditions of Love, the Philosophy of Intimacy. New York: Penguin Books, ٢٠٠٣.*

*Bloom, Harold. How to Read and Why. New York: Simon & Schuster, ٢٠٠٠.*

*Camus. Albert, The Myth of Sisyphus, And Other essays. New York: Vintage International, A Division of Random House, Inc. ١٩٩١.*

*Deluze, Gilles and Clair Parent. Dialogues. New York: Colombia University Press, ١٩٨٧.*

*Howgate, George W. George Santayana. New York: A. S. Barnes and Company, Inc. , ١٩٣٨.*

*Kundera, Milan. The Art of the Novel. New York: Harper and Row Publishers, ١٩٨٦.*

*Levinas, Emmanuel. Ethics and Infinity, Conservation with Philippe Nemo, Translated by Richard A. Cohen. Pittsburgh: Duquesne University Press, ١٩٨٢.*

*Miles, Christopher with John Julius. Love in the Ancient World. Norwich: ١٩٩٧.*

*Nozick, Robert. The Examined Life Philosophical Meditations. New York: Simon & Schuster, ١٩٨٩.*

*Plato. Symposium, Translated With Introduction and notes by Alexander Nehamas and Paul Woodruff. Indianapolis: Hackett Publishing Company, ١٩٨٩.*

*The Cambridge Companion to Plato. Edited by Richard Kraut. Cambridge University Press, ١٩٩٢*

*Rochlitz, Rainer. The Disenchantment of Art, The Philosophy of Walter Benjamin. New York: The Guilford Press, ١٩٩٦.*

*Singer, Irving. The Nature of Love. ١٩٨٤.*

*Sister M. Judine, I. H. M. Goethe to Ibsen, Literature of the Western World. New York: The Macmillan Company, ١٩٦٢.*

*The Cambridge Companion to Foucault. Edited by Gary Gutting. New York: Cambridge University Press, ١٩٩٥.*

*Walter Benjamin, Selected Writings Volume ٢: ١٩٢٧–١٩٣٤. Michael W. Jennings, General Editor; Marcus Bullock, Howard Eiland and Gary Smith, Editorial board. ١٩٩٩.*

دواهەمین هەناری دونیا، بەختیار عەلی، چاپی دووەم٢٠٠٣.
لەغوربەتا، شیعر، محەمەد عومەر عوسمان، چاپی دووەم٢٠٠٢.
دیوانی مەحوی، بەغداد، ١٩٧٧.
١٨/٢٠٠٥١٧گۆڤاری نما،
دیوانی نالی، بەغدا،١٩٧٦

## پەراوێزەکان:

(١)Miles,Christopher with John Julius. Love in the Ancient World p ٨٤,٨٥

(٢)Plato. Symposium. ١٩٨٩

(٣)Bloom, Harold. How to Read and Why. p ٦٩

(٤)Adorno, Theodor W. Prisms. p٢٣٣

(٥)Rochlitz, Rainer. The Disenchantment of Art, The Philosophy of Walter Benjamin. page ١٤٤

(٦)Kundera, Milan. The Art of the Novel. page ١٥٠

(٧)Walter Benjamin, Selected Writings Volume ٢: ١٩٢٧-١٩٣٤. page ٢٠٩

(٨)لەغوربە تا، شیعر، محەمەد عومەر عوسمان، چاپی دووەم ٢٠٠٢، لاپەڕە ٦٣.

(٩)هەمان سەرچاوە، شیعری کۆست، لاپەڕە ٣٥.

(١٠)Sister M. Judine, I. H. M. Goethe to Ibsen , Literature of the Western World. page ٢٧

(١١)هەمان سەرچاوەی پێشوو، لەغوربەتا، بەرگی دیوانە کە

(١٢)هەمان سەرچاوە، ٤٧

(١٣)Camus, Albert, The Myth of Sisyphus, page ٦٩

(١٤)هەمان سەرچاوە، p,٧٣

(١٥) هەمان سەرچاوە، page ٧٣

(١٦)Adorno, Theodore W. Prisms. Page ٢٣٤

(١٧)The Cambridge Companion to Foucault. Pages ٣٦,٣٧

(١٨) هەمان سەرچاوە p ٤١

(١٩) هەمان سەرچاوە، p٤٢

(٢٠) هەمان سەرچاوە، p ٢٩٣

(٢١) هەمان سەرچاوە،س p ٤٣

(٢٢)Singer, Irving. The Nature of Love. p ٤٣٥

(٢٣)Armstrong, John. Conditions of Love, the Philosophy of Intimacy. P. ٨١

(٢٤)Ibid ٨٣,٨٤

(٢٥)Singer, Irving. The Nature of Love. page ٤٣٢

٤٣٤هەمان سەرچاوە، (٢٦)

(٢٧) هەمان سەرچاوە، ٤٣٦



# هەڵوەستەیەکی شیعریی

**حەمەکەریم عارف**

یەکێک لەڕەگەزە شیعرییەکان، وێنەی شیعرییە، جا تا تەڕوتازە بێت، پتر بەرجەستە دەبێت و بەشێوەیەکی زیندوو و کتوپڕ، دڵ و دەروون پاراودەکات و ئۆخژن بەناخ دەبەخشێت، جا لێرەدا دەبێت ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوە بکرێت کە شیعر ژانرە ئەدەبێکی هەرە تایبەتییەو رەنگە بکەوێتە دەرێی ژینگەو مێژووەوەو خۆی مێژووی خۆیەتی، جاوێنەی شیعریی زادەو پابەندی هیچ هاڕوژانێکی دەروونی نییەو دەنگدانەوەی رابردووش نییە، بەڵکو لەمیانەی پرشنگدانەوەی وێنەکانەوە، رابردووی دوور دەنگدەداتەوەو هیچ دیار نییە ئەو دەنگدانەوەیە لەچ قووڵاییەکەوە دێت و لەکوێ کۆتایی دێت، وێنەی شیعریی ناسنامەو دینامیکیەتیی خۆی هەیە، جا بۆیە خوێنەری شیعر لەسەرییەتی دەرك بەحەقیقەتی تایبەتمەندییەتی وێنەی شیعریی بکات و هەرگیز وێنەی شیعری بەبریکاری شتێکی دی نەزانێت، چونکە لەدەرێی تایبەتمەندییەکەی خۆیدا مردار دەبێتەوەو خۆی بەدەستەوە نادات و لەزەتە ئیستاتیکییەکەی لەدەستدەدات، چونکە شیعر بەشێوەیەکی گشتی پتر دیاردەیەکی رۆحییە تا دیاردەیەکی ئەقڵانی بێت، واتە وێنە پێش بیرو بیرۆکەیە، روح بۆخۆی پرشنگێکی ناوەوەی هەیە، بەدنیایەك رەنگی زۆر جوانەوە خۆی دەنوێنێت، واتە روح لەناوەوە تیشك دەخاتەسەر خۆی و رەنگدانەوەی تیشکی دەرەکی نییە، جا بەمپێیە شاعیر لەڕێگەی وێنەی شیعرییەوە تیشك و رووناکی

بەرهەمدێنێت و گەرموگوڕی بەژیان دەبەخشێت، جا ئەمە بەو مانایە نییە ئەقڵ بەتەواوەتی لەدیاردەگەرایی وێنەی شیعریی بسڕێنەوە، بەهەرحاڵ جان جیف وتەنی: (شیعر روحێکە لەشێوەدا دەکرێتەوە)، هەڵبەتە شێوە بەرلەوەی تیشکی شیعریی ناوەوە رووناکی بکاتەوە، وەکو بابەت، بابەتی ئەقڵە، بەڵام روح دێت و فۆڕم و شێوە دەکاتەوەو ئاوەدانیدەکاتەوە، هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە بۆ خۆی دەنگ و دەنگدانەوەی هەیە، دیارە هەر دەنگدانەوەیەکی رەسەن قووڵیی بەبوونمان دەبەخشێت و گۆڕانێک لەبوون دروستدەکات، چڕو قووڵیی لەشیعردا دیاردەیەکی دوولۆنەی دەنگ و دەنگدانەوەیە، پێدەچێت چڕیی و قووڵیی و بەپیتی شیعر یان قەسیدە، قووڵاییەکی تازە لەناخماندا بێدار بکاتەوە، هەر شیعرێك یان دەقێکی شیعریی ئەم دیاردەیەی لێکەوتەوە، نیشانەی داهێنانی راستەقینەیەتی و خوێنەر لەم حاڵەدا تەواو لەگەڵ خوێندنەوەدا ئاوێتە دەبێت و ئەم تەبایی و گونجانە لەگەڵ خوێندنەوەدا هەگیز لەدڵبەندیی جیانابێتەوە، خوێندنەوە دەبێت بەلەزەتێکی ئیستاتیکی و روحی خوێنەر پاراو دەکات، دیارە لەزەتی خوێندنەوە، یان ئەمجۆرە خوێندنەوەیە، رەنگدانەوەی لەزەتی نووسینەو خوێنەر حاڵێکی ئەوتۆی لێدێت لەتۆ وایە تاپۆی نووسەرەکەیە، جابەشداریکردنی خوێنەر لە لەزەتی ئەفراندندا خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئەفراندنە، ئەفراندنی وێنەی شیعریش لەزمانەوە هەڵدەقوڵێت.

دیارە زمانی شیعریش لەزمانی ئاسایی باڵاترە، بۆیە کاتێك لەگەڵ ئەو شیعرانەدا دەژین کە دەیانخوێنینەوە، ئەزموونی ژیانەوە دووپاتدەکەینەوەو زمان لەوە دەردەچێت ئامرازی پەیوەندیی بێت، چونکە شیعری گەورەو شکۆدار کاریگەرییەکی مەزنی بەسەر روحی زمانەوە دەبێت و ئەو وێنانە دەژێنێتەوە کەوا تەسەوردەکرێت کاڵبوونەتەوە یان سڕدراونەتەوەو لەم حاڵەدا شیعری مۆدێرن ئازادیی بەجەستەی خۆی دەبەخشێت و دەبێت بەدیاردەیەکی ئازادیی، ئازادیی لەجوڵەو تەڤگەر بەدەر نییە، بەم پێیە شیعر هەمیشە دینامیکییەتی خۆی هەیە، کە وێنە خۆی بە بەیتی شیعر دەسپێرێت، بەرزەخەیاڵ لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و لەتۆ وایە خەیاڵ دەبێت بەڕەگی حەیاتی ئەفراندن و هەموو ئەمانەش لەزمانداو بەزمان دێتەدی و وێنەی شیعریی ئەو ئەزموونە زمانەوانیانە پێکدێنێت کە مرۆڤ بەڕوح تێیدا ژیاوەو ئاوێتەی بووە، لەشیعردا وشە بەوێنەی شیعریی دەدوێت و ئەگەر بەجدی گوێی لێبگرین دەتوانین پەیوەندیی بەردەوامی لەگەڵدا چێبکەین، دیارە لێرەدا تەنیا شیعری شکۆدارو زیندوومان مەبەستە، شیعرێك کە بتوانێت بژی و بەردەوامی بەشیعرییەتی خۆی بدات، هەڵبەتە ئەم جۆرە

شیعرانەش ئێجگار کەم و دەگمەنن، واتە ئەو شیعرانەی کە راستەوخۆ زادەی خەیاڵن و هۆش بێدار دەکەنەوە لەمتبوونی دەخەلەسێنن و ژیان بەپیتتر دەکەن زۆر کەمن، لەکاتێکدا کە خەیاڵ رەگەزو نیرویەکی سەرەکییە لەڕەگەزو نیرووەکانی سروشتی مرۆڤانی و خەیاڵ سەرچاوەو کانگەی داهێنانی وێنەیەو خەیاڵ بەهۆی کاریگەریی خۆیەوە لەڕابردوو و لەواقیع داماندەبڕێت و رووبەڕووی ئاییندە دەبێتەوە، هەر شاعیرێك توانای خەیاڵکردنی نەبێت، یان خەیاڵدانێکی بەپیتی نەبێت، توانای هیچ جۆرە پێشبینییەکی نابێت و ئەم خەیاڵسزییە لەزۆربەی شیعری تازەی کوردیدا، زۆر بەزەقی دیارە، خەیاڵ بەوێنەی تازە خۆی دەوڵەمەند دەکات، شیعری چاك وەکو چیایەکی چڕ دارستانی سەربەتەم وایەو خوێنەر بەزندەخەونان دەسپێرێت، وایلێدەکات زندە خەون بدینێت و زندە خەون خەیاڵ تازە دەکاتەوە، تازەیی خەیاڵ لەوێنەی تازەدا رەنگدەداتەوەو کە وێنە تەڕو تازە بوو دنیاش تەڕو تازە دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەخۆمان هەموو شتێك دابهێنین و دووبارە شتەکان بخوڵقێنینەوە، واتە هەموو شتێك لەژیاندا کەرەستەی خوڵقاندن و خوڵقاندنەوەیە، ئەفراندن و ئەفراندنەوەیە، دیارە فۆرم و شێوەزادەی ژیانە، واتە ژیان دەتوانێت شێوەی زندوو بخوڵقێنێت، بۆیە بەپێی یاساو ڕێسای خەیاڵ و زندەخەونان فۆرم و شێوە دەکاتە ماڵی ژیان و ژیان لەوێدا دەهێوریٚ و جۆرە دڵنیاییەکی نیگەرانیئامێز پەیدادەکات، دیارە لەڕێگەی شیعرەوە زمان دەبووژێتەوەو سەرلەنویٚ توانای ئازادیی دەربڕین پەیدادەکاتەوە، هەڵبەتە زمان لەهەناوی خۆیدا جەدەلیەتی کرانەوەو داخرانی هەڵگرتووە، لەمیانەی ماناوە دادەخرێت، بەڵام لەمیانەی گوزارشتی شیعرییەوە دەکرێتەوە.

جا شیعری خالیسە هەوڵێکە بۆ ئەفراندنی دنیایەکی تازە، پەنجەرەکانی ئێستا بەسەر ئایندەدا دەکاتەوەو وەستان قەبووڵ ناکات و لەگەڵ شەپۆلی گۆڕاندایەو ماهیەتی ئەزموونی مرۆڤانی بەئاراستەی ئایندەدا دەشیعرێنێت و لەقاڵبی هونەردا بەرجەستەی دەکات و شیعری تازە تەنیا بەوەوە ناوەستێت لەچوارچێوەی هونەرە رەوانبێژەییەکانی وەکو واتاناسی و روونکاریی و جوانکاریدا قەتیس بمێنێت و خۆی لەقەرەی ئەزموونە مرۆڤانییەکان نەدات و هەقی بەسەرەوە نەبێت، بۆیە هەر ئەدیبێك بیەوێت ئەزموونی پێشینان دووبارە بکاتەوە، بشفرێت هەر لاساییکەرەوەیە، لەجیاتی رابردوو لەئێستادا بژێنێتەوە، ئێستا بۆ رابردوو دەگەڕێنێتەوە، چ شتێکی تازە ناخوڵقێنێت و داناهێنێت.

*کورتیله وتار*

# بەنیشتیمانبوون و بەنیشتیمانگەرایی

## نیگار نادر

گەلەك گاڤان نیشتمانانێك هەن بەناوی پیـاو یـان ژنـە تێكۆشـەرو هەڵكەوتەكانیانـەوە دەناسـرێن و ناودەردەكـەن، پیـاو و ژن گەلـەكیش هەنـە بـەناوی نیـشتیمانەكانییانەوە لەبیرناچنەوەو ناودێردەبن.

بـەدیوێكی دیـدا نیـشتمانگەلێك هـەن بـەناوی رۆشـنبیرەكانیانەوە دەناسـرێن و دەخوێنرێنەوە، رۆشنبیرگەلێكیش هەن بەناوی نیشتیمانەكانیان نـەمردەبن و دەچنە نـاو زمانانەوە.

زۆر جـاران وارێدەكـەوێت لـەرێی كتێبێـك یـان وتارێـك یـان شـیعرێك یـان فیلمێـك یـان گۆرانییـەك یــان هەڵوێـستی رۆشـنبیرێكەوە، نیـشتیمانێك دەناسـی و خۆشـتدەوێت و دەكەویتە هەوڵی وەدەستهێنانی زانیاریی لەسەری و لەخۆرا وا هەستدەكەیت نیشتیمانێك بۆتــە هاورێــت و لەخۆشەویــستی رۆشنبیرییەكەشــی را ئــەو نیــشتمانەت هـــەرگیز لەبیرناچتەوە.

بەپێچەوانەشەوە هەندەك گاڤان نیشتمانێك لـەزمان و زەینـت هەڵـدەنگوێ و دەناسی هێندە بەمێژوو شارسـتانییەتی سەرسـام دەبیـت و كـەیفت دەچـێ هـەموو زانیارییـەكی لەسەر وەدەست بێنیت و رۆشنبیرەكانی بناسی و بەرهەمەكانیان بخوێنیتەوە.

لەبۆیە دەكرێت بێژێن هەندێك رۆشنبیر دەبنە پەنجەرەو لەسەر رووی نیـشتمانەكانیان ئاوەڵا دەبن و نیشتمانەكانیان دێننە بەرچاوان و سەر زمانان، بەدیوێكی دیكەشدا هەندێك نیشتمان دەبنە پەنجەرەو دەخرێنە سەرپشت و رۆشنبیرەكانیان لێرا وەدەردەكەون.

هەمیشە ڕۆشنبیرە تۆکمەو گەورەکان نیشتمانی خۆیان لەقەڵەم و زمان و دەنگیاندا دەپارێزن و هەر بجوڵێنەوە جوانیی و کەلتوورو ڕەسەنایەتی پێشاندەدەن و لەگەڵ نیشتمانەکەیان یەك پێناسەیان بۆدەکرێت.

نووسەرگەلێك هەن ئێستا بەقۆناغی بەنیشتمانبووندا تێنەپەڕیون و چەقیون و نازانن لەنیشتمانی خۆیاندا چ دەگوزەرێت، بەهەڕەمەکیانە شانیان داوەتە بەر بەجیهانیبوون و لەسەر بەجیهانیبوون دەنووسن.

ئەڤ نوسەرو بەناو ڕۆشنبیرانە تەواوی تەمەنی خۆ دەگوزەرێنن بێ لەوەی لەتەواوی کەلتووری خۆیان شارەزابن و شانازی بەوەدەکەن کەچەند زمانێکی بیانی دەزانن، لەودەمەیدا هیچ دیدو زانیارییەکیان لەدیالێکتەکانی زمان و ڕێچکەیەکی زمانی ستانداردی خۆدا نییە.

لەسەر پێکهاتەو نەخشەی وڵاتێکی ئەوروپی دەنوسێت، شارەزایی لەنەخشەی نیشتیمانی خۆی نییە! ناوی شارێك یان کافتریایەکی ئەوروپا دەخاتە ناو وتار یان شیعرێکیەوە کاتێك ئاشنایی تەواوی دەگەڵ دە گوندو چیای نیشتمانی خۆی نییە، بەسەرو بنی زمانی وشەی مۆدێرنە دەپرژێنێت، لێ ناوی دە درەختی خۆرسکی نیشتمانی خۆی ئەزبەر نییە! بەڕەوە ناوی فەیلەسووف و هزرمەندی بیانی دەردەفرتێنێت، لێ دوو دێڕە شیعری نالی، مەحوی نازانێت و ئاگاو خەبەرداری دوو وتەی هزرمەندەکی وەکو مەسعود محەمەد نییە!

گەلەك جاران زەین و ڕێدەکەوتە نیشتیمانگەلێك دەبینی فیکرو ڕەنج و عەقڵی ڕۆشنبیرەکانی لەسیماو ڕەنگی خۆدا هەڵگرتوەو پاراستووە، لەبۆیە هەر کەچاوت تێهەڵەنگووت چاوت لەمێژووی ڕۆشنبیرەکانیشی هەڵدەنگوێت.

ڕۆشنبیرە مەزنەکان بەقەڵەمەکانیان فیکرو ناوی خۆیان لەسەر نەخشەی نیشتیمانی خۆ هەڵدەقەنن تا دونیا هەیە ناویان کاڵ نابێتەوە، لێ نوسەرە گچکەلەکان نووکە قەڵەمەکانیان وەکو سەرە دەرزی لێدەکەن و نووسین و ناوی خۆ بەداوێن و کەوای دەسەڵاتدارانەوە دەدروون و دەگەڵ ڕەشبوونەوەی ئەوان ئەوانیش ڕەشدەبنەوەو بەسەردەچن!

چوونە ناو زمانان بەناوی نیشتمانەوە تاکە ئامانج و خواستی ڕۆشنفیکرو داهێنەرانەو بەبێ بەنیشتمانیبوون هیچ نووسەرێك نابێتە ڕۆشنبیرو ناسناوی ڕۆشبیر بێزەوەر دەکات.



لەپەراوێزی
دیوانەکەی بۆدلێردا
لەتیف هەڵمەت

ڕێگا
هەژان بابامیری

هۆزان
هەندرێن

لەکۆتایی چاوەڕوانیدا
عومەر سەید



# دەق

# لەپەراوێزی دیوانەکەی بۆدلێردا

## لەتیف هەڵمەت



لەئاوێنەی ژوورەکەمدا

دیوانەکەی بۆ دلێر ون بوو

کوا... دیوانەکەی بۆ دلێر

ئاوێنەکەم دیوانەکەی بۆ خوێندمەوەو

منیش لەبەرم کرد... دێڕ دێڕ

* * *

من هەمیشە رەشەبایەک

دژی کینەی گوڵ هەڵدەکەم

من هەمیشە کۆلارەیەک

بۆ هەورێ دوور دروستدەکەم

* * *

شەو بەلایماڵماندا دەڕوات

سەدان ملیۆن

ریشۆڵە بەرەڵا دەکات

هەمیشە رێبوارێک

لەشەمەندەفەرێکدا... جارێک

یادگارێکی لەیاددەچێ

هەمیشە شەمەندەفەرێک

لەشارێک

جانتای رێبوارێک

دەدزێ

* * *

بەخۆمەکەی دی -خۆم-م گوت

تۆ لەمن دەچی کوتوموت

وتی: تۆکێی

بۆ من لەکوێ بم تۆش لەوێی

ئیتر هەردووکمان رۆیشتین

هەنگاو هەنگاو بەیەکتری دەگەیشتین

ئێستاش هەردووکمان چەند دەڕۆین

بەیەکەوە درێژایی، رێگا دەخۆین

نە من ئەو دەناسم و نە ئەو.. من

-خۆم-ەکەی دی نازانم دۆستە یا دوژمن...

* * *

کات بەجزمەکانییەوە نووستووە

بیری چووە

نووستن بۆ ئەو نەهاتووە

بیری چووە

ئەمڕۆکە کات لەکوێ بووە

چی کردووە

بەجزمەکانییەوە نووستووە

* * *

لەیادت بێ کە هێڵی راست

سەرەڕۆییەو رادەکات و هەر رادەکات

کەس نازانێت بۆ کوێ دەڕوات

* * *

هەر بۆ ئەوەی رزگارمان بێ

لەتەنیایی دڵی خۆمان

هەندێ لووتکەو چەند درەختێ

ناو لێ دەنێین نیشتمان

* * *



## نزیکێکی دوور

لەم تاراوگە بۆ ئەوی دی

بۆ نیشتمانمان دەگەڕێین

سەرینێ بەردینمان بداتێ

منداڵێتی خۆمانی

لەژێردا بشارینەوە

نیشتمانیش ونگەیەکە

چەند نزیک بێ

نایگەینێو نایدۆزینەوە

## ڕەهایی

تاریکایی گەردوون دەخوا
هێدی.. هێدی ڕووبارێک
ڕێگا دەبڕێو دەڕوا
داری ناو دارستانەکە
سەریان ناوە بەکەلەوە... یەکە یەکە
سەیری مانگ دەکەن بە ڕووتی وا
لەناوەڕاستی ڕووبارەکەدا خۆی دەشوا



## شیمانە

کاتژمێر نەخشەکانی منداڵیمان
بۆ کوێ دەبات
وا بەپەلە رادەکات...

## بەلەمی وێڵ

منداڵەکە کۆمەڵێ کاغەزی هێنا
دایکی چەمۆڵەیەکی... لێنا
-ئەم نالەبارە دیسان
ماڵ دەکات بە: زبڵکوان
خوشکە گەورەکەشی هەڵچوو
-دایکە ئەم منداڵەت بۆ بوو...
منداڵەکە نقەی نەکرد
بێدەنگ... ورد... ورد

ورد... ورد... بێدەنگ

سەیری بارانەکەی دەکرد بەکاغەزێکی رەنگاوڕەنگ

بەلەمێکی گەورەگەورەی دروستکرد

-فەرموون سەرکەون هەردووکتان

دەتاننێرم بۆ هەندەران



دایکیو خوشکەکەی پێکەوە

نەختێ لەقسەکەی رامان

سەریان هێناو سەریان برد

چوونە ناو بەلەمەکەوە

لە بارانە بەتاوەکەیان دەنواری

لەبری دڵۆپەی باران

دۆلار بەسەر بەلەمەکەدا دەباری

هەتا ئێستاش وەکو چیرۆکبێژ دەڵێ:-

بەلەم دەڕواو دەیانبات‌و دەیانبات

بەلەم نەڕادەوەستێ

نە بەهیچ جێگەیەک دەگات

بەلەم دەڕوات‌و هەر دەڕوات

دۆلاری بەسەردا دەبارێ

بەڵام بەهیچ جێگەیەک ناگات

## ئاگاداری

لەبیرتان بێ

وەک دوێنێ لەبیرتان نەچێ

قەڵەم دۆستی
سپێتی یە
سپێتی...

## تیۆرێکی ئەکادیمی



ئەو درەختە
لەگەڵ منو چۆلەکەدا زیندووە
منو چۆلەکە جێی بێڵین
درەخت نییە مردووە...

## دەردۆنگ

هەردەم بۆ هەورێک دەگەڕێم
بەناو نسێی وشەکاندا
رادەکاتو رادەکات
دوو دڵە لەوەی بێ بەمەل
لە بیابانی ئاسماندا
یا قەفەزی دڵی من داگیربکات
دوو دڵە لەوەی بەرەو ماڵەوە بڕوات
یا تۆڵەکەی لەئاو پاکات...

# هۆزان

**هەندرێن**

ستۆکهۆڵم



**هەبوونێکی ریسکدار:**

**دیارییەکی بەخشندەی بەخشراوە.**

**عەدەمێک، کە بە لاواندنەوەی خۆیەوە سەرقاڵە،**

**مەرگێکی بێناو و بێڕەنگە.**

**ئەرێتیی و نەرێتی،**

**وەک بوونی نە بوونە.**

**شەپۆلێکی لە مێگەل راپسکاو،**

**پێناسەی گەردوونی دەروونێکی هەدادانە:**

**زایەڵەی تەنیاییت.**

**پرسیارێکی بێهوودەیە:**

**ناسینی ئەو منە!**

## تەنیایی

ئاسمانێک لەناو چاومدا شۆڕ دەبێتەوە.

بارانێک لە زمانمدا گۆدەکاو

هێشتا گەواڵەی ڕۆشناییت داناکا.

وەک هەور بەناومدا هەڵدەزنێ:

رامانی ئەو زەوییە.

## گومان

لەشێکی بەڕێوە، کە مەیلی نواندنی خۆیەتی لە وشە.

ژیانێک لە زاندا“

بوونێک لە زماندا.

گشت نیوەشەوان،

بە بڕینی دووڕیانێک ناچارە.

بە گاڤێک لە گومان و

بە گاڤێک لە  مانا،

پەرتدەکا:

ئاراستەی روانینت.



## سەهەندەیی

مەرگ ڕۆڵی بەهاکان دەلیزێ.

لە ڕێککەوتنێک لەگەڵ مەکری دووڕووییەک لە ئاوێنەدا بترازێ،

هیچی تری نییە داستانی ئەم رۆژگارە.

جادووگەرییەک لە تۆدا-

منێک لە جادووگەرییەکدا.

منێک لە تۆدا:

کامەمان راستینەین؟

***

خوێنێکی کوڵاو،

شێتییەکی پیرۆز،

وێکچوواندنێکی هەرزان لە نێوان دوو سەهەندەدا،

لەهەڕاجکردنی بەهاکاندایە:

خەمساردی ئەم بوونە.

## پەژارەیی

رۆژانە قەقنەسێک دێتە ناو دڵمەوە.

لە بوولێڵکدا دۆستە کۆنەکان، ماڵی چیایەکان،

بێدەنگ یادەوەرییم دەلەرێننەوە.

درەنگە و منێکی میوانیش دەمێکە لێرەمە.

رۆژەکان، ژمارەی سەعاتەکان، وەک زرینگانەوەیەک لە کانییەکان،

پێکڤە ئاوازێکن:

لە ژەنینی پەژارەیی من.

## یادەوەریی

ئەوە سترانێکی ناو بێشکەیەکە،

به شەبەنگی رەنگینی شاخەکان راساوە.

یادەوەرییەک، لە کن مۆرانە لاتەکان- رۆژگاری گەندەڵان،

هەرەوەک هەرگیز نەبووبێ و نە دەشبێت،

لە ئامادەییەکدا، ئێستاکە و داهاتووت:

نماییشدەکا.



## گەندەڵی

روحێکی دڕدۆنگ و خۆشباوەڕ"

دروشمێکی لەکەڕوو و

فاڵگرەوەیەک لە هەوەسی مۆمیایی،

بە تەرمی تاڵانکراوی چیایەکی "ئەنفال"کراوەوە،

بەناو ژێرزەمینێک ملدەنێ.

ئەو روحە جینگزە،

دەمنادەم وەک زیندانییەکی پیر،

لە دەرگایە سیمدارەکان، دیوارە ژەنگرتووەکاندا دەنگێوێ.

هەڵچوونەکانیش لە رۆژنامەکانی دوێنێدا،

تەنیا جووینەوەی پەرستگایەکە لە پارەی:

ئەو روحە گەندەڵە.

٢٠٠٧

# ڕێگا

**هەژان بابامیری**

**سەقز**

**حیلەی ئەسپێکی خورتە**

**بەدەم یاڵێکی بەرزەوە**

**گەرای ڕێگا لەناو خەونەکانیا ئەخا**

**لەوپەڕی ڕێگایەکدا**

**دەروازەیەکی نیوە تاکی قەڵایەکی رازناک**

**چوار ناڵە بەڕێگای یاڵەوە**

**پاشکۆ خەون و رازو**

**توێش و حەیرەت**

**بەڕێگایەکی ترەوە**



**دەفێکی شەهیدی لەداردراو**

**باسی زرمەزرمی گیانێکی نەحەجمیوی لایە**

**ناڵ، قاو چەخماخی داگیرسانی بارانەو**

**ڕێگا پڕ ئەکا لەلالەی رووناک**

**شەشدەری جیهان ئەبێتە ڕێگا!**

**حیلەی ئەو ئەسپە ڕێگا ئەڕوێنێ**

**هۆ ڕێبوارەکەی ڕێگای هەمیشە!**

**تۆ لەبەر ڕێگاکان هەڵبژێردرای؟**

یان دەفەکان

بۆ گەشانەوەی لالەکان؟

یا دەروازە

بۆ درکاندنی رازەکان

حیلەی ئەو ئەسپە

کەڕڕاکەی ئەم شاخە بەردینانەی

-وەک دەفێکی شەهید-

شڵپ و هۆوری خوێن!

* * *

رێگا -ئارام-ی هەڵئەگرێ،

رێگا ژیانی ناو قەڵا ئەزرێنێ،

رێگا رازەکانی پێش شەهیدبوونت ئەژەنێ،

رێگا هەڵیگرتن

* * *



رێگا ئەچێتەوە سەر خۆرەتاوێ

ریشاڵ ریشاڵی تیشکی خۆی

بەیاڵی بژی ئەسپێکی بەحیلەوە

هۆندۆتەوە.

* * *



کەڕڕاکەی بەرد

قەڵای شڵپ و هورەو

حیلەی حیدەت

* * *

**چیرۆک**

# لەکۆتایی چاوەڕوانیدا

## عومەر سەید

–لەبیرمە سەرەتا،ماڵی میمکم رووی لەپانتاییەکی بەرفراوانی سەوزی بوو، پشتی کردبووە ئۆردوگا قەرەباڵغەکە.

تاقە ماڵێکی چکۆلانەی پەرپووت، کەوتبووە هەرە دامێنی خانووە خوارو خێچەکانەوە.

لەچەند ساڵی یەکەمی بنیاتنانی ئۆردوگا زۆرە ملێکەدا بستێك خوارتر لەدەرگای حەوشەی ماڵەکەیەوە هەموو بەهارێك دەبووە کێڵگەی سەوزی فەریکە نۆك، وەك فەرشێکی ئەستووری سەوز تەواوی دەشتاییەکەی دادەپۆشی، وەك چۆن بەفر چیا دادەپۆشێت.

میمکم کەس کەسی نەبوو، جگە لەخۆی و خودا، کەسی تر لەو ماڵە چکۆلانەیەیدا نەبوو، تاقە ژوورێك و بەرهەیوانێکی بچووك بەدەمییەوە حەوشەیەکی فراوانی تەنەکەڕێژ هەبوو.

هەرچی جارێك دەچوومەلای، دەمبینی لەبەردەم دەرگای حەوشەکەیدا هەڵکورماوەو لەگەڵ هەر دەنکە تەسبیحێکی نێو دەستە زبرەکانیدا، لەژێر لێوەوە دەڵێت (اللهم صلی علی محمد وعلی اله محمد)، چاوە کزۆڵەکانیشی بڕیوەتە ئەو لا رێگەیەی کە کەم و زۆر بەدەگمەن مرۆڤی پێدا رەت دەبێت، بەبینی منی چکۆلانە دەگەشایەوەو خێرا هەندێك وردە پارەی دەخستە مشتمەوەو دەیوت ( بچۆ فەریکە نۆکی پێبکڕە...)، ئیدی دەمەو عەسران، بەدیار باوەشێك فەریکەنۆکەوە دادەنیشتین و لەگەڵ عەسرەچادا دەنك دەنك دەمانخستنە نێو زارمانەوە.

(تائێستاش منداڵی نێو یادەوەریم تامی ئەو فەریکەنۆکانە دەدات).

خەڵکی نێو ئۆردوگاکە کەوتبوونە ژێر باری قورسی ژیانەوە، بەهەموو نەگبەتییەکانییەوە، وەك ئەوەی تاعوون لێیدابن بەلێشاو لار دەبوونەوەو هەناسە سارد دەمردن.

زۆری نەبرد کێڵگەی فەریکەنۆك وەرگەڕاو بوو بەکێڵگەی کێڵی گۆڕەکان.

لەئێستادا هەموو شت گۆڕاوە تەنیا ماڵە شڕە لانەوازەکەی میمکم نەبێ.

هێندە نەبێت جاران پێشی کیلگەبوو، ئێستا گۆڕستان، جاران تولەڕێیەکی خواروخێچی پێدا تێدەپەڕی، ئەمێستا راستەشارێیەکی فراوان کە رۆژانە چەندین و چەندین تەرمی پێدا تێدەپەڕێت لەدۆزەخەوە بۆ دۆزەخ.

من گەورەبووم و بەمەبەستی خوێندن چوومە شار، میمکیشم وەك کارگوزار لەیەکێك لەقوتابخانەکانی ئۆردوگاکەدا دامەزرا.

بەیانیان تادەمەو نیوەڕۆ پۆلی منداڵەکانی پاکدەکاتەوەو دەمەو ئێوارانیش لەبری دانیشتن و چاوەڕوانی بەردەرگا دەچێتە نێو گۆڕستان.

—یەکەم سێ ساڵی نێو ئۆردوگاکەم بەچاوەڕوانیی بردەسەر، پێموابوو لەهەر ساتێکدا بێت کوڕەکەم دێتەوەو لەبەردەم دەرگای حەوشەکەمدا باوەشی پێدا دەکەم و تێرتێر ماچی دەکەم.

دڵی دایك پڕە لەسۆزو خۆشەویستی، لەڕێگەی خەوەوە پەی بەهەموو رازو نهێنی و حەقیقەتێك دەبات.

سوبحەینانێك، بەخەبەرهاتم و زانیم چی تر کوڕەکەم دڵی لێناداو لەژیاندا نەماوە، پێشتر چاوەڕوانبووم بەپێیەکانی خۆی بێتەوەو زیت و زیندوو لێم بڕوانێت، بەڵام پاش ئەو خەوە چاوەڕێبووم لەنێو دارمەیتێکدا بۆم بهێننەوە تا لەتەنیشت خۆمەوە گۆڕێکی بۆ هەڵبەستم و منیش وەك خەڵکی، هەر کات ویستم بچمە سەر مەزارەکەی و بیدوێنم و بەسەریدا بگریم.

لـەوە دەترسـام تـەرمی کوڕەکـەم درەنـگ بگـات و لەگۆڕسـتانەکەی تەنیـشتمەوە جێگەیەکی بۆ نەمێنێتەوە، ماوەیەك خۆم بەهەڵکەندنی گۆڕی کوڕە تەرم بزربووەکەمـەوە خەریك کرد، هەموو رۆژێك پـاش گەڕانـەوەم لـەدەوام، خاکـەنازو قازمەکـەم هەڵـدەگرت و دەچوومە نێو گۆڕەکانەوەو لەجێگەیەکی باشدا کە هەرچوارلای گۆڕبـوو، دووچـاڵە گـۆڕی جوان و باشم لێدا، یەکێکیان بۆ کوڕەکەم و ئەوی تریشیان بۆ خۆم، ئێستا من پیرێـژنێکم هەموو ئێوارانم لەنێو چاڵی دوو گۆڕدا بەنزاو گریانەوە بەسەردەبەم.

تاقە ئومێدم گەڕانەوەی تەرمی کوڕەکەمە بەر لەوەی خۆم ببم بەتەرم.

–جارێکیان لەگەڕانەوەمداو لـەئێوارە عەسـرێکی باراناویـدا رووەو مـیمکم کەوتمـەڕێ، دەرگای شەقوشڕی حەوشەی ماڵەکەی کەوتبووە سەر پشت.

لەژوورەوە چەند بزنێکی لاساری رەش دەمیان ژەنیبووە تەشتە نانەکەی و بەقـەپاڵی گەورە دەیانماشییەوە، پڕمدانێ و پەلەو بەدەمی پڕنانەوە تێیان قووچان و هەڵهاتن.

بـەدوای خۆمـدا دەرگاکـەم کلۆمـداو یەکـسەر بـەرەو گۆڕسـتانەکە چـووم، بـەنێو گۆڕەکانداو زیکزاك خۆم گەیاندێ.

لەو ئێوارە باراناوییەدا، میمکم لەکۆتـەرە دارێکـی رەش دەچـوو، کـە بـەئاگری ئافـات سووتا بێت، بێئەوەی بەخۆی بزانێت لەنێو ئەو دوو گۆڕە سەربەتاڵەدا ببـووە سـومبوولی مەرگەسات، کاتێك مـنی بـینی ورد ورد وەك گـوڵێکی پـەژمووردە گەشـایەوە، بەرامبـەری دانیشتم و هیچیم نە وت و ئەویش ورتەی لەدەم نەهاتەدەر.

لەنێو سکونی گۆڕەکاندا من و میمکم بەرامبەر بەیەك لەکێلی سـەر گۆڕێـك لـەگۆڕەکان دەچووین، نەك دوو مرۆڤی زیندوو، رۆژانێك بەر لەئێستا منیش وەك ئـەم میمکـە دامـاوەم هەموو رۆژێك دەهاتمە نێو ئەم گۆڕستانەوە، بەڵام من بەمەبەستی خوێنـدن و سـەعیکردن دەهاتمـە ئێـرەو لـەژێر سـێبەری کـاڵی توونـەمامێکی سـەر گۆڕێکـدا، پـشتم لـەکێلێك قایمدەکردو دەسکەوتە گرنگەکانی شۆڕش و سووڕی ژیانی بۆقم لەبەردەکرد.

میمکە خێرلەخۆنەدیوەکەم، بەدەم نزاو پاڕانەوەوە لێوەکانی تەتەڵەیان دەکردو زوڵفە سـپێیەکەی لـەژێر هەورییەکەیـەوە شـۆڕببووەوە لای چـەناگە قوپاوەکـەی و تـك تـك

دڵۆپەبارانی لێدەچۆڕا، چاوەکزو بەقوڵاچۆکانی پڕو تەڕ فرمێسک بوون، وێنەی خۆرێکی سەوز لەبەرزایی لاتەنیشتی چاوی چەپیدا کوترابوو، کە لەگەڵ خۆیدا دەکەوتە ورتەورت وەك خۆری سەر ئاڵایەك هەستمدەکرد دەشەکێتەوە.

لەسەرخۆو بەئەسپایی بێئەوەی سروتی ماتەمگێری بشێوێنم لێمپرسی (میمکێ جاران ئێرە چ دڵگیربوو، هەتا چاوبڕیکردایە سەوزیی بوو، کەچی بوو بەم گۆڕستانەی کە بەردەوام دەکشێ و پەلوپۆ دەهاوێت، وابڕوا وەك ئەژدیهایەکی حەوت سەرماڵەکەت و هەموو ئۆردۆگاکەش لووش دەدات).

پاشئەوەی لەدوعاکانی بووەوە لەژێر لێوەوە وتی: (ئەو کاتانەی منداڵان بەباوەشی پڕفەریکەنۆکەوە بەکۆڵانەکاندا دەخولانەوەو فەریکەنۆکیان دەفرۆشت، لەوکاتەدا من دەمزانی ئێرە دەبێتە گۆڕستان).

پێموت: (میمکە گیان چۆن دەتزانی؟!).

–لەخەوی پاش نوێژی بەرەبەیانێکدا، تۆم بەدەسکەنۆکێکەوە بینی، دەستت بردو دەنکە فەریکێکت هەڵبچڕی، لەبری دەنکەنۆکی سەوزو نەرم و بەتام، کرمێکی گرمۆڵەی مردووت هات بەدەستەوە، تورت هەڕداو دەنکێکی ترت هەڵبچڕی، دیسانەوە کرمە مردوویەکی ترت بۆ دەرچوو، پێکەوە هەرچی دەنکە فەریکەکان هەبوو هەڵمانپچڕین، لەهەر هەموویاندا کرمی مردوو هاتنەدەرێ نەك فەریك.

بەجووتە هەستاین و چووینە نێو کێڵگەکەوە، لەوێش هەر قاوغێکی سەوزی فەریکمان هەڵدەبچڕی کرمێکی مردوو لەنێوان پەنجەکانمانەوە دەکەوتە بەر پێکانمان، تا وایلێهات ژێر بنجکەکان پڕپڕ بوون لەلاشەی کرمی بێگیان و جوڵە.

لەپاش خەوی ئەو بەرەبەیانەوە ئیدی چاوەڕوانی بەردەرگای من بۆ لەباوەشکردنی کوڕە بزربووەکەم، گۆڕا بەچاوەڕوانی تابووتێك کە تەرمی کوڕەکەمی تێدا هەڵگیرابێت.

هێشتا ساڵ و نیوێك بەسەر خەوەکەمدا تێنەپەڕی بوو، نیوەی دەشتاییەکە بوو بەگۆڕستان و بەردەوامیش تەرمی زیاتری بۆ ڕێدەخراو هەر دەکشا.

پاشان، ئالێرەدا ئەم دوو چاڵە گۆڕەم هەڵکەند، دڵنیام ئەو ڕۆژە هەر دێت کە ئێسک و پروسکی کوڕە ئەنفالکراوەکەم دەگەڕێنرێتەوە ئێرە، من باشم کرد، جێگەی خۆم و کوڕەکەمم ئامادەو سازە، تاقە داواکاریشیم لەخوا ئەوەیە بەرلەوەی بچمە ئەم گۆڕەی خۆمەوە، کوڕەکەمم خستبێتە گۆڕەکەی خۆیەوە. لەدڵی خۆمدا بەهەناسە ساردییەکەوە وتم:

—ئای لەبەدبەختی و نەگبەتی تۆ میمی، پانزە ساڵی ڕەبەقە بەدیار ئەم دوو چاڵەوە چاوەڕێدەکەیت، جگە لەخۆت کەسی تر لەخەمی گەڕانەوەی رووفاتی کوڕەکەتدا نییە، دڵنیام گۆڕەکەی خۆت پڕ دەبێتەوەو پێناچێت تا ئەبەدیش چاڵی کوڕەکەت بێتە گۆو کێلێکی لەسەر نووسراو بخۆیەوە ببینێت.

* * *

بەهەنگاوی قورس و لەسەرخۆ بەنێو گۆڕەکاندا هەڵکشا، لەنێوان هەردوو چاڵەکەدا هەڵوێستەیەکی کرد، بەئەسپایی بوخچە ڕەشەکەی بن هەنگڵی دانایە سەر زەوییەکەو تاوێکی باش بەسەریدا گریا، پاشان خۆی هەڵدایە نێو یەکێك لەچاڵەکان و بەدەستە زبرەکانی تەواوی خۆڵ و خاشاکەکەی فڕێدایە دەرێ.

هەر لەنێو چاڵەکەوە دەستی بردو بوخچەکەی لەلێواری چاڵەکە نزیککردەوەو وردەوردە گرێکانی کردەوە.

ئێسکە کەللەسەرێك و کۆمەڵێك ئێسك و پروسکی سپی سپی وەدەرکەوتن، یەکەمجار بەهەردوو نێو لەپی و زۆر بەڕێزەوە کەللەسەرەکەی هەڵگرت و تاوێك لێی راما.

دوو جێ چاوی قووڵ و ریزە دانی سپی لەسەریەك نیشتبوو، هێڵێکی بازنەیی رێکوباریك لەئاستی نێوچاوانی کەللەسەرەکەداو بەهەردوو لادا تاپشتە سەرەکە کشابوو، توندتوند کەللەسەرەکەی نووسان بەسینگییەوەو وەك ئەوەی کۆرپەلەیەکی گرینۆك ژێرکاتەوەو کەوتە لاواندنەوەی.

—کوڕە جوانەکەم، وەك ساتی منداڵی بۆ دواجار سەربخەرە سەر سینگی دایکت، لەبیرتە تاسەرت نەخستایەتە کۆشمەوە خەوت لێنەدەکەوت.

یادەوەریی هەڵیپێچا بۆ ئـەو ڕۆژەی کـە بـەپرتاو و گریـان و جەسـتەی خوێناوییـەوە خۆی کرد بەژووردا.

پەنجەکانی گێڕا بەکەللەسەرەکەداو لەبەرخۆیەوە کەوتە دوواندن.

–ئەوە جێبرینی ئەو ڕۆژەیە کە لەشەڕە قۆچـەقانێدا شـکا، لەبیرتـە سـووتماکی پـەڕۆ سووتاوم بۆ خستیتەسەرو پاشان بەپەڕۆیەکی سپی بۆم پێچایت و ئەوجا هـاوارت دەکـرد دایکە منت کردووەتە مەلای گوند.

هـەردوو جـێ چـاوی کەللەسـەرەکە وەك دوو کانیلـە پڕپڕبـوون لـەئاو، ئـاوی سـوێری چاوانی دایك، قووڵ و بەسەرنجەوە لێی رامابوو، ئاخر ئەمە دووا بینینە.

بێئاگا لەفرمێسکبارانی چاوانی خۆی هاواریدەکرد:

–توخوا ڕۆڵە فرمێسکی ناسۆر مەڕێژە سەر دەستەکانم، چیتر مەگری، ئیتر تـەواو تـۆ لای دایکی خۆتی تۆ لەلمەوە گەڕایتەوە بۆ خاك.

خوا هاوار لەو زاڵمانە چییان بەسـەر هێنـاوی، ڕۆڵەکـەم کـە بردیـانی کـەی ئـاوابووی، ئالێرەدا دووچاوی رەشی گەش چەشـنی دوو دەنکـە ترێـی بـەرخۆرەتاوی هـاوین هـەبوو، لووتێکی باریك، دوولێوی تەنك و ئاڵ ئەم ریزە دانانەی داپۆشـی بـوو، کـاڵۆلێنکی رەشـی لوولپێچ، چ جوان و نازدار بوون.

لەنێو دەستەکانیداو لەپڕ ئێسکی چـەناگەی پڕدانـی کەللەسـەرەکە بـەرەوخوار تـرازاو دەمی تا بناگوێی دابچڕا.

دایکە شڵەژاو کەوتە راژەندن و لاواندنەوەی:

–نانا ڕۆڵەگیان مەگری، توخوا مەگری.

شڵەژاو و داماو نەیدەزانی چۆن کۆرپەکەی ژیرکاتەوە، پەنجەی شایەتمانی بەئەسـپای دەکێشا بەسەر دانەکانیداو پس پسی بۆ دەکرد، بـەڵام کەللەسـەرەکە ژیـر نـەدەبووەوەو دەمـی پـڕ ئـازارو هـاواری دابـچڕی بـوو، لـەنێو کۆشـیدا رایـدەژن و نەرمـە گـۆرانی دەدا بەگوێیدا، کەچی هەر سوودی نەبوو.

دواجار یەخەی کراسە ڕەشەکەی بەری خۆی دادڕی و مەمکە شۆڕو سیسەکانی خۆی دەرهێناو خۆی شۆڕکردەوە بۆ نێو چاڵەکەو چوارمشقی لێیدانیشت.

گۆی مەمکی خۆی خستەنێو بۆشایی هەردوو ریزەدانی کەللەسەرەکەو زۆر هێمن و لەسەرخۆ چەناگەی کەللەسەرەکەی بەرزکردەوە تا ئەو ئاستەی هەستی بەئازاری سەرگۆی مەمکی خۆی کرد، کە کەللەسەرەکە توند توند قەپاڵی پێداکردبوو.

–تەواو ئیتر نەگرێی، تێروپڕ شیر بخۆو بۆ ئەبەد بنوو.

پشتی دا بەچاڵەکەوەو پێڵوەکانی خستەسەر یەك و هەناسەیەکی قووڵی شادومانیی هەڵمژی، لەناخەوە هەستی بەکزە تەزوویەکی لەزەتاویی ئارامبەخش کرد کە سەرچاوەکەی گۆ مەمکی نێو زاری کەللەسەرەکە بوو، پاش قەدەرێك سەری بەرزکردەوەو دوا نیگای بڕییە کۆرپەلەکەی ئامێزی، بەهەردوو دەستی بەرزیکردەوەو هێدی هێدی خستییە سەرووی چاڵەکەوەو لەسەر لا دایناو بەسەریدا خۆی شۆڕکردەوەو هێمن، نەکا خەبەری بێتەوە، تەنکە ماچێکی کرد.

هەستایەوە سەرپێی و دیسانەوە دەستی بردەوە نێو بوخچەکە، ئەمجارەیان قەفەزەی سینگ و دووئێسکە دەستی شۆڕو بڕبڕە پشتی هات بەدەستەوە، کە هەموو توندو تۆڵ و بێکەموکوڕی پێکەوە لکابوون، توند بەخۆیەوە نووسان و بەدەستی، یەکێك لەدەستە بەئێسکبووەکەی بەرزکردەوەو خستییە سەر ملی خۆی.

–کوڕی شیرینم بۆ جارێکیتر دەستت لەگەردنم بئاڵێنە با تێر بۆن بەسینگتەوە بکەم.

دانەوییەوەو لەسەر لاتەنیشت و لەخوار کەلەسەرەکەیەوە پاڵی خست.

دواجار ئێسکی ئەستوورو درێژی قاچەکانی لەچارۆکە ڕەشەکە دەرهێناو بەهەمانشێوەی پێشو لەدامێنی چاڵەکەدا ڕاخست.

–هەست بەتەنیایی و نیگەرانیی مەکە کوڕە شیرینەکەم، هەتا هەم بەردەوام میوانی هەمیشەیی ماڵەکەتم و چیرۆکە خۆشەکانت دووبارە بۆ دەگێڕمەوە، کە مردیشم دەبمە دراوسێی ئەبەدیت.

لەوچاڵەی کە ئێسکە پەیکەرێکی تەواو و کاملّی تێدا راکشاوە، هاتە دەرێ و قووڵ لێی روانی.

—ئێستە تەواو تۆ لەلمەوە گەڕایتەوە نیشتمان، لەغوربەتەوە بۆ کۆشی دایکت، لەچارەنووسی خۆت دڵتەنگ و نیگەران مەبە ئەزیزم، مەرج نییە هەموو مرۆڤێك قۆناغی لاوێتی بینێ، یان وەك تۆ بەلاویی دەکوژێ و پیری نابینێت، بەڵام مەرجە هەر هەموو ببینە ئێسکە پەیکەر، ئەمە دواقۆناغ و چارەنووسی هەموانە، ئەوەتا تۆ پێیگەیشتی، ئیتر هەتا دەتوانی ئارام و خۆشحاڵ بنوو.

دەستیدایە خاکەنازەکەو وەك ئەوەی گەنجینەیەکی هەرە بەنرخ بشاریتەوە، بەپەلەپەل، نەکا کەسێك ببینێت گۆڕەکەی پڕکردەوە لەخۆڵ و دوو بەردی بۆ کردە کێل، لەبۆڵێنڵەدا ماندوو و یەخەدڕاو، سەراپا غەرقی تۆزو خۆڵ بەنێو گۆڕەکاندا بەرەو کەلاوکەی خلۆر بووەوە.

تاقە شتی گۆڕاو، قووڵایی ناخی بوو، کە لەمێژبوو چاوەڕوانی هاتنەدی ئەم خەونەی بوو، خەونی بەخاکسپاردنی ئیسکە پەیکەری کوڕە ئەنفالبووەکەی.

* * *

سێ رۆژ پاش ئەم رووداوەو بەتۆمەتی دزینی ئێسکە پەیکەری نێو تاقیگەی قوتابخانەکە، لەکارگوزاریی فەسڵکرا.



دیدار لەگەڵ
کاروان عومەر کاکەسور
حەمە کاکەڕەش




ئەرشیفکردنی
شانۆی کوردی لەکتێبێکدا
ئارام سدیق

# دیدارو خوێندنەوە

# دیدار لەگەڵ[٧]

# کاروان عومەر کاکەسور



**دیداری: حەمە کاکەڕەش**

ئـەنفال وەكـو ئۆپەراسـيۆنێكى سـەربازيى، شـتێك نييـە ئيـسلام دايهێنابێت و لەو سوورەتەوە دەستپێناكات، كـە نـاوى ئەنفالـە وەكـو زۆربەى هەرە زۆرى نووسەرانى ئێمە لێيتێگەيشتوون.

حەمە کاکەڕەش: **ئەگەر بهاتایە ئەنفال لەوڵاتێکی ئیسلامیدا رووینەدایەو هەروەها مانایەکی ئیسلامییشی پێنەدرایە، پێتانوابوو ئەنفال بتوانرایە نوقمی بێدەنگییەکی وابکرێت، هەم لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە تادەگاتە هەموو وڵاتە ئیسلامییەکانی دنیا، ئەوسا وڵاتانی ئەوروپاش.**

کاروان عومەر کاکەسوور: بەبڕوای من وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێش لێکدانەوەو راڤەکردنی خودی پرسیارەکە، تووشی هەڵەیەکی مەعریفیی گەورەمان دەکات، بەڕادەیەك، هەرچی بڵێین لەکۆمەڵێك گوتەی ئاسایی رۆژانەی ناو رۆژنامەکان، زیاتر شتێکی دیکە نابێت. ئەو گوتانەش ئەوە نزیکەی بیست ساڵە دەوترێن و دەوترێنەوە، چونکە لەو پرسیارەدا جۆرێك ئیمبیگویتی (التباس) هەیە. ئەمەش هەر لەسەرەتاوە دەمانخاتە بەردەم پرسیاری: کێ ئەنفال دەکات و کێ ئەنفال دەکرێت؟ بەمانایەکی دیکە ئەو سیستمەی دەتوانێت ئەنفال چ وەکو پرۆسێسێکی سیاسی و چ وەکو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بەڕێوەبەرێت، چ سیستمێکە؟ لەولاشەوە ئەو رووبەرەی ئەنفال دەکرێت، لەچ ئاستێکی بەرگری و خۆپاراستن دایە؟ (مارکس) لەکتێبی (هەژدەی برۆمێر پۆناپۆرتی سێیەم)دا بەپرسیارێکی لەمشێوەیە دەستپێدەکات: لەچ بارودۆخێك و لەچ کاتێکدا دیکتاتۆر دەخوڵقێت و بڕیار لەسەر هەموو شتێك دەدات؟ ئەنفال هەر بەو مانایەی، کە چ لەناو کەلتووری عەرەبی و ئیسلامی و چ لەدەرەوەی خۆیدا پێیدراوە، هەر دەبوایە لەعێراق، یان هەر وڵاتێکی دیکەی وەکو عێراقدا بکرێت، نەوەك لەشوێنێکی دیکە. ئەو بێدەنگییەش هەر خۆی شتێکی دانەبڕاوە لەپرۆسێسی ئەنفال، کە من دەمەوێت لەبەشێکی وەڵامی ئێوەدا ئاماژەی پێبدەم. بەمانایەکی دیکە بێدەنگیی خۆی سەرچاوەی ئەنفال و هەموو کارەساتەکانی دیکەیە، نەوەك بەپێچەوانەوە. بێگومان بێدەنگییش مێژوویەکی دووردرێژی هەیە. رۆژگارێك ئەو بێدەنگییە دەنگ بووەو لەئەنجامی ململانێوە ملکەچی دەنگەکانی دیکە کراوە. ئەگەر بگەڕێینەوە لای کتێبی (هەژدەی برۆمێر پۆناپۆرتی سێیەم)ی (مارکس)، دەبینین دیکتاتۆرەکان وەکو چۆن لەڕێگای هێزە کۆنەخوازەکانی ناو کۆمەڵگاوە دەستەڵات دەگرنەدەست، بەهەمانشێوەش لەلایەن دامودەزگاکانی ئەوانەوە پارێزگاری دەکرێن و پاساو بۆ هەموو تاوانەکانیان دەهێنرێتەوە. پیاوانی کەنیسە پشتگیریی تەواویان لە(ناپلیۆنی سێیەم) دەکرد، وەکو چۆن زۆربەی

پیاوانی ئاینی لەدنیای عەرەبی و ئیسلامی بەکوردستانیشەوە لایەنگری رژێمەکەی (سەدام حسێن) بوون. هەر کەنیسەش بوو لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتیی بێزەنتییدا دەیوت ئیمپراتۆر لەلایەن خواوە دیاریدەکرێت. بوونی بێدەنگی و نەبوونی ناڕەزایی بوو، (سەدام حسێن)ی وەکو هەر دیکتاتۆرێکی دیکە خولقاندو هێشتیەوە، ئەگەرچی گوتاری سیاسیی ئێمە تەنها پێ لەسەر لایەنی دەرەکی دادەگرێت، کە خۆی لەهەندێك زاراوەی حازربەدەستی وەکو ئیمپریالیزمی جیهانی و بەرژوەندیی ئیقلیمی و شتی لەو بابەتەدا دەبینێتەوە. (سەدام حسێن) بەهەمان میلۆدیی (لویسی چواردەهەم)، کە دەیوت: "من دەوڵەتم و دەوڵەتیش منم"، ئەو دەیوت: "ئەگەر سەدام حسێن وتی، واتە عێراق وتی". ئەمانە لەناو بێدەنگییەکی زۆر گەورەدا نەبێت، ناوترێن. لێرەوە ئاسانە ئەنفال و هەر تراژیدیایەکی دیکە سەرهەڵبدەن. من هەر لەسەرەتاشەوە دەڵێم ئەنفال وەکو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی، شتێك نییە ئیسلام دایهێنابێت و لەو سوورەتەوە دەستپێناکات، کە ناوی ئەنفالە وەکو زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی ئێمە لێیتێگەیشتوون. بەچاکی دەزانم هەڵوێستەیەکی جدیتر لەسەر مەسەلەی بێدەنگیی دنیای عەرەبی و دنیای رۆژئاواو بگرە دنیای کوردییش بکەم لەئاستی ئەو ئەنفالەی کرایە سەر کوردستان. راستییەکەی تائێستا نووسینی کوردی تەنها لایەکی ئەو بێدەنگییەی بینیوەو لەکوردبوونی ئێمەیدا کورتکردووەتەوە، کە من پێموایە ئەو دیسکۆرسە لەلایەك دەمارگیریی نەتەوەپەرستیی پێوەدیارەو لەلایەکی دیکەش سادەکردنەوەی ئەو مەسەلەیەیە، کەوەکو زۆر مەسەلەی دیکە، ئێمە لەتوانامانەدا نییە لەژێر دەستەڵاتی ئەدەبی سەرزارەکیی دەربیهێنین و لەسەر ئاستەکانی فیکردا بیخوێنینەوە. ناکرێت نەڵێین ئەو گوتانە بارگاویین بەو دروشم و هوتافانەی، کە رادیۆ شۆڕشگێڕەکان لەسەردەمی شاخ و لەڕۆژانی راپەڕیندا دەریاندەبرین، بۆ نموونە (شێرزاد حەسەن) بەدەنگێکی تووڕەو پڕ لەحەماس دەڵێت: "لەو رۆژەوە عەرەبەکان بەسەر پشتی ئەسپەوە، شمشێر بەدەستەوە هاتن و کوردستانیان داگیرکرد. دەقاو دەق ئەم شەرعییەتەیان لەسوورەتی ...ئەنفال... وەرگرتووە کە هانی موجاهیدەکان دەدات روو لەوڵاتان بکەن و بەزەبری شمشێر کافرەکانی وەکو ئێمە بکەن بەئیسلام بەناوی ..غەزەوات و فتوحات..هوە". من پێموایە نووسینی ئێمە کاتێك بیەوێت لەبارەی

ئەنفالـەوە شـتێکی نـوێ و جیـاواز بڵێـت، ئـەوا پێویـستە رێـك لەپـشت ئـەو پەرەگرافـەی (شێرزاد حەسەن)ەوە دەستپێبکات، چونکە ئـەو نووسـەرەمان هـەتا بڵێـی دەسـتپاکانەو دەقاودەق، بەزمانێکی میللیی، دەنگی زۆرینەی خەڵکی بۆ ناو نووسین گوێزاوەتەوە، کـە سەرچـاوەکەی مێژوویـەکی سـەرزارەکیی ئەفـسانەئامێزە. دیـسان دەڵـێم بـەبڕوای مـن بێدەنگییەکە تەنها بۆ کوردبوونی ئێمە ناگەڕێتـەوە، بـەڵکو زۆر فاکتـەری دیکـەی گـرنگتر هەن ئەو بێدەنگییە قووڵتر دەکەنەوە. ئەنفال ئەگەر لەناودا لەگەڵ هەر شێوازێکی دیکەی پەلاماردان و داگیرکردن جیاواز بێت، ئەوا لەناوەرۆکدا هێرشێکی ئایـدۆلۆژی–سـەربازییەو ئەنجامـدراوە. ئایـدۆلۆژیای حزبـی کـوردی توانیویـەتی زۆر بەئاسـانی نووسـەری ئێمـە بەبریقوباقی ئەو ناوە فریوبدات، بەوەی بەمەبەستی کارئاسانی، هەموو ماناکـانی ئـەنفالی لەناوەکەیدا کۆکردووەتـەوە. هەتا ئێستاش سەرچاوەی نووسین و وتـەی نووسـەری ئێمـە لەبارەی ئەنفالەوە، میدیای حزبییە، با ئەو نووسەرە لەمیانەی قسەکانیشیدا هەزارو یـەك گلەیی لەو حزبانە بکات.

سـەرەتا دەبێـت بـزانین، کـە زۆربـەی داگیرکـردن و پەلاماردانـەکان بەدرێـژاییی مێـژوو بەکۆمەڵێك پرینسیپی پیرۆزییەوە رەنگڕێژ کـراون. لێـرەدا مەبەسـتمان لـەپیرۆزیی، تـەنها ئـەو گوتارانـە نـین، کـە لەئایینەکانـەوە بەرهـەمهاتوون، بـەڵکو مەبەسـتمان هـەموو ئـەو پرینسیپانەشن، کەوەکو جۆرێك لەڕەهایی سەیر کراون. بۆ نموونـە (هۆلاکۆ) لـەژێر نـاوی هیچ ئاینێکەوە پەلاماری دنیای ئیسلامیی نەدا، کەچی خۆشی وەکو رزگارکەر پیشاندەدا، بەوەی دەیتوانی لەڕێگای ئەو پەلامارادانانەیـەوە خـۆراکی گـەلێکی برسـی و رەشـوڕووتی وەکو تەتەر مسۆگەر بکات. ئەوەندەی خـەڵك کوشـت، کـە نـەیتوانی لەبـەر بـۆنی لاشـەی کوژراوان و ئەو تاعونەی بەهۆی ئەو لاشانەوە بڵاوبووەوە، لەبەغداد بمێنێتەوە. (ناپلیۆن) میسری داگیرکرد، گوایە دەیەوێت پرینسیپەکانی شۆڕشـی فەرەنـسی بگەیەنێتـە جیهـانی ئیسلامی و لەتاریکیی رزگاریان بکات. هەموو داگیرکردنەکانی دیکەی وڵاتانی رۆژئاوا هـەر لەهێرشی خاچپەرستەکانەوە، کە ئایینی مەسیحییان دەخستە سەرووی هەموو ئاینەکانی دیکـەوەو گوایـە دەیانویـست لـەڕێگای ئـەو هێرشـانەیانەوە گـۆڕی مەسـیح بپارێزن، تـا پـەلامارەکانی پورتوگـال و ئیـسپانیاو ئینگلیـزو فەرەنـساو ئیتاڵیـا دواتـر تـا دەگاتـە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە، هەموویان لەژێر ناوی پیرۆزیی و گەیاندنی پەیامی

شارستانییەتی دنیای مەسیحی بوون بۆ تاریکستانی ڕۆژهەلات. تائێستا (جۆرج دەبلیو بۆش) زیاتر لەجارێك وتوویەتی، کە ئەوەی کردی ڕەزامەندیی خوای لەسەر بوو. بەلامانەوە سەیر نییە، کاتێك دەبینین زۆربەی هەرە زۆری کەنیسە گەورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتگیریی (بۆش) دەکەن و پاساو بۆ کردەوەکانی دەهێننەوە. کتێبی (ئۆرینتالیزم)ی (ئێدوارد سەعید)، وەکو پرۆژەیەکی ڕەخنەیی هەموو بێدەنگییەکانی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ئەوان ویستوویانە لەڕێگای ئەو زانستەیانەوە سەرجەمی کۆمەلگای ڕۆژهەلاتی وەکو نەخۆشێك سەیربکەن، کە دەرمانەکەی لەدەرمانخانەکانی ڕۆژئاوا دەستدەکەوێت. هەر لەو کتێبەدا (ئێدوارد سەعید) ڕەخنە لە(مارکس) دەگرێت، کە نەك هەر بەرانبەر بەو داگیرکردنانە بێدەنگە، بەلکو پێشی وایە ڕێگایەکە بۆ لەناوبردنی سیستمی کۆنی پێش سەرمایەداری. (ئێدوارد سەعید) هەر خۆی وەکو یەکێك لەڕووناکبیرە گەورەکانی عەرەب بەرانبەر جینۆسایدی کورد بێدەنگ دەبێت، بگرە هەر لەبنەڕەتەوە نکوولّی لەوە دەکات، کە ڕژێمەکەی (سەدام حسێن) چەکی کیماویی بەکارهێنابێت، چونکە لای ئەو گرنگ ئەوەیە سەنتەری عەرەبی لەبەرانبەر دنیای ڕۆژئاوا بەهێز بێت. لەگەلّ ئەوەشدا ئەو کتێبە بەو هەلّوێستەی نووسەرەکەی لەنرخی خۆی ناکەوێت، بەلّام ئەوەشمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت، کە (ئێدوارد سەعید) مەبەستی لەڕۆژهەلات، تەنها لەعەرەبە. بەمانایەکی دیکە رقی ئەو بەرانبەر بەگوتاری ئیمپریالیزم لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەستەلّاتی عەرەبی لەسەر نەتەوەو ئیتنیکەکانی ژێر دەستی کز کردووە. دەتوانم بلّێم بێدەنگیی (ئێدوارد سەعید)یش وەکو زۆرینەی ڕۆشنبیری عەرەبی لەئاستی ئەنفال و هەموو تاوانەکانی دیکەی ڕژێمەکەی (سەدام حسێن)دا بەشێکی زۆری پێوەندیی بەو تێکشکان و رووخانانەی خۆیانەوە هەیە بەرانبەر بەئیسرائیل و ڕۆژئاوا، بەلّام ئایا ئێمە مەبەستمان لەبەدەنگەوەهاتن چییەو دەمانەوێت کێ بەدەنگمانەوە بێت؟ ئایا ڕۆشنبیری عەرەبی لەئاستی مێژووی خۆیدا بەدەنگ هاتووە؟ مێژووی عەرەب خۆی پڕاوپڕە لەو ئەنفالانەی کراونەتە سەر خەلّکی خۆیان. بزووتنەوەی هەلّگەڕاوەکان نموونەیەکی زیندوو و بەرچاوە، کە لەگەلّ مردنی پەیامبەری ئیسلامدا دەستیپێکرد. ئەوانە بەشێکیان لەئیسلام هەلّگەڕانەوە، بەلّام بەشەکەی دیکەیان تەنها لەڕووی باوەڕەوە هەندێك لەگەلّ یەکەمین

خەلیفـەی موسـڵمانان جیـاواز بـوون. مێژوونووسـە کلاسـیکییەکانی ئیـسلام ئـەوەی لـەو کوشتن و بڕینانەی ئەو شەڕانە دەگێڕنەوە، هیچی لەئەنفالی کوردستان کەمتر نییە. وەکو (فەرەج فۆدە) لەکتێبی (راستیی ونبوو)دا دەڵێت، هۆکاری کوشـتن و لـەناوبردنی ئەوانـە، ئاینیی نەبوو، بەڵکو ئـابووریی بـوو، چـونکە ئەوانـە لەئیـسلام هەڵنەگەڕابوونـەوە، بـەڵکو ئامادەنـەبوون زەکـات بـدەن. لەشـەڕەکانی نـاوخۆی ئیـسلامدا، کـە لەگـەڵ تیرۆرکردنـی خەلیفــەی ســێیەمەوە بــەرپابوو، ســەدان هــەزار موســڵمان بوونــە قوربــانیی. ئــەوەی سەرکردایەتیی ئەو شەڕانەشـی دەکـرد: (عائیـشە)ی دایکـی موسـڵمانان و (عـەلیی کـوڕی ئــەبی تاڵیــب) و (مەعاویــە)ی کاتــب وەحیــی پــەیامبــەرو (تەلحــە) و (زوبێــر)ی گەورەئەسحابەبوون، بۆیـە هەنـدێك لەمێژوونووسـان نـاو لـەو شـەڕانە، بەتایبـەتی شـەڕی جەمەل، دەنـێن شـەڕی مژدەپێدراوەکان (المبـشرون). " إذا التقـى المـسلمان بـسيفيهما فالقاتل والمقتول في النار ". لەو شـەڕانەدا ئەسـحابەکانی پـەیامبـەر نـەك هـەر بەشمـشێر خوێنی یەکتریان دەڕشت، بەڵکو جەستەی یەکتریشیان دەشێواند. وەکو لەگەڵ سـێیەمین خەلیفەی ئیسلامدا کردیان. (محەمـەدی کـوڕی ئەبوبـەکر سـەدیق)یـشیان لەچـەرمی کـەر پێچاو سووتاندیان. لەقورئانیشدا هاتووە، کە تەنها خوا بۆی هەیە گیانەکان بـسووتێنێت، نەوەك بەندەکانی. هەر لەو شەڕانەدا مەککە، شوێنی هەرە پیرۆزی عـەرەب و ئیـسلامیان دایە بەر مەنجەنیق. (حسێنی کوڕی عەلی) و حەفتاو دوو کەس لەبنەماڵەی پەیامبەر، کـە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، لەلایـەن خـودی موسـڵمانانەوە کـوژران. دووەمـین خەلیفـەی ئومەوی ئاوی لەکەللەسەری کچەزای پەیامبـەر خـواردەوەو ژنـەکانی کـردە کـەنیزە. لـەم چـەند سـاڵەی دواییـدا دەیـان کتێـب و سـەدان گوتـار لـەبارەی (مەعاویـە) و (یەزیـد)ی کوڕیــەوە نووســراون و بــاس لەدەســکەوتە مەزنــەکانیان دەکــەن. (جـۆرج تەرابیــشی) لەگفتوگۆیەکیدا وتی: "کاتێـك کێـشەی سیاسـی دێتـە ئـاراوە، سیاسـەت دەخرێتـە پـێش ئاین". وەك دەبینین هەر لەسەرەتای مێژووی ئیسلامەوە، تێکست بەمانا سیاسـییەکەی راڤە کراوەو لایەنە میلیتاریستییەکەی پێش لایەنەکانی دیکەی خراوە.

هەر ئەو مێژووە پـڕە لەسـەرکوتکردنی ئـەو رەوتـە عەقائیدیانـەی، کـە لـەناو هـەمان شوناسی ئیسلامدا دەیانـەوێت بەشـێوەیەکی جیـاواز لەخوێندنـەوەی رەسمیـی دەوڵـەت، تێکست راڤە بکەن. لەوانە موعتەزیلە، قەدەرییەکان، مەرجەئییەکان، شـوارتەکان و زۆری

دیکەش. بەکورتی مێژووی سیاسیی عەرەبیی ئیسلامی مێژوویەکی خوێناوییە، ئەگەر زانیمان تەنها لەسەردەمی چوار خەلیفەی راشدییدا سەدان هەزار موسڵمان خوێنی یەکتریان رشتووە. ئەگەر زانیمان سێ خەلیفەی راشیدی و سێ خەلیفەی ئومەوی تیرۆر کراون. ئەگەر زانیمان خەلیفەیەکی عەباسی لەلایەن براکەی و یەکێکیان لەلایەن کوڕەکەیەوە تیرۆر کراوە. حەوتی دیکەیان تیرۆرکراون و پێنجیان لابراون. یەکێکیان (هۆلاکۆ) سەریبڕی. ئەگەر مێژوونووسە کلاسیکییەکانی ئیسلام ئەو رووداوانەیان گێڕاوەتەوەو زۆر جار رەخنەشیان گرتووە، تەنانەت لای (ئیبن خەلدون) کاردەگاتە ئەوەی بڵێت عەرەب ئومەتێکی دڕندەیە، بچێتەسەر هەر وڵاتێک وێران و تالانی دەکات.دیارە لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەو مێژووەوە بەو قەناعەتە گەیشتووە. بەڵام ئەمڕۆ رۆشنبیری عەرەب نەك هەر رەخنەیان لێناگرێت، بەڵکو پاساویشیان بۆ دەهێنێتەوە. دیارە ئەمانە کۆمەڵێك هۆکاریان هەن، کە زۆر کەم بۆ کوردبوونی ئێمە دەگەڕێنەوە. رەنگە کتێبی (رۆشنبیرانی عەرەب و کەلەپوور)ی (جۆرج تەرابیشی) لێرە لەوەدا یارمەتیمان بدات، کە تێبگەین بۆچی رۆشنبیری عەرەبی لەئاستی رابردووی خۆیاندا ئەوەندە میهرەبانن. بەباوەڕی (تەرابیشی) عەرەب تووشی گرێی خەسان (Castration complex) بوون. دیارە ئەو گرێیەش وەکو (فرۆید) راڤەی دەکات، لەترسی باوك دێتە کایەوەو پێوەندیی بەئارەزووە سێکسییەکانەوە هەیە. کوڕ لەوە دەترسێت ئەگەر دەست بەسەر دایکیدا بگرێت، باوکی شەبزووزەکەی ببڕێت. (تەرابیشی) پێیوایە ئێستا کەلەپوور لای عەرەب جێگای (باوك)ی گرتووەتەوە. لەسەرجەمی کتێبەکەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە عەرەب وەکو (ئۆدیپ) باوکی ناکوژێت تا دواجار بیپەرستێت، بەڵکو تەنها دەیپەرستێت. ئەو کتێبەی (تەرابیشی) ناڕەزایی زۆری لای رۆشنبیرە عەرەبە نەتەوەپەرستەکان هێنایە کایەوە. دۆڕانی عەرەب و ئیسلام لەشەڕی ئایدۆلۆژی و شارستانی و سەربازی و کۆمەڵێك بواری دیکەوە لەبەرانبەر دوژمنەکانیان هەر لەپەلاماری هۆلاکۆ (١٢٥٨) و دەرکردنیان لەئیسپانیاوە (١٤٩٢) تا دەگاتە لەبارچوونی پرۆژەی نەتەوەیی (جەمال عەبدولناسر ١٩٦٧) و رووخانی رژێمەکەی (سەدام حسێن ٢٠٠٣)، کە هیوای زۆربەی دنیای عەرەبی و ئیسلامیی لەخۆیدا کۆکردبووەوە، رۆڵێکی گەورەی بینی، کە عەرەب و ئیسلام تووشی ئەو حاڵەتە

نێرڤووسییە بێن و وابزانن بەگەڕانەوەیان بۆ رۆژە شکۆکانی ئەندەلووس، بەختیاری و شکۆمەندیی خۆیان بەدەستدێننەوە. لێرەشدا تەنها رووی دەرەوەی ئەو هێزە دەبینن، نەوەك وردەکارییەکانی ئەو هێزە، کە لەسەر حیسابی توانەوەی چەند شوناسی جیاواز دروست بووبوو. هەر لەو رۆژگارە پڕ لەشکۆیەدا بوو، کە فەیلەسووفێکی وەکو (ئیبن ئەلروشد) چەوسایەوەو کتێبەکانی گڕیان تێبەردرا. (ناسر حامد ئەبوزێد) پێیوایە لەدوای شەڕی (١٩٦٧)ەوە، چیتر تازەگەری نەکرایە سەرچاوە بۆ راڤەکردنی کەلەپوور، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەلەپوور کرایە سەرچاوە بۆ راڤەکردنی تازەگەریی. بەمەش پڕۆژەی تازەگەریی لای عەرەب هەر تەواو لەبارچوو.

خەمی گەورەی ئەو رۆشنبیرە ئەوەیە چۆن سیاسی و ژەنەڕاڵەکانی عەرەب هەیکەلێکی زەبەلاحی رەسەنی عەرەبی پێکبهێنن و هەموو خەون و زیندەخەونی ئەو رۆشنبیرە بێنێتە دی. (عەلی حەرب) لەکتێبی (کاتەکانی تازەگەریی سەرکەوتوو)دا ئەوەی ئاشکرا کرد، کە چۆن بەڕووخانی رژێمی (سەدام حسێن)، تەلاری پڕۆژەی نەتەوەیی عەرەب لای ئەو رۆشنبیرە رما. (عەلی حەرب) رەخنە لەو رۆشنبیرە دەگرێت، کە چۆن گوێی بەو هەموو تاوان و کارەسات و بەزینانەی رژێمی بەعسی نەداوەو هیواکانی خۆی لەسەر بنیاتناوە.

ئەمڕۆ رۆشنبیری عەرەبی بەقەدەر سەرکردەی حزبەشۆڤێنیست و ژەنەڕاڵ و ئەمیری رەوتە سەلەفییەکانی ئیسلام لەو ئیتنیك و کەمایەتییانەی ناو سەنتەری ئیسلام تووڕەیە، کە بەدەربڕینی ناڕەزاییان تەگەرە دەخەنە بەردەم یەکێتیی عەرەبیی ئیسلامی. ئەو رۆشنبیرە لەئەنجامی ململانێی لەگەڵ شوناسە بچووکەکانی ناو سەنتەری عەرەبیی ئیسلامییدا، تووشی سەرلێشوانێکی وەها بووە، کە بەپێچەوانەی هەموو ئەو سومبولانەی خۆشی مێژوو دەخوێنێتەوە. ئەو سومبولانەی هەتا چەند ساڵێك لەمەوبەر وەکو تەوتەم لێی دەڕوانین. بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەئەنجامی ململانێی سوننەو شیعەدا، ئەو رۆشنبیرە بەشکۆی دەوڵەتی عوسمانییدا هەڵدەڵێت، کە سەردەمێك بۆ رزگاربوون لەدەستی دەریایەك خوێنی رشتووە. دەوڵەتی عوسمانی، کە جاران لەکتێبی خوێندنی قوتابخانەدا وەکو گەورەترین دوژمنی عەرەب سەیر دەکرا، ئەمڕۆ ئەو رۆشنبیرە وەکو درێژەپێدەری خەلافەتی راشدی و ئومەوی و عەباسی پێماندەناسێنێت، چونکە لەدژی

کافرەکانی ڕۆژئاواو گومڕاکانی سەفەوی جەنگاوە. ئەو ڕۆشنبیرە دووفاقییە لەیەك کاتدا (عەبدولڕەحمان ئەلکەواکبی)ی ریفۆرمخوازو بیریار لەپاڵ (سوڵتان)ی دژ بەڕیفۆرم و داگیرکەر بەمەرجەعی خۆی دەزانێت. لەیەککاتدا شین بۆ (حسێن) دەکات و بەباڵای (یەزید)یشدا هەڵدەڵێ. (حەسەن حەنەفی)، کە بەباشووری کوردستان دەڵێت (شمال العراق) و هەندێك بەفەیلەسووفی عەرەبی دەزانن، خەمی گەورەی بووەتە ئەوەی چۆن کارێکی وا بکات دیکتاتۆرەکانی دنیای ئەمڕۆی ئیسلامی یەکبگرن و بەزمانێکی سادەو ڕەوان تەگبیریان بۆ دەکات، کە بەسەر کێشەکانی نێوانیاندا زاڵبن و لەدژی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا بەرەیەك پێکبهێنن. سەردەمی رووخانی رژێمەکەی (سەدام حسێن) ڕێگای بۆ تورکیاو عێراق و ئێران و سوریا دادەنا، کە مەسەلەی لیوای ئەسکەندەڕۆن و ئاوی دیجلەو فورات و مەسەلەی (کوردەکانی سەر سنوور! !) لەنێوان خۆیاندا ببڕیننەوە. ئەو کابرایە ماوەیەك لەمەوبەر وتی لەنێوان ناوەکانی خودادا دژایەتی هەیە. دەیوت چۆن دەبێت خودا لەلایەك میهرەبان و لەلایەکی دیکە دڵڕەق بێت. داوای دەکرد ناوەکانی خودا لەقورئان بگۆڕن، بەڵام ناتوانێت باوەڕ بهێنێت، ئەو نەخشەیە پێویستی بەگۆڕانە، کە نەتەوەیەکی گەورەی وەکو کوردی تیا کراوەتە دەرێ.

خوێندنەوەی ئەنفال وەکو ڕووداوێکی مێژوویی، ناچارماندەکات مێژووی ئەو رووبەرە بەوردی بخوێنینەوە، کە ئەنفالی وەکو پرۆسێسێکی ئایدۆلۆژی و سەربازی و کەلتووری لێوە هاتووە. ئەو مەسەلەیە بەو ئاسانییە نییە، کە زۆربەی نووسەری ئێمە لێی تێگەیشتوون. ئەوە نییە وەکو (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووس هێناویەتییە بەرچاوی، گوایە عەرەبی شمشێربەدەست بەسواری پشتی ئەسپەوە هاتوون و ئێمەی کافریان کردووەتە موسڵمان.

هەموو پیرۆزییەك بەناچاریی هەڵگری جۆرێك گوتاری توندوتیژییە، چونکە ئەو پیرۆزییە ڕاستەوخۆ خۆی لەبەرانبەر دژەکەیدا دەبینێتەوە، کە پیسییە، یان بەمانا میتۆلۆژییەکەی گڵاوییە. لێرەدا دەروازەیەکی دی لەبەرانبەر دوو دنیای جیاوازدا دەردەکەوێت، دنیای نادیار، کە سەرچاوەی (پیرۆزی)یەو دنیای دیار، کە (گڵاوی)ی تێدا دەژی، بەڵام جیاوازیی ئەو دووانە لەبوونی کۆمەڵێك سومبولی وەکو جەستەو زمان و هەڵسوکەوت دایە. (پیرۆزی) لەڕێگای سومبولەکانی خۆیەوە کۆنتاکت لەگەڵ دنیای

نادیاردا دەکات، بۆیە (پـیرۆزی) لەلایـەك خەرمانەیـەك بـەدەوری خۆیـدا پێكـدەهێنێت و لەلایەكی دیكەش هێرشی (پیرۆزی) بۆ سەر (گڵاوی) هەمیشە رەوایـە. ئـەو رەوایەتییـەش بەئاسـانی (پـیرۆزی) دەكاتــە خـاوەنی هێزێكـی كۆمەڵایـەتیی گـەورەو سـەرمایەیەكی سیمبولیی بەرفراوان. لێرەدا جەستە لەهەردوو لایەنەكەدا گرینگترین رۆڵ دەگێرێت، بۆیـە هەر ئەویشە دەبێتە قوربانی. (پیرۆزی) هەر خۆی لەسـەر بنـەمای (قوربـانی) دامـەزراوەو (قوربـانی) جۆرێكـە لـەریتواڵی ئـاینی. ئـاژەڵ بـۆ جەژنـەكان و مـرۆڤ بـۆ جەنگـەكان. لەهەردووكیشیاندا خوێن پرۆسێسی ئەو قوربانییـە پێكـدەهێنێت، چـونكە وەكـو (فرۆیـد) دەڵێت: خوێن بۆ خواوەند تەرخانە. لەبیرمانە خواوەند قوربانییەكـەی (هابیـل)ی شـوانی قەبوڵكرد، چونكە ئاژەڵ بوو، نـەوەك دەنكـە جۆیەكـەی (قابیـل)ی جوتیـار. ئـەو لۆژیكـە ئەنفال و هەموو شەڕە پیرۆزەكانی دیكە بەرێوەدەبات. لەشەڕی پیرۆزدا بیـانوو پێویـست نییە، ئەوەی پێویستە، تەنها پروپاگەندەیە، چونكە ئەو هێرشـە بـۆ سـەر خەڵكێكـە، كـە نەزانن و لەوە تێناگەن، كە لەپشت ئـەو قەلاچـۆكردنەو لەوبـەری ئـەو روبـاری خوێنـەوە، مژدەیەكی گەورەی ژیانێكی پاشـەڕۆژ هەیـە. ئـەنفال ئـەو شـەڕە بـوو، كـە تێیـدا بـەرەی (پیرۆزی) و (حەڵاڵ) بەسەر بەرەی (گڵاویی) و (حەرام)دا سەركەوت. ئەگەر بەزاراوەكانی جەنگ بینووسینەوە، دەبێت بڵێین موسڵمانەكان بەسـەر كافرەكانـدا سـەركەوتن. هێـزی خێـر بەسـەر هێـزی شـەڕدا سـەركەوت، بـەڵام بـواری شـەڕی پـیرۆز تـەنها بەسـەركەوتنی سەربازی كۆتایی نایەت، بەڵكو كۆمـەڵێك ئـەركی دیكـەی هەیـە، كـە دەبێـت جێبـەجێیان بكات، ئـەویش لـەڕێگای پەیامەكەیـەوە هـەموو ئـەو گیانـە (گڵاو)انە پاكدەكاتـەوە، كـە لەشەڕی پیرۆزدا رزگاریان بووە. ئەمەیان خۆی لەشەڕی كولتورییدا دەبینێتـەوە. ناكرێـت لێرەدا باز بەسەر مەسەلەیەكی دیكەی گرنگدا بدەین، ئەویش ئەوەیە، كە شەڕی (پـیرۆز) لەشوێنی (پیرۆز)ەوە بۆ شوێنی (گڵاو) ئاراستە دەكرێت. واتە لەشارە (پیرۆز)ەكانەوە بۆ شارە (گڵاو)ەكان. ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی شەڕە ناوخۆییـەكانی ئیسلام، دەبینـین لەپاڵ شوێنە (پیرۆز)ە سەنتەرو هاوبەشەكانی وەكو مەككـەو مەدینـەدا، كۆمـەڵێك شـاری لۆكـاڵیی دیكـەی (پـیرۆز)یـش هاتنەكایـەوە وەكـو كوفـەی (ئیمـامی عـەلی)، دیمەشـقی ئومەوییەكان، بەغدادی عەباسییەكان. ئەگەر كوفەو دیمەشـق لەلایـەن هێـزی پیرۆزییـەوە پیرۆزكران، ئەوە شارێكی وەكو بەغداد هەر خۆی لەسەر بناغەی پیرۆزی دامـەزرا. لەگـەڵ

ئەوەشدا شارەزوورو خوراسان دوو شوێنی زۆر گرنگی شۆڕشی عەباسییەکان بوون، بەڵام نـەیانتوانی (پـیرۆزی) بەدەسـتبهێنن، چـونکە وەکـو لەلایـەن کەسـانی (پـیرۆز)ەوە دانەمـەزرابوون، کەسانی پـیرۆزی عـەرەبییش نەیانکردنـە پایتـەختی دەسـەڵاتی پـیرۆزی خۆیـان. ئـەو شـارە پیرۆزانــەش (پــیرۆزی)ی خۆیــان لــەڕێگای قوربانییەکانــەوە بەدەسـتهێناوە. خـوێنی (حـسێنی کـوڕی عـەلی)، (کەربـەلا)ی پـیرۆز کـرد، کـەوەك لەناوەکەیدا دیارە پێشتر بەشارێکی بەدفەڕ ناسرابوو. (پێتەر فارب) لـەکتێبی (نـەوەکانی ئادەم)دا دەڵێت: "شاری مردووەکان پێش شاری زیندووەکان دامەزراون".

جیـاوازیی نێـوان ئـەنفالی شمـشێرو ئـەنفالی کیمیـاوی تـەنها لەزەمـەن و لـەجۆری تەکنـەلۆژیای جەنگـدا نییـە، بـەڵکو جیاوازییــشە لــەنێوان گەیانـدنی پـەیام و سـزای هەڵگەڕانەوەدا. لەیەکەمیاندا کورد بۆیە ئـەنفال کـرا، چونکە تـەنها لـەڕێگای توندوتیـژیی (پیرۆز)ەوە دەکرا لەپەیامی راستی و یەکسانی تێبگات و لەجەهالەت رزگاری ببێت، بەڵام لەدووەمیاندا، واتە لەئەنفالی کیمیاوییدا، کورد لەگەڵ ئەوەشدا راستییەکانی پێگەیشتبوو و بەنووری عەرەب دنیای بۆ رۆشن کرابـوو، کەچـی لەسـەنتەری ئیسلام هەڵگـەڕابووەوە. ئەگـەر بەمێـژووی سیاسـیی ئیـسلامدا بـچینەوە، دەبیـنین جیاوازی زۆرە لـەنێوان کـافرو هەڵگەڕاوەدا، بۆیە ئەنفالی کیماوی سزادانی کورد بوو، نەوەك پێگەیاندنی پەیامی راستی. هـەمان شـت لـەجووەکان روویدا. ئـەوان لەمەککـە دەرکـران، چـونکە وتیـان پـەیمانیان شکاندووە. دەرکردنی جووەکان و ئەنفالی کیمیاویی کوردستان لەوەشدا لەیەکتر دەچـن، کە وتیان هەردوو لایان هاوکاریی دوژمنی ئیسلامیان کردبوو. وتیـان جووەکـان دەسـتیان لەگەڵ بتپەرستەکان تێکـەڵکردبوو و کوردەکـانیش لەگـەڵ ئێرانـی شـیعەدا. راسـتییەکەی سزادان خۆی فەرمانێکی خواهانەیەو ئەو فەرمانە لەئەنجامی گوناهەکانـەوە دەردەچێت. دەرکردنی ئادەم لەبەهەشت و تۆفانی نووح و تەفروتووناکردنی قەومی لووت و لەناوبردنی قەومی عـاد لەمەملەکـەتی ثمـود، کەحوشـترە پـیرۆزەکـەی سـاڵحیان کوشـت، کۆمـەڵێك نموونەن بۆ سزادانی گوناهباران. (گەلگامش) و (ئۆدیپ) و (سیزیف)یش هەر خۆیان سـێ نموونەی دیکەن، کـە لەئـەنجامی یاخیبوونیـان، رووبـەڕووی سـزای خـواوەنـد بوونەتـەوە. لاسـاییکردنەوەش وەکـو (رێنیـە جێـرار) لـەکتێبی (پـیرۆز و توندوتیـژی)دا راڤەیـدەکات، بەشێکە لـەمیکانیزمی توندوتیـژیی پـیرۆز. بـەڕای مـن لێرەدا لایـەکی دیکـەی بێدەنگیی

جیهـانی ئیـسلامی ئاشـکرادەبێت. لەئـەنفالی کیمیاوییـدا بەشـێك لـەکورد پەیمانەکـەیان نەشکاندبوو، بۆیە ئەوان لەپاڵ سوپای ئەنفالدا دەجەنگان، کە هـەتا ئـەمڕۆ لەئـەدەبیاتی کوردییدا ناوی جاش و ناپاکییان لێدەنێن. پێموایە دەبێت ئێمـە جـارێکی دیکـە بـەو دوو زاراوەیەدا بچینەوە، چونکە لەپاڵیاندا چەمکێك ون بووە، کە ئەویش چـەمکی عەقیدەیـە. ناپـاك، یـاخود خـاین بـەو کەسـە دەوترێـت، کـە لـەپێناو هەنـدێك دەسـتکەوتدا پـشت لەماڵەکەی، کەسوکاری، خێڵەکەی یان نەتەوەکەی دەکـات، بـەڵام کاتێـك عەقیـدە خـۆی دەسەپێنێت، ئەوانە نامێنن. ئەمیری ڕەوتێکـی ئیـسلامی لەباشـووری کوردسـتان (شمـال العراق)، کە پەیوەندیی بەبەعسەوە هەبووە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو عەقیدەیەی، کـە خۆی بەبەشێك لەسەنتەری ئیسلام دەزانێت. ئەمە لێکدانەوەی خۆیەتی بۆ شەریعەت، کە دەڵێت: (أنصر أخاك ظالماً أو مظلوماً). ئەمە ڕەگوڕیشەی بۆ ئەو میرنیشینە کوردییانەش دەگەڕێتەوە، کە بەناوی خەلیفـەی ئیـسلامەوە حوکمیـان دەکـرد. زۆرجـار زەمینـە لـەبار بووە بۆ جیابوونەوە، چونکە حکومەتی ناوەندی زۆر بەرەو کزی چـووەو خەلیفـەش هـەر تەنیا نـاوی مـابووە، بـەڵام ئـەوان پـەیمانیان نەشـکاندووە. لێرەشـدا پابەنـدبوونی کـورد بەسەنتەری ئیسلامەوە کۆمەڵێك فاکتەری مێژوویی و کەلتووری و جوگرافیی هەیـە. کـورد بەپێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەی وەکو عەرەب و فارس لەناو مێژوودا هیچ سەرکێشییەکی وا گـەورەو بەرچـاوی نـەکردووە، بـەڵکو تاتوانیویـەتی خـۆی داوەتەدەسـت چـارەنووس. لێـرەدا ئـەوەش دەڵـێم، کـە راسـتە کـورد زۆرجـار لەشـۆڕش و هەڵگەڕانەوەکانـدا بەشدارییکردووە، بەڵام هەموو ئەوانە لەژێر ئەدرەسی ئەوانی دیکەدا بـوون. دەوڵەتەکـەی (حەسـنەویەی کـوڕی حـسێنی بـەرزەکانی)ی لەناوەڕاسـتی سـەدەی چـوارەمی کۆچـیی لێدەرچێت، کە خەلیفەی عەباسی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدانا، ئەگینا هـەوڵی دیکـەی وا گرنگـی نـەبووە. بـەهۆی نـەبوونی فیکـری سـەربەخۆیی و ئـەقڵی سیاسـی و کەلتووری لای کورد، زۆر بەئاسانی توانیویانـە بیخەڵـەتێنن. بـۆ نموونـە (ئـەبو جەعفـەری مەنـسوور) بۆئـەوەی کـورد داوای پاداشـتی ئـەو هـەموو یارمەتییانـەی لێنەکـەن، کـە عەباسییەکانیان بەسەر ئومەوییەکاندا سەرخست، ژنێکی لیٚ خواستن. سەیر ئەوەیـە، دوا خەلیفەی ئومەوییەکانیش (مەروان الحمار)، کە عەباسییەکان کوشتیان، دایکی کورد بوو. ئەو ژنەشیان هەر بۆ ڕازیکردنی کورد خواستبوو. بۆ نموونە ئەگەر سەیری عەرەب بکەین،

دەبینین هەر لەسەردەمی (شەلمەنسەری سێیەم)ەوە توانیویانە مەملەکەتێکی سەربەخۆ لەڕۆژئاوای وڵاتی ئاشوور دابمەزرێنن، کە ئەمە دەکرێت وەکو یەکەمین وەستانەوەی عەرەب سەیر بکرێت لەئاستی دەستەڵاتی مێژوودا. بەگشتی عەرەبەکان هەتا هاتنی ئاینی ئیسلام چەندین دەوڵەتی وەکو (سەبەو)، (حەزرەمۆت)، (غەساسینە)، (مەنازیرە)، (حەمیەری) و (مەعینی)یان دامەزراند. کورد وەکو هێزێکی میلیتاری و کەلتووری رووبەڕووی ئەنفالی شمشێر نەبووەوە، بەڵکو جەستەیەکی پاسیڤ بوو لەناو سەنتەری فارسییدا. بەدۆڕانی ئیمپراتۆریەتی فارسی، کورد تەنها ناوی خاوەنەکەی گۆڕا. حیسابنەکردنی کورد وەکو دوژمنێك لەلایەن هێزی عەرەبیی ئیسلامییەوە، هەر خۆی سەرەتای بەلاوەنانی کوردە وەکو نەتەوەیەك. کورد هەر لەسەرەتاوە بەنهێنی و بێدەنگ بەمێژوودا تێپەڕیووە. جەنگاوەرێك بووە لەسوپای ئەم ئیمپراتۆرو ئەو ئیمپراتۆردا، بەبێئەوەی ناو و ناونیشانی هەبووبێت. لەدۆڕان و بردنەوەدا هەر بەشی قوربانیدان بووە. لێرەدا دیسان بەشێکی دیکەی بێدەنگیی ئەنفالمان بۆ ئاشکرا دەبێت. هەندێك بەلایانەوە سەیرە کاتێك ڕژێمەکەی (سەدام حسێن) وەکو بەشێك لەکەلتووری ئیسلام سەیر دەکرێت. لێرەشدا دیسان نائاگایی، ئەگەر نەڵێم خۆگێلکردنی ئەو کەسانەمان بۆ دەردەکەوێت لەمێژووی سیاسیی ئیسلامدا. دیارە ئێمەش دەزانین، کە (سەدام حسێن) لە(عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)ی ئومەوی و لە(مەئموون)ی عەباسی ناچێت، بەڵام وێنەیەکی زۆر نزیکی (مەعاویە) و (یەزید)و (حەجاج)و (ئەبو ئەلعەباس ئەلسەففاح)و (ئەبو جەعفەری مەنسوور)و (ئەلمتەوەکیل)ە. ئەوەتا لەدنیای عەرەبیی ئیسلامییدا رۆژانە بەبەڵگەوە دەیسەلمێنن، کە ئەو رژێمە پارێزەریماڵی ئیسلام بووە. ئێمە بەدرێژاییی مێژووی بەعس لەعێراق و باشووری کوردستاندا تەقینەوەیەکمان لەبیر نییە لەلایەن ئیسلامییەکانەوە ئەنجامدرابێت، بەڵام لەو رۆژەوە ئەو رژێمە رووخاوە، عێراق و پارچەیەك لەباشووری کوردستان بەشی شێریان لەتەقینەوەو کوشتاری حیزب و گرووپە ئیسلامییەکانەوە بەردەکەوێت. هیچ کاتێك وەکو ئەمڕۆ کورد ئەوەندە لەناو گوتاری ئیسلامییدا دزێوو ناشیرین نەبووە. سایتێکی ئیسلامیی کوردزمان مژدەی ئەوەمان پێ رادەگەیەنێت، کە ئیسرائیل لەخواپەرستیی گەنجە میسرییەکان نیگەرانە، بەڵام ئایا بەڕێوەبەرانی ئەو سایتە لەخۆیان رادەبینن لای ئەو گەنجانە نەڵێن (سەدام حسێن)

موجاهیدێکی گەورەیە؟ گوتەی هاوڕێیەکی لوبنانیمم بیرناچێتەوە، کە جارێکیان پێیوتم: "ئیسلامییەکانی دەسەڵات و ئیسلامییە ئۆپۆزیسۆنەکان نەك هەر لەدنیای عەرەبی، بەڵکو لەسەرتاپای دنیای ئیسلامییدا، لەزۆر مەسەلەی تاکتیکی و ستراتیژی ڕێکن، بەڵام لەهەموو شتێك زیاتر لەسەر ئەوە ڕێکن، کە سەدام حسێن موجاهیدێکی پیرۆزو ڕژێمی بەهێزی بەعس گەورەترین دوژمنی کوفر و کافران بوو".

ئێمەش دەزانین جیاوازیی لەنێوان ئیسلام وەکو (فقه)و ئیسلام وەکو مێژوودا هەیە. یەکەمیان پەوەندیی بەعەقیدەوە هەیە، کە حوکم و بنەماکانی ئایینەکەن و دووەمیان پراکتیزەکردنی عەقیدەیە، کە مێژووی شەڕو داگیرکارییەکانیش بەشێکە لەوەی دووەمیان. هەر لەسەرەتاشەوە لەلایەن ئیسلام خۆیەوە ڕەخنە لەو پراکتیزەکردنە گیراوە. بەمانایەکی دیکە جیاوازی لەنێوان (ئیسلام) وەکو بزووتنەوەیەکی ڕۆشنگەریی و (ئیسلامیی) وەکو مێژووی شەڕو فراوانبوونەکانی دەوڵەتی ئیسلامییدا هەیە، کە ئەمەی دووەمیان بەردەوام سیاسەت بزوێنەری بووە. کورد ئەو دوانەی تێکەڵی یەکتر کردووە، بۆیە هەموو شەڕو کوشتارەکانیش هەر بەپیرۆز دەزانێت. ئەوە ئەگەر نەڵێم بەشێکی زۆری کورد بەڕۆشنبیرەکانیشیەوە ئاگایان لەناکۆکی و جەنگەکانی ناو ئیسلام نییە. قورئان خۆی کوشتنی موسڵمانی بەدەستی موسڵمان حەرامکردووە. نەشیتووە ئەسحابە بۆیان هەیە خوێنی یەکتر بڕێژن، بەڵام تائێستا تەواو روون نییە، بۆچی کورد هەموو ئەو کوشتنانەش بەپیرۆز دەزانێت، کە تائەمڕۆش لای بەشێکی عەرەبی موسڵمان بەداخ و ئەفسووسەوە ئاوڕیان لێدەدرێتەوە. بەعس، وەکو جێگرەوەی خەلیفەکانی عەباسی سەیر دەکرا. (بەغداد) لای بەعسی سوننی کۆمەڵێك ساینفێکشنی مێژوویی و ئایینی و کەلتووری بەخۆوە گرتبوو. لەگەڵ هەموو تاوانەکانی ڕژێمەکەی (سەدام حسێن)دا، هێشتا ترسێکی سایکۆلۆژی لای کورد هەبوو لەگۆڕینیدا. مەسەلەی ئۆتۆنۆمی لەبەرنامەی پارتە کوردییەکاندا بەشێکی پەوەندیی بەو ترسەی جیابوونەوەیە هەبوو لەسەنتەری ئیسلامدا، کە بەدرێژایی مێژوو و بەنهێنی لەنەستی کورددا کاریکردووە. (طاعة حاکم جائر خیر من فتنة داخل الامة). ئەمە بێدەنگییەکە، لەناو ئەو رووبەرەدا هەستی پێدەکرێت، کە ئەنفال کراوەو تائێستاش درێژەی هەیە. سەیر نییە، ئەگەر ئەمڕۆ دەبینین دوایئەوەی ئاڵای کوردستان بەفەرمی لەهەموو هەرێمی کوردستاندا بەرزکراوەتەوە، کەچی لەو شوێنانەی

گیانی ئیسلامیی سیاسییان تێدا بەهێزە، هەر ئاڵای عەرەبی پەسەنددەکەن، کە الله اکبر-ی لەسەر نووسراوە. پیاوێکی کوردزمان زۆر راشکاوانە دەڵێت: ئاڵایەك الله اکبر-ی لەسەر نووسرابێت، نایگۆڕمەوە بەئاڵای مەجووسییان. یەکێك لەنووسەرە کوردزمانەکانی ئێمە زۆر بەئاگاییەوە رەخنەی توندوتیژ لەنووسەرێك دەگرێت، کە لەکتێبێکدا باسی لەوە کردووە ئەنفال هەندێك لایەنی خراپی بۆ کورد هەبووە. بەشێوەیەك باس لەپاکیی ئەو سەرلەشکرانەی ئەنفال دەکات، کە ئەگەر بکرێتە عەرەبی و خوێنەرە راستەقینەکانی (هادی ئەلعەلەوی)، یان هەر عەرەبێك، کە ئاگای لەمێژووی خۆی بێت، بیخوێننەوە، قاقا لێدەدەن. بەشێوەیەکی گشتی زمانی عەرەبی هەر خۆی وەکو گیانێکی پیرۆز سەیری کراوە، بۆیە هەرچی لەڕێگای ئەو زمانەوە بەئێمە گەیشتبێت، سیمایەکی پیرۆزیی وەرگرتووە. فەرهەنگێکی (ئینگلیزی-کوردی)یمان هەیەو لەبەرامبەر وشەی (Arabic)دا دوو مانا نووسراون، یەکەمیان "زمانی عەرەبی" و دووەمیان "زمانی قورئانی پیرۆز". برۆ چ لەفەرهەنگەکانی عەرەبی و چ لەهی نەتەوەکانی دیکەدا بگەڕێ و بزانە مانای دووەمیانت بەرچاو دەکەوێت؟ بەهەموو ولاتانی عەرەبی ئەوەندەی گەڕەکێکی شارەکەی من ناویان لەمنداڵی خۆیان نەناوە (عارەب). بلاوکردنەوەی مژدەی ئەوەی، گوایە سەرکردە موسوڵمانەکانی ئێمە لەحەج بەخزمەتی (ئیسماعیل هەنییە) گەیشتوون، لەکاتێکدا بەئاشکرا (هەنییە)و حەماس کورد بەمرۆڤ نازانن و پرسە بۆ (سەدام حسێن) دادەنێن، چ مانایەکی هەیە؟ ناکرێت ئەمانە وەکو ناپاکیی سەیربکرێن، بەڵکو دەبێت وەکو جۆرێك لەجەبری عەقیدە بیانخوێنینەوە، بەلام ناشکرێت باز بەسەر ئەو پرسیارەدا هەڵبدەین، کە ئاخۆ چی وای لە(کوردی قوربانی) کردووە بەرامبەر بەجەللادەکەی، (مەبەستم سەرجەمی عەرەب نییە)، ئەوەندە میهرەبانی بنوێنێت؟ (فرۆید) پێیوایە (قوربانیی) ئارەزووی ئەوە دەکات رۆڵی (جەللاد) ببینێت، بەلام ئەو ئارەزووە لای کورد ئاڕاستەیەکی تەواو پێچەوانەی وەرگرتووە. کورد هیچ کاتێك ئەوەندەی دوای ئەنفالی کیمیایی حەزی لەجەللادەکەی نەکردووە. من پێموایە زۆربوونی ناوی عەرەبی لەنەوەدەکان پەوەندییەکی توندوتۆڵی بەو ئارەزووەوە هەیە. پێش ئەنفالی کیمیاوی کوا ناوی عەلی، حەسەن، مەجید، سوڵتان، هاشم، تەها، یاسین، رەمەزان، حسێن، رەشید و زۆری دیکەی لەو بابەتەمان هەبوو؟! هەر لەدوای ئەنفالی کیمیاوییەوە

گـوڕینی سـیمای جلوبـەرگیش، بەتایبـەتی هـی ژنـەکانمان، لـەکوردی و جیهانییـەوە بـۆ عەرەبی بەهەمانشێوە بێمەبەست نـەبووە. مـن پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگـرم، کـە (کـوردی قوربانی) تەنها لەبەر ئەوە نییە (عەرەب) بـەپیرۆز دەزانێـت، چـونکە (عـەرەب) خـاوەنی ئایینێکی پیرۆزی خودایییە، نەخێر، لایەنێکی سایکۆلۆژییشی هەیە، کە خـۆی لـەئازاردانی خۆیدا دەبینێتەوە. بەمانایەکی دیکە ئێمە لەهەشتاو هەشتەوە هەتا ئەمڕۆ بـرینی ئـەنفال دەخـورێنین. خـورانی بـرینیش تێکەڵییەکـە لـەئازارو لەچـێژ. ئێمـە لـەڕێگای پرۆسێـسی خوراندنەوە دەمانەوێت لەبرین دانەبڕێین. هەر لەناو ئەو ئەتمۆسفێرەشدایە، کـە کۆمەڵـەو پارتە ئیسلامییەکان لەناو کوردستان چاوەڵدێنن و چالاکانە کـار دەکـەن. خوێندنـەوەی ئێمە بۆ ئەنفال بەئاگایی و بێئاگایی ئەو لایـەنی خـوران و چـێژەی فەرامۆشـکردووە. هـەر لێرەشەوەیە ئەدەبی ئەنفال لای ئێمـە ئەوەنـدە سـاکارو رووکەشـە، چـونکە تـەنها باسـی ئازار دەکات و خوران فەرامۆش دەکات، چونکە تەنها پێماندەڵێت کورد نەفرەت لەئەنفال دەکات و دوورو نزیك بەلای ئەوەدا ناچێت چ چێژێکیشی لێبینیوە. پێموایە ئەو مەسەلەیە لەوە زیاتر هەڵدەگرێت و ئێرە شوێنی ئەوە نییە. من خـۆم چـیرۆکێکم هەیـە، بـاس لـەوە دەکـات چـۆن قوربـانی و جـەللاد دەبنـە هـاوڕێی گیانیبـەگیانیی یـەکتر. پـارت و کۆمەڵـە ئیسلامییەکان هاوکات لەگەڵ ئەنفال و کیمیاوییدا، کە زانییـان وێنـەی عـەرەب لای کـورد گـۆڕاوە، خێـرا کەوتنـەخۆ بـۆ ئارایشتکردنەوەی ئـەو وێنەیـە. بۆیـە زۆر لـەجاران زیـاتر هەوڵیاندا عەرەب یەکسان بکەن بـەئیمان. بەمانایـەکی دیکـە بـەردەوام ویستوویانە بڵێن پیرۆزیی عروبە هـەمان پـیرۆزی ئیمانـە هـەر ئەمـەش بێدەنگییەکـە لـەناو خـودی کورددا قـووڵتر دەکاتـەوە پـێش ئـەنفال و کیمیـاویی، کۆنتـاکتی تـاکی کوردسـتانی بەخواوەنـد گوتارێکی تاڕادەیەك سەربەخۆبوو، ئەگەر نـەڵێم شوناسـێکی کوردانـەی هـەبوو. گوتارێـك بوو زیاتر لەناو ئیمانێکی سەربەخۆدا بەڕێوەدەچوو. تەنانەت ئەو زمانـە عەرەبییـەی لـەو کۆنتاکتـەدا بەکاریـدەهێنا، سـیمایەکی کوردانـەی وەرگرتبـوو، بـەڵام لـەدوای ئەنفالـەوە لەلایەن پارت و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی نـاو کوردسـتانەوە زمـانی ئـەو کۆنتاکتـە کراوەتـە عـەرەبی و تـەعبیری لـەئیمانێکی تـەعریبکراوەوە کـردووە. جـارێکی دیکـە سـەرنجت بـۆ زۆربـوونی نـاوی عـەرەبی وەکـو عـەلی، حەسـەن، مەجیـدو زۆری دیکـە لـەو شـێوەیە رادەکێـشم، ئەوەشـت بیردەخەمـەوە چـۆن سـیمای جلوبـەرگی ئێمـە، بەتایبـەتی هـی

ژنەکانمان لەکوردی و جیهانییەوە کرا بەعەرەبی. من لـەخۆم رادەبیـنم بڵـێم ئـەو پـارت و کۆمەڵە ئیسلامییانە نیو سەدەیە لەمەوبەر دەسـتیان بـەو شـێوازی کارکردنـەیان بکردبـا، ئێستا بەزەحمەت دەتتوانی لەباشووری کوردستان لەشوناسی نەتەوەیی خۆت بگـەڕێیت، چونکە تـەعریبکردنی ئیمـان، راسـتەوخۆ تـەعریبکردنی زمانـەو زۆر لەتـەعریبکردنی خـاك کاریگەرترە. گۆڕینی مونادای تاکی ئێمەیە لەشتێکەوە بۆ شتێکی دیکەی تەواو پێچەوانە. زەمینەی راپەڕین و شـەڕی نێـوان دوو پارتـە کوردییەکـەو گەنـدەڵی دەسـەڵاتەکانیان بـۆ درێژەپێدانی ئەو پرۆسێسە زۆر لەباربوو. لەلایەکی دیکە نابێت لاوازیی ئەو رۆشـنبیرانەش لەبیربکەین، کە لەسەر سیکۆلاریزم دێنە ژمـاردن. کۆمۆنیـستی کرێکـاری چ بـەهۆی نزمـی ئاستی تێگەیشتنیان لەواقیع و مێژووی ئیسلامی و چ بەهۆی ئەو شـێوازی ئیـشکردنەیان، خزمـەتێکی گـەورەیان بـەپرۆژەی ئیـسلامییەکان کـرد، بەشـێك لەرۆشـنبیرانی حزبـی بەهێزێکی کۆمەڵایەتی و سەرمایەیەکی سومبولیی بچووکتر لـەهی ئیسلامییەکان، چـوون جەمـسەرە دژەکـەی تێـڕوانینی ئـەوانیان گـرت. ئەگـەر ئـەوان عـەرەبیان کـردە گیـانێکی پـیرۆزو ئیمانیـان کـردە عـەرەبی، ئـەوا ئـەو رۆشـنبیرە هـەموو گوناهـەکانی خـستەسەر عەرەب، راستتر خستییە ئەستۆی ئایینی ئیسلامەوەو بـەو زمانـە میللیـەی خـۆی کەوتـە جنێـودان بەعـەرەب و هـەموو سـومبولەکانی. لەمـەوە کارەکتـەری ئێمـەیان خـستەنێو دووڕیانێکەوە، کردیانە کائینێکی دووفاقی. رۆشـنبیریی سـەربەخۆش ئەگـەر لەسـەر هـەر کەیسێکی دیکە بەچاکی کاری کردبێت، ئەوە هەتاکو ئەمڕۆش لەئیشکردن لەسەر کەیـسی ئـــەنفال زۆر دەستەوســـتانە. ئـــەو رۆشـــنبیرە نـــەیتوانیوە ئـــەو دوو گوتـــارە هەڵوەشـێنتێتەوە.نـەیتوانیوە لـەنێوان گوتـاری پیرۆزکـردن و نەفرەتکردنـدا، میتـۆدی خوێندنـەوەو رەخنـە لەمێـژوو و واقیعـی خۆمـان و ئەویدیکـەدا دەبمـەزرێنیت و درێـژەی پێبدات. نەیتوانیوە خوێندنەوەیەکی عەقڵانی بۆ چەمکی ئەنفال و چـەمکی ئیمـان بکـات. رۆشنبیری سەربەخۆ کاتێك ئەو دوو جەمسەرە لەنێو رۆشنبیریی خۆمانـدا دەخوێنێتـەوە، ئەوا پێش هەموو شتێك هەست بەنەبوونی دیمۆکراتی و ونبوونی گیانی تۆلەرانسی دەکات لـەنێو ئـەو زەمینەیـەدا. لـەناو ئـەو زەمینەیـەدا تـاکی کوردسـتانی لەلایـەك ئیمـانی لـێ دەسێنرێتەوەو ئیمانێکی دیکەی بەسەردا دەسەپێنرێت، لەلایەکی دیکەش پـەلاماری ئـەو ئیمانەی دەدرێت.

من لێرەدا بۆ ناو مێژوو دەگەڕێمەوەو پێ لەسەر یەك شتی دیکەش دادەگرم، ئەگەر کورد وەکو زۆربەی نەتەوەو کەمایەتییەکانی دیکە شوناسی نەتەوەیی خۆی لەدەست بدابوایە، ئەوا ئەنفالی کیمیاوی پێویستی نەدەکرد، بەڵکو خۆی دەبووە بەشێك لەسوپای ئەنفال. رەنگ بوو لەپاڵ سونییەکانی براو هاومەزهەبی لەدژی شیعەکانی ئێران بجەنگایەو سەرکەوتنیش بۆ سەنتەری ئیسلام زۆر ئاسانتر دەبوو. ئەنفالی یەکەمی کوردستانی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی فارسی هاوکات بوو لەگەڵ ئەنفالی شام و میسر، کە بەشێك بوون لەئیمپراتۆریەتی بێزەنتی. قوبتییەکان لەمیسرو فینیقییەکان لەشام، بەشی هەرە زۆریان شوناسی خۆیان لەدەستداو تێکەڵی شوناسی عەرەبی بوون. تەنانەت (ئیگوپتۆس) و (کیمی)یش، کە ناوی ئەوسای میسر بوون، کرانە عەرەبی، بەڵام ئەوانە لەڕێگای ئەو شوناسە نوێیەیانەوە نەك سەروماڵیان، بەڵکو قەوارە سیاسییەکەی خۆشیان پاراست. جیاوازیی کوردو ئەوان ئەوەیە، کورد لەپێناوی زمان و شوناسی خۆیدا، نەك هەر خاك، بگرە زۆر شتی دیکەشی دۆڕاندووە. ئەنجام نیشتیمانەکەی لەشێوەی یۆتۆپییایەك لەناو زمانەکەیدا هەڵگرتووە. جیاوازیی کوردو فارس، کە ئەوان خاوەنی گەورەترین ئیمپراتۆریا بوون، ئەوەیە، کە ئەوان زمانەکەیان بەخشی لەپێناوی مانەوەی نیشتیمانەکەیاندا، بەڵام کورد بەناچاری دەستی لەنیشتیمانەکەی هەڵگرت لەپێناوی زمانەکەیدا.

یەکێك لەو هۆیانەی وای لەڕۆشنبیری کورد کردووە، کە لەئاستی بێدەنگیی دنیای عەرەبی و ئیسلامییدا تووشی شۆکێکی ئەوەندە گەورە ببێت، مەسەلەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییە. لێرەشدا ئەو رۆشنبیرەی ئێمە تەنها نائاگاییی خۆیمان لەمێژووی سیاسیی عەرەب و ئیسلامدا بۆ ئاشکرا دەکات. بەکارهێنانی چەك دژی دوژمن لەمێژووی سیاسیی عەرەبیی ئیسلامییدا سنوورێکی دیاریکراوی نییە. بەخوێندنەوەی تایبەتی خۆیان بۆ ئایەتی (وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم.. سورة الانفال، الاية ٦١)، رێگا بەخۆیان دەدەن بەهەموو چەکێك دوژمن بتۆقێنن. وەکو هەردوو زانای کیمیا (کاتی کوب) و (هارۆلد گۆڵدوایت) لەکتێبی (داهێنانەکانی ئاگر)دا دەڵێن: عەرەبەکان یەکەمینجار لەگرتنی قوستەنتینیەدا رووبەڕووی چەکی سووتێنەری بێزەنتییەکان بوونەوە، کە بە(ئاگری ئەگریکی) ناسرابوو، بۆیە نەیانتوانی ئەو شارە بگرن. (مەبەستیان لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەففانە). بەپێی

ئاگاداریی من دوای ئەوە دوو جاری دیکە لەسەردەمی (مەعاویە) لە(٦٦٩) و (٦٧٩) و جارێکیش لەسەردەمی (سولێمانی کوڕی عەبدولمەلیک) لە(٧١٩) هەوڵی جدی بۆ گرتنی قوستەنتینیە دراو هەر سەری نەگرت. مەسەلەی گرتنی قوستەنتینیە، ئەستەنبوڵی ئەمڕۆ لای ئیسلام وەکو گرێیەکی سایکۆلۆژی دەردەکەوێت، چونکە هێڵی جیاکەرەوەو بەریەککەوتنی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوایە. ئەوەی دەیتوانی تای تەرازووی هێز بەلای ئیسلامدا بشکێنێتەوە، تەنها داهێنانی چەکی قورس بوو. ئەو گرێیە لەلایەن سوڵتان (محەمەدی دووەم) کرایەوە، بەوەی دوای دامەزراندنی سوپایەکی زۆر بەهێز توانی لە١٤٥٣ بیگرێت و لەمەوە نازناوی (محمد الفاتح)ی پێدرا. هەر خێرا کەنیسەی بەناوبانگی (ئایا سۆفیا)ی گۆڕی بەمزگەوت و ناوی قوستەنتینیەشی کردە (ئیسلام بۆل)، واتە ماڵی ئیسلام. دیارە ئەگەر بەگوتەی ئەو دوو زانایە بێت، ئەوا مەسەلەی قوستەنتینیە هەر لەسەردەمی سێیەمین خەلیفەوە یەکەمین بەئاگاهاتنەوەی ئەوانە لەنوێکردنەوەی چەکەکانیان. هەر ئەو دوو زانایە دەڵێن، کە عەرەب لەسەردەمی عەباسییەکان توانیان بەیارمەتیی هیندییەکان و چینییەکان چەکی کیمیاوی (دیارە مەبەستیان مانا سادەکەیەتی) بەدەستبهێنن. ئەگەرچی هەندێك لەمێژوونووسەکانی ئیسلام باس لەوە دەکەن، کە لەشەڕەکانی سەردەمی پەیامبەردا لەپاڵ شمشێرو تیروکەوان و رمدا، مەنجەنیق و دەبابەشیان بەکارهێناوە. (دیارە بەشێوە هەرە سەرەتاییەکەی). مەنجەنیق و دەبابە لەکاتی ئابلۆقەدانی دیمەشقساڵی ٦٣٤ و لەگرتنی قەڵای (دیبل) لەوڵاتی (سەند)دا بەکارهاتوون. هەروەها لەبەرانبەر خاچپەرستەکاندا ئامێرێکی نوێیان بەکار هێنا، کە ناوی (زیار) بوو و کۆمەڵێك تیری قورسی بەجارێك دەهاویشت. ئەمە سەرەڕای ئەو مەنجەنیقانەی ئاژەڵی مرداریان لەقەڵایەکان دەگرت. ئەو ئاژەڵەمردارانەش نەخۆشیی تاعون و هی دیکەیان بڵاودەکردەوەو دەتوانرا بەئاسانی ئەو قەڵا سەختانە دەستیان بەسەردا بگیرێت. سوپای (سەڵاحەدینی ئەیوبی) وەکو مێژوونووسە عەرەبەکانی ئەمڕۆ شانازیی پێوەدەکەن، یەکەمین سوپایە گازیان لەشەڕدا بەکارهێنابێت. ئەو گیایانەیان دەسووتاند، کە ماددەی بێهۆشکەر(مخدر)یان تێدا بوو و بەو مەرجەی ئاڕاستەی باکە بەرەو دوژمنی ببردایە. ئیتر هەموویان بێهۆش دەبوون. تۆپەکانی عوسمانی ئەوەندە گەورەو ترسناك بوون، کە زۆر بەئاسانی توانیان لەشەڕی (چاڵدێران)دا سەرکەوتنی

سەنتەری ئیسلام بەسەر شیعەکانی سەفەوییدا مسۆگەر بکەن، کە ئەمەش هەر خۆی کردنەوەی گرێیەکی سایکۆلۆژیی دیکە بوو لای عەرەب و ئەمڕۆ رۆشنبیری عەرەبی دڵنەواییی خۆی پێدەداتەوە. دەتوانین بڵێین بەدرێژاییی مێژووی ئیسلام تازەکردنەوەی ئامێرەکانی چەك جێگای بایەخ بووە. لەسەردەمی خەلیفەی دووەمدا دیوانێك بەناوی دیوانی سەربازی دامەزرا. لەسەردەمی خەلیفەی سێیەمدا، توانیان پەرە بەلایەنی دەریاوانییش بدەن. ئەوە بوو لەشەڕی (ذات الصواري) ساڵی ٦٥٥ بەهەوڵی (مەعاویە) و (عەمروی کوڕی عاس) توانیان کەشتیگەلەکانی بێزەنتی لەدەریای ناوەڕاستدا تێکبشکێنن و میسرو شام و قوبرس لەژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بێننە دەرێ. بەکورتی ئەگەر لەقورئانیشدا هەندێك ئایەت باسیان لەوە کردبێت، کە دەبێت لەشەڕدا ژن و منداڵ و پیر لەگەڵ جەنگاوەری کافردا جیابکرێنەوە، بەڵام لەپراکتیکدا، ئەوانە گوێیان پێنەدراوە. سەیر نییە ئەگەر ئەمڕۆ دەبینین رۆشنبیری عەرەبی زۆر بەشانازییەوە باس لەچەکی کیمیاویی عێراق و سعودیەو لیبیاو پاکستان دەکات. لەم چەند ساڵەی دواییدا دەیان فیلم و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی لەو بارەیەوە دەرهێنراون، کە باس لەپاڵەوانبازیی عەرەب دەکەن و بەئەنقەست جەخت لەسەر ئەو چەکە قورسانە دەکەنەوە، کە لەڕابردوودا بەکاریانهێناوە. لەوانە هەردوو دەرهێنەری ناسراوی سووری (نەجدەت ئەنزۆر) و (حاتەم عەلی). مەسەلەی دروستکردنی ئامێر، بەهەموو شێوەکانیەوە، نەوەك هەر تەنها هی جەنگ، وەکو (پیتەر فارب) لەکتێبی (نەوەکانی ئادەم)دا دەڵێت مرۆڤ لەئاژەڵ جیا دەکاتەوە. (فارب) پێیوایە بێجگە لەڕێویی دەریا لەکالیفۆرنیا، کە بەمەبەستی راو، بەرد دەگرێتە گوێچکە ماسییەکان، ئەگینا تەنها مرۆڤە هەر لەسەرەتاوە پەنای بردووەتە بەر داهێنانی ئامێرو لەپێناوی مانەوەی خۆیدا بەکاریدەهێنێت.

هەر لەمەسەلەی بێدەنگیی دنیای عەرەبی و رۆژئاوا لەئاستی کارەساتەکانی کورددا، نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت، کە عەرەب خۆشی دادو بێدادیەتی لەئاست بێدەنگیی رۆژئاوا لەبەرانبەر ئەودا، بەتایبەتی لەئاست مەسەلەی فەلەستیندا. با بێدەنگییەکی دیکەمان لەیاد نەچێت، کە بێدەنگیی خۆمانە لەئاستی ئەو چەوساندنەوەیەی رۆژانە خەڵکی عەرەب رووبەڕووی دەبنەوە چ لەلایەن دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان و چ لەلایەن هێزە تیرۆریستەکانەوە. ئێمەش زۆر لەمێژە چاو لەوانەو لەتاوانەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا

دەپۆشـین. هـەموو بیانووەکـەشمان ئەوەیـە، کـە رۆشـنبیری عـەرەبی لەئاسـتی چەوساندنەوەی ئێمەدا بێدەنگن. یان پرسیارە سواوەکەی ئایدۆلۆژیا تەبەنیی دەکـەین: بۆچی بزووتنەوەی حەماس و فـەتح لایـەنگری رژێمەکـەی (سـەدام حسێن)ن؟ وەك بلێـی عـەرەب تـەنها بـریتی بێـت لەوانـەو ئێمـەش دەبێـت تـەنها بـەرگری لەوانـە بکـەین، کـە بەرگرییمان لێدەکەن. لێرەشەوە وەکو ئەوان بێدەنگیی خۆمان بەڕەوا دەزانین.

حەمـە کاکـەڕەش: **ئاراسـتەی وەڵامدانەوەکـەت وامانلێـدەکات هـەر لـەو پرسیارەی پێشووەوە پرسیارێکی دیکـە بێنینـە گـۆڕێ، ئـەویش ئەوەیـە ئـاخۆ ئـەنفال وەکـو ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازی و وەکـو هێرشـێکی کـەلتووری گوناهەکەی دەکەوێتە ئەستۆی تێکست، یان راڤەکردن؟ یان بـەمانایـەکی دیکـە ئەنفال بەهەموو رەهەندەکانیەوە گواستنەوەی پرینسیپەکانی تێکستە بۆ نـاو واقیع، یان واقیعێک هەیەو پێناسەکانی خۆی لـەو تێکستەدا دەدۆزێتـەوە؟ ئایـا رۆشـنبیری کـورد توانیویـەتی ئەمانـە بکاتـە چـەند مەسـەلەیەکی فیکـری و ئیشیان لەسەر بکات؟**

کـاروان عومـەر کاکەسـوور: ئـەو پرسـیارە، یـاخود بـا بلـێین ئـەو پرسـیارانە هـەر لەسـەرەتاوە رزگارمـان دەکـەن لـەو سـادەکارییەی، کـە تائێـستا رۆشـنبیری ئێمـە تێیکەوتوون، ئەویش ئەوەیە هەموو گوناهەکان دەخەنە ئەستۆی تێکستەوە، ئەوە ئەگەر نـەڵێم دەیخەنـە ئەسـتۆی نـاوی ئەنفالـەوە، گوایـە سـوورەتی ئـەنفال ئـەو کەشـتییە ئەفـسانەییەیـە، کـە جـەنگاوەرەکان لەدورگـەی عەرەبییـەوە بـۆ شـوێنەکانی دیکـە دەگوازێتـەوە. مەسـەلەکە سـیمایەکی ئەوەنـدە کاریکاتێریانـەی وەرگرتـووە، کـە گەیشتووەتە ئەوەی هەندێك بڵێن دەبێت سوورەتی ئـەنفال لـەقورئان دەربهێنرێـت. ئـەو شیعرو چیرۆکانەش کـەم نـین، کـە جنێویـان بەئـەنفال داوەو دەسـتبەرداری شـیعریەتی نووسین و هەموو مۆراڵێك بوون. ئـەوەی ئـەو تێگەیـشتنەی بەرهـەمهێناوە، ئایدۆلۆژیایـە. ئەو تێگەیـشتنە پـێش هـەموو شـتێك بێئاگـاییی خۆیمـان بـۆ دەردەخـات لەمێـژووی ئـەو رووبەرەی، کە ئەنفالی لێ بەرهەمهاتووە. لەپشت ئـەو تێگەیـشتنەوە ئـەدەبێکی زارەکـی هەیە، کە خۆی لەو هەقایەت و سەربردانەدا دەبینێتەوە، کە نووسەر لەناو خێزان و لـەناو کۆمەڵدا بیستوونی، نەوەك وردبوونەوەیەکی فیکـری و فەلـسەفییانە. مـن پێـشتریش وتم، کە ئەنفال، ئەگەر وەکو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی سەیر بکەین، ئەوا شـتێك نییـە ئیـسلام

دایهێنابێت و لەو سوورەتەشەوە دەستپێناکات، کە ناوی ئەنفالە، بەڵام جاریَ پرسیار ئەوەیە ئایا ئەگەر ئاینی ئیسلام نەبوایە، ئێمە لەلایەن عەرەبەوە رووبەڕووی هێرشێکی سەربازی و کەلتووری نەدەبووینەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی زۆر وردی دورگەی عەرەب، بەتایبەتییش هی شاری مەککە، لەپێش پەیدابوونی ئیسلام، کە هەموو لایەنەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری بگرێتەوە، مەحاڵە. هەر کەسێکیش ئەو لێکۆڵینەوەیە بکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ئیسلام وەکو بزووتنەوەیەکی رۆشنگەری سەریهەڵداوە. فیکری ئیسلام دابڕانێکی گەورە بوو لەناو ئەو فیکرە باوەی دورگەی عەرەبدا. جیاوازیی نێوان ئیسلام وەکو بزووتنەوەیەکی رۆشنگەری و رۆشنگەریی ئەورووپی لەوەدایە، کە دووەمیان دژی دەستەڵاتی رەهای کەنیسە بوو بەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا، بەڵام یەکەمیان، واتە ئیسلام هەر خۆی بزووتنەوەیەکی ئاینیی رۆشنگەری بوو دژی ئەقڵییەتی باوی دەوروبەرەکەی. دەبێت ئەوەش بڵێین، کە رەخنەگرانی هزر باوەڕیان وایە رۆشنگەری لای (دیکارت) وەکو دژایەتیی ئاین بەکارنەهاتووە، بەڵکو لەسەردەستی (ڤۆڵتێر)، کە هەندێك بەڕووکەش ناوزەدی دەکەن، ئەو شێوە توندوتیژەی وەرگرت. (دیکارت) لەکتێبی (پرینسیپی فەلسەفە)دا جەخت لەسەر چەمکی (رۆشنایی سروشتی) دەکاتەوەو دوایش لەلایەن (لایبنتز) و (مالبرانچ) و (پیر بایل)ەوە گەشە بەو چەمکە دەدرێت. لەقورئانیشدا ئەو چەمکە زیاتر لەجارێك هاتووە: (الله ولی الذین آمنوا یخرجهم من الظلمات الي النور.. البقرة:٢٥٧)، (من كان میتا فأحییناه وجعلنا له نوراً یمشي به في الناس.. الأنعام:١٢٢)، (الله نور السموات و الأرض.. النور:٣٥).

رەخنەگرانی هزر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە رۆشنگەریی نەلەفەرەنساو نە ئەڵمانیاو نە لەهیچ شوێنێکی دیکەی ئەورووپادا بزووتنەوەیەکی دژ بەئاین نەبوو، بەڵکو دژ بەو لێکدانەوەیە لاهووتییە بوو، کە کەنیسە بۆ ئاینی دەکرد. تەنانەت (ئاین ئەفیوونی گەلانە) لای (مارکس)یش بەو قورساییە نییە، بەڵکو لەلایەن (لینین)ەوە زەق کرایەوە، چونکە دووەمیان بەمەبەستی فریودان و بەجۆشدانی جوتیاران ئەو وتەیەی ئاوا تۆخکردەوە. زۆر لەرەخنەگرانی فیکر ئەو وتەیەی (مارکس) وا لێکدەدەنەوە، کە ئەوسا

ئەو لـەژێر کاریگـەریی (فیۆرباخ)دا بـووەو دواتـر شـتێکی لـەم شـێوەیە لەنووسـینەکانیدا بەدیناکرێت.

جیاوازییەکی دیکەی رۆشنگەریی ئەورووپی و رۆشنگەریی (ئیسلام)، نەك رۆشـنگەریی (ئیسلامی)، ئەوەیە، کە رۆشـنگەریی ئـەورووپی تـوانی درێژبێتـەوەو بەدرێـژاییی خۆشـی، کۆمەڵێك فەیلەسووف و بیریاری دیکەی پەیداکرد، کە بـەردەوام لەسـەر کۆمـەڵێك ئاسـتدا راڤەی بکەن، بەڵام رۆشنگەریی ئیسلام هەر لەسـەرەتاوە پەکیکـەوت. بەمانەیـەکی دیکـە رۆشـنگەریی ئیـسلام هــەر زۆر زوو بــووە قوربـانیی راڤــەکردن، چـونکە سترەکـچەرێکی ئابووری و کۆمەڵایـەتی و کـەلتووریی نـەبوو، کـە ئـەو رۆشـنگەرییە لەخۆیانـدا هـەڵبگرن. مەسـەلەی تایفەگـەری، کـە هـی سـەردەمی پـێش ئیـسلام بـوو، بـەهیچ شـێوەیەك لـەناو نەچووبوو. لێرەشدا پێموایە هەموو ئەو مێژوو نووسە عەرەبانەی، کە دەڵێن لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا قۆناغێکی دیکەی مێژوو دەستیپێکرد ئەوا بەهەڵداچوون، چـونکە ئـەوان نـازانن یـان نایانـەوێت بـزانن، کـەجیاوازی لـەنێوان گـۆڕینی قۆنـاغی مێـژوو و گـۆڕینی سیـستم دەسـەڵاتدا زۆرە. تایەفەگـەریی وەك پـێش ئیـسلام مـابووەوەو رەگـی پیرۆزیـشی زیـاد کردبوو. ئەوا هەر لەگەڵ مردنی پەیامبـەر بەشـێوەیەکی روون و ئاشـکرا دەرکـەوت. واتـە هـەر لـەو کاتـەی موسـڵمانەکان بەمەبەسـتی هەڵبـژاردنی خەلیفـە لەسـەقیفە کۆبوونـەوە، ناکۆکی لەنێوان ئەنسارو موهاجیرەکاندا سەریهەڵدا. هەر لایـەکیان خـۆی بەشـایانی ئـەوە دەزانی، کە خەلیفە لەو هەڵبژێردرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت هەر ئەو کۆبوونەوەیـە، کـە بەمەبەستی هەڵبژاردن لەو کاتەدا کرا، ئەگەر تـەنها ژمارەیـەکی کـەم لەسـەرۆکهۆزەکان و بازرگانە گـەورەکانیش بـووبن، بـەڕووداوێکی گـەورەی مێـژوویی سـەیرنەکرێت، نـەك هـەر لەدورگەی عەرەب، بەڵکو لەسەرتاپای دنیادا، بەڵام ئەو ناکۆکییانـە، بەتایبـەتی نـاکۆکیی نێوان هەڤاڵانی (ئیمامی عەلی) لەگەڵ هەر سێ خەلیفەکەی دیکەدا، بوونـە هـۆی ئـەوەی، کە موسڵمانانی میسرو عێراق و حیجـازو یەمـەن هێـرش بکەنـە سـەر خەلیفـەی سـێیەم و تیرۆری بکەن. هەروەها چەندین شەڕی خوێنـاوییی وەکـو جەمـەل و سـەفێن و نـەهرەوان لەسـەردەمی خەلیفـەی چـوارەمدا بەرپابکـەن. ئـەوە بێجگـە لـەو هێرشـە خوێناوییانـەی لەسەردەمی خەلیفەی یەکەمدا کرانە سەر هەڵگەڕاوەکان. کە هەندێك لەبیرمەندی عەرەب، لەوانە (محەمەد ئارکۆن) ئەو بارودۆخە وا دەبیـنن، کـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی بیرۆکـەی

سیكۆلاریزمە لەگەڵ ئیسلامدا، بەوەی دەسەڵات بۆ خەلیفە دەگوازرێتـەوەو لەمێژوویـەكی دوورتریـشدا ئـەو دەسـەڵاتە دەكەوێتـە دەسـت سـوڵتان. واتـا دەكەوێتـە دەسـت مـرۆڤ خۆیەوە. دەتوانم بڵێم لەڕووی سایكۆلۆژییەوە ئەو روداوانە رۆڵێكـی كاریگـەریان بـینی لەوەی ئەو ترسە گەورەیە هەندێك بشكێت، كەشەریعەت سەپاندبووی هەرچۆنێ بێت ئەو بارودۆخە زەمینەی بۆ ئەوە خۆشكرد، كە قورئان لـەپێناوی بەرژەوەنـدیی تایەفەگەرییـدا تەفسیر بكرێـت. ئـەنجام شـوورا وەكـو سیـستمێكی هەڵبـژاردن و حـوكم بەتـەواوی لـەناو چـوون. ئـەوە بـوو (مەعاویـە) خەلافـەتی كـردە پشتاوپـشت و شـیعەش وەكـو رەوتێكـی ئۆپۆزیـسۆن بەشـێوەیەكی دیكـە خەلافـەتیان بـۆ خۆیـان قـۆرخكرد. لێـرەوە راڤـەكردن بەدەوڵەتەوە پەیوەست كرا. وردەوردە لێكدانەوەی رووكەشی سیاسییانە بووە میتۆدێكی ستاندارد بۆ قورئان و دەیتوانی دژایەتیی هەر میتـۆدێكی دیكـە بكـات، كاتێـك دەیویـست لێكدانەوەی دیكـەی عـەقڵانی بـۆ قورئـان بێنێتـە گـۆڕێ. ئەگەرچـی بەگەیـشتنی ئیـسلام بەڕۆژئاوا، بەتایبەتی لەسـەردەمی ئەندەلوسـدا میتـۆدی دیكـە سـەریانهەڵدا، بـەڵام ئـەو میتۆدە ستانداردە، كە لەلایەن دەوڵەتە یـەك لـەدوای یەكەكانـەوە ئیـشی پێـدەكرا، هـەر مایەوە. هەتا هێزی دەوڵەتیش گەورەتر بووبێـت، ئـەو میتـۆدە چالاكانەتر خراوەتەگـەڕو بـەتوانای زیـاترەوە سـەركوتی هـەموو فیكرێكـی جیـاوازی كـردووە. مەسـەلەی بـوونی جیاوازیی و دژایەتیی لـەنێوان تێكست و مێـژوودا، تـەنها پێوەنـدیی بەئیسلامەوە نییـە، بەڵكو هەموو ئایینەكانی دیكەو تیۆرییـە دنیاییـەكانیش دەگرێتـەوە. ئـایینی مەسـیحییش بانگەشەی برایەتی و ئاشتی دەكات و مێژویەكی خوێنـاویی هـەر لـەناو ئـەوروپاش هەیـە. (هیتلەر) لەپێناوی سەرخستنی رەگەزی ئارییدا سەرزەمینی لەخوێندا نقومكرد. (ستالین) هەتا یەكسانی و سوسیالیزم بچەسپێنێت، دنیایـەك سـەری پەڕانـد. وەكـو چـۆن نـاتوانین بڵێین ئەو تاوانانە بەرهەمی رۆشـنگەریی ئـەوروپین، بەهەمانـشێوەش هەڵەیـەكی فیكریـی گەورە دەكەین، ئەگەر وابزانین ئەو مێژووە خوێناوییەی دنیای عەرەبیی ئیسلامییش، كـە هەتا ئەمڕۆش درێـژەی هەیـە، گوناهەكـەی دەكەوێتـە ئەسـتۆی تێكستەوە. كاسـۆلیك و پرۆتستانتیش كۆمەڵێك شـەڕی خوێناوییـان لـەنێوان خۆیانـدا هەڵگیرسـاند وەكـو ئـەوەی لەفەرەنسا لەنێوان ١٥٦٢-١٥٩٨ روویدا، بەڵام جیاوازی ناكۆكییـەكانی نێـوان ئیـسلام و مەسـیحی ئەوەیـە، كـە شـەڕەخوێناوییەكانی نێـوان ئیـسلام زۆر زوو لەسـەر دەسـتی

دامەزرێنــەرانی ئیـسلام خۆیــەوە هەڵگیرسـا. هەرچـی شـەڕەکانی نێـوان کاسـۆلیك و پرۆتستانتە لەمێژوویەکی زۆر درەنگدا دەستیپێکرد. لەسەرجەمی ئەوانەدا دەمەوێت بڵێم ئێمە قوربـانیی راڤـەکردنین، نـەوەك تێکست، یـان وردتـر نـەوەك ئـەو سـوورەتەی نـاوی ئەنفالە. ئێمە قوربانیی نەبوونی تازەگەریین لەناو فیکری ئیسلامدا. لێرەدا ئێمـە ئەگـەر وەکو ناسیۆنیش جیاوازبین، ئەوا وەکو تاك لەناو سەنتەری ئیسلامدا لەگەڵ هـیچ تـاکێکی دیکەی قوربانی جیـاواز نـیین. لەفەلەسـتین و یەمـەن و جـەزائیرو میـسرو هـەر شـوێنێکی دیکەی عەرەبستان تاکـەکان قوربـانیی ئـەم راڤەکردنـەن، لەمـەوە دەتـوانین بڵـێین نـەك تازەگەریی ئێمە، بەڵکو دڵنیابوونیشمان لەوی جارێکی دیکـە ئـەنفال دووبـارە نابێتـەوە، پەیوەنـدیی بەسـەرکەوتنی پرۆژەکـانی تازەگـەریی عەرەبییـەوە هەیـە، بەپێـچەوانەوە فەندەمەنتالیزمی ناو کوردستان هیوایەکی گـەورەی بەسـەرکەوتنی پـرۆژە سیاسـییەکانی عەرەب هەیە بەسەر ئیسرائیل و ئـەمریکادا، سـەرکەوتنی حـەماس و بـەهێزبوونی پایـەی ئـاییـنیی عەرەبـستانی سـعودی و فراوانبـوونی تـیرۆری قاعیـدە، بەهــەموو جیاوازییــە فۆرمەکانی خۆمانەوە، خەونی فەندەمەنتالیزمە لەناو کوردستاندا، ئێمـە بـەلای دیکەشـدا قوربانیی نەبوونی جۆرە رۆشنبیرێکین، کە لـەجیاتی دەربـڕینی کۆمـەڵێك رستـەی سـواو، بێت بەدیدگایەکی جیاوازەوە سەرلەبەری ئـەو مێـژووەمان بـۆ بخوێنێتـەوە، چـونکە هـیچ پرۆژەیەکی تازەگـەری ناتوانێـت تازەگـەر بێـت، ئەگـەر لەسـەر سـڕینەوەی تێکست کـار بکات. لەئەوروپا ناکۆکیی نێـوان کەنیـسەو دەوڵـەت لـەپێناوی جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتی رۆحی و زەمەنی، رێگای بۆ خوێندنەوەی عەقڵانیی ئاین خۆشکردو هەر ئەمە خۆی بـووە هۆی سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی داهێنانی فیکرو فەلسەفە، بەڵام لەئیسلامدا، بەتایبەتی دوای پەیدابوونی ئیسرائیل، شۆڤێنیزمی عەرەبی لـەرێگای دروشمەکانییـەوە پیرۆزییـەکی گەورەی بەو مێژووە بەخشیوە، هەتا ئەمڕۆش ئایدۆلۆژیای عەرەبی وا تازەگەریی پێناسە دەکات، کە رازیبوونە بەملکەچی و خۆبەدەستەوەدان بەرامبـەر بـەدنیای رۆژئـاوای کـافر، وەکو (شێخ سەفەر بن عەبدولڕەحمان ئەلحـەوالی) لەکتێبـە پـڕ لەهەڵـە مەعریفییەکەیدا: (پێشەکییەك لەپەرەسەندنی فیکری رۆژئاواو تازەگەرییدا)، هـەموو تازەگـەریی ئـەوروپی لەسەدەی چوارەمەوە هەتا سەردەمی پۆستمۆدێرنیزم بەپلانی جوو دەزانێت، خودی ئـەو تازەگەرییەی رۆژئاواش، کـە ئەوەنـدە دڵڕەقانـە لەسـەر تێکشکاندنی لایـەنی رۆحـی کـار

دەكات، ترسی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیی بەرامبەر بەگۆڕان زیادكردووە، لەڕوویەكی دیكەوە تێكست هەتا ئەمڕۆش لەوەدا بووەتە قوربانیی راڤەكردن، كە زەمەنی تێكست وەكو بەزەمەنی وەحی ناسراوە، پیرۆزییەكی گەورەی دراوەتێ. ئەمەش دیسان لەبەرژەوەندیی تێكستدا نییە، چونكە ئەو هەلومەرجە مێژووییە لەبەرچاو نەگیراوە، كە ئەوسا تێكست دەیتوانی كاری لەناودا بكات. لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجەكاندا پراكتیزەكردنی تێكست بووەتە كارێكی دژوارو قەبارەی توندوتیژیی پیرۆزیش لەگەڵیدا گەورەتر بووە، چونكە ئەو واقیعە، كە گۆڕاوەو بووەتە جۆرێك لەیۆتۆپیا، جارێكی دیكە بەهەمانشێوەی خۆی دانامەزرێتەوە. بەكورتی ئەگەر شەڕێكی بچووكی وەكو بەدر توانی كاریگەرییەكی ئەوەندە گەورە لەواقیعەكەی خۆیدا بكات، ئەوە تەقاندنەوەی سەدان بورج لەناو دڵی ولایەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكادا، ناتوانن شتێك لەو واقیعەی بەدر بگۆڕن، چونكە ئەوەی ماوە، واقیعەكە نییە، بەڵكو تەنها تێكستەكەیە. موسڵمانە جەنگاوەرەكانی بەدر بەو تیروكەوان و شمشێرە سادانەی، كە هەر خۆیان دروستیان كردبوون، تەنها دەیانویست ئیمان لەناو واقیعی خۆیاندا دابمەزرێنن، بەڵام جەنگاوەرانی ئەمڕۆ، بەو تەكنەلۆژیایەی رۆژئاوای كافر دەیانەوێت لەلایەك ئیمان و لەلایەكی دیكەواقیعی بەسەرچووی ئەو ئیمانەش دابمەزرێننەوە، كە جەنگاوەرانی بەدر دایانمەزراند. ئەگەر لەبیرت بێت پێشتر وتم ئەو شێوازە ستانداردەی راڤەكردن، كە هەر لەسەرەتاوە بەدەسەڵاتەوە پەیوەست كرا، نەیهێشت رۆشنگەریی ئیسلام درێژبێتەوەو لەگەڵ زانستەكاندا كارلێك دروست بكات، چونكە ئەو مەسەلەیە، مەبەستم مەسەلەی دامەزراندنەوەی شوێن و كاتە، مەسەلەیەكی فیزیاییە، كە لەمێژە لەلایەن (نیوتن) و زۆر لەزانایانی دیكەی فیزیا یەكلا كراوەتەوە. لێرەدا كاریگەریی ئەدەبی زارەكییمان روونتر بۆ دەردەكەوێت لەسەر بیركردنەوەی ئەو جەنگاوەرانەی ئەمڕۆدا. ئەو نۆستالۆژیا ئاینییە، كە لەڕۆژگاری ئێستادا گەیشتووەتە لووتكە، رۆڵێكی گەورەی لەوەدا بینیوە، كە جەنگاوەران لەهەوڵی ئەوەدابن مێژوو وەكو پرۆسێسێكی كۆپیكردن ببینن، نەوەك وەكو درێژبوونەوەی كۆمەڵێك ئارستەی جیاواز. پێیانوایە مێژوو قەوارەیەكی یەكگرتوو و یەكپارچەیە، كە راستییەكەی ئەوە مێژووی رەسمیی دەستەڵاتەو لەناویدا كۆمەڵێك گوتاری دژ بەو مێژووە سەركوتكراون. لەدوای هەموو ئەوانە پرسیار ئەوەیە ئێمەوەكو نەتەوەیەكی ئەنفالكراو، چۆن ئەو مێژووەمان

خوێندووەتەوە؟ ئەوەی ئێمە لەو نێوەدا دەکەوێتە بەرچاومان، دوو تێڕوانینن. یەکەمیان: تێڕوانینی پیرۆزییە، کە هەموو شتێك بەپیرۆز دەزانێت، تەنانەت ئەو شەڕو کوشتارانەش، کە لەناو کەلتووری عەرەب خۆیاندا چ لەکۆن و چ لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کەم و زۆر رەخنەیان لێگیراوە. دووەمیان: تێڕوانینی بەلاوەنان. ئەو تێڕوانینە هەر شتێك، کە دەکەوێتە ناو کەلتووری ئیسلامەوە، بەدوژمنی دەزانێت و هێڵی راست و چەپی بەسەردادەهێنێت. ئەوەیان ئەنفالی لەو سوورەتەو لەو هێرشە سەربازییە کورتکردووەتەوەو دەشیەوێت هەر لێرەوە کەلتوورێك بەهەموو جیاوازییەکانی خۆیەوە بخوێنێتەوە. ئەوەیان نەیزانیوە، کە لەشکرەکان تەنها دەتوانن چەك و تفاق و ئازووقە لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و لەتوانایاندا نییە شارستانیەتێکی گەورە لەولاغەکانیان بار بکەن، بۆیە خوێندنەوەی ئەوەیان بۆ (ئەویتر)، خوێندنەوەیەکی ساکارانەیەو بارگاوییە بەئایدۆلۆژیا. خوێندنەوەی زانراوەکانەو دوورو نزیك نەزانراوەکان نابینێت. بەڵێ، ئەم تێڕوانینەیان هەر زۆر کۆمیدییانە خۆی دەردەخات. هیچ ئاگاییەکی مێژوویی و جۆگراف و کەلتووریی لەبارەی ئەو شوێنەوە نییە، کە ئەو ئەنفالەی لێوە ئاراستە کراوە. ئاگای لەو هەموو ناکۆکی و دژایەتییە نییە، کە لەو شوێنەدا هەبووە. ئاگای لەو هەموو خوێنە نییە، کە لەخەڵکانێکی وەکو ئێمە رژێنراون. ئەگەر تێڕوانینی یەکەم هی خەڵکی ئاسایی بێت، ئەوە ئەو تێڕوانینەی دووەمیان، زیاتر هی نووسەرەکانمانە. ئەو تێڕوانینە هێندە سادەو ساکارە، کە پڕیەتی لەجنێو و نەفرەت، نەك هەر بۆ سەرجەمی خەڵکی ئەو شوێنە، بەڵکو بۆ خاك و ئاژەڵەکانیشیان. وەکو وتمان ئەوەی لەپشت ئەو دوو تێڕوانینەوە ئیش دەکات، فیکر نییە، بەڵکو ئەدەبی زارەکییە. کەرەستەی ئەوانە خوێندنەوەو لێکدانەوە نییە، بەڵکو گوێگرتنە لەهەقایەتەکان و گێڕانەوەیان. تێڕوانینی یەکەم هەقایەت دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەوەی دووەمیان، کە هی نووسەرو رەخنەگرەکانمانە، ئاراستەو مەغزای هەقایەتەکان دەگۆڕێت. یەکەمیان لەوێنەی قەد دیوار رادەمێنێت و دەڵێت ئەوەتا ئەسحابەکان بەسەر پشتی ئەسپەکانیانەوە سەری کافرەکان دەپەڕێنن، بەڵام دووەمیان دەڵێت نەخێر، ئەمانە داگیرکەرن و هاتوون بەزەبری شمشێر بمانکەنە موسڵمان. کەواتە هەردوو لایان نایانەوێت، یاخود لەتوانایاندا نییە لەناو ئەو چوارچێوەیە بێنەدەرێ، بۆیە هەرچیمان پێ بڵێن، هەر هی ناو ئەو چوارچێوەیەیەو هیچی دیکە. وەکو زۆر بەڕوونی لەپەرەگرافەکەی (شێرزاد حەسەن)دا

بینیمان. هەندێك لەهەر شوێنێك بیانەوێت، دەنووسن: ئیسلام هات و ئێمەی لەكۆیلایەتی و تاریكی رزگار كرد، بەڵام هەندێكی دیكە ئازادیی رۆژنامەو سایتەكان دەقۆزنەوەو دەنووسن: ئیسلام كوردستانی داگیركرد. ئەو دوو تێڕوانینە هەرچەند خۆیان وابزانن لەیەكتر جیاوازن، بەڵام لەگرینگترین شتدا یەكدەگرنەوە، كە هەردوو لایان باوەڕیان بەدیالۆگ نییە. نەبوونی باوەڕی ئەو دوو لایەش بەدیالۆگ بەپلەی یەكەم پێوەندیی بەوەوە هەیە، كە هیچیان نییە دیالۆگی پێبكەن. ئەوەی لێرەدا لەبەرچاو ناگیرێت، خودی تێكستە. كاتێكیش تۆ تێكستت نییە، خوێندنەوەشت نییە. لێكدانەوەو راڤەكردنیشت نییە. بێگومان هیچ میتۆدێكی رەخنەییشت نییە. لەبەرئەوەشە ئەوە بیست ساڵە باس لەئەنفال دەكرێت، بەڵام هیچ سەرچاوەیەكی گرنگت نییە. كۆمەڵێك جنێو و دروشمت هەن و لەهەموو بۆنەیەكدا دەوترێنەوە. بەڕای من ئێمە دوایئەوەی بیست ساڵە شت دەنووسین و هیچی گرنگمان بەرهەمنەهێناوە، دەبێت بەشێوەیەكی دیكە دەستپێبكەینەوە. دەبێت پێش هەموو شتێك گومان لەو ئەدەبەزارەكییەی خۆمان بكەین، كە تا ئەمڕۆ فریوی داوین. دەبێت گومانێكی گەورە لەو نووسەرە بەناوبانگانەی خۆمان بكەین، كە پێمانوابووە پرۆژەی فیكریی رەخنەییان پێیە، كەچی وا دەبینین هەموو سەرچاوەكەیان ئەدەبی زارەكییە. ئەدەبی زارەكی، كە خۆی لەئەفسانەو بەسەرهاتەكاندا دەبینێتەوە كەرەستەیەكی گرنگ بووە بۆ لێكۆڵینەوەی ئەقڵییەتەكان، كەچی لای ئێمە بەپێچەوانەوە خۆی كراوەتە سەرچاوەو خۆی كراوەتە ئەقڵ. بەمانایەكی دیكە نوخبەی كوردی یان بەشێوەیەك لەشێوەكان هەمان گوتاری بەرهەمهێناوەتەوە، یاخود لەترسی ئەوەی وەكو رەخنەگرێك سەیر نەكرێت، هەوڵیداوە خۆی وەكو دژ بناسێنێت، بەتایبەتی لەدوای راپەڕینەوە، لەگەڵ زۆربوونی چەمكە رەخنەییەكاندا. پارادۆكس ئەوەیە ئەو رۆشنبیرە خۆی بووەتە بەشێكی جیانەكراوە لەوتێڕوانینە میللییەو لەناو ئەدەبی زارەكیدا نقووم بووە، كەچی بەهەمان زمانی میللیش بەگشت ئەو تێڕوانینەدا دەچێتەوە، ئەو رۆشنبیرە پێویستی بەوە نییە بزانێت كێشەكە چییە، بەڵكو بۆ ئەو گرینگە لەڕێگای بەكارهێنانەوەی ئەو چەمكانەوە پیشانی بدات، دژ بەچەوساندنەوەیە. ئەو شتانەی لەبارەی ئەنفالەوە وتوویەتی، پێشتر هەمان شتی بۆ بەرگریكردن لەمافی ژن و منداڵ و رەخنەگرتن لەگەندەڵیی و سیستمی پەروەردەو فێركردن وتووەو هەر دوای ئەوەش بۆ

زۆر کێشەی دیکەی فیکری و ئەدەبی و هونەری دەیانڵێتەوە. وەکو وتمان ئەوەی ئەو نووسەرە پشتی پێی قایمە، فیکر نییە، بەڵکو شیعرییەتە، ئیلهامە، کە سەرچاوەکەی ئەدەبی زارەکییە. هەر لەبەرئەوەشە هیچ میتۆدێك لەنووسینی ئەو نووسەرەدا بەدیناکرێت. شیعرییەت، کە خەسڵەتێکی مەزاجییانەی هەیە، بۆیە هەر جارێ بەشێوەیەك خۆی دەنوێنێت. ئەو مەسەلەیە لەئەدەبدا، بەتایبەتی لەچیرۆك و رۆماندا گرنگە، لەکاتێکدا تۆ زیاتر لەکارەکتەرێکت هەیەو دەتوانی لەرێگای شیعرییەتەوە لەیەکتریان جیابکەیتەوە، بەڵام لەمەسەلەی فیکردا بەشێوەیەکی کاریکاتێریانە دەردەکەوێت. هەر بۆیە نووسەری ئەدەبیی ئێمە لەنووسینی فیکردا بەدەگمەن سەرکەوتوو دەبێت. ئێمە کەم نووسەری وەکو (بەختیار عەلی)مان هەیە، کە ئەو تۆقەی شکاندبێت، مەگەر نووسەرێکی وەکو (رێبوار سیوەیلی)، کە بەگیانێکی نیچەییانە فیکر دەنووسێت. (مەریوان وریا قانیع) و (ئاراس فەتاح)، کەوەکو من بزانم دوو خوێنەری زۆر چاکی ئەدەبن، بەڵام بەدەگمەن کاری ئەدەبی دەکەن. لەبەر ئەوەشە دوو نموونەی چاکی ئەو نووسەرانەن، کە ئەمڕۆ خەریکی نووسینی فیکرین. (فاروق رەفیق) کاتێك تواناکانی خۆی لەبواری فیکردا دۆزییەوە، تاڕادەیەکی زۆر لەشیعر دۆزییەوە. مەبەستی من لەو باسە ئەوەیە، کە زۆربەی ئەوانەی لەبارەی ئەنفالەوە نووسیویانە، نەهاتوون لەناو تایبەتمەندییەتیی ئەو کەیسە ئیش بکەن، بەڵکو شاعیرانە وەسفیان کردووە. با جارێکی دیکە (شێرزاد حەسەن) بەنموونە بێنینەوەو ئاماژە بەگرینگترین پەرەگرافی گفتوگۆکەی بدەین، کە بەپیتی گەورە نووسراوەو کراوەتە تایتڵ. بۆیەش ئەو بەنموونە دەهێنینەوە، چونکە ئەوە زیاتر لەچارەکە سەدەیەکە وەکو نووسەرێکی دیار لەناوەندی رۆشنبیریی ئێمە ناسراوە. ئەو بەڕێزە ئاوا دەڵێت: (هەرگیز شەڕی گەورەمان لەسەر کارەساتی ئەنفال نەکرد، تائێستاکەش هەمان دۆخ بەردەوامە، دۆخی زەلیلی و کۆیلەبوون و ئەو ترسە گەورەیە وای لێکردووین کە جاروبار بەشەرمەوە باس لەئەنفال بکەین). ئەگەر لەجیاتی ناوی ئەنفال، هەر ناوێکی دیکە دابنێین، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. چ خوێنەرێکی زۆر سادە هەیە نەتوانێت ئەو شتانە بڵێت؟ (شێرزاد حەسەن) دەڵێی لەهۆڵی تاقیکردنەوەیەو داڕشتن بۆ مامۆستای زمانی کوردی دەنووسێت. مەبەستی (شێرزاد حەسەن) لە"شەڕی گەورە" چییە؟ سەربازییە، یان کەلتووری؟ یان چی؟ چەند گەورە

بوایە؟ کەی بکرابوایە؟ کێ بیکردبوایە؟ چۆن بکرابوایـە؟ "دۆخـی زەلیلـی و کۆیلـەبوون" چـییە؟ "جاروبـار بەشـەرمەوە بـاس لەئـەنفال دەکـەین" چـی دەگەیـەنێت؟ یـەکێك لەتایبەتمەندییـەکانی ئـەو نوخبەیـە ئەوەیـە، کـە بـەردەوام لـەڕێگای ئـەو چـەمکە رەخنەییانەوە گلەیی ئاراستە دەکەن و زۆر جاریش ئەوەی ئەو گلەییانەی ئاراستە کراوە، دیـار نییـە کێیـە. ئـەوەی مەبەسـتیانە ئەوەیـە ئـەوان وەکـو دژێـك دەربکـەون. لێرەشـدا زیـادەڕۆیی و پاڵەوانبازییـەکی زۆر بەدیدەکـەین. مـن لەسـەرجەمی گفتوگۆکـەی (شـێرزاد حەسەن)دا شتێکی نوێم لەبارەی ئەنفالەوە نەبیست، کە تایبەتیشە بەئەنفال. لەوێدا مـن نەوەك فیکر، بگرە زانیارییشم دەستناکەوێت. (شێرزاد حەسەن) دیارترین نووسـەری نـاو ئەو نوخبەیەیە، کە ئامادەیە لەسەر هەموو شتێك بنووسێت و وەڵامـی هـەر پرسـیارێکیش بداتەوە، کە لێی بکرێت. وەکو وتمان شیعرییەت بەسـەر نووسـینی ئـەو نوخبەیـەدا زاڵـە، بۆیە نووسینەکانیان پڕن لـەناکۆکی زیـادەڕۆیی لەدژایەتیکردنـدا. ئـەمڕۆ شـتێك دەڵـێن و سـبەینێ شـتێکی تـەواو پێـچەوانەی ئـەو شـتە. (نیهـاد جـامی) لەگفتوگۆیەکیـدا لەگـەڵ (شـێرزاد حەسـەن)، ئـەوەی بیردەخاتـەوە، کـە جارێکیـان رایـەکی دەربڕیـوە، کەچـی لەواقیعدا پێچەوانەی ئەوەی کردووە. ئەو دەڵێت: (ئەوە قسەیەکی سـەرپێییە کردوومـە، رەنگە زۆر راستگۆیانە نەبووبێت یان داڕشتنەکەی سادە بووبێت).

ئەگەر بمانەوێت باسەکەمان بەئاڕاستەیەکی هەندێك جیاوازتردا ببەین، ئەوا من لێـرەدا پرسیارێکی دیکـە بـەگرنگ دەزانم، کـە ئەوەیـە ئێمـە چـۆن بووینـە قوربـانیی عەدالـەت و یەکسانی، کە بکەرانی ئەنفال و لایەنگرانی لەهەموو لایەکەوە بانگەشەی بۆ دەکەن؟ پێش ئەوەی وردتر بچمە ناو ئەو مەسـەلەیەوە، بەچـاکی دەزانم شـتێکت بـۆ بگێڕمـەوە. چـەند رۆژێك لەمەوبەر لەسەر رێگای ئیشەکەم، کە مۆزەخانەیەو لەدەرەوەی شارە، ژنێکم بـینی بەتراکتۆر زەویی دەکێڵا. دەیـان نـەورەس و قەلـەڕەش دوایکـەوتبوون و ئـەو کرمانـەیان دەخوارد، کە لەژێر زەوی دەریدەهێنان. ئەگەر من لەو ژنەم بپرسـیبا، ئـاخۆ ئـەو کـارەی دەیکـات چـاکە، یـان خـراپ، ئـەوا بێگومـان پێیـدەوتم ئـەو زەوی دەکێڵێـت و کـشتوکاڵ دەکـات. ئایـا کـشتوکاڵ خراپـە؟ هـەروەها پێیـدەگوتم خـۆراکی دەیـان نـەورەس و قەلەڕەشیش دابیندەکات. ئایا ئەمە شتێکی باش نییە؟ بەڵێ، هـەموو ئـەو شـتانە باشـن، بەڵام ئەی کرمەکان؟ ئایا ژیانی ئەوان تەنها لەبەر ئەوە بێنرخە، کە وردن؟ سەیر ئەوەیـە

تۆ هـەموو ئـەو شـتانە دەبـینی، چـونکە بەبەرچـاوتەوە روودەدەن، بـەڵام کرمەکـەکان دەخورێن و ناشبینرێن. دەزانی من، کە بەچاوی چیرۆکنووسێك دەمڕوانـی، ئـەو دیمەنـەم وەکـو مەسـەلەی ئـەنفالکردنی کوردسـتان هاتـە بەرچـاو؟ ئێمـە زۆر بەبێـدەنگی بووینـە قوربانیی عەدالەت و یەکسانیی. وەکو (تۆدۆرۆڤ) دەڵێت: "شارستانییەت بەبێ نـاوەرۆکی مـۆڕاڵی، هـیچ مانایـەکی نییـە". دەبوایـە عەرەبـەکان سـەرەتا کۆمەڵگایـەکیان لەنیمچەدورگەی عەرەب لەسەر بناغەی یەکسانی و ئـازادیی دابمەزراندبوایـە. ئەوسـا ئـەو نموونەیـە لـەدەرەوەی خۆیـان چـاوی لێـدەکرا. ئـەو کاتـە (لا اكراه في الـدين) بەتـەواوی لەبەرچاو دەگیرا. باوەڕم وابوو هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی دیکەی وەکـو کـورد خۆیـان داوای رژێمێکی لـەو شـێوەیەیان بکردایـەو ئیسلام ئاراسـتەیەکی دیکـەی تـەواو جیـاوازی وەردەگرت، بەڵام ئەوان خۆیان لەسـەر خەلافـەت و سـەدان شـتی تـر ناکۆکییـان هـەبوو. رووبارێك خوێنیان هەر لەناو نیمچەدورگەی عەرەبی رشت و ویستیشیان پەیامی عەدالەتی ئیـسلام بگەیـەنن. لەقورئانـدا هـاتووە، کـە دەبێـت کۆمەڵگایـەکی یەکـسان و دوور لەچەوسانەوە دابمەزرێت، بەڵام نەوتراوە چۆن دەستپێبکرێت و چۆن فـراوان بکرێـت. بـۆ نموونە نەوتراوە ساڵی ئەوندە دەبێت فلان کەس پەیامی ئیسلام بگەیەنێتە فـلان شـوێن. هەموو ئەو شـتانە ئیجتیهـادی مرۆڤـەکانن، بۆیـە رەخنـەگرتن لـەپراکتیزەکردنی ئیسلام، یـاخود بـابڵێین رەخنـەگرتن لەمێژووی عـەرەبیی ئیـسلامی وەکـو مەسـەلەی عەقیـدەش رەوایە، چونکە هـەر بـەپێی قورئـان خـۆی ئـەوە تـەنها خـواو کتـێبی خوایـە هەڵەناکـەن، ئەگینا مرۆڤەکان لەهەر پلەوپایەیەکدا بن، ناکەونـە دەرەوەی بازنـەی هەڵـەوە. لێـرەوە دەبێت نەك هەر رۆشنبیری ئێمە، بەڵکو هەر تاکێکی دیکـەشمان هـەقی پێبدرێت رەخنـە لەپراکتیزەکردنی سوورەتی ئەنفال بگرێت، کە فەرمانی خودایی نییە، بـەڵکو ئیرادەیـەکی ئایدۆلۆژیی عەرەبییە. ئەنفال کاتێك گەیشتە ئێمە، کەئیسلام کرایە پرۆژەیەکی سیاسیی. (رەفیق سابیر) لەکتێبی (بەرەو مێژوو)دا چاکی بۆ چـووە، کاتێـك وتوویـەتی ئـەو کاتـەی ئیـسلام گەیـشتە کوردسـتان، زۆر لەناوەرۆکەکـەی خـۆی لەدەسـت دابـوو. ئـەمڕۆ تێکشکاندنی گوتاری عروبە لەناو ئەقڵیەتی کوردییدا زۆر سەختترە لەتێکشکاندنی هـەمان گوتار لەناو عەقڵی عەرەبییـدا، چـونکە کـورد جارێـك بـەهۆی نـەزانینی زمـانی عـەرەبی و جارێك بەهۆی لاوازیی رۆشنبیرییەکەیەوە نەیتوانیوە لەوە تێبگات، کە بـەپێی یاسـاکانی

شەریعەتی خۆشیان هەموو شتێکی عەرەبی پیرۆز نییە، بەڵام بەداخەوە ڕۆشنبیری کورد تابلێی لاوازە لەبەردەم هەڵوەشاندنەوەی ئەو گوتارەی عروبەدا، کە هەر لەسەرەتاوە زۆر دیماگۆژییانــە خــۆی لەپیرۆزییــدا جــێگیر کــردووە. لــەدوای ئەنفالیــشەوە لەلایــەن فەندەمانتالیزمی کوردییەوە لەجێگای ئیمان دانراوە. (تـۆدرۆڤ) لـەکتێبی (ئێمـەو ئـەوانی دیکە)دا بەچاکی درك بـەوە دەکـات، کـە چـۆن ئایـدۆلۆژیا ئـەو کەلەبەرانـە دەدۆزێتـەوەو لەناویاندا سەردەردەهێنێت.

ئێستا دەمەوێت بگەڕێمەوە لای ئەو پرسیارەی خۆم، کە ئایا ئەگەر ئیسلام نەبوایـە، ئێمە لەلایەن عەرەبەوە ڕووبەڕووی هێرشێکی سەربازی و کـەلتووری نەدەبووینـەوە؟ مـن بۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە، بەدڵنیاییـەوە دەڵـێم بـەڵێ. مـن پێموایـە مـەرج نـەبوو پەلاماردان لەو سەردەمانەدا هەر لەژێر ئاڵای ئاییندا بکرابوایە، بەڵام لەگەڵ ئـەوەدام، کـە کاتێك داگیرکردن بەرگی ئایین دەپۆشێت و ئاڵای پیرۆزیی هەڵـدەکات، ڕێگـا بـۆ مانـەوەی زیـاتری خـۆی خۆشـدەکات. مەگۆڵـەکان چـونکە هـیچ سەرچـاوەیەکی ئاینییـان نـەبوو، نەیانتوانی خۆیان بگرن، بگرە هەر لـەناو شوناسـی ئیـسلامدا توانـەوە. هـەر کـە سـوڵتان (مەحمود غازان) بۆ بەهێزکردنی دەوڵەتەکـەی، مەبەسـتم دەوڵـەتی ئێلخانییـە، ئیـسلامی کردە ئایینی ڕەسمیی وڵات، هەزاران مەگۆل هاتنە سەر ئـەو ئایینـە. بـەو کـارەی هـەموو پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خاقانی گەورەی مەگۆڵ لەچین بچڕی. بەمانایـەکی دیکـە مـن پێموایـە ئـەنفال بەشـێکی دانـەبڕاوە لەدەرهاویـشتەکانی کـەلتوورێك، کـە پـێش ئیـسلام بزوێنــەری بەشــێکی زۆری بیرکردنــەوەو عەقڵییــەتێکی نیمــچەدورگەی عــەرەب بــوو. لەئەنجامی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی ئەو کەلتوورەش، دەگەینە ئـەو ڕاسـتییەی، کـە ئیسلام فیکرێکی تەواو دژ بەو عەقڵەستاندارده بوو، هـەر بۆیـە نـەدەکرا بەئاسـانی خـۆی بسەپێنێت. هەمووشمان دەزانین موسڵمانەکان سەرەتا چەند لەلایەن ئۆرستۆکراتییەکانی مەککەوە چەوسانەوە. هەندێك پێیانوایە پێش پەیدابوونی ئیسلام ئاشتی و تـەبایی لـەناو دورگەی عەرەبدا هەبوو. پێیانوایە هـەموو کەسـێك ئـازاد بـوو چـی بپەرسـتێت، یـان هـیچ نەپەرسـتێت. هــەموو بەڵگەکــەشـیان ئەوەیــە، کــە هــەر هــۆزەی بــتی خــۆی هــەبوو و دەیپەرست. ئەوانە ناتوانن ئەوە لەبەرچاو بگرن، کە هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێت لەدۆخێکی چەسپاودا بمێنێتەوە، بەتایبەتی مەککە بـەحوکمی سـتراژیەتیی شـوێنەکەی لـەگۆڕانێکی

خێرادا بوو. نیمچەدورگەی عەرەب بەهیچ شێوەیەك شوێنێكی ئارام نەبوو. تەنها (شەڕی بەسووس) چل ساڵی خایاند، كە لەسەر حوشترێك هەڵگیرسا. شەڕەكانی نێوان غەساسینەو مەنازیرەش (یوم اباغ ٥٤٤ زاینی) و (یوم حلیمة ٥٥٤) وەكو مێژوونووسەكان دەیگێڕنەوە، زۆر خوێناویی بوون. با سەرنج لەو شیعرانەی پێش ئیسلام بدەین، كە سەرچاوەی گرنگن بۆ خوێندنەوەی مێژووی پێش ئیسلام. لەو شیعرانەدا شەڕو پەلاماردان و تۆڵەكردنەوەو شانازیكردن بەچەك و بەگرتنی كەنیزە بەرچاوترین شتن. هەریەك لەشمشێرو جەنگ لەزمانی عەرەبییدا زیاتر لەدە مانایان هەیەو لەهەموو ئەو شیعرانەدا بەشارەزایی و وردبینییەكی زۆرەوە بەكارهاتوون. تەنانەت وشەی (یوم) لەزمانی عەرەبیدا هاوواتی وشەی (جەنگ)ە. وشەی (خمیس)، كەناوی رۆژێكی هەفتەیە، هاوكات بەمانای سوپاش هاتووە، تەنها شاعیرێكی گەورەی وەكو (ئومروو ئەلقەیس) وەربگرین، كە ناسكترین شاعیری ئەو سەردەمەیە، دەبینین بەشێكی زۆری شیعری خۆی بۆ تۆڵەكردنەوەی باوكی تەرخانكردووە، كە بەدەستی (بنی اسد) كوژراوە. شاعیرێكی وەكو (عەنتەرە بن شداد)، چونكە دایكی حەبەشی بوو، وەكو كۆیلەیەكی نابووت سەیر دەكرا هەتا ئەو كاتەی وەكو سوارچاك و شەڕكەر خۆی سەپاند. ئەوەتا (قیس بن زهیر) لەم شیعرەیدا جاڕی شەڕێك لەگەڵ (بنی فزارە)دا دەدات، كە بەهیچ شێوەیەك وەستان و ڕێككەوتنی تێدا نەبێت:

إن الهوادة لا هوادة بيننا إلا التجاهد فاجهدن فزارا

إلا التزوار فوق كل مقلص يهدي الجياد إذا الخميس أغارا

فلأهبطن الخيل حر بلادكم لحق الأياطل تنبذ الأمهارا

دیارە مەبەستم ئەوە نییە، كە ئەو شیعرانە بوونە هۆی پەیدابوونی توندوتیژی، بەڵكو مەبەستمە بڵێم ئەوانە واقیعێكمان بۆ ئاشكرا دەكەن، كە تێیدا تاكەكان لەڕێگای توندوتیژییەوە دەیانتوانی شوناسی خۆیان بەدەستبهێنن، بگرە شیعریش وەكو هەر بیركردنەوەیەكی دیكە كەم و زۆر بەرهەمی ئەو واقیعە بوو. پێشتریش وتم ئەنفال لەناو ئەو واقیعەدا لەدایكبووە، نەوەك لەناو ئەو سوورەتەی ناوی ئەنفالی هەڵگرتووە. بەڵێ، بەمانایەكی دیكە ئەنفال درێژكردنەوەی گیانی هەموو ئەو شەڕو پەلاماردانانەیە، كە روون و ئاشكرا لەناو ئەو كەلتوورەدا خۆی سەپاندووە. درێژكراوەی شەڕەكانی ئاباغ و حەلیمەو

بەسووس و سەدانی دیکەی پێش ئیسلام و جەمەل و سەفێن نەهرەوان و سەدان شەڕو کوشتاری دیکەی دوای هاتنی ئیسلامە، کە بەردەوام لەنێوان خۆیان و لەگەڵ دەرەوەدا بەرپایان کردووە. مەبەستم ئەوەیە ئەنفال چ لەسەردەمی شمشێرو چ لەسەردەمی کیمیاییدا لەناو ئەو میکانیزمەدا ئیشی کردووە، نەوەك بەو مۆراڵانەی ئایین بەردەوام بانگەشەیان بۆ دەکات، چونکە ئەو هێرشە تەواو لەگەڵ (لا اکراه فی الدین) ناڕێکە. میللەتێك هێشتا یەك وشە لەزمانی عەرەبی نازانێت، هەتا بۆیان دەرکەوێت بەو پەیامە رازییە یان نا، دەکوژرێت و لەناودەبردرێت. ئەنفال پێش ئەوەی خەونێکی سیاسی بێت، خەونی بازرگانەکان بوو. (کارین ئارمسترۆنگ) لەکتێبی (محەمەد، بیۆگرافیای پەیامبەرێك)دا، کە بەچاکترین کتێب دادەنرێت لەلایەن موسڵمانانەوە، بەوەی بەویژدانەوە مێژووی ژیانی پەیامبەری ئیسلامی گێڕاوەتەوە، باسی ئەو بازرگانانەی نیمچەدورگەی عەرەب دەکات، کاتێك دەگەیشتنە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەکو شام و ئێران، زۆر سەرسام دەبوون و بەکۆمەڵێك چیرۆکی سەیر سەیرەوە دەگەڕانەوە. شاعیرەکانیش وەسفی ئەو وڵاتانەیان دەکرد. هەموو خەونیان بەگەیشتنی ئەو وڵاتانەوە دەبینی.

ئەو کۆمەڵگایە بەدرێژاییی مێژووی خۆی دوو شتی بەرهەمهێنا، کە ئەگەرچی لەلایەك وا دەهاتنە بەرچاو دژی یەکترن، بەڵام لەناوەرۆکدا یەکتریان دەگرتەوە. ئەوانیش پەرەسەندنی پیشەسازی لەشارەکان و لەدایکبوونی جەنگاوەری لێهاتووی رەشماڵنشین بوون. لێرەوە بیرۆکەی یەکگرتن چەکەرەی کرد. ئیسلامیش ئەڵتەرناتیف بوو. ئیسلام، کە ئایینی تەوحیدە، توانی شوناسی ئومە بەعەرەب ببەخشێت. لێرەدا بەپێویستی دەزانم (مایکیاڤیلی)ت بیر بخەمەوە، کە هۆی پێکنەهاتنی یەکێتیی ئیتاڵیای بۆ لاوازیی کەنیسە دەگەڕاندەوە، کەچی دەبینین ئیسلام لەماوەیەکی کەمدا ئەو یەکێتییەی بۆ عەرەب مسۆگەر کرد، بەڵام وردەوردە ئەو عەقیدەیە، مەبەستم تەوحیدە، لەلایەن بازرگان و جەنگاوەرەکانەوە لەمەسەلەیەکی رۆحییەوە کرایە مەسەلەیەکی سیاسیی–ئیکۆنۆمیی رووت. یەکگرتن بەبێ فراوانکردنی جوگرافیای یەکگرتن پڕۆسێسێکی ناتەواوە. واتە هەر کاتێك یەکگرتن هاتبێتە کایەوە، داگیرکردنی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەگەر بەمێژووی پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیشدا بچینەوە، ئەوە دەبینین یەکگرتنی ناوەوەو پەلاماردانی دەرەوە لەهیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا دوو شتی جیاواز نین. هەموو ئیمپراتۆرەکان بەو

شێوەیە دروستبوون. بیرمان نەچێت، کە فراوانخوازیی ئـەوروپییش لەئـەنجامی شۆڕشـی پیشەسازییەوە سەریهەڵدا.

حەمە کاکـەڕەش: **ئـەو هۆکارانـە چیین کـە ئـەنفال لەهۆشـیارییەکی سیاسـی سـادەوە کـە تـەنها لەیادکردنـەوەی سـەرپێیانەی سـاڵانەدا قـەتیس بـووە، دەگوازێتەوە بۆهۆشیارییەکی کەلتووری، لەو بێدەنگییەی کە خاوەنی قسە نییە دەگوازێتـەوە بـۆ بیرکردنەوەیـەک بـەدەنگی بـەرز. هـەروەها ئـەم بێدەنگییـە چـەند پەیوەنـدی بـەکورد خۆیـەوە هەیـە، هـەم لەئاسـتی بەرپرسـیارییەتی کۆمەڵگای کوردی بۆ ئەنفال و هەم لەئاستی دەسەڵاتی کوردی خۆیدا؟**

کاروان عومەر کاکەسوور: دەتوانم بڵێم ئێمە لەو دوو وەڵامەی پێشووماندا کـەم و زۆر بەلای ئەو چـەند مەسـەلەیەدا چـووین. وەکـو وتمـان جێگیرکردنـی گوتـاری ئـەنفال لـەناو قووڵاییی پیرۆزییدا، وایکردووە، کە نەوەك بێدەنگیی، بگرە ڕەزامەنـدی و بـەرگریکردنیش لەو گوتارەدا بەدرێژاییی مێژووی خۆی برەو پەیدا بکات. هەر لێرەوەیە بێدەنگیی کوردی لەلایەن ئەو دەستەڵاتە پیرۆزەوە پاڵپشتیی کراوەو تائـەمڕۆش هـەر پاڵپشتیی دەکرێـت. ئێمە لەو دوو وەڵامەی پێشووماندا هەوڵمان دا ئەنفالی میلیتاریستی لەو ئەنفالە ڕۆحییـەی ناو تێکست جیا بکەینـەوە، هـەر بۆیـە سەرچـاوەی ئـەنفالی میلیتاریـستییمان بـۆ پـێش مێژووی ئەو تێکستە گەڕاندەوە. بێدەنگیی کورد لەئاست ئەنفالـدا بێدەنگییەکـە لەئاسـت پیرۆزییـدا. بێدەنگییەکـە لەئاسـتی تابوویەکـدا، کـە ڕێگـا بـەهیچ ئاراسـتەیەکی دیکـەی جیـاوازی بیرکردنـەوە نـادات. هـەموو بیرکردنەوەیـەکی کـوردی بەشـێوەیەك لەشـێوەکان تەبایی بـووە لەگـەڵ ئـەو گوتـارەدا. ئێمـە لەخوێندنەوەیـەکی دیسپۆتیکییانەی مێـژووی خۆماندا، ئەوە بەدی دەکەین، کە کەلتووری ئێمـە هـەر لەسـەرەتاوە هـیچ ئامادەگییـەکی ئـەوتۆی نـەبووە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـەنفال و خۆپاراسـتن لێیـەوە، وەکـو چـۆن بەرەنگاربوونەوەی لەئاستی داگیرکاریی ساسانییەکانیشدا نەبووە، ئەویش بەپلەی یەکەم لەبـەر نـەبوونی ئـەو کەرەسـتانەی، کـە دەیـانتوانی پرۆسێـسی ئـەو بەرەنگاربوونەوەیـە فەراهەم بکەن. با ئێمە سێ نموونـە بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئـەنفال بێنینـەوە: یەکـەمیان کورد، دووەمیان تورك و فارس، سێیەمیشیان یۆنان. وەکو وتمان کورد نـەك بەرگرییـەکی گەورەی نەکرد، بەڵکو هەر خـۆی لـەڕێگای ئـەدەبی زارەکییـەوە بـەردەوام پیرۆزیـی بـەو گوتارەش بەخشیوە. دووەمیان تورك و فارس. ئەوان بێجگە لەوەی بەرگرییان کرد، بگرە

دواتر خۆشیان ئەنفالیان بۆ فراوانخوازیی خستە کار. نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کە عەرەبەکان راستە لەڕووی سەربازییەوە بەسەر فارسەکاندا سەرکەوتن، بەڵام چونکە عەرەبەکان نە هیچ شێوازێکی بەڕێوەبردنیان دەزانی و نە دەشیانزانی ئەنجومەنی یاسادانان چییە، هەروەها هیچ سیستمێکی ئاسایشیشیان نەناسیبوو، بەڵکو هەموو ئەوانە زۆر رواریانە لەناو سیستمی هۆزدا بەڕێوە دەچوون، ، واتە هیچ پلان و رێکخستنێکیان نەبوو، بۆیە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان، هەستان لەڕووی بەڕێوەبردنەوە بەپلەی یەکەم پشتیان بەکەلتووری فارس بەست.عەرەبەکان ئەگەرچی سامانێکی گەورەی شیعری و میتۆلۆژیایان هەبوو، لەڕووی هونەریی جەنگیشەوە باڵادەست بوون، بەڵام لەبوارەکانی دیکەدا زۆر هەژار بوون. (ئیبن خەلدوون) لەکتێبی (المقدمە)دا ئەم قۆناغە ناو دەنێت (قۆناغی کۆچەری)و پێیوایە رێکخستنی سەربازی و دەمارگیری (عصبیە) لەکەسانی ناو هۆز پێکدێت. ئەو دەمارگیرییەش لەبیابان مەرجی بنەڕەتیی دامەزراندنی سوپاو بەدیهاتنی سەرکەوتنە. پێیوایە هێزی ئەو کەسە ئازایانەیە، کە دەوڵەت پێکدەهێنێت.

تا سەردەمی (عومەری کوڕی خەتتاب) زمانی فەرمیی دەوڵەت فارسی بوو، نەک عەرەبی. (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان)یش لێدانی پارەی کردە عەرەبی، ئەگینا تا ئەو کاتەش ساسانی بوو. ئەمەش رێگای بەوە دا، کە فارسەکان هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەك لەشێوەکان دەستباڵایيان لەناو حوکمی ئیسلامییدا هەبێت، ئەوە لەکاتێکدا کورد تابڵێی لێی دوور بوو. وەکو وتمان کورد تەنها وەکو زمانێك (کە ئەو زمانەش شوناسی ئەو بوو وەکو جوگرافیا نەك وەکو کەلتوور)، رووبەڕووی ئەنفال بووەوە. (ئیبن خەلدوون) لە (المقدمە)دا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، کە شارستانییەت بەرهەمی شارەو عەرەب بەتەواوی لێی دوورن، بەڵام ئەوە عەجەمەکانن شارستانن، چونکە ئەوان هەر لەسەردەمی دەوڵەتی فارسەوە ئەو شارستانییەتەیان تێدا چەسپیوە. هەرچی عەرەبەکانن، ئەوە ئەوان ئەو شارستانییەتەیان ناسی و بەو هۆیەوە لەقۆناغی کۆچەرییەوە دەرچوون. دەڵێت ئیشی عەرەب ئەوەیە سەرکردایەتیی دەوڵەت بکات و بیپارێزێت و ئاگای لەسیاسەتەکەی بێت. باسەیری شام بکەین. عەرەبەکان تەنها وەکو جوگرافیا مامەڵەیان لەگەڵ ئەوێدا نەدەکرد، بەڵکو لەئاستی کەلتووری ئەواندا تووشی نامۆییەکی گەورە هاتن. کاتێك ئومەوییەکان خەلافەتیان بردە ئەوێ، هەستیاندەکرد نەك هیچ شتێکی نوێیان بۆ

ئەوان پێنییە، بەڵکو ئەمانی کۆچەری رەشماڵنشین بۆشیان ئاسان نییە لەناو ئەو زەمینە جیاوازەدا هەڵبکەن. عەرەبەکان ترسێکی گەورەیان لەخانووبەرە هەبوو. تەنانەت کاتێك لەسەردەمی (عومەری کوڕی خەتتاب) لەکووفە لەجیاتی رەشماڵ، خانوو دروستکران، هەموویان سووتاندن، دوایش بەو مەرجە رێگا بەدروستکردنیان درا، کە لەسنووری خۆیان دەرنەچن، بچووك بن و بەرزنەکرێنەوە، کەچی لەشام خەڵك لەناو کۆشکی گەورە گەورەدا نیشتەجێ بوون. هەرچی شێوازی حوکم و بەڕێوەبردن لەسەردەمی ئومەوییدا خرابێتە کار، رۆمانی بووە، نەك عەرەبی. وەکو وتمان تاسەردەمی (عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان)یش پارە بێزەنتی بوو. هێمای خاچی مەسیحیی و وێنەی ئیمپراتۆری بێزەنتیی بەسەرەوە بوو. تەنانەت ئیمپراتۆری بێزەنتی بەشێوەیەکی ناشیرین ناوی ئیسلام و پەیامبەری ئیسلامی لەسەر دیناری زێڕ نووسیبوو. بۆیە هەندێك هەتا ئێستاش پێیانوایە ئەو یاسایانەی رۆمانی دژی ئیسلام بوون و حوکمی ئومەوییەکان لەسەر بنەمای قورئان و شەریعەتدا بەڕێوە نەچووە. بەکورتی کۆنتاکتی ئیسلام لەگەڵ هەندێك لەنەتەوەکانی دەرەوەی کورددا بەناچاریی جۆرێك بووە لەئاڵوگۆڕی کەلتووری، کە ئەمڕۆ بە(acculturation) ناسراوە.

با نموونەی سێیەمیان بهێنینەوە، کە یۆنانە. ئەوان دوای چوار سەدە، شۆڕشی ١٨٢١ یان هەڵگیرساندو عوسمانییەکانیان لەوڵاتی خۆیان بەدەرنا. ئێمە دەبێت خۆشحاڵبین، کە کورد نەیتوانیوە وەکو تورك و فارس بکات و وەکو ئەوان نەبووەتە خاوەنی مێژوویەکی خوێناوی، بەڵام خۆزگە دەمانتوانی وەکو یۆنان بکەین. لەو کاتەوە لەیۆنان کەسێك لەژێر ناوی ئایندا ناچەوسێتەوە. ئەوە دوایئەوەی تورکە موسڵمانەکان لەماوەی ئەو چوار سەدەیەدا سەدان هەزار منداڵ و پیریان لەوێ زیندەبەچاڵ کرد. لەوساوە هەموو موسوڵمانێکیش لەوێ بەقەدەر کریستیانێك ئازادبووە لەدەربڕینی بیروباوەڕی خۆیدا. ئێمە بۆ نەمانتوانی نەوەکو تورك و فارس و نەوەکو یۆنان بکەین؟ بێگومان وەکو وتمان لەبەر نەبوونی ئامادەیی ئەو کەلتوورە لەئاستی هەر پەلامارێکدا. کاتێك بەمێژووی ئەو سەردەمەدا دەچینەوە، دەبینین تورك و فارس لەپێناوی گرتنی دەسەڵات و فراوانکردنیدا هەموو رێگایەکیان گرتووەتە بەر. خەلافەتی عەباسی هەر جارێك بەدەست یەکێك لەوان بووە. ئەوان کاتێك دەگەیشتنە لووتکەی دەستەڵات و لەنزیکەوە کۆنتاکتیان لەگەڵ خەلیفەدا دەکرد، هەموو ئەو ترسانەیان دەشکان، کە بەپیرۆزیی خەلیفەوە بەند بوون.

هەر زوو لەوە تێگەیشتن خەلیفە لەلایەن هێزێکی غەیبییەوە پارێزگاریی لێناکرێت. کاتێك کۆشکی نایاب و رازاوەی خەلیفەکانیان دەبینی، کە پڕ بوون لەکەنیزەو کوڕی لووسکەی خەسێنراو و زۆربەشیان تورك و فارس بوون، بەئاسانی لەهەموو لوغزو نهێنییەکان تێدەگەیشتن. ئەوە لەکاتێکدا کورد لەدوورەوە هەتا هێزی تێدابوو لەڕێگای فەنتازیای خۆیەوە وێنەی پاك و بێگەردی ئەو پیاوچاکانەی دەکێشا. ئەم تێگەیشتنە هەتا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. سەیرەکە ئەوەیە ئەمڕۆ رۆشنبیری ئێمە مەسەلەکەی ئەوەندە سادە کردووەتەوە، کە شێوەیەکی تەواو کۆمیدیی بەخۆیەوە بینیوە. وەکو وتمان ئەو هاتووە ئەو وێنەیەی هەڵگێڕاوەتەوە. پاك و بێگەردییەکەی گۆڕیوە بۆ دزێو و ناشیرین. ئەو گەمەیە هێندە ئاسانە، کە هەموومان دەیزانین. تۆ، ئازیزم دەپرسی ئەو هۆکارانە چیین کە ئەنفال لەهۆشیارییەکی سیاسیی سادەوە، کە تەنها لەیادکردنەوەی سەرپێیانەی سالآنەدا قەتیسبووە، دەگوازێتەوە بۆ هۆشیارییەکی کەلتووری، بەلآم سەیرەکە لەوەدایە، ئەوە هەر رۆشنبیرە ئەنفالی وەکو دەیان مەسەلەی دیکە کردووەتە بۆنەیەکی سیاسی و لەنزمترین ئاستی زماندا یادی دەکاتەوە. کردوویەتییە عاشوراو بەزنجیر دەکەوێتە گیانی خۆیەوە. ئەوە رۆشنبیرەکەمانە زۆر دیماگۆژییانە ئەو بۆنانە دەقۆزێتەوەو لەڕێگایانەوە پێماندەڵێت: "من ماوم، بەردەوامم". ئەو فێڵەی رۆشنبیر لەمەبەستێك زیاتری هەیە. لەلایەك بۆ فراوانکردنی سنوورەکانی ناوبانگی خۆیەتی و لەلایەکی دیکە دەیەوێت وامان تێبگەیەنێت، کە میدیاکان دەربڕینی راکانیان سنووردار کردووە، ئەگینا زۆر لەوە زیاتری پێیە. میدیاکان تیغی دوو سەر بوون بۆ رۆشنبیر. لەلایەك ناوبانگیان پێبەخشی و لەلایەکی دیکە لەهەموو سەرچاوە مەعریفییەکانیان دوورخستەوە. ئەنجام هەموو قسەکانی خۆی کرد، یان بەمانایەکی راستتر هەموو هەقایەتەکانی خۆی گێڕایەوەو ئێستا بەردەوام دەیانڵێتەوە. زۆربوونی تیڤی و رادیۆو رۆژنامەو گۆڤارەکان وایکرد رۆشنبیر لەگۆشەگیرییەکەی خۆیەوە بێتە دەرەوەو رۆژانە بەبەرچاومانەوە بێت. من دەزانم ئەم بابەتە دەبێت بەجیا لێبکۆڵدرێتەوە، بەلآم لێرە تەنها ئەوەندەی لێی دەردەخەم، کە پەیوەندیی بەئەنفالەوە هەیە. مەبەستمە بڵێم میدیاکان کاتێکیان بۆ رۆشنبیر نەهێشتووەتەوە تێیدا بخوێنێتەوەو لەناو تەنیاییەکانی خۆیدا بیر بکاتەوە، بەڵکو ئەم تیڤی بۆ ئەو رادیۆی دەنێرێت و ئەو رۆژنامە بەو گۆڤاری دەسپێرێت. ئەنجام کردوویانەتە کائینێکی میکانیکی، کە هەر دەڵێت و دەڵێت، کاتی

بیرکردنەوەی نەماوە. هەتا ئەو ڕۆشنبیرە زیاتر هەقایەتەکانی خۆی دووبارە بکاتەوە، بەو ئەندازەیەش لای ئێمە زیاتر بێتواناییەکەی ئاشکرا دەبێت و کەمتر باوەڕمان پێی دەمێنێت. هەرچەند دەبینین ئەو ڕۆشنبیرە زۆر لەئێمە سادەتر دەدوێت، هیچ ئومێدێکمان نامێنێت، کە لەپشت ئەو سادەکارییەوە، پرۆژەیەکی گەورەی فیکریی رەخنەیی هەبێت. قسەکانی ئەو ڕۆشنبیرە میکانیکییەو سروودەکان کتومت لەیەکتر دەچن. هەردووکیان لەبۆنەکان لێدەدرێن و گۆڕانیان بەسەردا نایەت. ئەو ڕۆشنبیرە وا بۆ بیست ساڵ دەچێت لەبارەی ئەنفالەوە دەڵێت و هیچ گۆرانکارییەکی نەهێناوەتە کایەوە، کەچی نەك هەر گومان لەتوانای خۆی ناکات، بەڵکو وەکو پێی راهاتووە کۆمەڵێك گلەییش لەخەڵك دەکات، بەوەی ناگۆڕێن. ئەنفال، کە یەکێکە لەمەسەلە ئاڵۆزەکانی ناو فیکری ئیسلامی، ناکرێت ئێمە باوەڕ بکەین، کە لەڕێگای قسە سادەکانی ڕۆژانەی ڕۆشنبیرەوە دەتوانین لێی تێبگەین. ئەو ڕۆشنبیرە خۆی پێویستی بەوە هەیە تێبگات، کە ئەو هەقایەتانەی ئەو دەیانگێڕیتەوە، نەك لەتوانایاندا نییە هیچ فیکرێك بەرهەمبهێنن، بەڵکو هەر خۆیان دەبنە بەشێکی دیکەی ئەدەبی زارەکی و دەبێت لەناو ئەو ئەدەبەزارەکییەدا راڤە بکرێن. ئەگەر ئەمڕۆ کێشەی گەورە لای عەرەب ئەوەیە، کە دەستەوستانن لەوەی فیکری خۆیان لەکەلەپوورەوە بۆ تازەگەری بگوازنەوە، ئەوا لای ئێمە وەك دەبینین کێشەکە زۆر لەدوای ئەوەوەیە. هەتا ئێستا ڕۆشنبیر دڵنیای نەکردووین، کە بیردەکاتەوە، بۆیە ئەرکی ئێمە زۆر قورسە. دەبێت ئێمە ڕۆشنبیر بەئاگابێنینەوەو دنیای بۆ ڕۆشنبکەینەوە، هەتا ئەو رادەیەی، کە دەتوانێت هۆشیارمان بکاتەوەو ئەنفالیش لەهۆشیارییەکی سیاسیی سادەوە، کە تەنها لەیادکردنەوەی سەرپێیانەی ساڵانەدا قەتیسبووە، بگوازێتەوە بۆهۆشیارییەکی کەلتووری. ئەگەر ئەو دیمەنە زۆر بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕییانە دێتە بەرچاو، ئەوا ڕۆشنبیر خۆی بەسەر خۆیدا هێناوە. ڕۆشنبیر تا ئەو کاتەی پێناسەی خۆی وەکو ڕۆشنبیر دەرناخات، هیچ سەرزەنشت ناکرێت، کە بۆچی نەیتوانیوە ئەنفال بکاتە هۆشیارییەکی کەلتووری، بەڵام کاتێك خۆی لەڕێگای ئەو پێناسەیەوە نیشاندەدات، ئەوا بەرپرسیارێتیی ئەو دۆخەی دەکەوێتە ئەستۆ. میدیاکانیش بێگوناه نین، کە بۆ بەجۆشدانی گفتوگۆو بۆ گەرمکردنی بازاڕ، کۆمەڵێك ئاوەڵناوی قەبە دەخەنە پاڵ ناوی ئەو ڕۆشنبیرە.

حەمە کاکەڕەش: **تۆ یەکێکی لەو نووسەرانەی، کە تائێستا لەو چەند گفتوگۆیەی لەگەڵیاندا ئەنجامداوی، پرسیاری پەیوەندیی نێوان ئەدەب و ئەنفالت ئاراستەکراوە. لەسەرجەمیاندا باوەڕت وابووە ئەوەی لەو پەیوەندییەدا سوودمەند نەبووە ئەدەبە. ئایا پێتوایە شکستی نووسەری ئێمە لەبواری فیکر بەتایبەتییش لەمەسەلەی ئەنفالدا هەمان شکستە لەبواری ئەدەبیشدا؟**

کاروان عومەر کاکەسوور: لای ئێمە چارەنووسی ئەدەب و فیکر یەکێکە، چونکە هەموو ئەوانەی نووسەری ئەدەبیین، هاوکات خەریکی کاری فیکرییشن، ئەگەرچی لەدەرەوەی ئێمە ئەو دوو کایەیە کەم و زۆر سەربەخۆن، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە هەمان شتن. ئەمە بەپلەی یەکەم ناتێگەیشتنێکە لەئەدەب، چونکە هەتا ئێستا نووسەری ئەدەبی نەیتوانیوە باوەڕبهێنێت، کە چیرۆك، رۆمان، شیعر، هونەری شێوەکاری و هونەرەکانی دیکە لەتوانایاندا هەیە فیکر بەرهەمبهێنن، بۆیە بەختی خۆی لەزۆر بواری دیکەش تاقیدەکاتەوە. کەم نین ئەو نووسەرە ئەدەبییانەی لەپێش فەیلەسووفەکانەوە نەك پێشبینیی ئایندەیان کردووە، بەڵکو لێکدانەوەی وردیشیان بۆ ئەو ئایندەیە کردووە. بۆ ئەوەی زۆر دوورنەکەوینەوە، لەجیاتی نووسەرانی وەکو (کافکا) و (ریلکە)، (شێرکۆ بێکەس) بەنموونە دەهێنینەوە، کە تائێستا من هیچ نووسینێکی ئەو شاعیرەم لەبارەی ئەنفالەوە نەبینیوە، بەڵام لەڕێگای هەندێك لەشیعرەکانیەوە زۆر زۆر لەو نووسەرانەی زیاتر مانا بەرهەمهێناوە، کە هەموو مێژووی نووسینی خۆیان لەسەر ئەو چەمکە دامەزراندووە. هەمان شت لای (قوبادی جەلیزادە) و (بەرزان هەستیار) و (دڵشاد عەبدوڵڵا)دا هەستپێدەکەین. تابلۆکانی (شەماڵ عادیل سەلیم) و (رێبوار سەعید) چەند دنیایەکی سەربەخۆن، کە لەهەر یەکێکیاندا نهێنییەکانی ئەنفال بەجیاواز لەویتر دەردەکەون.

بەڵێ، من لەهەموو گفتوگۆکانمدا لەوانە لەگەڵ (توانا ئەمین)، (ئیدریس عەلی)، (سایتی دەنگەکان) و (نەورۆز عەلی) و یەك دوو نووسەری دیکەشدا پێم لەسەر ئەوە داگرتووە، کە ئەنفال دۆستایەتییەکی بەتینی لەنێوان نووسەرو مێژوودا دامەزراندووە. لەوەڵامی پرسیاری (دەنگەکان)دا وتوومە: "پێموایە بەهەڵەدا دەچین کاتێك دەمانەوێت ئەنفال و هەر رووداوێکی دیکەی مێژوویی و مرۆیی لەخەیاڵ و فانتازیا دابڕین. ئەنفال

پێش ئەوەی بکرێتە تێکست، واقیع بوو. پـێش ئـەوەی بکرێتـە تێکستیش، خـەیاڵ بـوو. کاتێك خەیاڵ و ئایدۆلۆژیا ئاوێتە دەبن، ڕووداوی وەکو ئەنفال دەهێننە کایەوە".

ئەگەرچی خـەیاڵ و واقیـع بەیـەك خێرایی و بەیـەك ئاراسـتە ناچـنە پێشـێ، کەچـی نووسەری ئێمە هەر کاتێك هەستیکردووە گۆڕانێك لەواقیعدا ڕوویداوە، هەوڵیـداوە ئـەدەب لەگەڵ ئەو واقیعەدا ڕێکبخات. ئەدەب خۆی لەو نێوەدا بێلایەن نەبووە، بـەڵکو پـەیامێکی پاك و بێگەردی پێبووە. ویستوویەتی هەموو ناشیرین و گڵاوەکان دەستنیشان بکات، کـە ئەمـەیان ئـەرکێکی ئایدۆلۆژییـە. لێرەدا ئـەدەب بـەوەی ئـەرکێکی پـیرۆزی لەئەسـتۆیە، ناکەوێتـە ژێـر رکێفـی هـیچ گومـان و رەخنەیەکـەوە، بـەڵکو ئـامێرێکی پێرفێکتـە بـۆ دۆزینـەوەی هـەموو خراپەکارییـەکان لەبـەرەی دژدا. نووسـەری ئـەو ئەدەبـە وەکـو جەنگاوەرێکی رێگای ڕاستی خـۆی دەرخـستووە، بۆیـە لەگـەڵ دەرکـەوتنی ئـەو شـێوازە نووسینە، رەخنـە دەسـتی لەهـەموو شـەڕو ئـازاردانێکی تێکست هـەڵگرتووە. دیـارە تـۆ دەزانی مەبەستم ئەو شەڕەجنێوە نییە، کە هەتا ئێستاش لای ئێمە وەکو رەخنە سـەیری کراوە. دەتوانین بڵێین لەدوای ڕاپەڕینەوە جۆرێك ڕێککەوتنی نهێنی لەنێوان ئەو ئەدەبـەو رەخنـەدا هاتووەتـە گـۆڕێ، بـەوەی شـەڕ بەیـەکتر نەفرۆشـن. بـەردەوام هـەر یەکـەیان ئەویدیکەیان زیندوو دەکاتەوە، بۆیە ستایلی ئەو نووسەرە هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نایەت. ئەوەی دەگۆڕێت، چۆنایەتی نییە، بـەڵکو چـەندایەتییە. بەکارهێنانـەوەی بـەکارهێنراوە. بۆیە ئەنفالیش وەکو زۆر ڕووداوی دیکەی مێژوویی نابێتە ئـەدەب و هـەر بەبەرچـاومانەوە دەمێنێتەوە. بەمانایەکی دیکە ئەو ئەدەبە نەك هەر نـەیتوانیوە ئـەو تراژیدیایـەمان لـەبیر بباتەوە، بەوەی کۆمەڵێك مانای دیکـەی جوانکـاری و هونـەریی پێبەخـشێت، جیـاواز لـەو مانایانەی واقیع پێیبەخشیوە، بەڵکو نووسەرانی ئەو ئەدەبە هەمان مانازانراوەکانی واقیع بەکاردەهێننەوەو لەبۆنە نیشتیمانییەکانیشدا داوا دەکەن شەرممان بشکێت و زۆر لەوەش ڕوونترو زیاتر ئاوڕ لەئەنفال بدەینەوە. من دەکرێت لێرەدا هەمان ئەو وتەیە بڵێمـەوە، کـە پێشتر بە(سایتی دەنگەکان)م گوتووە، ئەویش ئەوەیـە، کـە "ئـەوەی ناهێڵێـت ئـەنفال و هەر ڕووداوێکـی دیکـەی مێـژوویی بـسوێتەوە، ئـەو گوتـارو لێکۆڵینەوانـەن، کـە لـەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوەو باس لەگەورەیی ئەو تێکستانە دەکەن".

رەخنەی حەفتاکان و هەشتاکان بەو هەموو سادەیی و سـاکارییەی خۆیانـەوە جۆرێـك ناتـەباییان لەگـەڵ تێکـستدا دەردەخـست، بـەڵام لەنەوەدەکانـەوە ئـەو دوانـە پـەیمانی

ئاشتییان مـۆرکردووەو سەرپێچی لەبەنـدەکانی ئـەو پەیمانـەش ناکـەن. هاوکـات بیرمـان نەچێت ئەو ئەدەبەی حەفتاکان و هەشتاکانیش جۆرێك دژایەتییان لەگەڵ واقیعی خۆیانـدا دەهێنایـە گـۆڕێ. لەپرسـیارێکی (ئیـدریس عـەلی) لـەگۆڤاری "ئاینـدە"دا لـەوە دواوم. (دووربین)ی (محەمەد فەریق حەسەن) نموونەیەکی زۆر دیاری ئـەدەبی ئـەو سـەردەمەیە، کە مامەڵەیەکی هونەرییانەو ئیستاتیکییانەی بێوێنەی لەگەڵ واقیعدا کردووە. هـەر لەبـەر ئەوەشە لەگەڵ بەسەرچوونی واقیعی واقیعەکەشدا، بەڵام واقیعـی چـیرۆکەکە هێـشتا هـەر ماوە، چونکە چیرۆکنووس واقیعێکی جیاوازترو گـەورەتری لـەواقیعی واقیـع خوڵقانـدووە. دەتوانین بڵێین ئەدەبی ئێمـە لەنەوەدەکانـەوە بـە(محەمـەد فـەریق حەسـەن) خۆشـیەوە دژایەتیی لەگەڵ واقیعدا دروستنەکردووەو رەخنەش لەگەڵ هیچیان. ناڵێم هیچ تێکستێکی جیاوازمـان نییـە، بـەڵام ئـەوەیان باڵادەسـتە. ئـەو سـتایلە لەئـەدەبی ئـەنفال بەگـشتی و لەچیرۆك و رۆمانەکانیدا بەتایبەتی زۆر زەق دەردەکەوێت. نووسەرو نارەتـەر، کـە خۆیـان دوو دەنگـی سـەربەخۆن و هەمیـشەش بەسـەربەخۆیی کـار دەکـەن، کەچـی لای ئێمـە هەردووکیان دەبنە یەك دەنگ و لایەنگری بێچەندوچوونی کارەکتەری سەرەکیی و هـەموو ئەو کارەکتەرانەی دیکەشن، کە دەکەونە بەرەی کارەکتەری سـەرەکییەوە. ئـەنجام هـەر سێ دەنگە جیاوازو سەربەخۆکە دەبنە یـەك. لێرەوەیـە خـەیاڵ بەتـەواوی دەکەوێتـە ژێـر دەستەڵاتی واقیعـەوە. هـەر ئەمـە ئاسـانکارییەکی گـەورە بـۆ نووسـەر فەراهـەم دەکـات، بەوەی واقیع لـەڕێگای زمـانی خۆیـەوە زۆر ئۆتۆماتیکییانـە هـەموو رووداوە زانـراوەکـانی خـۆی بەنووسـەر دەبەخـشێت و گێڕانەوەکەشـی بـۆ مـسۆگەر دەکـات. ئـەو کارەکتـەرە لەبەرانبەر دەسەڵاتەکانی باوکی ماڵ و باوکی قوتابخانەو باوکـەکانی دیکـەدا زۆر بێگونـاه نیشاندەدرێت و لەنزمترین ئاستی زماندا خەمەکانی خۆیمان بۆ هەڵدەڕێـژێت. بیۆگرافیـای ئەو کارەکتەرە هەمان مێژووی نەتەوەکەیەتی، کە تەنها چەوسـاوەتەوەو دوورە لەهـەموو خراپەکارییەك. هـیچ یـەکێ لـەو گوناهانـە ناکەونـە ئەسـتۆی خۆیـەوە. بەمانایـەکی دیکـە نووسەر لەڕێگای زمانەوە کارەکتـەر لـەناو خەیاڵدا ناخوڵقێنێت، بـەڵکو سـووك و ئاسـان لـەناو مێـژووی زارەکییـدا دەیگوازێتـەوە. لێرەوەیـە ئـەو کارەکتـەرە هـەر لەسـەرەتاوە مەحکومـە بـەوەی ملکەچـی واقیعێکـی دیـاریکراو بێـت، کـە پێـشتر لەسەرچـاوەکانی راگەیاندنەوە ئێمە چارەنووسەکەیمان بۆ ئاشکرا بـووە. بـۆ نموونـە ئێمـە هەرکـە لەچـەند لاپەڕەی یەکەمـدا فڕۆکـەکان دەبیـنین، دەزانـین ئەوانـە گـازی کیمیـاوی دەڕشـێنن. ئـەو

زیلەسەربازییانە خەڵکی بێتاوانیان تێدەکرێن و بەرەو شوێنێکی نادیار دەبردرێن. هەموو کەرەستەکانی ئەو نووسەرە کاریان پێدەکات، ئاشکران و هەموو جووڵەیەکیشیان لەژێر رکێفی مێژوویەکی زانراودایە. ئەوەی نەیهێشتووە ئەو ئەدەبە وەکو ئەدەبی شاخ و ئەدەبی سەردەمی شۆڕشی چەکداریی لەناو ئایدۆلۆژیادا بخوێندرێتەوە، ئەوەیە، کە نووسەرانی ئەو ئەدەبە زۆر دیماگۆژییانە بۆ گۆڤارو تیڤیەکان دەدوێن. بەهەندێك زاراوەی قەبەقەبەی وەکو باوکسالاریی و سیکۆلاریزم و ناموسپەرستی و شتی دیکە چاوبەستمان دەکەن.

نووسەری ئێمە کاتێك دێت لەناو ئەدەبی زارەکییەوە باس لەئەنفال دەکات، ئەوا خەیاڵی ئەو نووسەرە پێش ئەوەی بکەوێتە کار، دیاریکراوە. ئاراستەکانی نیشانکراون. لێرەشدا بۆ خوێندنەوەی ئەو ئەدەبە پرینسیپەکانی واقیع کراونەتە مەحەك. هەتا ئەو ئەدەبە زیاتر واقیعی بەرجەستە کردبێتەوە، ئەوەندە لای ئەو خوێندنەوەیە بایەخی پەیدا کردووەو زیاتر پەسەند کراوە. بەهەمان ئەندازەش گومان لەسەر پیرۆزیی ئەو تێکستانە کەمترو کەمتر بوونەتەوە. بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو ئەدەبەبەحوکمی ئەوەی یادەوەریی کۆی ئێمەی بەرجەستە کردووە، خاوەنی خوێنەری خۆیەتی و لەبازاڕی چاپەمەنییش رەواجی هەیە. هەر ئەو رەواجەش، کە دوورو نزیك پەیوەندیی بەقووڵیی ئەو ئەدەبەوە نییە، جۆرێك دەسەڵاتی بەرهەمهێناوە. بەکورتی ئەو ئەدەبە نەك زیاترین هەوڵیداوە پیرۆزیی بەرهەمبهێنێت، بەڵکو دواجار هەر خۆی ویستوویەتی ببێتە پیرۆز بەرانبەر بەگەلاو. ئەو ئەدەبە هەرچەند هەوڵیدابێت فریومان بدات، بەوەی گوایە سەربەخۆ لەئایدۆلۆژیا هەڵدەسووڕێت، بەڵام لەوەدا لەگەڵ ئایدۆلۆژیا تێکدەکاتەوە، کاتێك ئەویش وەکو ئایدۆلۆژیا بەرەو (رای گشتی) ئاراستە دەکرێت. ئەوەی ئێمە بەناوی رەخنە لەدوای راپەرینەوە خوێندوومانەتەوەو بەزمانێکی سادەو رەوان بەشان و باڵای ئەو نوسەرەیاندا هەڵداوە، بەشی هەرە زۆریان (رای گشتی)ین. ئەگەر گوتاری ئەنفال پیرۆزیی خۆی لەناو ئایین و مێژووی ئایندا بەدەستهێنابێت، ئەوا ئەو ئەدەبە بەشێوەیەکی دیکە پیرۆزیی خۆی لەناو ئەو (رای گشتی)یەدا بەدەستهێناوە. ئەو گوتارە ناڕاستەوخۆ پێماندەڵێت هەڵوەشاندنەوەم، سەرکوتکردنی دەنگی نەتەوەیەکی برینداری ئەنفالکراوە. وەك هاوکات پێمان بڵێت مانەوەو پیرۆزڕاگرتنم، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییە. لێرەوەیە ئێمە رووبەڕووی هێزێکی دیکەی پیرۆزیی دەبینەوە. وەکو (پیر بۆردیۆ) باوەڕی وایە (رای

گشتی) لەلایەن ئایدۆلۆژیاوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕەوایەتی پشتی پێدەبەسترێت. ئەو ئەدەبە زیاتر لەسەر ئاستی میللییدا خوێندراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خوێندنەوەیە بەمەبەستی فریودان پەنای بۆ بەکارهێنانەوەی چەمکە ڕەخنەییەکان بردووە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەیتوانیوە ئەو بەرگە میللییەی خۆی بشارێتەوە، چونکە لەلایەك بەسادەیی کاری کردووەو لەلایەکی دیکە هەر لەسەرەتاوە تەبایی خۆی لەگەڵ ئەو تێکستەدا نیشانداوە. پێش هەموو ئەوانەش ئەو تێکستەی مەبەستی بووە ئیشی لەسەر بکات، هەڵگری هیچ نهێنییەك نییەو ناتوانێت هیچ کۆنتاکتێك لەگەڵ ڕەخنەدا بکات. ئەو خوێندنەوانە ڕۆڵی کۆمەڵێك پاسەوان دەبینن لەدەوری ئەو تێکستانەدا. هەتا ژمارەی ئەو پاسەوانانە زۆرتر بن، دەستەڵاتی ئەو تێکستانە گەورەتر دەبن و لەئاستی ڕەخنەی جدییدا زیاتر بەرگریی لەمانەوەی خۆیان دەکەن. هەر ڕەخنەیەك لەو تێکستانە، مانای بەگژداچوونەوەی (رای گشتی)یەو خۆی لەتەنیایی و لەبەرەی کەمایەتییدا دەبینێتەوە. لێرەوەیە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەدەب لای ئێمە لەجیاتی تواناکانی خۆی لەئاستەکانی هونەرو ئیستاتیکادا وەربگرێت، لەهێزە کۆمەڵایەتییەکانی وەردەگرێت. بۆیە نووسینی ئێمە ئەوەندەی ناوەڵناو بەرهەمدەهێنێت، چارەکی ئەوە ڕۆشنبیریی بەرهەم ناهێنێت. ئەو ناوەڵناوانەش دەبنە سەرمایەیەکی ڕەمزی و خاوەنەکانیان لەهەموو ڕەخنەیەك بەدوور دەگرن. ئاسان نییە بەنووسەرێکی بەناوبانگ بڵێی ڕۆمانەکەی، یان شیعرەکەی لاوازە. یان بڵێی ئەو نووسەرە بەناوبانگە هیچ لەچەمکی ئەنفال تێنەگەیشتووە، مادام ئەو ڕۆمانەی یان شیعرەکەی ژمارەیەکی زۆر نووسەر لەبارەیانەوە نووسیوە. ئەو دەستەڵاتە بەردەوام کۆمەڵێك تێکستی داهێنەرانە سەرکوت دەکات تەنها لەبەرئەوەی بەو ئاراستەیەی واقیع کاریان نەکردووە. کاتێك ژمارەی خوێندنەوەکان دەکرێنە مەحەك بۆ گەورەیی و بچووکیی تێکستەکان، تەنها هەندێك ناوەڵناوی وەکو "نووسەری گەورە" و "ڕووناکبیری بەتوانا" و "داهێنەری بەناوبانگ" و شتی دیکەی لەو بابەتە بەدەستەوە دێن، بەڵام هەر ئەو پیاوە مەزنانە ناتوانن بەقەدەر خوێنەرێکی زۆر ئاسایی فیکر بەرهەمبهێنن. بۆ نموونە نووسەرمان هەیە هەموو ئەدەبەکەی خۆی لەسەر ئەنفال و ڕووداوە زەقەکانی دیکەی مێژوو دامەزراندووە، کەچی کاتێك دەم دەکاتەوە، دەبینی ئەو هەر لەبنەڕەتەوە نەیزانیوە ئەنفال چییەو مێژوو چییە. تائێستاش ئەو

نووسەرە وایزانیوە ئەدەبی ئەنفال ئەوەیە، کە وشەی ئەنفالی تێدا بەکار هاتووە، بۆیە کۆمەڵێك ناوت بۆ ریز دەکات و پێت دەڵێت ئەوانەن نووسەرانی ئەنفال.

**<u>خوێندنەوەی کتێب</u>**

# ئەرشیفکردنی شانۆی کوردی لەکتێبێکدا

**ئارام سدیق**

رەنگە یەکێك لەو شتانەی بووبێتە هۆی ئەوەی کە شانۆی کوردی بخانە نێو قەیرانەوە (وەك ئەوەی باس دەکرێت) کە من تا رادەیەك بڕوام بەو قەیرانە نییە. ئەوە بێت کە شانۆی کوردی ئەرشیفێکی نوسراوی نییەو هەموو ئەو دەقانەی لەهەشتاکان و نەوەدەکاندا پێشکەشکراون ئێستا لەبەردەستدا نین، نەکراونەتە کتێب و نەوەی نوێ ببینێت. ئەرشیفنەکردنی شانۆی کوردی بەپلەی یەکەم خەمساردیی هونەرمەندان و

شانۆکارنەو بەپلەی دووەمیش خەمساردیی وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆیە، کە تائێستا هەوڵێکی لەو بابەتەی نەداوە، هەروەها ناکرێت خەمساردیی تیپە شانۆییەکانیش لەیادبکرێت کە ئەوانیش ئەرکیان لەسەر شانەو پێویستە پێیهەڵسن. پێموایە شانۆی کوردی لەقەیراندا نییە، ئەوەی لەقەیراندایە نەبوونی پاشخانێکی شانۆیی نوسراوە تا نەوەی نوێی شانۆکار سود لەو پاشخانە وەربگرێت و لەگەڵ ئەزموونی نوێدا سودی لێوەربگرێت یان تێکەڵی بکات و ئەزموونی تایبەت و نوێی پێ بێنێتەبوون.

ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم نوسینەیە قسەکردن نییە لەسەر کێشەکانی شانۆی کورد و ئەوەش کاری من نییەو بەکاری خۆشمی نازانم، بەڵکو دەمەوێت چەند قسەیەك لەسەر کتێبێکی شانۆیی بکەم کە دەیەوێت شانۆی کوردی ئەرشیف بکات و نەوەی نوێ بەئەرشیفی شانۆو تێکستەکانی رابردوودا ئاشنا بکات. کتێبی شانۆی کوردی (ئەرشیف و تێکست، نمایش و بینەر) کە نوسەر و شانۆکار یاسین قادر بەرزنجی نوسیویەتی و لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالارەو لەدووتوێی (٢٥٨) لاپەڕەدا چاپکراوە. ئەم کتێبە گەشتێکە بەنێو ئەرشیفی شانۆی کوردی و ئاشناکردنی بەو نەوەیەی لە ئێستادا تینووی شانۆیە. بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بەناوی (لە ئەرشیفی شانۆی کوردییەوە)یەو باس لە شانۆگەرییەکانی سلێمانی سالآنی (١٩٢٦-١٩٦١) دەکات دەکرێت ئەم بەشە وەك گرنگترین بەشی ئەم کتێبە تەماشا بکەین و ئەمەش بۆ ئەوەنا کە بەشەکانی تر گرنگ نین، بەڵکو من پێموایە ئەم بەشە لە بەشەکانی تر گرنگترە لەبەر ئەوەی دەکرێت بڵێین شانۆی کوردی لەو سەرەتایەوە سەری هەڵداوەو لەو رۆژگارەدا شانۆی کوردی تازەبەتازە چرۆی کردووە، بۆیە ئەرشیفکردنی ئەو زەمەنی شانۆی کوردی یەکێکە لە کارە گرنگەکانی کاك یاسین و گرنگی ئەم کتێبەش زیاتر دەکات.

لەم بەشەدا باس لەو شانۆگەریانە کراوە کە لەماوەی سالآنی (١٩٢٦-١٩٦١) نمایشکراون و باس لەو کەسانە کراوە کە پێشڕەوی شانۆی کوردی بوون و تێیدا ئاماژە بەمامۆستا (فوئاد رەشید بەکرو عەبدولواحید نوری و أ. ب. هەوری) چەندانی تر کراوەو هەروەها باس لەو شانۆگەریانەش کراوە کە لەو سالآنەدا پێشکەشکراون وەك

شانۆگەرییەکانی (نیرۆن، دڵداری و پەیمان پەروەری، سەربازی ئازا) چەندین شانۆی دیکە. هەروەها لەو بەشەدا باس لە یەکەم شانۆی شەکسپیر کراوە کە لەسلێمانی پێشکەشکراوە کە ئەویش "بازرگانی ڤینیسیا" بووە. هەر لەم بەشەدا باسی چەندین شانۆی تر کراوە و باس لە شانۆی (جەنابی موفەتیشی) گۆگۆڵ کراوە کە ئەو کات لە گۆڤاری هیوادا بڵاوبۆتەوە و خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێیەکی وەرگرتووە.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە بەناوی (چەند باسێك دەربارەی شانۆی کوردی)ە کە ئەوەیش چەندین بابەتی شانۆیی وروژاندووەو هەڵگری خەمێکی شانۆییانەیە. بابەتی یەکەم بەناونیشانی بینەر لەشانۆی کوردیدا باس لەوەدەکات کە بینەر چ رۆڵێکی لەشانۆی کوردیدا گێڕاوەو پۆلێنی کردووە بۆ سێ جۆر، بینەر ئەو بینەرانەی لەسەرەتای دروستبوونی شانۆی کوردییەوە (وەك بینەر) ئامادەبیان هەبووەو نووسەر بەبینەری سیەکان تا پەنجاکان ناویان دەبات و دەنوسێت: ساکارانە رووانویانەتە بەرهەمەکان. هەروەها ئاماژە بەوەش دەدات کە زۆرێك لەوانە بینەری شانۆ نەبوون و تەنها بۆ خۆدەرخستن هاتوونەتە نێو شانۆکانەوە. قۆناغی دووەمی بینەری شانۆی کوردی وەك نووسەر پۆلێنی کردووە لەپەنجاکانەوە دەستپێدەکات و تا سەرەتای حەفتاکان. ئەو بینەرانە زیاتر وردەکار بوون و لەو سەردەمانەدا ئەکتەری ژنیش هەبووە کە بوونەتە هۆی ئەوەی شانۆکان گەرموگوڕتر بێت. بەشی سێیەم ئەو بینەرانە بوون کە لەپاش حەفتاکانەوە بوونەتە بینەری شانۆو ئەو بینەرانە هوشیاری گشتی و رۆشنبیرییان هەبووەو بەسەرنجی وردەوە لەشانۆکانی ئەو سەردەمەیان روانیوە. هەر لەسەردەمەدا بینەر بۆ بینینی شانۆکان بانگکراوە.

بابەتێکی تری گرنگ کە لەم کتێبەدا خراوەتەڕوو بەناوی (شانۆگەریی و تێکستی شانۆگەری کوردی) لەم بەشەشدا بایەخی شانۆ خراوەتەڕوو و ئاماژە بەوەش کراوە کە چی شانۆیەك دەبێتە شانۆی سەرکەوتوو و نوسەر بەوردی چەندین نموونەی جوان و درەوشاوەی نێو شانۆی کوردی هێناوەتەوە. پاشان باس لەنووسەرانی شانۆگەری کوردی دەکات و گرنگی تێکستی کوردی بۆ بینەری کوردی خستۆتەڕوو کە لەبەر ئەوەی

لەڕۆحییەوە نزیکەو لەنووسەرانی شانۆی کوردیدا ئاماژەی بەهەریەك لە(حەسـەن قزڵجـی، أ. ب. هەوری، مستەفا نەریمان، کامیل ژیر، شێرکۆ بێکەس، حەمە کەریم هەورامی، فوئاد مەجید میسری، ئەحمەد سالار، عەبـدولڕەزاق بیمـار و زەکـی ئەحمـەد هـەناری) چـەندین نووسەری تر. لەبەشەکانی دواتری ئەم کتێبەدا، نووسـەر چـەندین بابـەتی تـری شـانۆییی خـستۆتەڕوو و باسـی لـەو شـانۆگەرییانەش کـردووە کـە بەشـێوەی کتێـب چـاپ و بڵاوکراوەنەتەوە.

دواجار ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە ئەم کتێبە دەکرێت وەك کتێبێکی سەرکەوتوو و ئەرشیفێکی دەوڵەمەنی شانۆی کوردی سەیری بکرێت و نوسەر زۆر بەچڕی و تێرو تەسەلی توانیویەتی زانیاری زۆر وردی شانۆیی کۆبکاتەوەو لەو کتێبەدا بیخاتەڕوو. قسەکردن لەسەر ئەم کتێبەو تەواوی بـەش و بابەتـەکانی، بـەم نووسـینە کورتـە کۆتـایی نایەت، بەڵام ئەم نوسینە تەنها ئەوەندەی لەدەسـەڵاتدایەو ئـەوەی تـری دەمێنێتـەوە بـۆ شانۆکاران و پسپۆڕانی ئەو بوارە کە کۆی ئـەو زانیارییانـە هەڵبـسەنگێنن. واتـە بەگشتی لەڕوانگـەی منـەوە ئـەم کتێبـە خزمـەتی زۆری شـانۆی کـوردی دەکـات و بـۆ شـانۆکارانی ئەمڕۆش سەرچاوەیەکی دانسقەیە، بۆیـە خوێندنـەوەی پێویستە. دەستخۆشـی بـۆ کـاك یاسـین قـادر بـەرزنجی و گۆڤـاری شـانۆ بـۆ ئـەو بەرهەمـە گرنگـەیان کـە پێـشکەشی شانۆکارانیان کرد.



**ئاڵۆزیی شیعر**
**و: فەرزین**



**عەشق و چاوەڕوانی لەنێوان**
**مارکیزو ماریۆ بارگاس-دا**
**ئا: ئاری محەمەد**





**کتێبی عەرەبی لەبەردەم**
**سێگۆشەی قەدەغەکراوەکانی**
**سێکس و سیاسەت و ئایین-دا**
**و: شۆڕش محەمەد حسێن**

**دۆزینەوەی شێوازێک بۆ نووسەریی سارتەر،**
**خوێندنگای سەربازیی و سەردەمی قارەمان**
**دڵشاد خۆشناو**

# وەرگێڕان



# ئاڵۆزیی شیعر

ن: سەید مەحمود سەجادی

و: فەرزین

ئەمڕۆ خەڵكانێكی زۆر بەدەست ئاڵۆزی شیعر بەگشتیو شیعری نیماییو بەتایبەت شیعری سپی شاملۆیی دەناڵێنن، تا ئەو رادەیە كەبەگاڵتەوە لەدوای تەواوبوونی شیعرێك دەڵێن: شتێكی لێتێنەگەیشتین "المعنی في قلب الشاعر"، بەمشێوەیە دەربازدەبن، بەڵام بەڕای من ئەم تێنەگەیشتنە لەشیعردا نییە، بەڵكو لەڕازو رەمزییو ئاڵۆزیی جیهانێكە كەشاعیر دەیەوێت بیدۆزێتەوە. ئەوەش بزانین شیعر (راحت الحقوم) نییە بێئەوەی بیجووی، قووتیبدەیت یان چێژی لێوەربگریت. برێك لەخوێنەران چاوەڕوانی ئەوە لەشیعر دەكەن كەهەركات لەسەر كارەكەیان گەڕانەوە لەگەڵ كوپێك چادا یان كوپێك شەربەتی بەهار نارنجدا بیخوێنەوەو لەگەڵ تامی چاكەدا بەهبەهێكو چەهچەهێكیش لێدەنو ئیدی تەواو.

ئەمەش لەئاستی شانو باهۆی شیعرو شایستەی شاعیردا نییە. شیعر هەڵنجاوی شعوری شاعیرەو لەگەڵ دنیایەكی سیحراوییو ئاڵۆز كەشاعیر لەگەڵ ئەو هەموو پانتاییو كۆسپو چەڵەمەیەدا تەنگیان پێهەڵچنیوە. شیعر ناردراوێكە لەئەندێشەو هزری ستاتیكای شاعیر، لەهەستو نەستی ئەو، لەزەینو پەردە سپییە داپۆشراوەكانی عاتیفەو كۆمەڵێك كەبەهەموو رەنجەكانو خۆشییەكانو گیروگرفتەكانی دەژی.

شیعری شاعیر "مادەی سڕكەر نییە" ئارامكەرەوە نییە، لەڕیزی چاو و نێرگەلەو قاوەدا نییەو شیعری شاعیر هاوارێكی ئانارشیستو ئاگاكەرەوەیە، بێئەوەی دروشمو شیعار بدات. تابلۆیەكی شێوەكارییە بێئەوەی هەر شتێك بەشێوەی ئینتزاعی رێك لەسەر جێگەی خۆی دانرابێت. شیعری ئەمڕۆ خوێنەر مەجبور دەكات بیربكاتەوە. شیعر چێژی دەداتێ، بەڵام نە چێژێكی بەڕواڵەتو كەمخایەن یان بێبایەخو ناخۆش. بەڵكو چێژێكی

وات دەداتێ کەخوێنەر بێئەوەی هەست بکات دەخرێتە نێو کێشمەکێش‌و ئـەو گیروگرفتـە ناخۆشانەی کەمرۆڤی هاوچەرخ هەیەتی.

فردریك ویلهام نیچە لەکتێبی "وای وت زەردەشت" لەدێرێکی کورتـدا دەڵێـت: بێـزارم لـەوەی کەبـەبێ بیرکردنــەوە دەیخوێنیتــەوە، کـەوابوو شـیعر دەبێـت بەکەرەســتەی تێگەیشتن‌و بیرێکی تیژو پـڕ زانیارییـەوە دەسـتی بـۆ بـەریت. دەبێـت تێکـەڵ بەشـاعیری شاعیرەوە بێت‌و خۆی بخاتە ئەوکات‌و شوێنەی کەشاعیر لـەو دنیـا پـڕ رازو رەمـزەدا ئـەو شیعرەی نووسیوە.

خوێنەری شیعر جیاوازە لەگەڵ خوێنەری وتارێکی زانستی یان هونەریی یان ئەدەبیی. خوێنەری شیعر هاوبەشە لەگەڵ شاعیر یان بەواتایەکی تر عەقڵی جیانـەکراوەی شـاعیرە. شـاعیر بـۆ نووسـینی شـیعر، شـتێکی لـەپێش ئامـادەکراوی نییـە. تـەزێ، نوقورچـکێکی مـەڕمووزی نەناسـراو تـەواوی وجـودی شـاعیر داگیردەکـات، شـتێکی سـیحراوییەو دیـوە تاریکەکانی نەستی شاعیر روونەدەکاتـەوە، دوایـی نیگایـەکی دڵـستێن، دەعـوەتکراو، ئـەو ئـاوازە پـڕ لـەڕازو رەمـزە. ئـەو شـعورە نـاردراوە، ئـەو پـەیام‌و هۆشـیارییە کەئیلـهامی پێدەڵێن، ئەو هێزو وزەیە کەلەگەڵ دەروون‌و خودی شـاعیردا خـۆی دەنوێنێـت بێئـەوەی ویستی خۆی بێت دەکشێت بەلای حەقیقـەتی شـیعردا کەخەرمانەیـەکی سەرسـوڕهێنەرو غەریب دەوریداوە، شاعیر نازانێت دەچێت بۆ کوێ‌و ئامانجەکەی کوێیە.

شاعیر نووسەری وتارێك یان راپۆرتە هەواڵێك نییە کەمەجبور بێت بـۆ خوێنـەری راڤـە بکـات، رەنگـە لەسەرەتاشـەوە ئامانجێـك نـەبێت‌و لـەریتم‌و نـاوەڕۆك‌و بابـەتی شـیعرەکە زانیـاری نـەبێت، لەبنەڕەتـدا شـیعری شـاعیر بابـەتی نییـە، تـەنیا ئـەو شـیعرانەی بـۆ مەبەستێکی دیاریکراو نووسرابن، ئەوەش لەگەڵ چیەتی شاعیردا دژایەتی هەیە، شـیعرێك کەهەموو شتێکی لەپێشەوە دیاریکراو بێت، بەدڵنیاییـەوە ئـەوە ئیـدی شـیعر نییـە. ئـەو شیعرەی کەتەواوی داتاو کەرەسەو چۆنیەتی دیارو ئاشکرا بێت، رەنگە رێکوپێك‌و قـورس بێت، بەڵام شیعرێکی بەچێژو جوان نییە، شاعیر بەشوێن شیعرەکەی خۆیدا دەڕوات‌و ئەم وشترە میهرەبانە شاعیر دەگەیەنێتە خانویەکی پڕ لەسەقامگیریی‌و ئاسایش.

شاعیر ژن یان پیاوێکی سەرسوڕماوە لەجیهانی "کتوپڕەکان" "ئالیس" گەلێکی پاك‌و چەتوونە کەدەچێتە نێو جیهانێکی نەناسراوی شتە سەیرو سـەمەرەکان، بێئـەوەی خـۆی بیەوێت. شاعیر لەچاونوقانێکدا خۆی لەمەیدانێکدا، زەوییەکـدا، جەنگەڵێکـدا دەبینێتـەوە

کەناموٚیە بوٚی، دەڵێی خەون دەبینێت یان لەخەوندا پیاسە دەکات. هەموو ئەمانە بوٚ ئـەو لەدنیایەکی جوان‌و شیرین یان فەزایەکی ترسناك، خەونێك دەکاتە حیکایەت.

شاعیر لەنێو کوٚمەڵێك دەستەواژەو رووبەڕوویی ئەم بگرەو ئـەو بـەردە ون‌و ئاشـکرادا لەگەڵ جیهانێکی شووشەیی‌و سیحراوییدا هەنگاو دەنێت. ئـەو هەڵـدێت، دەڕوات، سـنگی فـراوانتر دەکـات‌و دەچێتە پێشەوە، تـا دەگاتـە خاڵێـك کەهـەرگیز لـەوەپێش نەیـدیوەو نەیناسیوە. دیارە پیاسەکردن لەم دنیایەدا سەرسوڕهێنەرەو چێژێکی ئەوتوٚ دەبەخـشێت و دەبێت بەشیعر.

پێموابێت ئـەم وتەیـە هـی "پـوٚل ئیلـواری" شـاعیری فەرەنـسییە کـەدەڵێت: (ئەگـەر کەسێك لێم بپرسێت لەفلانە شیعردا ویستووتە چی بڵێی؟ دەڵـێم مـن قـەت نەمویـستووە شتێك بڵێم، لەواقیعـدا مەبەسـت تـەنیا دروسـتکردن بـووە کەئـەو شـتەی مـن ویـستومە، دروستم کردووە)، نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کەشـاعیر ماموٚسـتای ئـەخلاق بێـت یـان فریادڕەس بێت، یان ئاموٚژگاری بکات‌و کوٚمەڵناسێکی هەڵکەوتە بێت، یان سیاسـەتمەدار، مێژوونووسێکی زیرەك بێت، دەبێت ئەوە لەشاعیر چاوەڕوانبکرێت کەتـەنیا شـاعیر بێـت‌و بەس. هەرچەندە ئەو بەویستی ئێمەش کاری نییە، ئەو قسەی خوٚی‌و کاری خوٚی دەکات‌و ویستی ئێمەش بوٚ ئەو زوٚر گرنگ نییە.

ئەگەر باڵدارێکی دەسـتەموٚ بـوٚ خـوٚی نەیـەوێت بخوێنێـت قـەت بـوٚ کـەس ناخوێنێـت، شاعیر، شاعیرە چ ئێمە بمانەوێت چ نەمانـەوێت، تەنانـەت ئەگـەر ئێمـە بمانـەوێت شـاعیر نـەبێت هـیچ کارێکمـان بـوٚ ناکرێـت. ئـەم سەرچـاوەیە بـەپێی دەسـتورێکی سروشـتی هەڵدەقوڵێت و ئـاوە زوڵاڵو شـیرینەکەی دەبەخـشێت و هـیچ کەسـێکیش توانـای ئـەوەی نییە، شاعیر بگەڕێنێتەوە لەئافراندن‌و نووسین.

یاسای شیعرو شاعیریی وەك ناموسـەکانی سروشـت وایـە، بەڕێگـەی خوٚیـان دەڕوٚن‌و بەسازی هیچ کەسیش هەڵناپەڕن.

"من"ی شاعیر لەگەڵ "من"ی هەرکەسێکی تردا جیـاوازە. لـەژیانی روٚژانەیـدا پیاوێـك یان ژنێکی ئاساییە، بەڵام لەکاتی شیعرنووسیندا دەچێتە نێو جیهانێکی دیکـەوە کەتـەنیا هەر هی ئەوەو هیچ کەس لەباروده‌وٚخ‌و هەلومەرجی ئەو دنیایە زانیاری نییە.

زوٚرجار دیومانە لەشیعری شاعیرێك رەخنە دەگیرێت یان راڤەی جوٚراوجـوٚر دەکرێـت و جوان دەزانین لەگەڵ هەقیقەت‌و جەوهەری شیعرەکەی ئەودا زوٚر دوورن.

ئەو هەرگیز لەسەر ئەو بابەتەی کەویستی ئەوانە، بیری نەکردووەتەوە، یان هەر بەبیریشدا نەهاتووە. ئەوان راوبۆچوونی خۆیان دەخەنە سەر شیعری ئەو، واتە بەبیروبۆچوونی خۆیان شیعرەکە هەڵدەسەنگێنن، ئەمە زەحمەتەو زەحمەتێکی گەورەترە بۆ شاعیر. ئەفلاتون دەڵێت: "خودی شاعیر لەشیعرەکەی کەمتر شت تێدەگات تاکو ئەوی دی" رەنگە ئەمە هۆکەی ئەوە بێت، تێگەیشتنی شاعیر زۆر جیاوازترە لەکەسانی تر. شیعری شاعیر ئیمزاو مۆری شاعیرە، شوناسی ئەوە، بەدڵنیاییەوە تەنها تایبەتە بەخودی خۆی، هیچ تێگەیشتنێك یان بۆچوونێك نزیك بەواقیعەتەکەی نییە.

ئێستا ئێمە لەدنیایەکدا دەژین کەشیعرەکانمان، ناتوانێت چەمکی سادە، ئەخلاق، ئامۆژگاری بکاتو بەپێچەوانەوە توندو جنێوئامیز بێت. شیعر دەستکەوتی ئاگاییو هوشیاریی سادەی هونەرمەندانەی شاعیرە. ئاگایی لەجیهانێك کەبەتەواوی گەورەییو پانتاییەوە خاوەنەکەی شاعیرەو لەگەڵ ئەوەش دنیایەکی بێزارکەرو دەرەکی لەگەڵ دنیای پانو چکۆلەی دەروونی خۆیەتی. شاعیر لەنێو دالانو کۆشكو تونێل گەلێکی بێکۆتایی لەهاتوچۆدایە. هاواردەکاتو دەنگدانەوەی هاوارەکەی دەهێنێت بەسەر کاغەزێکی سپیدا. چۆن دەکرێت چاوەڕوانبکرێت ئەو کەسەی کە لەنێو ئەم جیهانە ئاڵۆزەدایە ناوەڕۆکێکی سادەو ئارامبەخشی ببێت.

شیعر بەرهەمی کاتو شوێنە. بەرهەمی شاعیرێکی سەدەی هەژدەی فەرەنسە لەگەڵ بەرهەمی شاعیرێکی سەدەی بیستی ئێرانی یان عەرەبی یان ئەمریکی جیاوازە. جیاوازی شیعر پەیوەندی هەیە بەجیاوازی مرۆڤەکانو گۆڕانی کاتەکان، بەلام سەرەڕای ئەوەش زۆربەی شیعرەکان، شیعری رۆژنو بڕێکیش شیعری هەتا هەتایی، "سان جۆن پێرس" شاعیری گەورەی فەرەنسا دەڵێت: "ئەگەر لەتاریکیو ئاڵۆزی شیعر سکاڵا بکەن، ئەم تایبەتمەندییە لەخودی شیعردا کەئاگایی کردنەوەیە، بوونی نییە، ئەم ئاڵۆزییە کاری شەوێکی تاریکە کەشیعر ئەرکی دۆزینەوەیەتی".

سکاڵا دەکەین کەشیعر ئاڵۆزە، لێی تێناگەین، ئەی مخابن کاتێك کەشیعر فرێدەینە سووچێکەوەو بڵێین: شتی قۆڕی وتووە" بەلام لەوە بێئاگاین زۆربەی دیمەنە جوانەکانی شیعر، هەر لەم تاریکیو ئاڵۆزییەدایە. رۆژانە سەدان وشەو رستەی جۆراوجۆر دەبیستینو بەسانایی لێی تێدەگەین، ئەمانە وشەو رستەگەلێکن کەبۆ ئێمە سوودمەندو بەپێزن، پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ژیانو دەوروبەرمان سادەتر دەکاتەوە، بەلام شیعر نین، ئەو

رستانەی رۆژانــە لەگــەڵ یــەکتری بــەکاری دەبــەین لەوشــە دروســتبوون، شــیعریش لــەو دروستبووە، بەڵام ئەم دوانە هیچ پەیوەندێکیان پێکەوە نییە.

دەنگی زەنگی دەرگاکە سەرنجی ئێمە بۆ لای خۆی رادەکێشێت، بۆئـەوەی دەرگاکـە بکەینەوە، دەنگی تەلەفۆنەکە، دەنگی هارمۆنێکی خۆش، میلۆدییـەك، موسـیقایەك ئێمـە دەخاتــە نێــو چــێژێکی ســەیرەوە، دڵخۆشمــان دەکــات، گۆڕانکــاری دروســتدەکات لەدەروونماندا، سودێکی مادیشی نییەو ناشمانەوێت بگەینە ئامانجێك یان ماناو چەمکێك.

کەواتە هەمیشە سـادەیی‌و جـوانی رسـتەکان جـوان نـین. "پـەرویز ناتێـل خانلـەری" دەڵێت: دەکرێت لەنێو کاسە سەرێك، پەیکەرێکی جوان وەکـو میکـل ئانـژ ئـاو بخۆیتـەوە بەڵام میکل ئانژ بۆ ئاو خواردنەوەی دروستنەکردووە".

سوودمەندی لەگـەڵ هونـەردا پەیوەنـدی ئۆرگـانیزمی نییـە. ئێمـە دەتـوانین لەپارچـە موسیقایەکی ئۆرکسترا یان فیلارمۆنێك چێژ وەربگرین، بەڵام هیچ سودێکی بـۆ ئێمـە تێدا نییـە. رەنگـە لـەمانای "کۆمیۆزیـسیۆن" و "کۆتـایی" و "کۆمیۆزیتـۆن" نەگـەین، بـەڵام چێژی لێدەبینین.

کـێ دەتوانێـت سـەمفۆنیای شـتراوس، چایکۆفـسکی‌و بتهـۆڤن‌و شـۆپان‌و مـۆزارت... رەتبکاتــەوە. ئەمانــە چ دەڵــێن، مەبەســتیان چــییە، دەیانــەوێت چــی رابگەیــەنن، چ ئامۆژگارییەك دەکەن، لەواقیعدا هیچ.

کــەوابوو وتــەزای ســوودمەندی لەوتــەزای ئیــستاتیکا جیــاوازە. دروشمــی پــەیامی هونەرمەنـد لەڕاسـتیدا تێکۆشـانێکی سـەرکەوتوو نییـە بـۆ راکێشانی هونـەر بـۆ هـەرێمی زانست، ئەگەر ئەرکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی باش بوونایە یان گرنگ بوونایە، ئـەوە دەبـوو باشترین هونەرمەند لەبلۆکی رۆژهەڵات یان ئەو وڵاتانەی کەخاوەنی سیاسەتێکی جیهانین. دەشزانین وا نییە. ئەگەر هەژاری‌و نـەداری هـۆی پەیـدابوونی هونەربوونایـە، ئـەوا دەبـوو تەواوی شاعیران‌و نووسەران لەوڵاتانی هەژارنشینی ئەفریقاو ئەورووپا بوونایە.

زۆرجار شـیعر لەجەنگـەی راڤـەکردن‌و تەفـسیری رەخنـەگران، ئەدەبیاتـدا دەمرێـت و بەتەواوەتی جوانی خۆی لەدەستدەدات.

جەوهــەری گــەورەی شـیعر لەزاتییــەتی ئــەم نهێنییەدایـە. شـیعر لــەم ئـالۆزیی‌و رازو رەمـزەدا بیـچم دەگرێـت، رەنگـە بمرێـت یـان هـەڵبێت. ریـشەی گیـا لەعەرزدایـە، ئەگـەر رایکێشیت ئەوە دەمرێت. ئەگەر بمانەوێت مانای شیعر بەتێگەیشتنی خۆمان بکەین ئـەوە شیعرمان لەو شاراوەیی‌و ئاڵۆزییەی هێناومانەتە دەرەوە، رەنگە بمرێت.

ئێمە لەگەڵ شیعردا لەپەیوەندیداین، دەبین بەهەڤاڵ، چێژی لێوەردەگرینو لەو پەیوەندییە دۆستانەیەداو لەو ئاڵۆزییو نهێنیەدا شیعر پەیدادەکەین. هەموو پێمانخۆشە ئەم دەرگایە بکەینەوەو بزانین لەو پشتەوە باس چییە. ئەوەش بزانین کەشیعر خشتە نییە کەهەڵی بکەین. ئەم رازو نهێنی جوانە، هەر شتێك لەپشت خەرمانەیەك لەئاڵۆزی، سەرەڕای گرنگی پڕ بێت لەشتی شاراوەو نهێنی سەرسوڕهێنەرو پڕشکۆ. ئەو هەموو رەخنەگرو راڤەکەرە کە لەشیعری حافزی شیرازی شتیان نووسیوە، تاکو تێگەیشتن دروست بکات لەئێمەدا لەڕاستیدا هیچ شتێکیان زیاد نەکردووە بەحافز. کارێکی بێهودەیانکردووەو ئاویان لەهاوەندا کوتاوە. هۆکەشی ئەوەیە حەقیقەتی شیعری حافز پەیوەستە بەو دنیا دەروونییەی خۆیەوە.

خوێنەرێکی ئاساییش لەشیعری حافز چێژ وەردەگرێت، هەرچەندە کەنەشزانێت مەبەست لەشیعرەکە چییە کاتێك کەهەموو کەلێنەکانی شیعر روون بێتەوە یان بزانین کەڕوون بووەتەوە، ئەوا ئیدی شیعرگەرایی‌و گرنگی نامێنێت و دەچێتە نێو زبڵدانەوە.

راڤەکردنی شیعر، شیعر لەهونەرەوە دەباتە نێو ئەدەبیاتەوە، لەکاتێکدا کەشیعر بەشێوەیەکی سروشتی بەهونەرەوە بەندە، کاتێك کەبمانەوێت لێی تێبگەین بەدەستی خۆمان کەسایەتی‌و شوناسی شیعر وەکو گوڵدانێکی ناسك دەشکێنین. شیعرمان لەهونەر جیاکردووەتەوەو خستومانەتە نێو قوماشێکی ناشیرینو داپۆشراوی ئەندێشەو ئەدەبەوە. ئەدەبیات پێکهاتەی لقێك لەزانستە، بەڵام شیعر سەرچاوەیەکی زوڵاڵە لەهونەر.

حافز هونەرمەندێکی گەورەیە. شاعیرێکی هەڵکەوتەیەو دووبارە نابێتەوە، رەنگە شیعری حافز یان سەعدی یان مەولانا لەپۆلێنبەندی ئەدەبیاتدا بێت، بەڵام لەڕوانگەی شیعرو حەقیقەتدا لەڕیزی هونەرمەندایەو هونەر لەگەڵ جوانیدا پەیوەندی هەیە، بەڵام زانستو ئەدەبیات بەدروستی و راستگۆیی. هەرچی لەقوڵایی سروشت رۆدەچین، زیاتر ئاڵۆزی تێدا دەبینین. قوڵایی جەنگەڵ ئاڵۆزە، جوانو ئاڵۆزە، قووڵی دەریا ئاڵۆزە، ئاڵۆزو جوان. هەرچی قووڵترو ئاڵۆزتر بێت جوانی‌و گیرایی زۆرترە. رازی جوانی بەواتا واقیعەکەی، پەیوەستە بەنەناسراوی و ئاڵۆزی و کەلێنە تاریكو نهێنییەکانییەوە.

مجلەی شعر شمارە ٣٢ ساڵی ١٣٨٢





# عەشق و چاوەڕوانی لەنێوان مارکیزو ماریۆ بارگاس-دا

ئا: ئاری محەمەد

بێگومان خەسڵەتە جیاوازەکانی نووسین و گێڕانەوە، چ لەڕووی شێوازو دەربڕین و تەنانەت لەسەر ئاستی میزاج و ڕەفتاری تایبەتی کاراکتەرە سەرەکییەکانیشیان، لەلای مارکیزو ماریۆبارگاس بۆسا، زیاترو گەورەترە، لەخەسڵەتە هاوبەشەکانی نووسین لەلای

ئەم دوو رۆماننووسە داهێنەرە، سەرەڕای ئەوەی تا ئەندازەیەك دەكرێت بڵێین هەر یەك لەم دوو رۆمانووسە سەر بەهەمان نەوەو فەزای واقیعی ئەمریكای لاتین-ی فرە ئەتنیك و فرە كەلتوورن، لەشەستەكانی سەدەی رابردوودا هەریەك لەماركیزو بارگاس بۆسا، رۆژگارێك هاوڕێ و دۆستی یەكتری بوون، واتە لەو سەردەمەدا كە خەمی نووسین و كەڵكەڵەی چەپی سیاسیی زاڵبوو بەسەر بەشێكی زۆری نووسەرو رووناكبیرانی ئەمریكای لاتیندا، هەڵبەت ماركیز دواتر لەسەر كەڵكەڵەی چەپڕەوی خۆی مایەوە، گەرچی مۆركێكی ئینسانی قووڵی بەبەرداكرا، بەڵام بارگاس یۆسا بەتەواوەتی و تائەندازەی ناكۆكی، لەبیرەباوەڕە ماكسییەكەی رابردوو هەڵگەڕایەوە، سەرەڕای كاریگەریی پاشخانە رووناكبیری و ئەزموونە واقیعییە لێكنزیكەكەیان، كەچی فەزای رۆمانەكانی ماركیز، لەكەشوهەوای بەرهەمەكانی بارگاس بۆسا ناچن، چونكە لەكاتێكدا كاراكتەرە سەرەكییەكانی ماركیز بەدەست تەنیایی و گۆشەگیرییەوە دەناڵێنن و بەدیارخواستەكانیانەوە بۆ هەڵهاتن و لەتەنیایی لەژێر خۆرو كەشوهەوای شێداری كەنارەكانی دەریای كاریبییەوە جارلەدوایجار شیدەبنەوەو لەبەریەك هەڵدەوەشێن، كەچی لەرامبەردا زۆربەی كەسایەتییە سەرەكییەكانی بارگاس یۆسا جۆرە سەركوتكردنێكی سیاسیی بێوێنەی دڕندانەوە، حەزو كەڵكەڵەی سێكسیی پەرگیر لەهەردوو شێوازە ماسۆشی و سادیزمە (فرۆید)ییەكەیدا، بووەتە مۆركی ژیانیان، بەڵام ئەگەر لەڕووی خۆشەویستییەوە تەماشای پاڵەوانەكانی ئەم دوو رۆماننووسە بكەین، ئەوا دەكرێ بڵێین پاڵنەری عەشق و ئەڤین لەلای بەشێكی زۆری پاڵەوانە سەرەكییەكانی ماركیز هەڵگری رەهەندو واتای كۆتاییهێنانە بەچاوەڕوانییەكی درێژخایەنی چەندین ساڵەو گەیشتنە پەیوەندییەكی قووڵی رۆحی و جەستەیی ئینسانی، بەدەربڕینێكی دیكە، ئەگەر قسەكردن لەسەر ئەڤین و عەیشق بەبێ قسەكردن لەسەر سێكس ئەستەم بێت، ئەوا پاڵنەرەكانی خۆشەویستی لەلای كاراكتەرەكانی (ماركیز) دوورە لەخەیاڵ و هەلوەسەری سێكسی، بەڵكو بەمانای زلبوون دێت بەسەر بەربەریەت و تەنیاییدا، بەڵام خۆشەویستی لەلای لەلای بارگاس یۆسا هەڵگری ئەم واتایەی سەرەوە نییە، بەڵكو لەهەندێك بەرهەمیدا، خۆشەویستی دەگاتە ئاستێكی زۆر پەرگیری سێكسی و سنوورەكان دەبەزێنێت و دەستدرێژیی دەكاتەسەر تابۆكان، بەڵام ئەگەر لەدوو رۆمانی دیاریكراوی

ئەم دوو رۆماننووسەر، وەك رۆمانی (خۆسەویسیت لەزەمەنی كۆلێرا)ی ماركیزو رۆمانی (شەیتانەكانی كچە مندالە پیسەكە)ی ماریۆ بارگاس یۆسا-جا بەنوونە بەدوای رەهەندو دەلالەتەكانی خۆشەویستی و عەشقدا بگەڕێین، ئەوا لەخوێندنەوەی یەكەمجاری هەردوو رۆمانەكەو روانینێكی سەرپێییدا، ئەوا هیچ جۆرە لێكچوونێكی ئەووتۆ دەربارەی عەشق و ئەڤین لەپانتایی هەردوو تێكستەكەو لەلای كاراكتەرە سەرەكییەكانیشیان بەدیناكرێت، هەڵبەت لەڕووی زەمەنییەوە، پتر لەبیست ساڵ دەكەوێتە نێوان مێژووی بڵاوبوونەوەی ئەم دوو تێكستەوە، لەكاتێكدا ئەگەر بزانین رۆمانەكەی ماركیز پێشترو لەساڵی ١٩٨٥دا بڵاوبوونەتەوە، رۆمانی (شەیتانكەانی كچە مندالە پیسەكە- شیطانات الطفلة الخبیثة)ی بارگاس یۆسا-ش نزیكەی دووساڵ لەمەوبەر بڵاوبووەتەوە، بەپێچەوانەی بەرهەمگەلێكی دیكەی (ماركیز)ەوە، سیاسەت و جەنگی ناوخۆیی (كۆلۆمبیا)و بەشێكی زۆری وڵاتانی ئەمریكای لاتین، زاڵ نییە بەسەر پانتایی رۆمانی (خۆشەویستیی لەزەمەنی كۆلیرا)دا، بەڵكو دەكرێت بڵێین ئەم رۆمانەی ماركیز رۆمانێكە دەربارەی (عەشق و چاوەڕوانی)، پاڵەوانەكەی پیاوێكە، كە لەپانتایی تێكستەكەدا، نزیكەی نیوسەدە چاوەڕوانی خۆشەویستەكەی دەكات، تاكو دواجار بەیەكتری شادبن، دەكرێت لەو ماوە زەمەنییە درێژەدا خۆشەویستەكەی شووی كردبێت و چەند منداڵێكیشی خستبێتەوەو لەپایزی تەمەنیش نزیكبووبێتەوە، بەلام پاڵەوانەكەی ماركیز بەبێ ئەنجامدانی هیچ چەشنە پەیوەندییەكی سێكسی و تەنانەت بەبێئەوەی نیگای هەست بزوێنی هیچ ژنێك بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە، لەدەرگای دڵییەوە بێتەژوورەوە، بەبێ هیچ چەشنە بێزاری و وەڕسبوونێك بۆ ماوەیەكی درێژخایەن چاوەڕوانی خۆشەویستەكەی دەكات، بەكورتی چاوەڕوانی درێژخایەنی پاڵەوانی (خۆشەویستی لەزەمەنی كۆلیرا)دا، گەمەیەكی دیكەیە، لەگەمە سەرنجڕاكێش و كاریگەرەكانی دیكەی ماركیز، نموونەی هاوشێوەی ئەم چاوەڕوانییە، لەلای هەندێك كاراكتەری دیكەی ماكیز بەئاشكرا بەدیدەكرێت، بەنموونە دەكرێت ئاماژە بەچاوەڕوانی كەسایەتی (كۆلۆنێل) بكەین، كە كەس نییە نامەی بۆ بنێرێت، هەروەها كەسایەتیی پیاوە پیرە نەوەد ساڵەكەی (ماركیز) لەڕۆمانی (بەیادی سۆوازییە غەمبارەكانم-دا)، كەسایەتی كۆلۆنێل لەڕۆمانی (كەس نییە نامە بۆ كۆلۆنێل بنێرێت)دا، بەدرێژایی تەمەنی چاوەڕوانی مووچەی خانەنشینی دەكات، كە بەدەستی

ناگات و هەروەها کاراکتەرە پیرەکەی دیکەش، پێویستە بگاتە نەوەد ساڵیی تەمەنی تاکو لەدڵەوە پـەی بەخۆشەویـستیی بـەرێت و لەکـچۆڵە نوسـتووەکەی تەنیـشتیدا بدۆزێتـەوە، بەڵام لەڕۆمانی (شەیتانەکانی کچە منداڵە پیسەکە)ی بارگـاس یۆسـادا، خوێنـەر هـەردەم لەلای کاراکتەرە سەرەکییەکەی پەی بەهەبوونی عەشق و ئـەڤینێکی درێژخایـەن (مـزمن) دەبـات، بـەڵام ئـەم خۆشەویـستییە هـەردەم چـاوەڕوانی هـاتنی کـاتی گونجـاوە، تـاکو دوولایەنە خۆی نمایش بکات، بەڵام دواجار ئەم چرکەساتە گونجاوە نایەت، بەتەنیا لەگەڵ مەرگی پاڵەوانی رۆمانەکەدا نـەبێت، کاراکتـەری سـەرەکی ئـەم رۆمانـەی (مـاریۆ بارگـاس یۆسا) پیاوێکە کە گیرۆدەی داوی خۆشەویستییەکی پڕ لـەئازارە، کـە بـەواتا فرۆیدییەکـە دەکرێـت بڵێیـت ئـەم کاراکتـەرە دووچـاری خۆشەویـستییەکی مامۆسـیانە بـووە، کـە کارەکتەرەکەی یۆسا بەرەو شوێنگەلێکی دوورەدەستی جیهان دەبـات، خۆشەویـستییەك کـە بەدرێـژایی رۆژەکـان و سـاڵەکان دەمێنێتـەوە، بـەڵام بەبێئـەوەی فەراهـەمبێت، وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، بەشێوەیەکی رواڵەتی هیچ جۆرە لێکچوونێك لەنێوان ئـەم دوو رۆمانەی مارکیزو بارگـاس یۆسـاو بـەدیاریکراویش لـەنێوان پاڵەوانەکانیانـدا بـەدیناکرێت، بەڵام لەتێڕوانینێکی قووڵدا پەی بـەوە دەبـەین کـە خەسـڵەتی هاوبەشـی پاڵەوانـەکانیان، چاوەڕوانی و خۆشەویستییە، ئەڤین و خۆشەویستییەك لەلای هەردوو پاڵەوانەکـە، بەسـەر قادرمە ئەستەم و مەحاڵەکاندا هەڵدەگەڕێت، کەچی دواجار لەدوا هەناسەدا دەگاتە جێ.

*سەرچاوە/ الحب بين روائيين، بقلم: أمجد ناصر، مجلة (دبـي الثقافيـة)، ژمـارە ٢٦ی ساڵی ٢٠٠٧.

# کتێبی عەرەبی لەبەردەم سێگۆشەی قەدەغەکراوەکانی سێکس و سیاسەت و ئایین-دا

و: شۆڕش محەمەد حسێن




راپـــۆرتێکی رێکخـــراوی نەتـــەوە یـــەکگرتووەکان بـــۆ زانـــست و رۆشـــنبیریی و پـەروەردە(یونـسکۆ)، سـەبارەت بـەبارودۆخی کتێـب و خوێنـەرانی لـەوڵاتانی عەرەبیـدا، جێگـەی بێزاریـی و شـەرمەزارییە، راپۆرتەکـە پـشکی تـاکی عـەرەبی بـەپێی ئـەم پۆلێنکارییەی خوارەوە دابەشدەکات:

ئەوروپا: ٦٠٠ ناونیشانی کتێب بۆ هەر ملیۆنێك ئەوروپی.

ولایەتە یەکگرتووەکان: ٢١٥ ناونیشانی کتێب بۆ هەر ملیۆنێك ئەمریکیی.

وڵاتانی عەرەبی: ٢٨ ناونیشانی کتێب بۆ هەر ملیۆنێك عەرەبیی.

وەکچۆن ئەم ڕێژەیە ئاماژەدانە بەهەژاریی ئەو بارودۆخە ڕۆشنبیرییەی کەعەرەب تیایدا دەژی، هەروەها ٢٨ ناونیشانی کتێبیش بۆ هەر ملیۆنێك کەسی عەرەبیی، کارێکە جێی دڵەراوێکێیە سەبارەت بەپاشەکشەی ڕەوشی ڕۆشنبیریی عەرەبیی، لەکاتێکیشدا کەژمارەی کتێبە قەدەغەکراوەکان لەجیهاندا روو لەداکشانە، ئەوا بەپێچەوانەوە لەوڵاتانی عەرەبیدا، ژمارەی کتێبە دەستبەسەرکراو و قەدەغەکراوەکان روو لەهەڵکشانە، کەزۆربەشیان لەسێگۆشەی قەدەغەکراوەکانی(سێکس و سیاسەت و ئایندان)، کەپێدەچێت ئەمە کێشانی نیشانەیەکی گەورەی پرسیار بێت بەدەوری مامەڵەی دەسەڵاتی عەرەبیی لەگەڵ ڕۆشنبیردا.

پشکنینی گرنگترین ئەو ناونیشانانەی کە دەستبەسەرکراون، یاخود قەدەغەو سوتێنراوون، چ لەوڵاتانی عەرەبیی و چ لەسەرتاسەری جیهاندا، ئەوە بۆ خوێنەر ڕووندەکاتەوە کە ٧٥٪ی کتێبە قەدەغەکراوەکان، کتێبی (فەلسەفی و ئاییني و سێکسین) و ١٠٪شیان ئەدەبین و ڕێژەکەی تریشی کتێبی سیاسین. زۆربەی کاتەکانیش قەدەغەکردنەکان ئەو کتێبانە دەگرێتەوە کە باس لەپەیوەندی نێوان سێکس و دەسەڵات و ئایین دەکەن.

## وایتمان و نزار

مێژووی نزیك، کۆمەڵە شیعریی(کاغەزەکانی هێلانە)ی وایتمانمان بیردەهێنێتەوە کە لەبازاڕەکانی بۆستن و لەساڵی ١٨٨١دا کۆکرایەوە، کە ئەم ڕووداوەش زۆر لێکچووە لەگەڵ هەوڵەکانی قەدەغەکردنی یەکەمین کۆمەڵە شیعریی نزار قەبانی(کچە گەنمڕەنگەکە پێیوتم) لەو کاتەی ساڵی ١٩٤٤ دامەزراوەیەکی ئاییني عەرەبیی داوایانکرد کتێبی ناوبراو قەدەغە بکرێت.

(نانی پەتیش) ڕۆمانێکی نووسەری کۆچکردوو محەمەد شوکرییە کە ساڵی ١٩٧٢نووسراوەو تا ساڵی ١٩٨٢ لەچاپ نەدراو دواتریش وەرگێڕدرایە سەر ٣٨ زمانی بیانی.

ئەم ڕۆمانە لەساتی لەچاپدانیدا هەرایەکی زۆری نایەوەو لەزۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا قەدەغەکرا، بەجۆرێك هەندێك بەنووسراوێکی بوێر وەسفیانکرد کە ناتوانێت لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگە عەرەبییەکاندا ڕەتبێت.

هـەروەها کتـێبی (لـەبارەی شـیعری جـاهیلی) نووسـەر تـەها حـسێن، بەهەمانـشێوە مـــشتومڕێکی زۆری نایـــەوەو بـــووە هـــۆی قەدەغـــەکردنی و هـــەروەها کتێبەکـــەی تریـشی(سـتەملێکراوەکانی سـەر زەوی) بەهەمانـشێوە قەدەغـەکرا. لەشەستەکانیـشدا شانۆگەرییەکەی نووسەر عەبدولرەحمان شەرقاوی کە بـەناوی (مهـران) بـوو قەدەغـەکراو لــەدوای ئــەویش شــانۆگەریی (حــسێنی تۆڵەســێن و شــەهید)–ی هــەمان نووســەرو شانۆگەرییەکەی میخائیل رومان کە بەناوی (عەریزەنووس) بوو بەهەمانشێوە قەدەغەکرا. لەساڵی ١٩٧٩ش شـەڕێکی تونـد لەسـەر کتـێبی (فتوحاتـەکانی مەککـە)ی ئـیبن عـەرەبی لەئەنجومەنی نوێنەرانی میسر بەوپێیـەی دژ بەنەریتـەکانی کۆمەڵگەیـە، بـەرپاکراو دواتـر قەدەغەکرا. هەر لەوڵاتی میسرو لەسەرەتای هەشتاکان کتێبی (پێشەکییەك لەفقهی زمانی عەرەبی) لویس عەوز دەستبەسەرکرا.

## باخچەی هەستەکان و لەیلا عوسمان

هەروەها سانسۆر رەتکردنـەوەی خـۆی سـەبارەت بـەکتێبی (نزهـة الخـاطر في الـروض العاطر)ی شێخ نفزاوی و کتێبی (نزهة الألباب في ما لا يوجد في كتـاب)ی نەقاشـی و کتـێبی (تێکستە قەدەغەکراوەکان)ی ئەبو نەواس راگەیاند. وەکچۆن سانسۆر هەردوو کتێبەکـەی سەلیم بەرەکات کە بەناوی (المثاقيل) و ( انقاض الأزل الثاني)ی بوو قەدەغەکرد، لەگـەڵ سوتاندنی ٣٠٠ نوسخە لە کتێبی(دڵشاد)ی هەمان نووسەرو چەند بەرهەمێکی رۆمـاننووس لەیلا عوسمان و( عالية شعيب)ی مامۆستای زانکۆی لە کوێت قەدەغەکرد.

ئەمەو سادق جەلال ئەلعەزم لەوڵاتی لوبنان تۆمەتبارکرا بەکافر، بەهۆی کتێبەکەیـەوە کە بەناوی (رەخنەگرتن لەفیکری ئاینیی بوو) و دواتر دادگای لوبنان لەو تۆمەتـە بێبـەری کرد، هەروەها (باخچەی هەستەکان)ی شـاعیر عەبـدە وازن بەقـسەی یـەکێك لەسەرچـاوە ئاینییەکانی لوبنان قەدەغەکرا. هـەروەها کتێبەکـەی بیریـاری لیبیـایی سـادق نیهـۆم کـە بەناوی (ئیسلام دژ بەئیسلام)بوو دەستبەسەرکرا.

## لێی دەرچۆ ئەی مەلعون و منداڵانی گەڕەکەکەمان

بـۆ چـوار دەیـە رۆمـانی (منـاڵانی گەڕەکەکـەمان)–ی نـەجیب مـەحفوز قەدەغـەکرا، سەرەڕای ئەوەی کە بەرهەمێکی ئەدیبی بێگەرد بوو، سانسۆر رۆمانی (خوانی گژوگیاکانی دەریـا)ی نووسـەری سـوری حیـدر حیـدری دەستبەسـەرو قەدەغـەکرد، ئەمـەش دوای

راگەیاندنی کۆمەڵێك لەنوێنەران کەسەر بەئیخوان موسلمین بوون بەوەی کە وادەبینن ئەم ڕۆمانە دژ بەنەریت و ئەخلاقیاتە گشتییەکانە.

هەروەها کتێبی (ئەی باڵندە بدویٚ) قەدەغەکرا ئەمەش دوای ئەوەی نووسەرەکەی بەوە تۆمەتبارکرا کەدژ بەڕۆشنبیریی فەلەستینیەکانە، ئەمە لەکاتێکدا هەردوو توێژەر (شەریف کناعنە و ئیبراهیم مهوی) کۆمەڵێك تێکستیان لەچیرۆکە میللییە فەلەستینییەکان لەکتێبەکەیاندا کۆکردبووەوەو هەستابوون بەلێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردنیان.

ئەمەو سانسۆری وڵاتی ئەردەن مۆڵەتدانی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەی سەرۆکی پێشووی عێراق سەدام حسێن کە بەناوی (لێی دەرچۆ ئەی مەلعون)بوو ڕەتکردەوەو یەکێك لەدادوەرەکانی سەرۆکایەتی بەڕێوبردنی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەردەن بڕیاری قەدەغەکردنەکەی بەوە پاساو دا، کە ڕۆمانەکە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەردەن بەخراپ دەشکێتەوە، بەڵام خاوەن خانەی بڵاوکردنەوەکە کە ڕۆمانەکەی چاپکرد پاش گۆڕینی بەرگی ڕۆمانەکە ڕەزامەندی ڕەغدی کچی سەدامی بەدەستهێنا بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکە، ڕۆمانەکەش باس لەکەسێتی پیاوێکی عەرەبی خێڵەکی دەکات کە دەتوانێت دوژمنە ئەمریکییەکانی ببەزێنێت.

ئەمەو بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەردەن ڕەزامەندی و ژمارەی سپاردنی نەدایە کتێبی (هەشتا ڕۆژ لەجویدە)ی نووسەر عەلی سنید، کە کتێبەکە ئەزمونێکی تایبەتی نووسەر خۆیەتی لەبەندیخانەی جویدە لەساڵی ١٩٩٧ کە بەتۆمەتی زماندرێژیی تیایدا بەندکرابوو، لەکتێبەکەیدا سنید ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی بەڕێوبەرانی بەندیخانەکە کردبو و بەپێشێلکردنی یاساکانی بەندکردن تۆمەتباری کردبوون.

## کۆدی داڤنشی و محەممەد عمارە

بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (کۆدی داڤنشی) نووسەر دان براون لەهەریەك لەلوبنان و ئەردەن و میسر قەدەغەکرا، ئەو ڕۆمانەی کە نوسخە ئەسڵییە ئینگلیزییەکەی نزیکەی دە ملیۆن دانەی لێفرۆشرا.

یـەکێك لـەو خاڵانـەی کـەجۆرێك لەئیـستیفزازی لـەڕوانینی هەندێکـدا دروسـتکردبوو، روانینی ڕۆمانەکە بوو بەبەدەرخستنی بنەچەیەکی نهێنی مەسـیحی پەیامبـەر، بەوپێیـەی کە زەماوەندێکی نهێنی مریەمی مەجدەلی لەئارادا بووە.

هەروەها کتێبەکەی بیریاری ئیسلامی(محەمەد عمارە) لەچوارچێوەی خۆپیشاندانێکدا لەمیسر کەجنێو بەنووسەرەکەی درا، بەشێوەیەکی رەسمی سوتێنراو بـەوە تۆمـەتبارکرا کەخوێنی مەسیحییەکانی میسر حەڵاڵدەکات، ئەو مەسیحانەی کە نزیکەی ٨ ملیۆن کەس دەبن و رۆژگارێکی زۆرە لەمیسر نیشتەجێن. زۆرێکیش پێیانوابوو کتێبەکە هاندانێکـە بـۆ فیتنەنانەوەو کوشتنی یەکترو تەنها سوتاندنی چارەسەرە.

ساڵی ٢٠٠٨-یش کۆمەڵگـەی توێژینـەوەی ئیـسلامیی لەئەزهـەر داوای قەدەغـەکردنی هاتنـە نـاوەوەی کتـێبی (علـوم الحـديث عنـد الزيديـة والمحـدثين)-ی نووسـەری یەمـەنی عەبدوڵلا بن حمود ئەلعزی کرد ئەمەش بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەو جۆرە قسە پڕوپووچانە" وەك بەیاننامەکەی ئەزهەر ناوینابوو".

## بن باز.. لەکوێت قەدەغەیە

هەروەها بڕیاری وەزارەتی راگەیاندنی کوێت لەساڵی ٢٠٠٦ سەبارەت بەقەدەغـەکردنی چـەند کتێبێکـی ئـاینیی هەنـدێك لـەزاناکان و لـەپێش هەموویانـەوە عەبدولعـەزیز بـن بـازو محەمـەد بـن عـسیمین لەپێـشانگای کتـێبی ئیـسلامی چـەند کاردانەوەیـەکی تـوڕەی لێکەوتـەوەو داواکـاربوون لـەوەزیری راگەیانـدن، راڤـەکاری بڕواهێنـەر سـەبارەت بەهۆکارەکانی بڕیاری قەدەغەکردنی ئەو کتێبە ئاینییانە بخاتەڕوو.

ساڵی ٢٠٠٧-یش وەزارەتی راگەیاندنی بەحرێن رۆمـانێکی نووسـەری سـعودی مـەزاهر ئـەللاجامی قەدەغـەکردو وەزارەتـیش هۆکـاری قەدەغەکردنەکـەی بـۆ ئـەوە گەڕانـدەوە کەڕۆمانەکە پڕە لەوتەی سێکسیی ئابڕووبەرانە.

ئـەللاجامی نووسـەری رۆمـانی (بـين علامـتي تنـصيص) ئـەوەی راگەیانـد کـەبڕیاری قەدەغەکردنی رۆمانەکەی تووشی شۆك و سەرسوڕمانی کـردووەو ١٠٠ نوسـخەی تایبـەتی رۆمانەکەی خۆیان دەستبەسەرکردووەو دوای چەند پەیوەندییەکی تەلـەفۆنیش لەمەنامـە ئـەوەیان پێڕاگەیانـدووە کـە قەدەغـەکردنی کتێبەکـە بـەهۆی لایـەنی سێکـسیی نێـو رۆمانەکەوە بووە.

## شێخە مۆدێرنەکان و نەوال سەعداوی

کتێبەکەی محەمەد فتوح کە بەناوی (شێخە مۆدێرنەکان و توندڕەویی ئاینیی) بوو بڕیاری دەستبەسەراگرتنەکەی لەلایەن کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئیسلامی لەئەزهەرەوە درا، کە بووە هۆی نانەوەی مشتومڕێکی بەرفراوان، وەزیری دادیش کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئیسلامیی ئەزهەری سەرپشك کردبوو بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵی دادوەریی سەبارەت بەو کتێبانەی کەباس لەئیسلام دەکەن.

هەروەك چۆن راسپاردەکانی ئەزهەر جێبەجێکرا سەبارەت بە دەستبەسەرکردن و قەدەغەکردنی کتێبی (کەوتنی ئیمام)-ی نووسەر نەوال سەعداوی.

## یادەوەری سۆزانییە خەمناکەکان

لەساڵی ٢٠٠٧-یش حکومەتی ئێران چاپی دووەمی ڕۆمانەکەی گارسیا مارکیز کە بەناوی (یادەوەری سۆزانییە خەمناکەکان) بوو قەدەغەکرد، ئەمەش پاش ئەوەی کەوەزیری رۆشنبیریی چەند شکاتنامەیەکی بەدەستگەیشت لەموحافیزکارەکان کەڕۆمانەکە بەوە تۆمەتباردەکەن بەوەی تەرویجی بەرەڵڵایی دەکات. بەڵام ئاکامی قەدەغەکردنی ڕۆمانەکە پێچەوانەوە کەوتەوەو بەجۆرێك زۆر لەنرخە بنەڕەتییەکەی خۆی بەزیاتر دەفرۆشرا.

ئەمانەو کتێبی(قۆناغی بونیادنان لەژیانی سادق ئەلئەمین)-ی نووسەر خەلیل عەبدولکەریم، بەدرۆیەکی شاخدار نەك بەلێکۆڵینەوەیەکی زانستی درایە قەڵەم، کتێبی (لەباربردن پێویستییەکی میللییەو بڕوابوون پێویستییەکی زانستییە)-ی دکتۆر محەمەد عەبدولموعتی قەدەغەکرا بەوپێیەی کەشەرعیەت دەداتە پرۆسەی لەباربردن. هەروەها نەسر حامد ئەبوزەید بەهۆی کتێبەکەی (گوتارو تەئویل) کافرکراو بەهەوڵێك وەسفکرا بۆ راڤەکردن و شیکردنەوەی جیاوازییەکانی ئیسلام، هەروەها کتێبی (ئەمە قورئانی منە)-ی نووسەر مەحمود عەفیفی بەتێکستێکی نزیك لەکوفر وەسفکرا، وەك لەوەی نزیك بێت لەئیمان. هەمان شتیش بەرامبەر کتێبی (هاوسەرگیریی موتعە لەنێوان ئایین و پێشکەوتن)-ی نووسەر ئەحمەد سالم کرا، کە لەکتێبەکەیدا روانینێکی نوێی بۆ هاوسەرگیریی لەئیسلامدا پێشکەش کردبوو. ئەمەو کتێبی (سینەمائییەتی بینراوی قورئانی) بەڕاڤەکاریی و شیکردنەوەیەکی بەهەند وەرنەگیراو و بەهەوڵێك بۆ شێواندنی قورئان لێکدرایەوە. بەڵام کتێبی (وەسێتنامەکانی عەشقی ژنان)-ی شاعیر ئەحمەد شەهاوی لەبەرئەوەی باسی لەقەدەغەکراوەکان کردبوو قەدەغەکرا.

**عولیس ..١٥ ساڵ لەپشت تەلبەندەکانەوە**

لەو کتێبانەشی کە بووە قوربانی سانسۆر، ڕۆمانی (دکتۆر زیفاجۆ)–ی نووسەر لویس بسترناك بوو کەخاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبییە. هەروەها سانسۆر ڕۆمانی(عولیس)ی بۆ ماوەی ١٥ساڵ قەدەغەکردو لەساڵی ١٩٣٣ بڕیاری قەدەغەکردنی لەسەرهەڵگیرا.

هەروەها کتێبی (قلنسوة رکوب حمراء صغیرة) لەهەردوو ناوچەی زانستیی کالیفۆرنیا لەساڵی ١٩٨٩ قەدەغەکراو نووسەر تیایدا پاڵەوانەکە وا نیشاندەدات کە خواردن و خواردنەوە دەبات بۆ داپیرەی.

کتێبی (تل فانی)–ی جۆن کلیلاند قەدەغەکرا کە چیرۆکی سۆزانییەکەو بەناوبانگە بەوەسفی سێکسی روون، هەتا لەساڵی ١٩٦٦ دادگای باڵای ئەمریکا بەشێوەیەکی کۆتایی بەرامبەر ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی کرابوو، بڕیاری لەسەر ئەستۆپاکی ئەم کتێبە دەرکرد. هەروەها ساڵی ١٩٢٩ دانپیانانەکانی جان جاك ڕۆسۆو لەساڵی ١٩٣٠ هاتنە ناوەوەی کتێبێکی ڤۆڵتێر بۆ ناو ویلایەتە یەکگرتووەکان قەدەغەکرا.

ئەمانەو وڵاتی ئیتاڵیا کتێبەکەی جاك لەندەنی کە بەناو وی(الدعوة إلی الجموح)بوو دەستبەسەرکردو لەیۆگۆسلافیاش بەرهەمەکانی هەمان نووسەر بەزۆر توندڕەو وەسفکراو لەلایەن نازییەکانیشەوە بەرهەمەکانی جاك لەندەن سوتێنران.

ساڵی ١٩٥٥سانسۆر کتێبی (فراکشتاین)–ی نووسەر ماری شیلی قەدەغەکرد بەهۆی زۆری دەستەواژەی ئابڕوبەرانە تیایداو کتێبی (جوانی ڕەش)ی ئانا سویل دەستبەسەرکرا کە چیرۆکێکە سەبارەت بەئەسپ.

ساڵی ١٩٥٤ مامۆستاکانی زانکۆی براون بان کتێبەکەی لینینیان کە بەناوی (دەوڵەت و شۆڕش) بوو بەتێکستێکی وێرانکەر داناو لەنێوان ساڵانی ١٩٢٦و ١٩٥٦یەکێتی سۆڤیەتی جاران هاوردەکردنی کتێبەکانی تەورات و ئینجیل و قورئانی قەدەغەکرد.

ساڵی ١٩٧٤ کتێبی (ئایا بەڕاست شەش ملیۆن کەس مردن) دەستبەسەرکراو بەدرۆخستنەوەی قسەی یەهودییەکان بوو کە ئەو ژمارەیەیان لێقرکراوە، بەڵام هەمان کتێب لەکەنەدا بەپێی یاسای هەواڵی ساختە قەدەغەکرا.

هەروەها ڕۆمانی (عەشیقەی چاتیرلی خانم)ی ڕۆماننووس د.ه.لورنس لەهەریەك لەبەریتانیاو ئەمریکا لەشەستەکانی سەدەی بیستەم بە بەدڕەوشتی تۆمەتبارکرا.

**شکسپیر لەئەمریکا قەدەغەیە**

ساڵی ١٩٩٦ قوتابخانەکانی ئەمریکا شانۆگەریی (شەوی دوانزەهەمی) شەکسپیریان قەدەغەکرد، کە چەند چیرۆکێکی رۆمانسی لەخۆدەگرێت، هەروەها شانۆگەریی (بازرگانی ڤینیسیا) لەساڵی ١٩٨٠ لەقوتابخانەکانی میدلاند لەویلایەتی مەشیگان قەدەغەکرا بەهۆی ئەوەی کەسێتی شایلۆکی بەیەهودی وێنەکردبوو، ساڵی ١٩٦٧یش لەویلایەتی تینیسی ئەمریکی یاسایەك رەتکرایەوە کەخوێندنی تیۆری درووستبونی قەدەغە دەکرد.

هەروەها دەزگای سیخوڕی ناوەندی بڵاوبوونەوەی زۆربەی ناوەرۆکەکانی کتێبی (لەنێو جەرگەی گەردەلوولدا)ـی قەدەغەکرد کە (جۆرج تینت)ی بەڕێوبەری پێشووی دەزگاکە نووسیبووی.

ئەم کتێبە روانینی خودی نووسەری دەردەخست بۆ گەشەسەندنەکانی ئامادەکاری بۆ جەنگی عێراق و تیایدا چەند نهێنییەك ئاشکرا دەکات کە پێشتر نەبیسترابوون، بۆیە زۆرێك پێیوابوو بڵاوکردنەوەی کتێبەکە دەبێتە هۆی شەرمەزارییەکی زۆری سەرۆك بۆش و دەزگای سیخوڕی ناوەندی.

هەروەها کتێبی (ئیسلام بەڕوونی)ـی نووسەر ئەنیس شرور قەدەغەکرا بەو بیانووەی کە بەڕای ئەزهەر ئەم کتێبە دژ بەئاینیی ئیسلام و سەحابەکانە. وەکچۆن سەبارەت بەقەدەغەکردنی ئەو کتێبە کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئیسلامی ئەزهەر ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو کە کتێبەکە کۆمەڵێك دەستەواژەی نادروست و ناشرینی تێدایە دەرهەق بەسەحابەکان.

لەناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی پێشووش کتێبی (ئیسلام و بنەماکانی فەرمانڕەوایی)ـی عەلی عەبدولرەزاق دەستبەسەرکرا.

وەك چۆن کتێبی (لیسیتراتا)ی ئەرستۆفانیس و چیرۆکەکانی کانتربری تشوسرو کتێبی دیکامیرۆنی بۆکاتشایۆ و کتێبی مۆل فلاندەری دیفۆ و کۆمەڵێك چاپی جیاواز جیاوازی چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە قەدەغەکران. تۆماس بین کە بەناوبانگە بەنووسینە هاندەرەکانی بۆ سەربەخۆیی ئەمریکا لەساڵی ١٧٩٢ لەئینگلتەرا بەخائین تۆمەتبار کرا، بەهۆی کتێبەکەی کە بەناوی (مافەکانی مرۆڤ) بوو و داکۆکیکردن بوو لەشۆڕشی فەڕەنسی.

هەروەها ساڵی ١٦٦٠ لویسی شانزەهەم فەرمانی دەرکرد بەسوتاندنی کتێبی (نامە هەرێمییەکان)ی نووسەر بیلز باسکاڵ، کە تیایدا داکۆکی لە (جانسینیت ئەنتوان ئەرنۆڵد) کردبوو.

وەك چۆن فەڕەنساش لەچەرخی شانزەهەمدا کتێبەکەی تاسۆی کە بەناوی (قودس)بوو دەستبەسەرکرد بەهۆی ئەوەی هەڵگری بیری لەناوبردنی دەسەڵاتی شاکان بوو.

**سەرچاوە: سایتی ئیلاف**

**بەشی یەکەم**

# دۆزینەوەی شێوازێک بۆ نووسەریی سارتەر، خوێندنگای سەربازیی و سەردەمی قارەمان



## ماریۆ بارگاس یوسا

## لەفارسییەوە: دڵشاد خۆشناو

یۆسا یەکێکە لەو چەند نووسەرو رۆماننووسانەی ئەمەریکای لاتین کەئەدەبیات و رۆمانی ئەمریکای لاتینیان خستە ریزی پێشەوەی ئەدەبیاتی جیهان، ئەم رۆماننوسە شانبەشانی بۆرخیس و مارکیز و فوئنتس، چیرۆکنوسینیان لەئەمریکای لاتین لەپاشکۆی هەرێمایەتی دەرهێناو بەرەو سەربەخۆیی مرۆڤایەتی هەنگاویان پێنا.

یەکەمین رۆمانی بارگاس یۆسا (سەردەمی قارەمانان) لەساڵی ١٩٦٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ماڵی سەوز، وتووێژ لەکاتدرال و چەندین کتێبی تر لەبارەی رەخنەی ئەدەبیی و شانۆنامەی بڵاوکراوەتەوە.

ئەو بابەتەی لەبەردەستاندایە، بەشێکە لەکتێبی (واقیعیەتی نووسەر)ی رۆماننوسی ئەمریکای لاتین (ماریۆ بارگۆس یۆسا)، لەلایەن مەهدی غبرایی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی فارسی، ساڵی ١٩٩٨ لەئێران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

لەم کتێبەدا کەبریتییە لەهەشت وتار لەبارەی نوسین و ڕۆمان و زمان و ڕووداوی چیرۆك و هەندێك بابەتی دیکەی ئەدەبی، بەدرێژیی باسی مەسەلەی نووسین و شێوازی نووسین و کاریگەری نووسەرانی تر لەسەر خۆی و لەسەر نووسەرانی تر و ڕۆمان بەگشتی و لەئەمریکای لاتین بەتایبەتی کراوە. وەرگێڕی کوردی

شێوازی نوسەری شتێکە کە هەموو کەسایەتی نووسەر تێیدا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت. نوسەر نەك تەنیا بەبیروباوەڕەکانی، بەڵکو بەئیلهام و غەریزەکانیشی دەنوسێت. بەشی تاریکی کەسایەتیش ڕۆڵێکی بەرچاو لەنوسینی کتێبدا دەبینێت.هۆکاری عەقڵانی شتێکە کەنووسەر بەگشتی لێی ئاگادار نییە. هەربۆیە کاتێك نووسەر گەواهی بۆ کتێبەکەی خۆی دەدات، بەشێوە زهنیەتێکی تایبەتەوە ڕەفتاردەکات. نووسەر تەسویرێکی ڕووناك و دیار پێشکەشدەکات، سەبارەت بەو کارەی کە ویستویەتی بەئەنجامی بگەینێت، بەڵام کەمتر یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ئەو شتەی کە ئەنجامیداوە. هەربەم هۆیەشە کە هەندێکجار خوێنەر باشتر لەخودی نوسەرەکە دادوەری دەکات سەبارەت بەو کارەی کە نوسەرەکە ئەنجامیداوە.

ڕۆمانی (شارو سەگەکان)م لەئینگلیزی ناوی (سەردەمی قارەمان)ی بەسەردابڕاوە. دەبێت بڵێم کە ئەم ناوەم بەدڵ نەبوو، چونکە سەردەمی قارەمان مانای نادیار لەناونیشانە سەرەکیەکەی بەدەستەوە نادات.بەڵام ئەو ناونیشانە لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەکەوە هەڵبژێررا، کاتێك من ناوی (شارو سەگەکان)م گوت، ئەوان گوتیان ئەم ناونیشانە سەرنجی کەس ڕاناکێشێت، بۆیە ناوێکی سەرنجڕاکێشمان بۆ هەڵبژاردوە. بەڵام سەردەمی قارەمان بەرانبەر ناونیشانی سەرەکی ڕۆمانەکە نییە.

ئەو ڕۆمانەم کە یەکەمین ڕۆمانم بوو (پێشتر کۆمەڵە کورتە چیرۆکێکم بڵاوکردبوەوە) کە لەنێوانساڵانی ١٩٥٨ تا١٩٦١ نوسیبوم. نوسینی ئەو کتێبە ٣ ساڵ درێژەی کێشاو ئەزمونێکی گرنگبوو، لەگەڵ ئەوەشدا شتی زۆرم لەبارەی ئەدەب و خۆمدا دۆزیەوەو شێوازێکی نوسین فێربووم کە لەویٚ بەدواوە لەهەموو نوسین و ڕۆمانەکانمدا بەو شێوازە دەمنوسی و دەینوسم. لەمەسەلەی نوسینی ئەو دوو کتێبە دوو شتی فرە گرنگ لەبارەی خۆمەوە لەنوسەریی خۆم فێربووم. یەکەم ئەوەی ئەزمونی شەخسی هەمیشە کەرەستەی خاو و سەرەتاییە بۆ ئەو شتەی کە دەینوسم. هەموو چیرۆکەکانم چیرۆکە کورتەکان،

ڕۆمانەكانم یان شانۆنامەكان لەئەزمونی شەخسییەوە دەست پێدەكەن، وەكو ئەو شتەی كە روویدا لەژیانمدا، وەكو ئەوی كەسێكم ناسی یان بینیم، یان شتێكم خوێندەوە كە بەشێوەیەك بوو بەئەزمونێكی گرنگ بۆم، ئەوانەم نوسی. هەڵبەتە هەمیشە ئاگاداری ئەو هۆیە نیم كە بۆ ئەزمونێكی وا بەم تازەییەوە لەزەینمدا ماوە، بەم شێوەیە كەهۆو پرسیارەیەكانی ئەزمونێك كە كەمكەم دەبن بەسەرچاوەیەكی هاندەر بۆ داهێنان یان تەسەوورو یۆتۆپیا لەبارەی خودی نوسەرەوە. بەڵام هەموو چیرۆكەكانم بەم شێوەیە دەست پێدەكەن.

لەنێوان نوسەرانی ئەمریكای لاتین كە من زۆربەی نوسینكەنیان پەسەند دەكەم، كەسێكی تر كە یەكسەر لەڕێگەی ئەزمونەكانییەوە دەنوسێت، هاونیشتیمانی خۆم (خوسە ماریا ئەرگداس)ە، كە لەدەرەوە هێندە بەناوبانگ نییە. ئەو نوسەرێكی گرنگ بوو، رۆماننوس و چیرۆكنوسی سەرنجڕاكێش و مرۆڤناس. ناسینێكی ووردی لەفەرهەنگ و رۆشنبیری سورپێستەكاندا هەبوو، ئەو خوە لەنوسەرەكانی ئەمریكای لاتین یەكجار كەمە، وتاری سەرنجڕاكێشی لەبارەی فەرهەنگ و رۆشنبیری سورپێستی و جیهانی سورپێستیدا نوسیووە. ئەو لە یەكێك لەكومەڵە سورپێستییەكاندا لەدایكبووەو تا حەڤدەساڵی نەچوە ناو كومەڵگەی سپی پێستەكان. تەواوی چیرۆكەكانی نوێكردنەوەی ئەو دونیایە سورپێستانەیە كە لەسەردەمی منداڵی تێیدا ژیابوو و بەباشی دەیناسی. من نوسینەكانیم بەباشی خوێندۆتەوە رەنگە كاریگەری لەسەر نوسینەكانیشم هەبووبێت، بەتایبەتیش یەكەمین رۆمانی (Los rios profundos)، كە دوای یەكەمین چاپی لەپیرۆ سەركەوتنێكی باشی بەدەستهێنا. هەرچەندە ئەزمونەكانی ئەو لەئەدەبی پیرۆدا كەم وێنەیە، نوسەرانی تر لەئەمریكای لاتین هەن كەئەزمونی وەكو ئەویان لەوڵاتانی خۆیاندا هەبووە: (خوان رۆلفۆ)ی نوسەری مەكسیكی، كە ئەویش ئەزمونی راستەوخۆی سورپێستی هەبووە (روا باستوس) نوسەری پاراگوایی، سەیری نوسینەكانی بكەیت دەبینی ئەزمونی باشی لەدونیای خۆماڵی بەدەستهێناوە.

ئەزمونی شەخسی خۆم كە بۆ نوسینی (سەردەمی قارەمان) بوو بەكەرەستەی خاوی رۆمانەكە، سەردەمێك بوو لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٥١ كاتێك كەچواردە- پانزە ساڵە بووم لەخوێندنگەی سەربازیی (لئونسیۆ پرادۆ) خوێندومە. پێویستە باسی ئەو

خوێندنگایەو ڕۆژگاری ئەوکاتەی(پیرۆ)تان بۆ بکەم. پیرۆ کومەڵگایەکی چەند توێژبووەو ئێستاش هەروایە. ئەوە وڵاتێك نییە چەند وڵاتێکە لەناو یەك میللەتدا پێکەوە دەژین، لەگەڵ خەڵکانێك کە پەیوەستن بەوڵاتانی جیاوازو کەمتر پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. ئەگەر ئێوەش وەکو من لەپیرۆ لەخێزانێکی چینی ناوەڕاست لەدایکبوونایە و لەگەڕەکێکی چینی ناوەڕاستی وەکو لیما گەورە بونایە، تەسەورێکی سنوردارتان بەدەست دێنا لەوەی کە پیرۆ وەکو وڵات یا وەکو کۆمەڵگا بوو. بەم شێوەیە پێتانوابوو پیرۆ بۆتە وڵاتێکی سپی پێست و روژئاوایی و خەڵکەکەی بەزمانی ئیسپانی قسەدەکەن، شێوە ژیانێکی شارستانی هەیە. هەڵبەتە ئەوەش دەزانن کە پیرۆ وڵاتی سورپێستانیشە، بەڵام ئەگەر لە(لیما)، لە(میرافلورس) گەڕەکەکانی ئەمڕۆی چینی ناوەڕاست لەدەیەکانی ١٩٤٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٥٠ دەژیای، نەتدەتوانی تەنانەت یەك سورپێستیش ببینی. چونکە سورپێستەکان بەگشتی لەدەشتودەر، لەبەرزاییەکان، لەدامەنی شار دەژیان، کە کوڕە گەنجێك لەچینی ناوەڕاست هەرگیز نەدەچووە ئەو شوێنە.

لەسەر ئەو بنەمایە وێناکردنم بۆ پیرۆ لەهەرزەکاریەوە گۆڕاو سنورداریش بوو، بەڕای من زۆروکەم ئەزمونی هەموو پیرۆییەکان هەر ئەمە بوو. هەرکەسەو بەگوێرەی بەرنامەی خۆی لەناو جیهانی بچوکی خۆی دەژیاو لەژیانی پیرۆییەکانی تر ئاگادار نەبوو. جیهانێك کە نەزانیی و زوو بڕیاردانیشی دەگرتەوە، کەئێمە ئەومان لەجیاتی بویەری بەرچاو بەڕاستماندەزانی.

## دابەشبوونەکانی پیرۆ چەند لایەنێکی هەیە

یەکەم نەژادیی: پیرۆی سپی پێستەکان، پیرۆی سورپێستەکان، پیرۆی ڕەشپێستەکان و کەمەنەتەوەکانی پیرۆیی، وەکو ئاسیاییەکان، خەڵکی هەرێمی ئامازۆن.

دووەم: دابەشبوونی نێوان پیرۆی شارنشین و لادێنشین، کە دوو جیهانی جیاوازن، دابونەریت و باوەڕی جیاواز، زمان و ئاوازی ژیانیش هەر جیاواز، چونکە لەشارەکان بەزمانی ئیسپانی قسەدەکەن، بەڵام لەهەرێمە لادێییەکان و دەشتودەر بەزمانی (کچوا) یان (ئارما) یان (زمانە هەرێمیەکان) قسەدەکەن. دوایی دەگەینە دابەشبوونی جوگرافیایی و هەرێمی، کەئەمڕۆ زۆر بەهێزە، بەڵام بەر لە ٣٥ساڵ لەمەش خراپتر بوو

واتە جیاوازی نێوان هەرێمە کەنار دەریاکان، شاروچکەن و جەنگەڵی ئامازۆن. ئـەم سـێ جیهانە جوگرافیاییە وەکو سێ وڵاتن لەپیرۆ.

لەو کاتە کەم دامودەزگا هەبووە کەکەسانێك لەهەموو وڵاتان تێیدا کۆ وەبن. یـەکێك لـەو دامودەزگـا کـەم وێنانـە کـە بەڕاسـتی نیـشاندەری هــەموو پێـچوپەناو گروپــە کۆمەڵایەتییەکان و فەرهەنگیی و نەژادیی بوو، هەر ئەو خوێندنگا سـەربازییەی (لیئونـسیۆ پرادۆ) بوو. ئەوە دواناوەندییەك بوو کە دەکرا سێ ساڵی کۆتایی خوێنـدن لەوێدا بەسـەر بـەریت. ئـەو خوێندنگایـە لـەکۆتایی دەیـەی ١٩٤٠ دامـەزرا بـوو بـەهۆی جۆراوجـۆرەوە، کوڕانی لاو لەچین و توێژی جیاجیای کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەهاتنـە ئـەوێ. هەنـدێك لەکوڕەکان لەچینی هەرەباشی کۆمەڵبوون کەدایك و باوکیان بـۆ چـاك بـوون کوڕەکانیـان نـاردبوە ئـەو خوێندنگایـە، ئەوانـە کـوڕانێکی پـڕ دەردەسـەرو یـاخیبوون کـە سـەرکەوتن بەسەر ئەواندا کارێکی دژوار بوو، چونکە خێزانەکانیان پێیـانوابوو دیـسیپلینی سـەربازیی بۆ کوڕە لات و لاملەکانیان بەسودە. کوڕانی زۆریش لەچینەکانی ناوەڕاست دەچوونە ئەم خوێندنگایە تاوەکو بۆ پیشەی سەربازیی خۆیان ئامادە بکەن. بۆنمونە دەیانەویست بـبن بەئەفسەری هێزی دەریایی، وایاندەزانی ئەم خوێندنگایە خولی پەروەردەیی باشیان هەیـە بۆ ئەو مەبەستە. هەروەها خوێندکارانی زۆریش لەچینە هەژارەکانـەوە دەهـاتن تەنانـەت لەهەژارترین خێزان و ناوچـەی وڵاتـەوە دەهـاتن ١٠٠ خوێنـدکاری یەکـەم کـەزیرەکبوون و تاقیکردنـەوەکانیان بەسـەرکەوتوویی ئەنجامـدەدا لـەپارەدان دەبەخـشران، ئـەو کـارەش دەرگای بۆ خێزانە لادێیی و کرێکاری و تەنانەت جوتیارەکانیش خستبووە سەرپشت، بەم شێوەیە هـەموو نـەژادو چینە جیاوازەکـانی پـیرۆ لـەم خوێندنگایـە نوێنـەرێکیان هـەبوو، خوێندنگاش جیهانێکی بچوکی خودی پیرۆ بوو.

کوڕەکان بەگشتی تەمەنیان لە ١٣ تا ١٦ ساڵ بـوو، هەرکەسـە جیهـانی خـۆی لەگـەڵ خـۆی هێنـابووە ئـەو خوێندنگایـە– دادوەریـە بێبنـەماکانیان، دابونەریتـەکانیان، دیـدی تایبەتیان لەوەی کە پیرۆ بوو. هەموو ئەو دیدگاو بیروبۆچونانە دژی یەکتری بوون. هەموو کوڕەکان گوێڕایەڵی یاسا سەربازییەکان بوون، چونکە بیروڕای خوێنـدنگا ئـەوە بـوو هـەم پەروەردەی سەربازیان بکات و هەم زانکۆییش. خوێنکـاران کـە خوێنـدنیان تـەواودەکرد، دیپلـۆمی ئەفـسەری یـەدەگیان وەردەگـرت و لەخزمـەتی سـەربازیی دەبەخـشران. ئـەو

خوێندنگایە لەژێر چاودێری یەکێك لەدەستە سەربازییەکاندا بوو کە تۆپخانە بوو. ئێمەیان وەکو لەشکرە سەربازییەکان دەزانی و بەیاسا و ڕێساکانی سەربازیی پەروەردەیان دەکردین و هەروەها دەرسی زانکۆشیان پێدەخوێندین. دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەم ئەزمونە لەژیانی من فرە گرنگ بوو. ئێستا کە سەیرێکی رابردووم دەکەم دەبینم کە پێویستە سوپاسی ئەو خوێندنگا سەربازییە بکەم، چونکە هیچ زانیاریەکم لەپیرۆی راستەقینە نەبوون و لەویّ دۆزیمەوە. بەڵام ئەوە بۆ من ئەزمونێکی زۆر تاڵ بوو جۆرە شکستێکی دەرونی بوو. لەمنداڵیمەوە من بەپشت بەستن بەخێزانەوە پەروەردەکرابووم خێزانەکەم منیان زۆر بەناز پەروەردە کردبوو. ئیتر کەچومە خوێندنگای سەربازیی، پێموابوو ژیان میهرەبانییەکی بێسنوورە بەهیچ شێوەیەك پێموانەبوو ژیان دەتوانێت دڕندەش بێت و ململانێی نەژادی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئابووری دەتوانێت، وەکو شەڕێك لەناو خەڵکدا بوونی خۆی بسەلمێنێت. بەخەونیش نەمدەبینی کە دیسپلینی سەربازیی، ستایشی بەها سەربازییەکان، پیاوەتی و کرداری فیزیکی بگۆڕرێت بەشتێکی ئاوا دڕندە.

لەهەفتەی یەکەم یان دەتوانم بڵێم لەمانگەکانی یەکەمیشدا، لەو خوێندنگا سەربازییە شاگەشکە بووم و رووخام. لەلایەکی تریش هەر خەریکی خۆ خواردنەوە بووم لەوەی کە دوور بووم لەکۆمەڵ و بەردەوام لەناو پەروەردەی سەربازییدا بووم، تەنیا لایەنێکی ئەو خوێندنگایەم پێخۆش بوو ئەویش ئەوەبوو کە فێربووم چۆن بخوێنمەوە، هەمیشە رووداوەکان سەرنجیانڕادەکێشام و ڕۆمانە پڕ رووداوەکانم بەتامەزرۆییەوە قووتدەدا. فێربوونی ئەوەی کە چۆن بخوێنمەوە لەژیانی من زۆر گرنگ بوو، بەتایبەتیش ئەم شوێنە کە توانایەکی لەڕادەبەدەری ئەزمونی ژیانی پڕ لەڕووداوم دۆزیەوە لەڕێگەی ئەو چیرۆکەی کەدەمخوێندەوە.

پێموایە لەهەرزەکاریم خەونم بەژیانی پڕ رووداوەوە دەبینی، وەکو یەکێك لەقارەمانی ڕۆمانەکانی (سالگاری) ژول ورن، یان ئەلکساندەر دۆما، ئەو نوسەرانەی کە بەتەوسەوە نوسینەکانیانم دەخوێندەوە. ئەو خوێندنگا سەربازییە ٢٤ سەعاتییە یەکەمین روداوی راستەقینەی ژیانی من بوو. تا ئەو کاتە تەنیا خۆم لەڕووداوی چیرۆکەکاندا دۆزیبووەوە لەڕێگای خوێندنەوەی کتێبەوە، بەڵام خوێندگای سەربازی رووداوی راستەقینە بوو، رووداوی وەحشیانەو دڕندانە، بەڵام وەکو رووداوی چیرۆکەکان. ئەو هزرەی کە بووم

بـەقارەمانی رووداوێـك وەكـو قارەمـانی چـیرۆكەكان، وای لێكـردم بەرگـەی ئـەو هـەموو ناخۆشییەو دڕندایەتیەی خوێندنگای سەربازیی بگرم.

لەهەمان هەفتەی یەكەم دەمزانی رۆژێك دێت رۆمانێك لەسەر بنـەمای ئـەو ئەزمونانـەم دەنوسم، هەرزوو تێگەیـشتم ئـەوە ئـەو ئەزمونەیـە كـە بـۆ نوسـینی رۆمـانێكی پـڕ رووداو پێویستم پێیەتی. هەر ئەو كارەشەمكرد. بەڵام بۆم سەخت بـوو كاتێـك كـە ئـەو ئەزمونـە تاقیدەكەمەوە یەكسەر بینوسم، ئەوە شتێك بـوو كـە لـەڕۆمانی یەكەمـەوە فێـری بـووم و تیگەیـشتم كـە دەبێـت تاقیكردنـەوەی خـۆم هـەبێت تـا بتـوانم داهێنـان دروسـت بكـەم، خەیاڵـەكانم بخەمـەكار، چـیرۆك دروسـت بكـەم، بـەڵام لەهەمانكاتیـشدا پێویـستە كـەمێك خـۆمی لێ دوور بخەمـەوە، دووربینیـیم هـەبێت لەئەزمونـە تـا وەكـو پێویـست هەسـت بەئازادیی بكەم دەسكاری بكەم و بیكەم بەچیرۆك. ئەگەر ئەزمون فرە نزیـك بێـت، شـتێك دەبێتە بەربەستم. هەرگیز نەمتوانیوە روداوێكی نوێ كە تازە روویدابێت بیكەم بەچیرۆك. ئەگـەر نزیكـی واقعیـەتێكی راسـت، واقعیـەتی زینـدوو و رازیكەرانـە خـەیاڵم بخاتـە ژێـر كاریگەریی خۆی، ئەوا پێویستم بەماوەیەك هەیە، ماوەیەكی كاتیی و شوێنیی.

لـەبارەی (سـەردەمی قارەمـان) یـش هـەروابوو. كاتێـك كـە لـە(لیمـا) لـەزانكۆ بـووم، هەوڵمدا بەگوێرەی ئەو ئەزمونەم رۆمانێك بنوسم. بەڵام هەرچی كۆشـام نـەمتوانی. دواتـر لەساڵی ١٩٥٨ بۆرسێكی خوێندنم بۆ مەدرید وەرگرت تا خوێندنی دكتۆراكەم لەوێ درێـژە پێبدەم، بەپەلە یەكسەر دوای ئەوەی گەیشتمە ناوشار دەستمكرد بەنوسـینی رۆمانەكـە. شەش ساڵ لەگەل لئونسیۆ نێوانم هەبوو، نێوانێكی جوگرافیایی باشیش لەنێوان مەدریـدو لیمادا هەبوو.

# ئايا هونەر زمانە

## كاروان كابان

رەنگە زۆرجار ئەو پرسیارەت لا دروست بووبێت، هونەرمەندان دەڵێن، من پێویستم بەوەیە لەو زمانە تێبگەم، دەبێت لەو زمانەش تێبگەین، وەك هەمووان دەزانین بۆ هەر زمانێك پیتی خۆی هەیەو دەبێتە وشەو رستەو پاشان دەتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی لەناوەڕۆكی هەر باسێك دەدوێت، باشە پیتەكانی هونەر چین؟ ئەگەر هونەر زمانە، كێ ئەو زمانەمان بۆ وەردەگێڕێت و تێمان دەگەیەنێت؟

هونەری شێوەكاریی زمانی رەنگ و هێڵە تاریكی و رووناكی قوڵیی و بۆشایی جوڵەو بەركەوتن (رووی زبرو پاكژ) ئەوانەو سەرجەم. درێژەدان بەلێكۆڵینەوەو شیكاریمان بۆ سروشت، ئەمانە ئەو بنەڕەتانەن كە لەجیاتی پیت و وشە بەڕەنگ و هێڵ لەهونەری شێوەكاریدا بەرچاو دەخرێن، وەك وشەكانی هەر زمانێك كە هۆنراوەو وێژەی لێدادەڕێژرێت، وەك چۆن دەنگی باڵندەو رەشەباو شەپۆل و تاڤگەو... دەبنە رەچەڵەكە سەرەكییەكان لەداڕشتنی پارچە مۆسیقایەكدا، هەروا تابلۆو وێنە هونەرییەكان لەدیارترینن كە برەو بەبینین و تێركردنی هەست دەبەخشن لای مرۆڤ.

پێكهێنان و هێنانەكایەوە، دروستكردن و داهێنان، زانیمان بەر لەسەرهەڵدانی شارستانی و یان پێش دەركەوتنی نووسین، مرۆڤ توانیویەتی بەشێوازی جیاو جیاواز گوزارشت لەدیاردە بینراو و سروشتییەكان بكات، بەهەڵكۆڵین لەسەر بەردو نەخشكردن لەسەر قوڕو بەكاربردنی رەنگ، سەرەڕای بەجێهێشتنی زەخیرەی رۆشنبیریی و بەكارهێنانی ئەو كەرەستانەی بۆ پاراستن و مانەوەو بەرگری لە لەناوچوون.

بەپێی تێپەڕینی کات و چەرخ، گۆڕانکاریی و پێشکەوتن بەسەر بوونەوەری شێوەکاردا هات، شێوازەکان گۆڕان و بەرەوپێشچوون، قوتابخانە هونەرییەکان هەڵقوڵان، دەرکەوت شێوازەکان زیاتر قووڵبوونەوەو پەرەپێدان دەچوون، لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەکان، هاوشێوەی یەك.

هەر شێوازێك لەهونەری شێوەکاریدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هزرو وشیاری دەبنە بەردی بناغەی پێکهێنانی ناوەرۆك لەوێنەدا.

دارشتنی هێڵکاری پوختەی بەئەنجامگەیاندن و پەرینەوەیە رووەو ئامانجە جیاوازەکان لەبیناکردنی ئەزموونە جوداکاندا، مەرج نییە تایبەتمەندی هەر شێوازێك بتوانێت بگاتە پلەی نوێگەری و پێکهاتەیەك بەرەو داهێنان، چونکە رێساکانی دۆزینەوەی شێواز لەهونەری شێوەکاریدا چەندین رێڕەوی جودای هەیە، کە تەنیا خودی شێوەکار دەتوانێت کارایی خۆی لەنێوان ئەو رێڕەوانەدا بنوێنێت و هاوسەنگییەك بخاتەوە لەنێوان کارتێکردن و لێکدانەوەو رامان، لەگەڵ ئەوەی گەشانەوەی ناخی ناوەوەو دەروون یارمەتیدەرێك دەبن لەبینین و دروستکردنی جووڵە بەجێکاندا.

رەوشی داهێنان جێگیرو بەستراوە بەتواناکردارییەکانی تاك، سازو گونجاوە بەژیرییەوە، نەژاد چاك و نوێخوازە، بۆیە هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی لەسەر نابێت.

کرداری داهێنان بەندە بەمەکۆی ئەندێشەو هۆشەوە، هەست کە سەرچاوەی وزەو هێزە هەمەجۆرەکانە مەڵبەندی پەیبردن و رۆچوونەناو پانتایی رەهەندە جیاوازەکانە، دەرکبردن بەجەمسەرو لاکان و رەنگە هەمەچەشن و جۆراوجۆرەکان، هەروەها هەبوونی تواناو دەسەڵاتی بیرو زاڵبوون بەسەریدا، توانای بەدەستهێنانی بیرۆکەی تازەو بەرهەمێك کە گونجاو و پوختەبێت لەگەڵ چەرخ و سەردەمدا، ئەویش بەرێکخستن و پێناسەکردنەوەی بیروبۆچوونی نوێ بەهاوئاهەنگی و هاوسەنگی شتێك کە لەبووندایەو گۆڕینی بۆ شتێکی نوێ.

بابزانین ئەوشتە چییە کە تابلۆیەکی شێوەکاریی دەیەوێت پێشکەشمان بکات؟ نهێنی پابەندبوونمان چییە پێوەی؟! تێکەڵەیەك لەسەمای رەنگ چی دەبەخشێت، جارێك ورشەدارو جارێك متن، کزو سارد دەنوێنێت، بۆچی چڕبوونەوەو سەرنجمان بۆسەر تابلۆیەك زیاترە وەك لەتابلۆیەکی تر، ئەو نهێنییە چییە لەگۆشەکانیدا نیشتەجێیە،

وامانلێـدەکات لەبـەردەم تابلۆیەکـدا بەبێـدەنگ رابمێـنین، دنیایـەك لەبێـدەنگیی کەچـی دەمارەکانی لەش بەلای خۆیدا بەکێش دەکات، ئەوە زمـانی رەنـگ و هێڵـە، ئاوێتـەبوونی بیرە لەگەڵ شتە نادیارەکانی سروشت، چاوتروکانێکی سەرکێشی و شـێتی و تەقینـەوەی شتە باوەکانـە، جـارێکی تـر رەنگدانـەوەو بەرجەسـتەکردنەوەی بەشـێوەیەکی تایبـەتیی هونـەری، ئاماژەیەکـە لـەنهێنی و سەرسـوڕمان کـە تێکـەڵی رۆحمـان دەبێـت و بەشـێك لەونبوونی هاوسەنگیمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئیتر (انطباعي) واقعی یان تجدید–یان هـەرکام لەڕێبازەکانی تر.

بەر لەخوێندنـەوەمان بـۆ تابلۆیـەك دەیخەینـە ژێـر وردبـینی رەش و سـپی، وا خـەیاڵ دەکەین دنیا بێڕەنگە، ئەو کاتە گەمارۆی ئەو بازنە رەنگینە دەزانین کە چەندین ئامـانجی جۆربەجۆرە لەپانتایی کاری هونەریدا، رەنگەکان جۆرێك لەئامادەیی و گەشە دەبەخـشنە شانە دەمارەکانی مێشك و بزوێنەری دەروون و زانین و دەرکپێکردنـە، ئەوانـەش پابەنـدن بەسۆزو هەمە هەستەکان.

رەنگەکان دەکرێن بەدوو بەشەوە:

–رەنگـە سـاردەکان، کـە بەشـێوەیەکی گـشتیی لەڕەنگـە تاریکـەکان پێکهـاتوون، ئەوانەی ئاماژە دەدەن بەقووڵایی پێگەو دوورییە بێکوتاییەکان، وەك مۆر، شـین، سـەوزو پلەکانیان.

–رەنگـە گەرمـەکان، سـور، زەرد، پرتـەقاڵی و ... ئەوانـەی تایبەتمەنـدیی خۆیـان لەدەستنادەن وزەبەخش و هاندەرو جولێنەرن.

رامبرانـت، وتویـەتی: رەنـگ و روونـاکی بەکاربهێنـە بـۆ ئاشـکراکردنی هەسـتیاریی و دەرخستنی کرۆکی کەسایەتییەکی راستەقینە.

دیلاکراو: رەنگ بەکاربهێنە لەسەر بنچینەی دژکاری (constract) لـەنێوان روونـاکی و تاریکی.

*بۆ ئەو نووسینە سوودم لەسایتی مولد الفن الحديث وەرگرتووە

**سەربەست ڕەسوڵ:**



# تەمی سەرخەرەند هەموو وشەیەکی گوزارشتە لەڕاستی و خۆشەویستی

## ٢٥ بلیتم برد بۆ دەزگای سەردەم، دوو کەس ئامادەبوون

**دیداری: کارزان عەبدوڵڵا**

سەربەست ڕەسوڵ ساڵی ١٩٨٣ بەشی دەرهێنانی شانۆیی لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی موسڵ تەواوکردووە، ماستەری لەدەرهێنانی فیلمی

سینەمایی (٣٥ملم) لەمۆسکۆ بەدەستهێناوە. خاوەنی سێ فیلم و چەند کارێکی دۆکیۆمێنتاری دیکەیە، جگە لەچالاکییەکانی لەبواری شانۆدا.

**کۆمەڵگەی لەئێستادا تا چەند پێویستی بەهونەری سینەما هەیە، لەبەرامبەریشدا سینەما چی پێشکەشی کۆمەڵگە دەکات، ئایا ئەو پەیامەی سینەما بانگەشەی بۆ دەکات چییە؟**

بەڕای من هەر کۆمەڵگەیەك سینەمای هەبێت، کۆمەڵگەیەکی زیندووە، کۆمەڵگەیەکی وشیارە، رادەی کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیە لەئاستێکی بەرزدایە، دوای ئەوەی دەسەڵاتی گەیشتووەتە ئەو ئاستە هۆشیارییەی کە توانیویەتی هاوکاری بکات لەگەڵ ئەو هونەرمەندو کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی یەکتر تەواوبکەن، بەڵام ئەگەر ئێمە باسی کوردستان بکەین، یان ئەو وڵاتانەی کە سینەمایان نییە، بەڕای من تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە خەمساردیی هونەرمەندانە، بەڵکو دەتوانین بڵێین دەسەڵات وەکو پێویست هاوکاری ئەو هونەرمەندانەی نەکردووە، لەکوردستان چەند هونەرمەندێك هەن کە ژمارەیان هێندەی پەنجەکانی دەستێك تێپەڕناکات، کە دەتوانن کاربکەن لەبواری هونەری سینەمادا، بەڵام وەکو پێویست ئیشیان بۆ ناکرێت، بۆیە دەکرێت بپرسین بۆچی تائێستا سینەما لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا نەبووە بەکەلتوور؟، ئەویش لەبەرچەند هۆیەك، یەکێك لەوانە تائێستا لەشارەکانی کوردستاندا هۆڵێکی سینەما-مان نییە، فیلمی باش نایەتە کوردستان و لەهۆڵێکدا نمایشبکرێت، فیلمە سینەماییە کوردییەکانیش وەك هەموو فیامەکانی دیکە بەهەند وەربگیرێت، بۆیە تائێستاش هۆڵەکانمان هەر هۆڵەکانی ساڵانی نۆسەدو چل بۆ نۆسەدو پەنجان، ئەمە جگە لەگرفتی نەبوونی کارەباو هۆکاری گەرمکەرو فێنکەرەوە، پاشان فیلمەکان بەڤیدیۆ پیشاندەدرێن، نەك بە(٣٥ملم)، فیلمەکانیش زۆر کۆنن، ئەم فیلمانە بۆ پێشکەوتنی ئەمڕۆی کەلتووری کوردی ناگونجێن، ئێمە ناڵێین تازە بەسەرچوون، بۆیە دەکرێت لەم قۆناغەدا فیلمی نوێ نمایشبکرێت، کە تائەمڕۆ گەلی کورد بیبەشە لێی، ئێمە وەك کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەکی تەواو دابڕاوین لەهونەری سینەما، ناکرێت بڵێین هەبوونی چەند فیلمێکی نوێ لەبازاڕەکاندا ئاشنابوونی کۆمەڵگەیە

بەسینەما، یان بلێین نموونەی سینەمایەکی زیندوون لەکوردستاندا، بۆیە دەکرێت بلێین کاریگەریی سینەما لەسەر کۆمەڵگەو کۆمەڵگە لەسەر سینەما دوو ئەلقەی تێکهەڵکێشراون و پەیوەندییەکی زیندوویان هەیە، بۆیە دەڵێم بەداخەوە کورد تائێستا زۆر لەهونەری سینما بێبەشە، تەنانەت لەهەنگاوی سەرەتاییشدا نییە لەو بوارەدا.

**ئاسانکاریی بۆ هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە DVD لەبازاڕەکاندا، تا چەند کاری کردووەتە سەر سینەما، پاشان جیاوازیی DVD لەگەڵ پیشاندانی فیلم لەهۆڵەکانی سینەمادا چییە؟**

بەگشتی ئەو **DVDیانەی** کە دەگەنە کوردستان، بەشێوەیەکی نایاسایی دەهێنرێن، **DVDیش** ئێستا لەهەموو ولاتێکدا هەیە، بەڵام کاریگەریی نەبووە لەسەر هۆڵەکانی سینەما، هۆڵی سینەما بایەخ و گرنگی خۆی هەیە لەولاتانی دەرەوە، بەڵام لەوانەیە هەندێك پێیانوابێت کە DVD ئەو کەلێنە پڕدەکاتەوە، کە ئەمەش بۆچوونێکی نەگونجاوە، لەبەرئەوەش سینەما کەلتوورێکە هەموو کات پێویستمان پێیەتی، لەبەرئەوە ئەوە زۆر هەڵەیە ئێمە وابیر بکەینەوە کە DVD کاریگەریی دەبێت لەسەر سینەما.

**هەبوونی ژمارەیەکی زۆر DVD لەبازاڕەکاندا بەنرخی زۆر هەرزان، لەکاتێکدا لەزۆربەی جیهاندا بودجەیەی زۆر تەرخاندەکرێت بۆ بواری سینەما، کە مەبەست لەمەش بەزیندوو هێشتنەوەی سینەمایە لای میللەتان، مافێکیشە بۆ ماندووبووانی ئەو بوارە، رای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

بێگومان ئەمە شتێکی زۆر راستە، کورد بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زیانێکی زۆری بەسینەما گەیاندووە لەسەر ئاستی دەرەوە نەك ناوخۆ، بۆیە لای ئێمە فەوزایە لەبەرئەوەی ئەو فیلمانە کەدەنێردرێنە هەر ولاتێك، ئەو ولاتە بەپارەیەکی زۆر بەشدرییدەکات بۆ کڕینی ئەو فیلمانە، بەڵام لای ئێمە لەکەناڵێکی عەرەبی یان بیانی وەردەگیرێن، کە بێگومان ئەمەش کۆپییە کە هیچ خزمەتێك بەو بوارە ناکات، دواجار دەسەڵات بەرپرسی یەکەمی ئەو حاڵەتەیە لەکوردستاندا.

**بۆچی سینەما لەلایەن کەرتی تایبەتەوە پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکراوە؟**

لەهەموو جیهاندا بودجەیەکی تایبەت هەیە بۆ خزمەتکردنی کەلتوورو پێشخستنی. ئەگەر حکومەت لای ئێمە هاوکاریی سینەما نەکات و خزمەتی ئەو بوارە نەکات و خەڵك

نەزانێت باش و خراپیی سینەما چییەو زەرەری چییە، ئەوا بێگومان ئەو گرنگییەی نابێت، بۆیە سەرمایەداری ئێمە نایەت سەرمای خۆی بخاتە ئەو بوارەوە ئەگەر نەزانێت قازانجێکی زۆر دەکات، بۆیە دەڵێم جارێ ماویەتی کەرتی تایبەت لەسینەما تێبگات، ئێمە ژمارەیەکی زۆر رۆشنبیرمان هەن نازانن سینەما چییە، لەبەرئەوە ئاساییە کەسێکی سەرمایەدار کە هەر خەریکی بازرگانیکردنە هاوکاریت نەکات.

ئێمە لەکوردستاندا کە نەهۆڵێکی سینەما-مان هەبێت، نەفیلمێکی باش، ئەوا خەڵك چوو بۆ سینەما بۆ کام سینەما بچێت و لەکوێ؟ کە منداڵبووم لەسلێمانی سێ سینەمای تێدابوو، ئەو سینەمایانە رۆژی چوار تا پێنج جار فیلمی تێدا پیشاندراوەتەوە، بەشێوەیەکی زۆر باش، لەگەڵ ئەوەشدا لەپیشاندانی زۆر فیلمدا جێگە نەبوو دابنیشیت، ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا بۆچی سی ساڵ لەمەوپێش خەڵکی ئەم شارە بەمشێوەیە توانیویانە بچن بۆ سینەماو ئیستیجابەیەکی باشیان هەبێت لەگەڵیدا، بەڵام ئەمڕۆ بەو شێوەیەی ئەوسا نیین؟ کەواتە نەتوانراوە وەك پێویست ئەو بوارە بەرەو پێشببرێت.

**سینەمای کوردیی بوونی هەیە، یان شتێکمان هەیە پێیبوترێت سینەمای کوردیی؟**

دەتوانم بڵێم تا ئەمکاتە شتێکمان نییە پێیبوترێت سینەمای کوردیی، هێشتا زۆری ماوە کاری بۆ بکەین، تا بگەینە سەرەتای دروستبوونی، چەند هەوڵێك هەیە کە چەند فیلمێك لێرەو لەوێ دەکرێن، دەکرێت بچنە خانەی فیلمی کوردییەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناچنە خانەی سینەمای کوردییەوە.

**ئێستا خەڵکی ئەوەندە بەپەرۆش نیین بۆ سینەما، دەسەڵاتیش ئەوەندە بایەخ بەسینەما نادات، ئایا دەکرێت ئێمە واز لەسینەما بێنین؟**

خەڵکی پێشوازیی هەیە بۆ سینەما، بەڵام نیمانە، ئێمە ئەگەر فیلمی باش و هۆڵی باشمان هەبێت خەڵکی چۆن ناچن بۆ سینەما، ئەوە کەمتەرخەمیی دەسەڵاتە کەوەك پێویست هاوکاریی سینەماکارانی کورد ناکات، تا ئێمەی سینەماکاریش لەم دەرگاو ئەو دەرگا نەدەین و وەڵامیش نەدرێینەوە، لەساڵی (١٩٩١)ەوە کوردستان ئازادە، باشە بۆچی تائێستا سینەما کە زمانێکی هاوبەش گەلانە، نەمانتوانیوە وەك پێویست بایەخی

پێبدەین، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە خۆمان بەمیللەتێکی زیندوو دەزانین، بەڵام بایەخمان بەسینەما نەداوە.

**لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی شەخسی هەیە لەمبوارەدا، بۆنموونە ئەو چەند فیلمەی کە تۆ توانیوتە بەرهەمی بهێنیت، ئایا ئەو فیلمانە بەچی شوناسێکەوە بەرهەمتهێناون؟**

ئەو فیلمانەی من کە لەقۆناغی خوێندن و لەدەرەوە بەرهەممهێناون، من بەناوی فیلمی کوردییەوە بەرهەممهێناون، ئێمە زۆر کەسمان هەیە وەکو تاك هەوڵیداوە بەتایبەتی لەباشوری کوردستان، لەگەڵ هەموو ئەم هەوڵانەشدا سینەما بەهەوڵی تاك دانامەزرێت، لەبەرئەوە دەبێت بودجەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت، بۆیە بەبێ بودجە ناتوانین ئەو کارە بکەین، ئەمە رۆماننوسین نییە بەهەوڵی تاك بەرهەمبێت یان هونەرمەندێك نییە کە وێنەیەك دەکێشێت. بۆیە سینەما پێویستی بەهاوکاری زۆرە، چ لەڕووی مادیی و چ لەڕووی هێنانی کادری پسپۆڕ لەدەرەوە.

**لەزۆرکاتدا ئێمە پەنا دەبەینە بەر ستۆدیۆکانی وڵاتانی دەرەوە، ئایا ناکرێت خۆمان ئەو کارە بکەین، پاشان بۆ پێگەیاندنی کادری پێشکەوتووی سینەما چی پێویستە؟**

ئەگەر حکومەت هاوکارم بێت، دەتوانم تاساڵێکی دیکە ئەوەی پێویست و شیاوە بۆ سینەما لەناوخۆی کوردستاندا دەستەبەری بکەم.

پاشان لەپێگەیاندنی کادری سینەماییدا، بەداخەوە کە ئێمە نەمامۆستای سینەمایی باشمان هەیە، نە شێوەی وانە خوێندنیان وەك پێویستە، لەبەرئەوە کە دەڵێین ئەکادیمیای سینەما دەبێت مامۆستای زۆر بەتواناو ئەزموون وانەی تێدا بڵێنەوە.

**ئێمە ناتوانین ئەو مامۆستایانە لەدەرەوە بهێنین و مەسرەفێکی کەمتریشی تێبچێت؟**

من ئامادەم لەسوید، روسیا، بەریتانیا، بەتایبەت لەڕوسیا کە مامۆستای ئەو بوارە خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرفراوانە، کە بۆچەند ساڵێك بەگرێبەست بیانهێنین و لەوبوارەدا خزمەت بکەن و بتوانن نەوەیەك پەروەردەبکەن، بەڵام حکومەت بیری لەوە

نەکردووەتەوە، ئەوان ئامادەن لەگەڵ مامۆستای عەرەبدا گرێبەست بکەن و بیهێنن، کە هیچ کاتێك عەرەب نەیویستووەو نایەوێت کورد سینەمای هەبێت.

**کاتێک باس لەسینەما دەکەین ئێمە راستەوخۆ فکرمان دەچێت بۆ هۆلیود، بێئەوەی خەڵکانی ئێمە ئاگاداربن کەسانی دیکەو قوتابخانەی دیکە هەن کە عەقڵی سینەمایان بەدەستە، بەڕای تۆ ئێمە دەتوانین ئاراستەکانمان رووی یەک شوێن بکەین بۆ نموونە هۆلیود؟**

هەموو وڵاتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە چەند قوتابخانەیەك هەیە قوتابخانەی روسی و قوتابخانەی ئەمریکی و یان ئەوروپی یان یابانی، ئەمانە جۆری ئیشکردن و دەرهێنان تیایاندا جیاوازە، بۆ نموونە ریتم یان مۆنتاژ لەفیلمی روسیدا زۆر لەسەرخۆو هێواشە، یان لەفیلمی ئەمریکیدا مۆنتاژ زۆر خێرایە، کەڕیتم و گرتەکان زوو زوو دەگۆڕێن، لەبەرئەوە بۆ زۆر فیلم پێویستمان بەو ریتمە خاو و لەسەرخۆیە هەیە، کە لەقوتابخانەی روسیدا هەیە، کە دەتوانین سوودی لێببینین و ئەمریکیش بەهەمانشێوە.. هتد، بۆیە پێویستە کاتێك کەسێك دەیەوێت فیلمێك بەرهەمبهێنێت لەسەر شێوی روسی یان ئەمریکی یان... هتد، ناکرێت زانیاریی تەواوی لەسەر ئەو قوتابخانانە نەبێت کە کاری لەسەر دەکات.

**کاتێک باس لەسینەمای کوردیی و دامەزراندنی دەکەین، هەمووومان خەیاڵمان بۆ ئەو بودجە زۆرە دەچێت کە تێیدە چێت، بۆ نموونە بودجەی فیلمە بەناوبانگەکان، ئایا دانانی ستۆدیۆو تاقیگەی سینەمایی و... هتد، ئەو پارە خەیاڵییەی تێدە چێت؟**

نەخێر بەهیچ شێوەیەك ئەوەندەی تێناچێت، پێویستە ئێمە لیژنەیەکمان هەبێت کە کاتێك سیناریۆی فیلمێك پێشکەشدەکرێت، خەمڵاندن و دەرخستە بۆ کارەکە بکات، ئەوسا دەزانین فیلمەکە چەندی تێدەچێت.

**راگەیاندنەکان هەندێکجار باس لەو فیلمانە دەکەن، کەگوایە پارەیان بۆ سەرفکراوەو بەرهەمنەهاتوون، هونەرمەندانیش گلەییان لەحکومەتە کە دەستگیرۆییان ناکات، تۆ رات چییە؟**

هەندێکیان بەرهەمهاتوون، بەڵام پیشان نەدراون، چونکە بەکەڵکی پیشاندان نایەن، بینەر هیچ کەڵکێکی لێنابینێت، ئەمەش وەك ئەوە وایە پارەکە بخەوێنیت و بەس، بۆیە کاتێك پارە دەدرێت بەدەرهێنەرێك دەبێت ئەو دەرهێنەرە بەرپرسیار بێت بەرامبەر بەو فیلمە، دەبێت ئەو فیلمە بەرهەمبێت بەو شێوەیەی کە لەگرێبەستەکەدا هەیە، نەك ئێمە پارەیەکی خەیاڵی سەرفبکەین و پاشان پرۆژەکە بەکەموکورِی بەرهەمبێت.

**ئەو فیلمانەی کە ئێوە بەرهەمتانهێناون چۆن پێشوازیی لێکراوە لەدەرەوە، لەرووی سێکتەر، سەیرکردنەوە، یان بڵێین پێشوازیکردنی خەڵکی بۆ فیلمەکانت لەناوخۆی کوردستان و دەرەوە چۆن بوون؟**

من دەتوانم بڵێم ئەو پێشوازییەی کە لەدەرەوە لێمکراوە، لەناوخۆی کوردستان پێشوازیی وام لێنەکراوە، من سێ فیلمی سینەمایی و (٣٥ملم)م بەرهەمهێناوە، دوو فیلمی کورت لەگەڵ فیلمێکی درێژ بەناوی (ئەمرۆ سبەی)، بێگومان ئەم فیلمە لەزۆر فێستیڤاڵی سویدو روسیاو ئەڵمانیاو بەریتانیا پیشاندراوە، خەڵك لەدەرەوە زیاتر پێشوازییان هەیە بۆ فیلمەکان، نەك لەکوردستان، تەنانەت لێرە لەتەلەفزیۆنە کوردییەکانیش وەکو پێویست ریکلامیان بۆ نەدەکرد، هەرچەندە لێرە لەسینەما پیشاندرا، خاوەن سینەماکە پێیوتم ئەمانەی کە لێرە ئامادەن بۆ بینینی فیلم بینەری سینەما نین، ئەمانە بینەری فیلمەکەی تۆن، لەبەرئەوە لەکوردستان بینەری راستەقینەی سینەمامان نییە، دەتوانم بڵێم لەدەرەوە ئیستیجابەیەکی باش هەبوو، تەنانەت لەفێستیڤاڵێکی زۆر گەورە لەمۆسکۆ بەناوی فێستیڤاڵی ستالکەر بەشداربووم، لەبەرئەوە وەك پێویست پێشوازیی نەکرا لەکوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر فیلم دێن زیاتر پێشوازییان لێدەکرێت ئەگەر ئاستیشیان بەرزنەبێت، کە فیلمەکەمان پیشاندا نامەی تایبەتم برد بۆ هونەرمەندەکان لەزۆر شوێن، بەڵام لەو چەند هونەرمەندە دوو کەس ئامادەبوون ئەوانیش برادەرم بوون، من (٢٥) بلیتم برد بۆ دەزگای سەردەم دوو کەس ئامادەبوون، ئەوە نەبووە هۆی مەئیوسبوونی من بۆ بینینی فیلمەکە، بەڵام ئەمەش هۆکاری هەیە دەبێت بزانین بینەری کورد دۆشداماوە کە هیچ ناکرێت یان شتێکی باش ناکرێت.

**راگەیاندنەکان کاتێک باس لەسینەما دەکەن، هێندەی باس لەکێشەکانی دەکەن باس لەکارە داهێنەرانەکانی ناکەن، بەڕای تۆ راگەیاندن تا چەند خزمەت بەسینەما دەکات؟**

زۆربەی خەڵکی کە بەناوی سینەماوە ئیشدەکەن سەریان لەڕاگەیاندیش تێکداوە، زۆر کەس هەیە لەدەرەوەی وڵات کە دێتەوە، یان لەو دیو سنوورەکانەوە دێنە کوردستان بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵێك قسەی بێبنەمایان کردووە، زۆرجار راگەیاندنەکانیشیان فریوداوە، بەڵام کە بەرهەمەکانیان دەبینرێت شایەنی ئەو گرنگیپێدانە نین کە بۆیانکراوە لەڕاگەیاندنەکاندا، لەبەرئەوە زۆر جار راگەیاندن بەرێگەی هەڵەدا دەبرێت، کاتێك باس لەو دەرهێنەرە کوردانە دەکرێت، دەوترێت دەرهێنەری گەورەی کورد، دەبێت بزانین چ خزمەتێکی لایەنی کەلتووری کوردی کردووە، ئەمجۆرە هەڵسەنگاندنە بێ تەقیمە، دەنا ئاساییە بەپێی ئاستی کارەکەی گرنگیی پێبدرێت، بۆیە زۆرکەس زیاد لەپێویست گەورە کراوە، پارەیەکی باشیشی پێدراوە ئەگەر هیچیش نەبووبێت، دەبێت بەشت.

**بەبۆچوونی تۆ لەهەڵبژاردنی سیناریۆدا، بۆ نموونە سیناریۆیەک لەناو ئەم میللەتەدا مێژوویەکی هەبێت، سیناریۆیەکی بەهێزەو بەشێکە لەموعاناتی خەڵکی، کاتێک دەکرێتە سینەما گرنگییەکی زیاتری نییە بۆ خەڵکی، لەچاو ئەو سیناریۆیانەی کەبەشێک نین لەئازارەکانی ئەو خەڵکە، بۆ نموونە ئێستا ئێوە سەرقاڵی ئەوەن تەمی سەرخەرەند بکەن بەفیلم، پێتوانییە هەڵبژاردنی رۆمانێکی شێرزاد حەسەن لەڕووی بابەتەوە زیاتر جێی گرنگیپێدانە؟**

لەڕووی بابەتییەوە تەمی سەرخەرەندی شێرزاد حەسەن هەموو وشەیەکی ژیانێکە لەژیانی ئەم کۆمەڵگەیە، هەموو وشەیەکی گوزارشتە لەڕاستی و خۆشەویستی، هێندە بەپێزە کە دەتوانرێت داهێنانی زۆر گەورەی لەسەر بکرێت، لەبەرئەوە دڵنیام لەرۆمانی کەسێکی وەك شێرزاد حەسەن کارێکی سەرکەوتووی لێدەربچێت، بەڵام دەبێت خۆشت لێهاتووبیت، دەبێت بزانیت سیناریۆ چۆن دەنووسیت، لەبەرئەوە دەبێت بزانیت سیناریۆ چییەو بنەماکانی چین و چ ئامانجێکت هەیە، کاتێك رۆمانێك دەکەیتە سیناریۆ، ئەمانە لای ئێمە وەکو پێویست بەهەند وەرناگیرێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە لایەنە کەلتوورییەکەمان هێندە فراوان و هێندە رۆشنبیر نین، ئەو شتانە تێدەپەڕن بەسەرماندا،

لەبەرئــەوە کــورد خــاوەنی دەیــەها بیرۆکــەو موعاناتــە تــا بکرێنــە ســیناریۆ، تەنانــەت کوردســتان خــۆی لەخۆیــدا ماددەیــەکی خامــە کــە دەتوانرێــت ئــەو چــیرۆکانەی بکرێنــە ســیناریۆیەکی زۆر بــاش، لەبەرئــەوە مەرجــە سیناریۆنووســی باشمــان هــەبێت، چــونکە نووسەری سیناریۆ هەرئەوەندە نییە تـەنیا وشـە ریزبکـات و بڵـێن ئەمـە سیناریۆنووسـە، گرنگترین شت لـەناو سـیناریۆ (درامـای کـوردی)یـە، کـە خـاڵێکی زۆر گرنگـە، لەبەرئـەوە سیناریۆنووسـەکانمان زۆر ئاگـاداری ئـەم لایەنـە نـین یـان هەنـدێك شـتی لاوازی دەربـارە دەزانن، لەبەرئەوە ئەگەر دەقەکە خۆماڵیی بێت بەخەڵکی خۆمان، دەکرێـت زیـاتر ئیشی لەسەربکرێت.

**کارەکانتان لەتەمی سەرخەرەند-دا گەیشتووەتە چ قۆناغێک؟**

ئەو گرێبەستەی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری و ئەنجومـەنی وەزیـران کردوومانـە، بەو شێوەیە بووە کـە دەبێـت هـەردوولامان پابەنـد بـین بـەناوەرۆکی ئـەو گرێبەسـتەی کـە کردوومانە، ئەگەر هەچ لایەنێك لەو گرێبەسـتە پاشـگەزبێتەوە دەبێـت قـەرەبووی هـەموو زەرەروزیانەکان بکاتەوە، هەر لەکارمەندو ستاف و... هتد، لە٢٨/١٢/٢٠٠٤وە بەڕەسمی لەئەنجومەنی وەزیرانەوە رەزامەندی ئەم فیلمەمان وەرگرتووەو دەبێت بخرێتە بەرنامـەی سـاڵی ٢٠٠٥ەوە، کـە ئێمـەش دەبـوو لەسـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٦ەوە دەسـتبکەین بـەکاری وێنەگرتن، بەڵام بەهۆی ئەو ئاستەنگانەی کە بۆمـان دروسـتبوو وەك کێشەی وەزارەت و گۆڕینی وەزیرو یەکگرتنەوەی ئیـدارە، کارەکـانی ئێمـە وەسـتا، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـوو کارەکـانی ئێمـە بەردەوامبوایـە، بـەڵام ئیـشەکان سـستی تێکـەوت، ئێـستا بـەردەوام لەهەوڵـداین وەك لایـەنی پراکتیـك ئـەو فیلمـە بەرهـەمبێنین، بۆیـە هیوامـان وایـە تـەمی سەرخەرەند وەکو فیلمێکی (٣٥ملم) چاوەڵبهێنێت.

**ئەو ستافەی لە فیلمەکەدا کاردەکەن کێن؟**

من ستافەکەم لەدەرەوەی وڵاتـەوە هێنـاوەو لەبەرئـەوەی کـورد وێنـەگری سـینەمایی نییە، تەنانەت لایەنی دیکۆرو دەنگ و ئارایشت و...هتـد، لەکوردسـتان ئەمانـەمان هیـچی نییە، هێنانی ئەمانەش کاریگەریی نییە لەسەر ئەوەی کە ئەمـە فیلمـی کوردییـە یـان نـا، بەڕای من گرنگترین شت لەفیلمی کوردیدا بیرۆکەی فیلمەکەو دەرهێنەری فیلمەکەیە، بۆیە ناکرێت ئێمە لەدەرهێنانی فیلمی کوردیدا پشت بەدەرهێنەری بیـانی ببەسـتین، هـەروەها

ئەکتەرانی فیلمەکە سەرجەمیان کوردن، پاڵەوانی فیلمەکە دوو منداڵن، کوڕو کچێکن، کە ماوەی شەش مانگ پرۆڤەم لەگەڵدا کردوون تا ئامادەبن و بێنە بەردەم ئامێرا، بەڵام مەخابن ئەمە یەکەم ئاواتی ئەو منداڵانە بوو بۆ یەکەمجار کە دەیانویست لەفیلمێکی (٣٥ملم)دا بەشداربن، ئاواتەکەیان نەهاتەدی کە ئەمەش بۆئەوان زۆر ناخۆشترە وەك لەخۆم، من لەگەڵ ئەکتەردا زۆر کارمکردووە گرنگترین شت ئەوەیە کە ئەکتەر بزانێت دەرهێنەر چی دەوێت، کە ئەم دوومنداڵە زۆر بەباشی ئەم توانایەیان هەبوو، ئێمە کاتێك ریکلاممان بۆ کرد کە بەتەمای کارێکی لەو جۆرەین، خەڵك لەناوچە دوورەکانەوە هاتبوون، هەر لەڕەواندزو هەولێرو خورماڵ و... هتد، کە خەڵکی بەوپەڕی دڵخۆشییەوە هاتبوون تا بەشداربن لەو فیلمەدا، ئەمەش بۆخۆی یەکێتی و تەباییەکی جوانی دروستدەکرد، بۆیە جارێکیتریش بەداخەوە کە تائێستا بەرهەم نەهاتووە، بۆیە دەرهێنەری بەتوانا دەوری سەرکردە دەبینێت لەکارەکەیدا کە تا چەند سەرکەوتوو دەبێت و سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، بۆیە کاتێك خەلەل دروستدەبێت لەدەنگ و جلوبەرگ و میکیاژو...هتد، تاکەکەس کە لێی بەرپرسە دەرهێنەر خۆیەتی، چونکە ئەو دەتوانێت ئەدای ئەو ئەکتەرە بگەیەنێت.



گرتەیەك لەفیلمی ئەمڕۆ سبەی

**بەرهەمەکانت چین؟**

سێبەر، فیلمێکی سینەمایی (٣٥ملم)ە، ٩ دەقیقەیە، ساڵی ١٩٩٨ لەمۆسکۆ بەرهەممهێناوە کە دەچێتەخانەی سینەمای بێدەنگەوە، کە لەسەر نێگەتیڤی ڕەش و

سپی وێنەگیراوە، بەڵام لەسەر پۆزەتیڤی ڕەنگاوڕەنگ چاپکراوە، لەزۆر فێستیڤاڵ لەسویدو روسیاو ئەڵمانیاو بەریتانیا پیشاندراوە، کە چیرۆکێکی واقعییەو بەسەرخۆمدا هاتووە.

دیاری، ساڵی ١٩٩٩ لەمۆسکۆ بەرهەمهاتووە (٣٥ملم)ە، ئەمەش هەر بەنێگەتیڤی ڕەش و سپی وێنەگیراوەو لەسەر پۆزەتیڤی ڕەنگاوڕەنگ چاپکراوە لەسویدو روسیاو ئەڵمانیاو چەند شوێنێکی دیکە پیشاندراوە، لەیەکەم فیستیڤاڵی کورتە فیلمی کوردی لەسلێمانی پیشاندراوەو خەڵاتی باشترینیشیانی وەرگرتووە.

ئەمڕۆ سبەی، فیلمێکی درێژە کە ماوەکەی سەعاتێك و شانزە دەقیقەیە، لەساڵی ٢٠٠١دا بەرهەمهاتووە، بەنێگەتیڤ و پۆزەتیفی ڕەنگاوڕەنگ وێنەگیراوە، (٣٥ملم)ە، لەزۆر فێستیڤاڵدا بەشداریکردووە لەگەورەترین فیستیڤاڵی (ستالکەر) لەمۆسکۆ، کە روسییەکان بەفیلمێکی خۆیان لەقەڵەمیانداوە، لەم فیلمەدا خۆشم وەك ئەکتەر بەشداربووم.

**جگە لەوانە، کارەکانت لەدەرەوە چین؟**



من لەوێ جگە لەسینەما کاتی خۆی کە لەمۆسکۆ دەمخوێندو کاری شانۆشم دەکرد، لەساڵی ٢٠٠٥دا شانۆگەرییەکی دیکەم لەسوید نمایشکردووە بەناوی لیسبن (پێرئۆلف ئینك فیست) کە باس لەژیانی ئاوگوست سترنبێرگ دەکات، من جگە لەو سێ فیلمە هەندێك فیلمی دۆکیۆمێنتیشم کردووە، بەڵام ئەمانە بەڤیدیۆن، کاتی خۆی فیلمێکی دۆکیۆمێنتیم کرد بەناوی (سەمفۆنیەك بۆ کوردستان)، کە لەکوردستان نمایشنەکراو تەنیا لەدەرەوە پیشاندراوە.

لەبەرنامەشمدا بوو دوای تەمی سەرخەرند یەکدوو شتی تر هەبوون کە بەو شێوەیەی من بەرنامەم بۆ دانابوون دەبوو ئێستا تەواوببونایە، بەلآم بەداخەوە کێشەی تەمی سەرخەرەند بووەهۆی ئەوەی ئیشەکانی تریش سستی تێبکەوێت.

**دوا پەیڤ بەپێویستی بزانیت؟**

لەپێناو دروستبوونی سینەمای کوردی و کەلتووری سینەمایی لەکوردستاندا دەبێت حکومەتی هەرێم وەك پێویست گوێمان لێبگرێت و خەڵکە ئەکادیمییەکان وەلاوە نەنێت، ، بۆیە دەبێتە کارەسات و ئێمە رۆژبەرۆژ بەرەو دواوە دەچین لەو بوارەدا، بۆیە پێگەیاندنی لایەنی رۆشنبیریی میللەت پێویستەو جێی بایەخە، خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە سالآنە فێستیڤاڵ سازدەکرێت بەناوی فێستیڤاڵی سینەمای کوردیەوە، بەلآم نازانم لەولآتێکدا کە فیلمێك یان دوان بەرهەمنەهێنرێت فێستیڤاڵی چی، ولآتێك ١٠ فیلمی نەبێت چۆن دەتوانێت فێستیڤاڵ سازبکات؟ ئایا تەنیا کۆکردنەوەی خەڵکە؟ بۆیە دەڵێم ئەو پارەیەی لەوەدا خەرجدەکرێت دوو فیلمی باشی پێبەرهەم بێت زۆر باشترە.



## ستار قادر:

# زۆرینەی کۆمەڵگای کوردیی بەبێ هونەر دەژین

### دیداری: چنور محەمەد



**دەمەوێت لەدوا پرۆژەتەوە دەستپێبکەین، ئەویش پرۆژەیەکە لەسەر ئیشە میناتۆرییەکانی شەرەفخانی بەدلیسی، تاوەکو ئێستا گەیشتوویتە کوێ لەو پرۆژەیەدا؟**

تاوەکو ئێستا پێنج ئیشم لەو پرۆژەیەدا تەواوکردووە، دواتر ئەو ئیشانەم لەیەکێك لەهۆڵەکانی شاری هەولێر نمایشکردو بوونە جێ سەرنجی کۆمەڵێك هونەرمەندی بەئەزموون، ئەم کارانە زیاتر کاریگەرە بەمیناتۆرەکانی شەرەفخانی بەدلیسی و بەتەواوی ساغبووەتەوە کەهەموو ئەو میناتۆرانە کاری شەرەفخان خۆی بووە، لەناو ئەو میناتۆرانەدا زۆر شێوەو فیگەری ئاشکرا هەن، ئەوەی من کردوومە کارێکی ئەبستراکتە، واتە من ئەو شێوەو فیگەرانەم تێدا نەهێشتووە، ئەوەی من سوودم لێبنیووە تەنیا داڕشتن و دابەشکردنی ڕەنگەکان و تەکنیکی ناو میناتۆرەکانە، تەکنیکی وا لەو

میناتۆرانەدا بەکارهاتووە کە یەکێکە لەڕەگەزە سەرەکییەکانی ئیشی ئەبستراکت، وەك بەراوردم کردوون بەئیشەکانی کاندنسکی وا پێوەی دیارە کەکاندنسکی ئاگاداری ئەم کارە هونەرییانەی شەرەفخان بووبێت و بەڕای من کاندنسکی لەژێر کاریگەری ئەو میناتۆرانە ئیشە ئەبستراکتەکانی کردووە، کاتێك شەرەفخان ئەو کارانە دەکات تەنیا بەمەبەستی روونکردنەوەی لایەنە مێژووییەکان ئەمەی کردووە، بۆ نموونە وەك شەڕی چاڵدێران یان داگیرکردنی قەڵای بەدلیس، ئەمانەش زیاتر وێنەی روونکردنەوەیە، ئەم وێنانە بۆ بینین و چاوەکانی ئێستا رەگەزەی ئەبستراکتی تێدایەو بەباشی دەبینێت، ئەو رووبەرە رەنگیانەی کەتێدا بەکارهاتووە ئەگەر بێت و بەنیگایەکی تر تەماشای بکەیت ئەوا کۆمەڵێك ئیشی ئەبستراکت دەبینیت کەپێکهاتوون لەڕەنگ، دابەشکردنی رووبەر، هێڵ، تۆنی رەنگەکان.

**لەوەرگرتنی ئەو میناتۆرانە وەک لەتابلۆکاندا بینیم تەنیا وەرگرتنی بەشێکی بچووکی ئەو میناتۆرانەیە، بەڵام تۆ بەرووبەرێکی گەورەتر کارت لەسەرکردووە؟**

بەڵێ راستە گەورەکراوە، بەڵام گەورەکردنەکە وەك خۆی نییە، من لەگەڵ ئەو رایەی تۆدا نیم، چونکە من بەشێوەی ئەبستراکت کارم تێداکردووە، هەر فیگەرێکی تێدابووە من ئەو فیگەرانەم نەهێشتووە، واملێکردووە تەنیا رووبەرە رەنگییەکان بمێنێتەوە.

**کەواتە تۆ هیچ پەیوەندیەکت بەو میناتۆرانەوە نەماوە؟**

نەخێر، پەیوەندیم پێوەماوە، کە دەگەڕێیتەوە سەر کارەکانی من هەست بەکاریگەری رووبەری رەنگیی و داڕشتن و دانان و گونجاندنی رەنگەکان وەك لەپێشتریشدا بۆم باسکردیت، بۆ نموونە بۆ دروستکردنی شاخەکان هەمان رەنگم بەکارهێناوە، بەڵام بەبێشێوەو فیگەر، لەهەندێك شوێندا واملێکردووە کە نەزانرێت ئەمە شاخە یان ئاڵایە، واتە من پرۆسەیەکی ئەبستراکتم تێدا بەکارهێناوە.

**بۆ بەو شێوە کارت لەوانەدا کردووە؟**

بینەر کۆمەڵێك هێڵ دەبینێت، کەدیارە بەوپەڕی ئیحساسەوە کراوە، جا ئەو هێڵە بۆ هەرچییەك بێت بۆ کلکی ئەسپێك بێت یان بۆ کەوانێك، هەموو ئەوانە وایلێکردم کە بەو شێویە ئیش بکەم لەگەڵ ئەو میناتۆرانەدا، کاندنسکیش هەمان تەکنیکی بەکارهێناوە، ئەمەش بۆ خۆی دۆزینەوەیەکە، ئەوەش بزانە کاتێك من گەشتومەتە سەر وێنەی

دەموچاوێك لەو شوێنەدا ئیتر دەموچاوەكە نەماوە، بەڵام رەنگی دەموچاوەكە وەك خۆی ماوە.

**هونەرمەند بۆ دەیەوێت تابلۆیەک یان کارێکی هونەریی بکات؟**

هونەرمەند بەدەر لەهەموو كەسێكی تر شەیدای ئەو شتەیە كە لەناوەی خۆیدا هەیەو دواتر وەك تابلۆیەك ببینێت، كاتێك هونەرمەند كارێكی هونەریی دەكات ئەو هیچ كات بیر لە بەناوبانگبوون ناكاتەوە ئەو چێژ لەوە دەبینێت ئەو شتانەی لەناوەوەیدا بەو شێوە ئایدیاڵەی كەهەیە، بەهەمانشێوە بخاتە سەر تابلۆیەك دواتر ببینێت، من وەك خۆشم بەهەمانشێوە ئیشمكردووە كاتێك ئیش لەو میناتۆرانەدا دەكەم دەمەوێت هەمان شت بكەم، زۆربەی هونەرمەندەكانیش بەئەزموونێكی باشیان زانیووە.

**ئەمە چ شتێکت بۆ دەکات؟**



من تاوەكو ئێستا هەر وامزانیبوو، كەكاندنسكی یەكەم داهێنەری هونەریی ئەبستراكتە، ئەوەتا دەردەكەوێت ئەویش ئەو باكگراوەندە مێژوویيەی لەپشتەوەیە، ئەمەش قۆناغێك بۆئێمە نزیكدەبێتەوە، واتە من كاریگەر دەبم بەمیناتۆرەكانی شەرەفخانی بەدلیسی نەك كاندنیسكی، هەموو فەزای كارەكە كوردییە هەر لەڕەنگەكانییەوە هەتا گونجاندنی رەنگ و دابەشكردنەكانیشی نەك هەر ئەوە، بەڵكو ئێمە وەك هونەرمەندێكی كورد شعورو هەستمان زیاتر لەشەرەفخانەوە نزیكە تا كاندنیسكی، هەموو رووداوەكانی نێو میناتۆرەكان پەیوەندن بەكورد خۆیەوەو لەهەمانكاتدا كەسێكی كوردیش ئەم كارانەی كردووە، واتە ئێمە راستەوخۆ هونەریی ئەبستراكت لەشەرەفخانەوە وەردەگرین وەك لەكاندنیسكی.

**سەرجەم میناتۆرەکانی شەرەفخان هەژدە میناتۆرە، تۆ لەسەر چ بنەمایەک ئەو چوار میناتۆرەت دەسنیشانکردووە بۆ کارکردن، تۆ لەحیاتی ئەوەی پانزە تابلۆ لەچوار میناتۆرەوە وەربگریت ناتوانیت ژمارەیەکی زیاتری لێوەربگریت؟**

بەڵی، ئەو میناتۆرانە دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆر تابلۆی لێبەرهەم بهێنین، بەڵام ئەمە ئەزمونێکی کەمێك ئاڵۆزترە.

**بۆچی؟**

لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی شوێنی میناتۆرەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ بەرهەمهێنانی تابلۆکە، دواتر تاچەند کارەکە گەورە دەکەیت و تاچەندیش بەسەریدا زاڵدەبیت، چونکە میناتۆر رووبەرەکەی زۆر بچووکە ئەو رووبەرە بچووکە من کردومە بەتابلۆیەکی دوو مەتر بەمەترو نیو، جاری واش هەیە دوو میناتۆر لەلاپەڕەیەکدایەو جاری واش هەیە میناتۆرێك لەدوو لاپەڕەدایە وەك میناتۆرەکەی شەڕی چاڵدێران، ئەو پێنچ ئیشەی تاوەکو ئێستا کردوومن لەدوو میناتۆرەوە وەرمگرتوون.

**ئەگەر هەنگاوێک زیاتر بگەڕێینەوە دواوە، ساڵی پار کۆمەڵێک تابلۆت نمایشکرد زۆر جیاوازتر بوون لەکارەکانی پێشووترت بەوەی کۆمەڵێک ئیشی جۆراوجۆری تێدابوون؟**

بەڕای من ئەو ئیشانە زیاتر بارودۆخی شیعرییەت بەسەریاندا زاڵبوو.

**مەبەستت لەشاعیرییەت چییە؟**

مەبەستم لەو ئیحساساتانەیە کەپڕن لەفەنتازیاو ناواقیعییەت وەك لەتابلۆی تریفەی مانگە شەودا دیارە.

**هەر لەو فەنتازیایەی باسیدەکەیت شتێکی دیکەم بەبیرهاتەوە، ئەویش ئیشکردنی شێوە هەرەمییەک لەگەڵ ئەو ناواقیعییەداتە.**

بەو شێوە هەڕەمییە گەلێك ئیشمکردووە، بەڵام خۆم تاوەکو ئێستا دووانیانم بەدڵە.

**تێکەڵەیەک بەکارەکانتەوە دەبینرێت، واتە تۆ لەبێ فیگەریی کاری ئەبستراکتەوە بەرەو هێنانەوەی فۆڕم و شێوە دێت، بەپێچەوانەشەوە هەر راستە؟**

لەکاری وێنەکێشاندا شتێك نییە پێیبوترێت یەك شێوازیی، واتە تۆ ناتوانیت بڵێت من بەمشێوازە ئیشدەکەم، ئەمە رێگەی منەو لەم رێگەیە بەدەربێت کاری تێداناکەم، من باوەڕم بەو شێوە ئیشکردنە هەیە، واتە تۆ لەکۆمەڵێك ئیحساس و بیرۆکەت هەیە، ئەو دووانە ئەوە دیاریدەکەن تۆ بەچ شێوازێك وێنەکە دەکێشێت، لەهەمانکاتدا حاڵەتی ئیشکردنەکانیش زۆر جیاوازن وەك حاڵەتی دەروونیی، حاڵەتی دەروونیت چۆن بێت

بەوشێوەیە ئیشدەکەیت، ئیتر پێویست بەوە ناکات تەکلیف لەخۆت بکەیت و قورساییەك بخەیتە سەرخۆت، بیرۆکە کۆنترۆڵی تەواودەکات بەسەر ئەو تەکنیکەی تۆ بەکاریدەهێنیت، جاری واهەیە ئەو بیرۆکەیە وا پێویستدەکات فیگەرێك بێتە ناو ئیشەکانتەوە، جاری واش هەیە پێویستی بەدابەشکردنی رووبەرە بۆ کۆمەڵە رەنگێك.

**ئەی کەواتە خۆ دۆزینەوەی هونەرمەند بەچ مانایەک دێت لەکاتێکدا هونەرمەند شێوازێکی نەبێت بۆ ئیشەکانی؟**

من باوەڕی خۆم پێوتیت، لەوانەیە ئەو هونەرمەندانەی یەك ستایلی ئیشکردنیان هەبێت بەوە راهاتبن ئەوە لەگەڵ خۆیاندا بگونجێنن، بەڕای من بوونی یەك ستایڵ هونەرمەند خۆی دروستیدەکات و بەتایبەتی هونەرمەندانی کورد سانسۆرێکی زۆریان بۆ خۆیان دروستکردووە، بەڕای من ئەوە زۆر خەتەرە، چونکە هونەرمەند ئازادییەکی زۆری هەیە، تۆ بەمە برێك لەو ئازادییانەی کەمدەکەیتەوە.

**بۆچوونێک هەیە لەسەر ئەوەی گوایە دوا ئەزموونی هونەرمەند ئەبستراکتە، تۆ دەڵێیت چی؟**

من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، رەنگە وا پێویست بکات من دوای تەواوبوونی ئەم کۆمەڵە ئیشە، کۆمەڵێك ئیشی دیکە بکەم بەشێوازی واقیعی، هەڵبەت ئەمەش هەر لەخۆوە ناکرێت و خۆ ساغکردنەوەی دەوێت، سەرەڕای ئەوەش تێڕوانینی هونەرمەندە رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، ئەو شتانەی ئێستا بۆ تۆ باسکرد لەوانەیە هەندێك هونەرمەند هەبێت بەکفری بزانێت، چونکە بەلایەوە لەو کارە هونەرمەندە دۆزینەوەیەکی نەکردووەو شتێکی تازەی نەخولقاندووە، تۆ سەیری ئەزمونی هونەرمەندە مەزنەکان بکە، هەمەڕەنگییەکی زۆر لەکارەکانیاندا دەبینیت، هەر لەبیکاسۆوە بیگرە هەتاوەکو واقیعییەکان کە لەشێوازی رۆمانسی، سوریالی ئیشیانکردووە.

**واتە لەئیشەکاندا نابێت هێڵیکی سەرەکی هەبێت بۆ ئەوە، کاتێک شتەکانی دیکە هاتنە ناوەوە ببنە هێڵێکی لاوەکیی؟**

تۆ نابێت بەو شێوەیە سەیری ئیشی هونەریی بکەیت، هونەرمەند هەیە کۆمەڵێك ئیشی جددی دەکات ئیتر بەبێئەوەی بەخۆی بزانێت ئەو کۆمەڵێك ئیشی جددی کردووە، نازانم لاوەکی چییە، هونەرمەند هەیە هەموو ژیانی لەلاوەکیدایە، بوونی کاری جدیش لەخۆوە ناکرێت و پێویستی بەئەزمونێکی باش و دەوڵەمەند هەیە.

**ئیشی جددی چییە؟**

بەلای منەوە هیچ نەبێت بەدەر لەڕەگەزی راستگۆیی، دەبێت بەرکەوتەی هونەرمەند بەسەر تابلۆکەوە دیاربێت و بەوپەڕی قەناعەتەوە ئیش بکات، واتە وێنەکێشان ببێتە پێویستییەکی ناوەکیی هونەرمەند، نەك بۆ ناوبانگدەرکردن تابلۆیەك بکەیت، هونەرمەندە داهێنەرەکان هەر بۆ ئەو پێویستی ناوەکییە ئیشیانکردووە، چونکە تینویەتییەکی زۆریان بۆ بینبینی ئەوشتانە هەبووە کە لەناخیاندا بووە، دواتر ئێمە بۆ کاری جددی کۆمەڵێك پێوەرمان هەیە، کاتێك راستەوخۆ سەیری تابلۆیەکت کرد بزانیت ئەمە کەسێك کردویەتی شارەزاییەکی لەڕەنگەکاندا هەبووە.

**شارەزابوون و راستگۆیی لەکاری هونەرییدا زۆر جیاوازن؟**

راستگۆی مەبەستم لەوەیە بەقەناعەتەوە ئیشەکان بکەیت.

**من بینەرێکی پێشانگایەکم بەچیدا بزانم یەکێک لەتابلۆکان راستگۆیی تێدایە؟**

هەر کامێك لەو تابلۆیانە رایگرتیت ئەوە یەکێکە لەو تابلۆیانەی راستگۆیی تێدایە، ئەگەر تابلۆیەك راستگۆیی تێدا نەبێت هەر لەسەرەتاوە راتناگرێت، چونکە تۆ بەڕۆح و گیان ئیشت تێدا نەکردووە، بۆیە نابێتە جێی سەرنجی بینەرەکان، کۆمەڵێك پێوەری تر هەیە وەك تەکنیك، داڕشتن و دابەشکردنی رووبەر، دواتر دابەشکردنی رەنگەکانیش، من تەنیا لەسەر بەهای ئەو هاوسەنگییە چەند شوێنێکی ئەو میناتۆرانەم هەڵبژاردووە کەپێشتر باسمانکرد.

**واتە تابلۆیەک راستگۆیی تێدا بێت هەموو بینەرێک رادەگرێت؟**

بەڵی بەلای منەوە ئەمە پێوەرە، هەستەکانی مرۆڤ لەزۆر شتدا لەیەکدەچن و هاوبەشن، ئەویش وەك هەستکردن بەجوانیی، مەبەستم لەوە نییە کە لەبینەردا جیاوازی نییە، جیاوازی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی رێژەیی، مەبەستم لەوەیە بینەرێك نییە بەتەواوی هەموو تابلۆکە رەتبکاتەوە هەروەك چۆن بینەرێکیش نییە لەسەداسەد قبوڵی بکات، ئەگەر هەر قەناعەتت بەم قسانەم نییە، دەتوانیت تاقیبکەینەوە تابلۆیەك دیاریدەکەم کە یەکێك بێت لەتابلۆ بەهێزەکان و پڕ بێت لەڕاستگۆیی نیشانی چەند کەسێکی دەدەین، بزانە هەر هەموویان یەك شتت پێناڵێن.

**ساڵی ٢٠٠٤ پێشەنگایەکت کردەوە ، لەیەکێک لەتابلۆکانتدا هێت- فۆنێکت دانابوو، کە گوێت لێدەگرت مۆسیقایەکی مۆزارت بوو، لەهەمانکاتیشدا دەبوایە سەیری تابلۆیەکی دیاریکراویشت بکردایە؟**

من سەرنجی خۆم هەبوو لەسەر ئەو پارچە مۆسیقایەی مۆزارت، وا هەستمدەکرد تەماشکردنی ئەو وێنەیەو لەهەمانکاتدا گوێگرتن لەو مۆسیقایە یارمەتی پاکبوونەوەی ناوەوەی مرۆڤەکان دەدات، بەڕای من مۆسیقا هونەرێکی ئەوەندە باڵایە قسەی لەسەر ناکرێت و شای هونەرەکانی دیکەیە، وا لەمرۆڤ دەکات بەرەو حاڵەتی سڕبوونی بەرێت.

**بە شێوەیەکی گشتیی بۆچی لەهەموو پێشانگاکاندا مۆسیقاش بەکاردەهێنرێت؟**

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جاری وا هەیە هونەرمەند لەکاتی ئیشکردندا گوێ لەو مۆسیقایە دەگرێت، بەمە دەیەوێت بچێتەوە هەمان حاڵەت، ئەگەر هونەرمەند پرۆژەیەکی جددی هەبێت دەبێت وابێت، لەهەمانکاتدا ئەو مۆسیقایە زیاتر یارمەتی بینەر دەدات بۆ ئەوەی بچێتە ناو ئیشەکانەوە، هونەرمەند ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی ئیشکردنە لەتابلۆکانیدا، ئەم ئیشکردنەش بەبێدەنگیی وزە نابەخشێت بەهونەرمەند، بۆیە پێویستی بەشتێکە وزەیەکی بداتێ، ئەویش مۆسیقایە. من لەپێشەنگای ٢٠٠٦ بەناوی (عاشق مەبە گەر دەتوانیت)کاسێتێکی شەهرامی نازریم لەپێشەنگاکەدا بەکارهێنابوو، چونکە لەکاتی ئیشکردندا گوێم لەو گۆرانیانە گرتبوو هەتا ئەم کاریگەرییە بەتابلۆکانەوە دەبینرا، لەهەڵچوون و لەتوڕەبوون.

**بابێینە سەر پرسیارێکی دیکە، هونەرمەند چ پەیوەندییەکی بەهونەرکەیەوە هەیە؟ مەبەستم لەوەیە ئەگەر هونەرێک کار نەکاتە سەر هونەرمەندەکەو شتێک لەهونەرمەندا نەگۆڕێت تا چەند ئەو هونەرە رەسەنە؟**

من وا لەهونەر گەیشتووم، ئەگەر هونەرمەندێك نەیتوانی بەبێ هونەرەکەی هەڵبکات و بژی ئەوە هونەرێکی رەسەنە، کاری هونەریی حاڵەتێکی تەندروست دەدات بەهونەرمەند، واتە تۆ بەردەوام خەریکی دەربڕینیت و حاڵەتەکان لای خۆت کەبت نابێت، هونەرمەند لەبەرئەوەی ناتوانێت وەك خەڵکی ئاسایی بەقسەی حاڵەتەکانی خۆی دەربڕێت بەتابلۆیەك دەریدەبڕێت، هونەرمەند لێرەوە لەڕێگەی هونەرەکەیە باوەش دەکات بەهەموو ژیاندا، دواتریش هونەر فێری ناسینی ژیان و ناسینی خۆشت دەکات.

**ئەگەر بەو شێوەیە نەبوو؟**

ئەوا هونەرمەند نییە ئەوەی من باسی دەکەم هونەرمەندی رەسەنە تۆ واز لەوە بهێنە کەسێك دەزانێت وێنەبکێشێت یان مۆسیقا بزانێت یان نواندن، ئەمە ناکاتە ئەوەی ئەو کەسە هونەرمەند بێت.

**هونەرمەند کێیە؟**

ئەو کەسەیە دنیایەکی نەبینراوت بۆ خەڵق دەکات، بۆیە پێیدەڵێن داهێنەر، چونکە شتێکی تازەت پێنیشاندەدات، ئەگەر هەموو مرۆڤەکان لەدنیایەکدا بژین ئەوا هەر هونەرمەندەو دنیای تایبەتی خۆی هەیە.

**بەو پێیە بێت هونەرمەند ئەو تاشتانەمان پێ نیشاندەدات کەبوونیان هەیە ،بەڵام نایانبینین؟**

مەرج نییە بەو شێوەیە بێت، چونکە هەموو هونەرمەندێك حەزدەکات ئەو شەفافییەتە کە لەناخیدا هەیە بەهەمان ئایدیالەوە بیخاتە سەر تابلۆیەك و دواتر خۆی تەماشای بکات.

**تۆ توانیوتە ئەو کارە بکەیت؟**

نەخێر، چونکە ئەگەر بمتوانیایە ئێستا وازم لەهونەر هێنابوو، تینوێتییەکانی هونەرمەند هەرگیز تەواو نابێت، کاتێك لەکارێك تەواودەبێت ئینجا کێشە دەست پێدەکات، ئەوەی بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کەمن بەخۆشەویستیەکی زۆرو قەناعەتێکی گەورەوە بەرەو رووی کارەکانم دەچم، ئیتر کام ئیشە لەویتریان باشتر بێت ئەوم بەلامەوە گرنگ نییە.

**پەیڤێک بتەوێت بیڵێیت؟**

ئەم بارودۆخەی ئێرە وات لێدەکات تووشی رەشبینیی بیت، بەڵام ئەمە هەرگیز وای لێنەکردووم دەست لەهونەرەکەم هەڵبگرم، لەسەدا نەوەدی مرۆڤەکانی ئێرە هونەریش نەبێت هەر دەژین، بەڵام ناتوانن بەبێ یەك شت بژین ئەویش هەڵپەرکێیە، تۆ سەیری توشی چ کارەساتێك بووین.

**گۆڤاری هەنار لەم سیٚ کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:**

- **خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.**
- **کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.**
- **کتێبخانەی سلێمانی، تەنیشت چایخانەی شەعب**

**دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم دوو ماڵپەڕەدا بخوێنیتەوە:**

www.dengekan.com

www.chrakan.com

**نرخی ١٠٠٠ دینارە**